ڕەزو بەیزیی و هۆشیاری هاتنەدەنگ … نەوزاد جەمال

کەم کەس هەیە، پرسی ڕەزی لاگرنگ نەبێت لەژیانیداو وەک پێوەرێکی پێویست تەماشای نەکات. بەڵام، کەباس دەتەسەر ژیانێکی شیاوو گونجاو ڕەزدارانە، هەموو شتەکان ئاوەژوودەبنەوە. ئاخر، باس لەچ ڕەزێک بکرێت، کاتێک مافەکانی مرۆڤبوون لەژێر پرسیاردایە؟ کە ڕۆژانە بەڕەزی بەشەوەی جیاواز لەرەفتاری دامەزراوەو بەرپرسەکانەوە تا ڕاگەیاندنەکان ئەزموندەکەین، ئیتر کام ڕەز؟ لەم وڵاتەدا مرۆڤ واهەستدەکات تەنانەت جادەو ڕێگەو شوستەکانیش بەڕیزمان پێدەکەن. کاتێک حزب و بەرپرسەکانی ڕاستگۆنین، فەرمانبەرەکان کەمتەرخەمن، کارباو ئاو، سوتەمەنی نییە، موچەقرتێنراوە. ئیتر، بگومانین لەوەی بنەماکانی ژیانێکی ڕەزدار بزرە. کە نەسیستم و سیاسەتێکی تەندروستی شیاوت هەبێت، نەخوێندگەو زانکۆیەکت هەبێت پایەی مرۆڤ بەرزبکاتەوە، نەدامەزراوەکانت لەخزمەتی هاوڵاتیاندان، کامە ڕەز ماوەتەوە؟ هەستکردن بەبەڕیزی، لەدەستدانی ماناکانی ژیانە. تا مرۆڤیش هۆشیارتربێت، ئێش لەو بەڕیزیانەی بەرامبەری دەکرێن، چەندجارەدەبێت.

بەسادەیی، ڕەز بەهەندەوەرگرتن و سەنگدانانە بە پێگەو کەسێتی و بینینی قورسای خەڵتە. ڕەزیش ڕاستەوخۆ بەندە بەمافەکانتەوە. بەیە، ڕەز پێچەوانەی سوکایەتی، لەکەمکردنەوەو ئازاردان، ڕوشان و لەدانە لەبەهای بوونت، ناشرینکردن و فەرامۆشکردنی خواستە بەهادارەکانتە. بەدەربینەکیتر، پێگەو جێگەی مرۆڤ بەرچاوکردنی ئەرکومافەکانی لەهەمان کاتدا، نەشونەرێت. ژیانێکی شیاو گونجاو کە لەئاستی مرۆڤبوونیدابێت، ماف و خواستێکی سروشتی و ئاسایی هەموو مرۆڤێکە.

یەکێک لەتەزە بنەڕەتیەکانی ‘کەمەڵگەیەکی باش’ لەلایەن ‘ئۆقیشای مارگەلیت’ (فەیلەسوفێکی کەمەایەتی ئیسرائیلییەو خاوەنی کتێبی ‘کەمەڵگەی بەڕێز ٢٠٠١’) گەنگەشەکراوە بنەمای ‘ڕێز’ە. لەدیدی ئەودا ڕەز پێوەرێکی سیاسی و کەمەایەتییە. پرسیاری بنەڕەتی ئەو لەگەرفتەکەوەیە: لەبەرچی مرۆڤکان لەپێناو مافەکانیاندا نایانەدەنگ؟ بەچی رازین بەبارودۆخێک کە بوونییان لەکەداردەکات؟ لەشرۆڤەکردنی ئەم پرسیارانەوە ‘مارگالیت’ بەسەرهاتی کەسێکی ڕەشپێست بەناوی ‘مامە تەم’ دەگێڕێتەوە کە لە’کتێبی پیرێز’ەوە وەرگیراوە، پوختەی بەسەرهاتەکە: ‘مام تەم’ نموونەی مرۆڤێکی باش و

چاکە. بەڵام، کێشەی ڕەزڵەخۆگرتنی هەیە. سەرەڕای کونکردنی گوێکانی لەلایەن ئاغاکەیەوە، هێشتا هەر گوورکەی خشدووت! بەڵای 'مارگالیت' پابەندبوونی 'تەم' بگوورکەیەوە، سەرەڕای ئێشکەنجەدانی، جارێکە لەبوبریین. بەڵام، دکرێت ئەمە تەنها وەک متمانەو پابەندی 'سۆگ' بخاوەنکەیەوە تەماشاکرێت.

ملکەچبوون بە هەموو ناهەقیەک، رازیبوون بکەمترین ماف، وەکئەویە مرۆڤ بکرێتە ئاژەڵێکی ڕامکراو و ڕاهێنراو لەسەر ناخشی. دەستەمکراو بکەتوبەندی تەربوونەوە. کەواتە، گونەدانە سوکایەتی و خۆگلکردن لەی، دەخێکی نامرۆڤانیە(هەبەت ناڵێین ئاژەڵیانە، چونکە مافی ڕەزگرتن ئاژەڵیش دگرێتەوە). ئەوە چۆن ڕەزلەخۆگرتنکە کە ئازادی و مافکانت پشێلکراوە، سوکایەتی و ئێشکەنجە دەدرێیت، چۆوسەنەرکەشت خشدووت؟ باشە، لەبەرچی 'مام تەم' رازیەو پاڵنەرکەی چیە؟

هەبەت، ئەم بەسەرهاتە دەرخەری چەند ڕاستیەکە: نەزانی لەبینی مافکانی خەتداو نەتوانینی هاتنەدەنگ لەپناویانیشدا. لەکدانەویەک ئەوە هەدگرێت؛ لەوانیە 'تەم' بمافبنەرەتییە زەوتکراوەکانی بزانێت. بەڵام، لەڕوشکەی وادانییە کبەتەدەنگ و هیچی لەدەستینایەت. چونکە، بوهەیەوە پیوەندی لگەڵ خاوەنکارەکەی تکدچێت و دواجار دڕیدەکات. بەمێش بژێویی خەزانەکەی دکەوێتە بەرهەڕەشە. بەیە، لەوپناوەدا، لەسەر حسابی ڕەزو ئابووی خەی ملکەچی هەدەبژێرێت!
ئەی کەی مرۆڤ لەسەر مافکانی دبتەدەنگ؟ یەکەم مەرج، بەڵانیکەمەوە درک بەبەهێزی، هەست بەو سوکایەتیکردنەی کەسانک یا دامەزراوەیکەوە پێیدکەن، بەڵای مارگالیت. 'مام تەم' تەواو بدارو هۆشیارنییە بمافکانی، بەیە قایلە. ڕەنگە، لەو سەنگیەوە پێیوابێت کە: ڕەش، سپی، هەژار، دەوڵەمەند هەموو لەنەوەی ئادەمن و لەبنەڕەتدا مرۆڤکان لەسەر وێنەی جوانی خودا ئافرێنراون.
بەیە، لەهبەر مامەڵە نەشیاوەکانی ئاغاکەیدا هەست بکەمی ناکات. لەوانێشە والێکیدابێتەوە کە بارودۆخکەی بشکۆ لەویستکی خودایی کە ئەم کەیلەو ڕەنجبەر، ئەوکیش ئاغا بێت!
بەڵای مارگالیت، گرفتکە لەوەدایە، ئەم تگەیشتنە خەی جارێکە لە 'بەڵێزیکردنی خکرد'. واتە، بەڵێزیکردن لەلایەن مرۆڤەوە بڕامبەر بخەی. چونکە، ڕەزلەخۆگرتن لەماف جیاناکرێتەوە. بگومان، بنەڕەتی کێشەکە لەنموونکەی 'مام تەم'دا، نەبوونی هۆشیاری ڕەزلەخۆگرتنە وەک مافکی ئاسایی. چونکە، ڕەز بەهەندوەرگرتنی خێت و ناسینەوەی

پێگەتە کە بەندە بەمافەکانتەوە.

خاڵێکیتری کە لەنموونەی ‘مام تەم’دا لێکبدرێتەوە، بەوونی پارادۆکسێکی روخسارێکی-رواڵەتییە: بەرژەوەندی دژبە بەرەز دەکەوێتەوە. وەکئەوەی ‘تەم’ لەپشتاو بەرژەوەندیدا، چاوپۆشی لەبەزیکردن دەکات. لەکاتێکدا ئەم راست نییە، ئاگەر بەرژەوەندییەکان بەئیختیارەکان/بژاردەکان تێکنەکەین. ئیتر، لەرەوە پارادۆکسەکەش نامێنێت. ئاگەر لەژێر فشاری بەرژەوەندیەکدا، ‘تەم’ لەگەڵ خۆیدا ناڕاست بێت، مەرج نییە هەمیشەو لەهەموو بارودۆخێکدا وابێت. لەبەرئەوەی، سروشتی بەرژەوەندیەکان لەگەڵاندایە. بەپێی شوێن و بابەتەکانی دەگۆڕێن.
لەکاتێکدا، بەهای مرۆڤایەتی نەگۆڕو چەسپاوە. بە هەموو شوێن و سات و کەسێک بەجیاوازیکردن پێشمەرجی مافەکانە. کەواتە، پێویستە رێزگرتن لەمرۆڤ، نەڵەترس و نەڵەپناو بەرژەوەندیدابێت.
لەرەوە، رێز بەهایەکی گشتگیرە کە بەمافەکانەوە گرێدراوەو سازشی لەسەر ناکرێت. ئەمەش بەبێ بوونی ئاگایی و هۆشیارییەکی خۆیی و هاوکات رێزلێخۆگرتن نایەتەدی. ئەوەشی کە بەدەنگە لە مافی رێزگرتن، بەشێکی دەگەڕێتەوە بە رێزلێخۆنەگرتن کە ئەویش بەرئەنجامی نائاگایی و هۆشیاریی بە پێگەو هەلومەرجەکانی ژیانێکی شیاو و رێزدار.

چوار پەخشانە شیعر … سەباح هەنجەر

ناوی پێشتری زەوی

بەکۆکەوتوو لەسەر ئەسپی چەتەیی نەکەوت خێی چەکی شانی دانا و لە چیاکانەوە بێ ناو مەلەوانگای شار هاتەخوارێ یادەوەری بیرکەوتەوە و بۆریی ئەوەی کرد قسە لەگەڵ خۆیدا بکات و خەونی بە خۆوە بینیوی لێکبداتەوە لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەرئەوەی ویستی ئەسپ و ئوتۆمبێل و کەپر و کەشك و ڕەگای تووش و شەقامی ئارام و پەنجەرە و ئاسێی پێکەوە خۆش بوێ و ئاوازی زۆریشی لەبارەی بەلەمی کاغەزین و کەشتیی

نووح و ووباری تەنك و لافاو كردە بەیت و داستان و خۆی نان تێپەڕك بەفری چیای هێنا و لەسەر بەردی شەقامەكان تواندییەوە ویستی شەقام بە روخساری شڕاویی پاكی بەیانیانی ببینێ چیاكان كەسیان تێدا نەمێنێت دەمرن باش لە دەشتایی ناچێتە دەرەوە زەوی وەك منداڵی تڕ شیر و خەو لە باوەشی چەكوشكی ئاگریندا نوستووە و مشی چەتوون لە بریندەكانی دەردەكات و بە ڕكخستنە ساكارەكەی دەمێنێتەوە پێش ئەوەی مردوو بمرێت و شوێنك هەبێت بێ ناشتن زەوی ناوی پەلكەزێڕینە بوو بێ كردنەوەی دەرگا كلیل لە قفڵدا دەسووڕ چیاكان ووناك بوونەوە و سواردكان لە دەمی ئاسێ هاتنەخوارەوە ئاسمان داگیرسا و دەچینە ناوییەوە ئێمە هەین وەك ئەستێرە و بوڕیشین وەك بەیەككەیشتی هەنگەكانی پەلكەزێڕینە ناوكی پشكێ هەنگی لە هەنگی پەلكەزێڕینە ماتترە.

كانوونی دووەمی 2017 هەولێر

ئەو سێوە ساردەم لە ئادەم وەرگرت

دوای خوێندنەوەی دەست و خەتم خێم ڕاهێناوە بچمە پیاسە و گفتوگۆی چاو لەگەڵ كەژاوەكانی شەقام گەرم كەم و هیواكان وەك سێو بە تەنافی ڕێگاكانەوە كراون مەیان لێ دەڕژێ گەواهییەك زەوی خێی نەدواندبوو بەسەر بڕشەرمیی خێیدا ڕژا و دەماری گرتم وەختبوو دەمارەكانم لەناو جەستەم بڕنە دەرەوە و دەروونم بە تووهیی بمێنێتەوە نیشتیمان دایەگەورە سنوورەكانت فریودەرن دێی گەرمی بەیان و چاوی ڕشن دەبەخشنە چەتە بازوو بادراوەكان جەستەش لەناو دڕەختەكانە تەمبەڵی پاشەكەوت دەكات دەتوانن وەرزێك بێ خێیان هەبژێرن و سەری گەنجینەی تێدا هەدەنەوە ئەم جەستە پێخۆن و برین و دەمار هەكشراوە چەند بەرگەی ئەم جگەلهەگرتنە دەگرێت دەست و خەتی نیشتیمانیان هێناوە پێش خێی و لە هەموو شتێك گەیشت بە تووهییەوە ئێمەی لە باوەشی خێی فڕ دا و سەرمان بەو بەردە كەوت كە بوكان لە قووڵاییەكانی زەوی هەیدابووە دەڕ هەوا تاریك دابێ چاو هەموو شتێك دەبینێ خڕ ناتوانێت هەبێ بارێكی گرانی لەسەر شانە لاولاوی لە هەگەوە قرتێندراو زوو بەلادادێ لەناو بستانیشدا تەپە بێ كەروشك لەترازە و داربەرووەكی گەورەش لە پشت لانەی هەیە بە بای باڵی ئەو باڵندانە دەلەرێتەوە بەسەری دەنیشنەوە باڵندە نەخشەی زەویان كشا و دایانمەزراند منیان لەبەردەم ئاگر و جەنگدا بێ پەنا جێ هێشت و چوونەوە ئاسمان گوتیان هاتین و دەڕین دیسان دێتەوە وەك ئەوەی موگناتیسك لە پشتی كاغەزێكدا بجووڵێنیت ئاوا منیان لە زەویدا جووڵاند لە دەستی چەپم

ئادەم و حەوا لە پێش دەرگای ئەم کوخە ڕاوەستاون کە بۆی فڕێدراون تەماشای ئەو هەورانە دەکەن بە ڕوونی تێدەپەڕن و دەڕۆن لکەکانی دارسێو ساردە وەك دەست و قاچی مردوو.

شوباتی 2017 هەولێر

لە ئێستای ئەم دەستنوێژگرتنەدا کەرۆشك وشەیەکی گوت
لە دەمی جێگەیەکدا دەستنوێژم دەشوشت
هەتاویش لەپشت هەور خۆی دواخستبوو
لە ئێوارەی نزیك دەکردمەوە
کەرۆشکێکی تێقیو لە بناردا هاتەخوارێ
ناوچەوانی گەرمی بە دەستی تەڕم وەنا و برین لە قووڵاییە
چاوی هەڵێنا و بە چاو داوای کرد
لە پێشەنگای کەلەپووردا تەماشای کەوێ بکە و هیچم لێ مەپرسە
سوارێك پێشکی ئاگر لە ناڵی ئەسپەکەی هەڵدەستا و هەڕەشە بوو
چاویشی لە شانەی کلاشینکۆف داڕژرابوو
خۆی هەڵێبژاردبوو
لێرە لە شوێنی دەستنوێژشوشتن و دەشتودەری ئازاددا
دوای ژانی ترسێك
دوای دۆنیابوون لە بیرکردنەوەی سەر بەردەباز
دوای ڕەوینەوەی تاریکی بۆسەیەك
دوای تەنکبوونەوەی چاڵە قووڵ و پڕ ئاوەکان
دوای ئەوانەش زەوی مەتەڵکی مناڵانەی داینێ
وا خەریکە کەرۆشکێکی پڕ لەسەر چەقێ و قانەگیا
خڕێی لانەیەك هەڵدەداتەوە و گەرموگوڕی ماڵە باوان ڕادەگەیەنێت
یەکەمجار کەرۆشکێکی خرپن بێ خەوکی کورت زەوی هەڵکۆڵی و گەرمایی زەوی دزییەوە
گژوگیاش تف ناکاتەوە.

شوباتی 2017 هەولێر

شیعرێکی بناونەکراوە

18/11/1965 ژیانم بەئاگاهێنایەوە 16/8/1989 بووك لە کەژاوە دابەزی و هاتە سەر ئەو سەکۆیەی دایکم نوژێی لەسەر دەکرد چەناگەی لەسەر سەری دانا و هەردوو دەستی بەرزکردەوە و پاشان لەناو جامك ئاوی ڕوونی نا ئاسوودەیی هەردوو دیوی چیا بووکەکەم ناوکی ڕوناك بێت و هەور بجووڵێت هەور جووڵا

10/10/1990 یەکەمین نەخشی خودام نوقمی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 5/6/1992 دووەمین نەخشی خودام نوقمی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 17/4/1996 سێیەمین نەخشی خودام نوقمی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 15/1/2001 چوارەمین نەخشی خودام نوقمی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 6/7/2004 پێنجەمین نەخشی خودام نوقمی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 20/12/2007 شەشەمین نەخشی خودام نوقمی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی

تا کاکەی □□ح بەو مژووانەی نوقمیان خستووەتە دەستی دایکە زەوی فێیوم و ترپەکانی دڵیان □□کخستووم و لە خشحاڵیدا چاوم درەوشاونەتەوە

ناوکی □ووناك دەرگا بە سڤی حەفت زەوی و ئاسمان بگرن ئەم شیعرەم بۆ بڕاوبکەنەوە ئەو نوقمی بەخشانەی لە شیعرەکەمدا خەونم جریواندوون تابووتەکەم لەسەر شان دانێن یان لەسەر پشتی ئەسپی حەساوەی دوای □او سڕاوم هەیە سڕاو خۆم باشم و هەموو شتێکیش باشە و شایەنی ستایشن نەمریی گوڵی بۆ شل کردووم و نامەردان چاوی شەرمەزاریان شۆکرد ماڵەکەم لە ناوەڕاستی هەولێرە درەختی حەفت زەوی و ئاسمان لەبەر پەنجەرەکەم لە گەشە بەردەوامن و بۆنیان هێناوەتە ژوورێ هەر باڵندەیەك جارێك هەرجارێك بینیمیبێت دێتە ناو لك و پۆپەکانیان بۆنی شیعرە بڕاوکراوەکەم هەڵدەمژێ و دەچێتە □ووناکی دیدارێك دەنگی بە بۆن بەرزدەبێتەوە .

2017 هەولێر

خۆی پساوی قەندیل _ کەریم کاکە



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

ئەمە واین برالە ... ئاکۆ محەمەد سابیر

ئەمە منم ئەمە ئەوانین
ئیمە تێیت هاوڕێم
ئەمە هەمیشە بە دوای نوکتەیەکی نوێدا دەگەڕین
تا بە جدی بیر نەکەینەوە
چوون جدی بوون ماندووبونی دەوێت
ئای کە حەزمان لە ئاخاوتنە
ئای چەند بەگوڵگرتن وانەوز دەدەین
ئای چەند کاتمان زیرە بەنوسین
دەرفەتکمان نی یە بۆ خوێندنەوە
ئەمە هەمیشە خەمان نمایش دەکەین
لەسەر مینبەر
لەتیڤیدا
لەفەیسبوکدا
لەسەرکردایەتیدا
ئای چەند حەزمان لە خەمانە
لەخەمانو بۆس
چەند گوڵەبەژۆکی بەتاڵین
هاوڕێم گەر نازانیت قژت بە چلایەکدا داهێنیت
سەرت سفرکە با مەغزت شتەک وەرگرێت
هاوڕێم ئەو وێنە گەورەیت

نوسینەکەتی داپۆشیوە
من دەموەت دڵەکانت بخوێنمەوە
نەک سەروسمڵەت
ئای چەند حەزمان لە خەمانە برالە
ئای چ نمایشکەرێکی سەیرین
بەیە هیچ داهێنانێک ناکەین
جیهان خاڵی یە لە بەخشینمان
لەسەرو دڵەیکی ورددا
وێنەکی گەورە دا دەنێین
بەسیاسەت بچوکەکانمان
پەیکەی گەورە دەتاشین
ئای چەند حەزدەکەین
بڵێین خەزگەمان بەپار
پار هیچمان نەچاند
تائەمسا بیدورینەوە
ئەمسای دەست بەتاڵیە ش دەبەت بەپار
ئای چلە زەتێک لە حەسرەت و ئاخ هەڵکەشانو ا بردوو دەچژین برالە
نا نا من نامەوەت بگەڕێمەوە بە منداڵی و کۆلانە تەسکەکانی
شەڕە گەڕەکو قە چە قانی
ما مەستاو ناو ناتەرەو دارکاری و جنێوە ناشرینەکانی
نا نامەوەت چیتر گاڵتە بەکەم ئەندامەکانی
گەڕێک بکەم
پشتی گوێدرێژەکان زامدار کە مو
مەرولە لە سەدارە بدەم
نا ناها وەڕەم ئە وەژانە
بەرائەتم کوژرا
کە مامەستاکەم پەی دەوتم قلە کوڕ
هەموو هاو پەلەکانم دەیا ندایە قاقای پێکەنین
منیش بەرائەتم کەرامەتم ئەژایە ناو جزمەکانمەوە
ئا ئا ئەو ەژانە کە بەرەو بەری قوتابخانە
بەکامەرانی هاوەمی دەوت کامەران گوچکە بەران
نا نا مەوە بگەڕێمەوە لەدەی شاعیرێکی تاراوگەدا
بە ئەو منداڵی یەی کە کاوێکی سپی مزگەوت و
پانتەڵکی تەایعی حزبی بە عسم لەپەدابوو
لەپشی خە پیشاندانکانەوە هاوارم دەکرد
ئەمە نەوەی مارکسین
لەسەدارە ناترسین

ئەم واین براڵە
تاسەر کردەکانمان نە نەنن
دەست ئانوێشنن
درێی گۆرەمان بە نەکەن

چەپۆکیان بە لێنادەین
ئەم ئەهێی حەماستین
تامەلایەک نەقەنی و دەمی کەف نەکات
ناگرین بە خوتبەکانی
تێناگەین لەمەلایە کە بەرمی وتارمان بە بدات
لە شە قاوەکانی حیزبە وە فێربوین
لە مامۆستاکانمانەوە فێربوین
کتومت لەسەرە کەکانمان دەچین
چیتر ئەوەندە خەت نمایش مە کە هاوڕێم
لە کەپوت بێزاربووم
تەمەنی پیرە مەکم ماوە
ئەموەت شتێک فێربم
لە حکایەتی سیاسی و
داستانی قارەمانە درێزنەکانی
حیزب وەسبوم
ئەم واین براڵە
نە زمانەکی یەکگرتومان هەیە
بە نوسین
نە ئەلف وبێ یەک بە خوێندن
بە یە لەیەکتر تیناگەین
هەریەکەو لە ئاوازێک دەخوێنین
هاوڕێم من نەسەرە کەکم هەیە
بەناوی بەرزانی و
نە مامەک دەناسم
بەناوی تاڵە بانی
ئەوان لە عودەی قوسەیەکی تازەتر
هیچی تریان پێشکەش نەکرد
من ڕەتیان دەکەموە
تەش تۆیان دە براڵە
هەتا دەستدەت
تۆیان دە بە ئەو پەی
شوێنێک لە دەرەوەی زەوی

ئاکۆ محەمەد سابیر

ویژدانێ کۆ پارتیمان پێدڤێ ناسنەکەن و ئاگادارمانکەدکاتێو!! … تاڤگەسابیر

بۆ پلەیەك پارتی ئەو وەتە کۆنترۆلکا و داغانی دکا ، کۆ ئەو ئەنتەرناتیڤانەش . کۆ گوایا نەیارانی ئەو سیستەمێ دێخنەووو خودی ئەو ئەنتەرناتیڤانێ چەند هەکەوە بەخودی پارتیەوە ، وەکو ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگیرو ، وەکو ئەندازەی کۆمەڵایەتی بەستراونەتەوەو بگرێ لێ زەر شوێندا خودی نەیارانی پارتی پێبزانن یا نێ ، وەکو پارتی قسێ دکەن جا فایکیان هەبەت یاخود نێ، واتێ فایلدار و بێ فایل هەر پارتین، بەواتایەکی دی پارتی نەیارانی خۆی لێ هەموو توانایەکی عەقڵی دابیوێ تاکو نەتوانن بیر لێ ئەلتەرناتیڤەکی دیکێ بکەنەوەو بەڵاستی دژ بێ پارتی بوەستنەوە، لێسەر ٢٧ ساڵی رابردوو دەتوانین بێ" کتێب" قسان بکەین قسێ کردنەك لێسەر ئەو گەمژەیەتیێ سیاسییەی ، کۆ لەو ماوەیەدا خۆی پێخشکردەتەوە لێ بێئاگایی مرۆڤی کورد لێ سیاسەت و لێفیکر " بەتایبەتی نەیارانی پارتی ئینجا ئەوانەش ، کۆ لێدەرەوەی وەتە گەڕاونەتەوە" ئینجا قسەکردن لێسەر درێژەپێدان بەرەوت و هەڵسوکەوتی پارتیانێ لەمەڕ کۆمەڵە کێشێ و پێخشبوونەوەی پارتی لێ گۆڤارو رۆژنامەکاندا گەر بوار هەبوایە دەمانتوانی بەنمونەوە ئەم ئەرگومێنتەمان بسەلمێنین ، بەڵام بائاماژدێ بەیەك رەهەندی پارتی بکەین ، کۆ خۆی لێپەرستنی سەرەك یاکەڵتی کۆسایەتیدا دەبینێتەوە.

وەك هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەی گشگتەر پارتیسیزم یەکەك لێ جوغزەکانی بریتیێ لێ هەبوونی کۆسایەتیەکی کاریزمی و تەشویقکردنی پەرستنی خودی سەرەك هەموتان ئاگادارن ، کۆئەم مەسەلەیە لای پارتی ئەزموونکەی چۆن کەوتەتەو؟ بەڵام سەرنجی ئەو بدەین ، کۆ چۆن

نیارانی ئەو بنەمایە پێش دامانی ئەو بنەمایە کەوتون ئەو بنەمایەش سەرقالی پەروەردەکردن و پەرستنی کەسایەتیەکی تایبەتین بە ئەوەی سەرک پەرستن، کە دەبێت نیارانی ئەو بنەمایە رەخنەگربن لە هەر گروپەک بە ناو نووسەرو رۆشنبیری بکرێ گرتووە تا لەرژنامەی پارتی دا بەرزنکردن و پێداهەڵدانی سەرک بێت ، کە سەرکردەیەو خاوەنی عەقڵیکی هیولاییە ، کە لەڵاستیدا خەی خاوەنی نیو گرامیش لە مشك نیە لەو کەللەپووتەیدا.

ئەگەر سەیرکی خەرای رژنامە و تەلەفزیونی ئەو پارتە دەسەاتدارە بکەین لەو راستیە دەگەین ، کە سەرقالی پەرستی سەرکردایەتی و سەرکەکانیان و سەرقالی داتاشینی کەسایەتی ئەفسانەین هەر پارتیشو سەرکیش لە مژە کەوتوون و بوونەتە کەڵتەکی کەسایەتی ، کەتەفا سەرک دەپەرستێت و مەرتەبەیەك لە سەروو مرۆڤەوە (ئەمە ئەگەر بەخودا نەگەیشبێت) و ئەو دوایی ئەندامانی ئەو پارتە گشت کەمەگاش ئەو رەعیەتەن ، کە دەبێت چاو لەرەحمەتی ئەو زاتە ببن هەروەك پارتی ، کەمەڵ رۆشنبیرو شاعیر بکرێگرتووە ، کە کارتان پیاهەڵدن و شیعر نووسین و ئینجا تەفسیرکردنی تەسریحات و ووتەکانی سەرکە ، ئەو ووتارانەی ، کە لەسادەییدا مایەی بزهاتنەوەن چ جای بگا بەوەی ، کە پەویستیان بەتەفسیرهەبێت ، ووتەیەکی سەرك نییە لەووی فکری و سیاسییەوە مایەی بڕیی هاتنەوە نەبێت بەجڤاتی کوریدا .

هەروەك لە نموونەی پارتی دیمان ئاوها ئەمرە رووداوەك نیە بەم یا بەئەو شێوە پەیوەستنەکردرێتەوە بە عەقڵ و حیکمەتی سەرك (عەقڵ؟ حیکمەت؟) رژنامەکان پێ لە وێنەی سەرك دەنگوباسەکان بەباسی سەرك و ووتە بەماناکانیان دەسپێدەکەن، قیستقاڵەکان بەناوی ئەووە دەکرێنەوە ، دی ئیدی لەڕەوە بلیمەتکمان پێویست نیە تاپەمانبڕە ، کە پارتی زیندوەو بەتایبەت پارتسیزم لە کوردستان رژانە خەی پەخشدەکاتەوە ، پارتیسیزم وەکو جیهانبینیەك و وەکو شەوازەکی ستەمکاری دەبێت پەیوەستبکردرێتەوە بڕیشە مژوویی کلتووریەکانی ناوچەی خەرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەو کلتوورە سیاسییەی ، کە پارتیسیزم ستەمکاری دروستکردوەو دەیکاو ئەستاش لەنموونەی پارتی بەرهەمدەهێنتەوەو بگرە ئەو سیاستەمدارانەی ، کە دەیانەوێت دیکتاتۆری وەکو پارتی دادگایبکەن جیاوازیان لەتەك پارتی تەنها جیاوازیە لەووی چەندێتیەوە نەك چەنێتیەوە، هەندکیان بەمای ووشە ستەمکارن و لە ٢٧ ساڵی رابردوودا خوێنی خەکیان بەتاوان ڕشتووەو دەستیان هەیە لە ترەرکردنی خەکی

ئازادیخوازداو هەر ڕژێی نەکەری بە دوژمنێکی کورد دەکەن، ڕژێك پیاوی تورکیان ڕژێك جاسوسی بە ئێران و پاسداردەنە سەر ئازادیخوازانی کوردو ڕژێکی دی بزوتنەوەیکی سیاسی کوردی لەناودەبەن و لەهەموو مژووشیاندا دژ مرۆڤی کوردو مسۆلۆ ڕواکەی دەوەستنەوە ، هەنکی دیکەیان ستەمکارن لەووی بوون بەهۆزەوە واتە هەر هەمویان پرۆژەی ستەمکارین.

لەدان لە پارتی و ریشەکەکردنی بارتیسیزم بەهەموو فۆرمە کوردی تەنها لەڕگەی سەرڕگاخستنی پرۆژەیکی عەقڵییەوە دەبێت کەتدا مرتەبەی عەقڵ بەرزرادەگرێت و مرۆڤکان فێری ئەرگومێنتی عەقیدەبن جگە لەیاسا سەربە هیچ کەسێك دانانوێنن و بەکەس ناڵێن " بەڕێز " بەخوێن دەتپارێزین ئەی سەرۆك ... هەروەها لەم پرۆژەیدا ئایدیۆلۆژیاکان بەفلتەری عەقڵدا دەبڕن و تاقدکرنەوە ، تاقیکرنەوەیکی عەقڵی ئینجا پەخشکردنەوەی ئەخلاقی مەدەنیانەوە لەدان لەهەر فۆرمکی پەرستنی کەسایەتی سیاسی و لەجیاتی ئەوە ڕزدانان بە جڤات و سەرۆکایەتی یاسا ، ئەورچ هەزکە دەتوانێ بەپیادەکردنی ئەم پرۆژەیە هەبستە ؟ ئایا پارتی هیچ بوارکی هەشتەوە بە لەدایکبوونی ئەم هەزە؟ بەتکا ئەوە دەرگیری ئەم پرسیارانە ببن ، بەڵام بەتکا لەبیرتانبێت ، کە لەکوردا هەزکی بەمجۆرە بوونی نیە.

ئایا دەکرێت بنەمایی دیکتاتۆری بارزانی ڕووبەڕوی دادگایدەکرێتەوەبو دادگاییەکی هەر شەوێك لەخە بگرێ لە کوردستان یا لەدەرەوەی کوردستان!! زۆر دادگاییکی بەمانادەبێت و بگرێ دەبێتە مەهزەلەی سەردەم ئەگەر بێتوو ئەو بنەیە بەکارنەهێدرێت بە دادگایکردنی پارتی و پارتیسزم بەواتایکی دیکە هەڵکی مژوویی هەڵکەوتووە ، کەڵەتك دادگایی کردنی جەللادکی سەردەمدا ئەو جیهانبینە ترسناکەی پارتیسزم خودی ستەمکاری لە کوردستاندا دادگایی بکرێت!!! کەکردنەوەی گشت تاوانکان و نانیان لەئەستۆی دیکتاتۆرداو کردنی ئەو بەبەرپرسیار لەرشتنی ئەو هەموو خوێنە خەی دیدکی پارتیانەوە مامۆستایکی پارتیانە، عەقڵ پەماندەڕ ، کە ئەگەر بەیارە کارکی گەورە بەئەنجام بگەیەنین دەبێت خودی پارتسزم بخەینە قەفەزی تاوانباریەوە دەکەمنتکان ، بەڵگکان ڕزبکەین تاکو جەوهەری ئەو دنیابینییە پە لەمترسیە دادگایبکەین و لەتکیدا ئەو پارتە و ئایدیۆلۆژیانش دادگایبکەین ، کە خیان مانیفەستکی پارتین ، بەڵام لەژەر پەردەی دیموکرات دا مرۆڤ تیرۆر دەکەن.

شۆازی کارکردنی پارتی جۆری کارکردنی پارتی لەناو کۆمەڵگاداو میکانیامیدسگایکتدنی ئەو بە ژیانی ئەو خەڵکە و رەهەندکانی ئەو جیهانبینیە ئەو لایەنانەن ،کە دەبەت وەیارپەخشکردنەوەی ئەم جیهانبینیە کردوەو ئینجا ئەو لایەنانەش ، کە لەدرەوەی ئە پارتە بوون ، بەڵام بەشۆازی جۆراوجۆر هاویکاریان لەتەك پارتیدا کردوە ، عەقڵ پەماندەڵە کە ئەو هەلومەرجە سیاسی و کلتوریەی ، کە پارتی دروستکردوە لەوە ئامادەیەو بوونی هەیە، عەقڵ پەماندەڵە ئەو رەشنبیرانەی ، کە پارتیان دروستکردو پارتسزمیان پەروەردەکردو پەخشکردەوەو لە دنیای کوردیشدا بانگەوازیان بە ئەوەکرد ، کۆمەڵایەکان کەنەپەرستبوون ، جەلالییەکان پەشکەوتوخوازو مەدەرن بەواتایەکی دیی بەهانەیەکی پووچیان بۆئەو ناکۆکیە هەنایەوەو کەوتنە وە سەفکردنی و ناوهێنانی بەهەزکی مەدەرن کەنیەو لە جەوهەری ئەو ناکۆکیە نەگەیشتن ، کە تەنها یەك مانای هەیە ئەویش بە ئاگایی کورد لە سیاسەت و نەگیشتنی کورد بە ئاستی نەتەوەبوون ئەو رەشنبیرانەی لەهەرکات زیاتر ئەمڕۆ ئامادەن و ئامادەیان هەیەو ئەوەتا کاتدەکەن ، ئەو رەشنبیرانە سەرقاڵی گەمەیەکی دیکەنیین لەدرەوەی ستەمکاری ، بەکو بەهەموو توانایانەوە سەرقاڵی تەخکردنەوەی ستەمکارن، بەڵام لەناوی لیبراڵیزمی تازەداو سەرقاڵی وەڵامدانەوەی قەرزکانیانن بە پارتی هات و چۆکردنیان بە بارگای زاتی سەرۆك!!!!.

هەرلەرەوە عەقڵ پەماندەڵە تەنها رەگای رزگاری لە پارتی و پارتیسزم هاووەنەکانی (کە لەکوردستان پارتی و هاووەنەی زەرە) وا لەهەوشاندەوەی ئەو جیهانبینیەو ئەو سلوکە سیاسی و کۆمەڵایەتیداو دادگایی دیکتاتەریش ئەو هەیە ، کە ڕەگەوەی دەتوانین هەنگاوی یەکەم بنەین بەرەو دنیایەك لەو دیو پارتیەوە دادگایکردنی پارتیسزم دادگاییەکی یاسایی و فیکری و ویژدانی ، کە پارتیمان پەدناسەنە و ئاگادارماندەکاتەوە ، کە دەوروبەری خەمان بەوانین و هاوشوەکانی پارتی بناسینەوە (کە لەکوردستان هاوشوەیزەرە) و لەرشوە هەنگاو بنەین بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەك لە دەرەوەی ستەمکاری پارتی و هاوشوەکانی، بەڵە تەنها ئەم دادگایە کامانای هەیە ئەمە پەویستمان پەیەتی ، پرسیاری پەدەرد ئەمەیە ، کە پارتیسزم رووبەڕکی هەشتەتەوە بە بوونی ئۆگەری بوونی عەقڵەك لەمجەڕە؟ ئەوە وەڵام بدەنەوە.

دەربەندیخان بووە بەشاری شەرپەنجە! ... تاهیر حاجی حەسەن

هەموان ئاگادارین نەخۆشی شەرپەنجە یەکێکە لەو نەخۆشیە ترسناکانەی دەرباز بوون لەی بوونە کارەکی مەحاڵ کاتێک کەسێک بەو نەخۆشیە توش دەبێت.چارەسەریەکانی تائێستا وانیشان دەدرێت کەزانست نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانێت لەڕێی دەرمانی تایبەتەوە بنەبڕی ئەو نەخۆشیە بکات، بەڵام ئاستیەکەی ئەویە بڕیە ئەو نەخۆشیە بنەبڕ ناکرێت،چونکە قازانجێکی خەیاڵی لە دەکرێت لەلایەن ئەو کەمپانیا تایبەتانەی تایبەتن بەدروست کردنی دەرمان بۆ شەرپەنجە.
نەخۆشی شەرپەنجە ساڵانە بەڕکی زۆر لەمرۆڤەکان دەکوژێت،کوشتنەکی ئاستەوخۆنا، بەڵکو دوای ململانێیەکی زۆر و خەرج کردنی پارەیەکی زۆر بەکەینی دەرمانی تایبەت بەو نەخۆشیە بەنرخێکی گران و دواجاریش نەخۆشەکە دەکوژێت. لەو نەوێشدا ئەوانەی توش دەبن بەو نەخۆشیە زۆربەیان لەخەزانە هەژار کراوەکانن. پیس بونی ژینگەو بەرهەمهێنانی خواردنی جواروجۆر کەقازانج لەپشتیوەیەتی تاخزمەت کردن بەهاوڵاتیان،پیس بونی ئاوی خواردنەوە. ئەمانەو دیان هەکاری تر دەبنە دەرئەنجامێک بۆ پەرەسەندنی ئەو نەخۆشیە. جەنگەکان کەبەکە لەپێناو قازانج و بەرژەوەندیەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان و زلهێزانی سەرمایەداریە،دیسان هەکارێکی سەرەکیترن بۆ بەرو بونەوەی نەخۆشی شەرپەنجە لەڕێی بەمبە جۆراوجۆرەکانیانەوە کاتێک ئەو بەمبانە دروست دەکرێن بەگومان بۆ کوشتنی خەڵکی مرۆڤ و دواجار پیس کردنی ژینگەو هەشتنەوەی توانای مانەوەی مادە ژەهراویەکانی بۆ کاتێکی درودرێژ.
عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی لەساڵی 19800 وە مەیدانی جەنگی بەردەوام بوە تائێستا.
شارچکەی دەربەندیخان یەکێکە لەو جێگایانەی زۆرترین ئاژەڵی توش بوانی بەو نەخۆشیەی لێیە،دیارە ئاسک نازانم چەند کەس بەو نەخۆشیەوە دەناڵێنن،بەڵام هەر چەند ئاژەڵ جارێک هەوالی مردنی کەسێک دەبیستین بەو نەخۆشیە. دیارە ئەو نەخۆشیە لەگشت شارەکانی باشوری کوردستان و عێراقدا بونی هەیە. بەڵام کاتێک مرۆڤ گوڵی لەناوی ئەو نەخۆشیە دەبێت،ئاستەوخۆ دەربەندیخانیەکانی دێتە پێش چاو. دەبێت

بپرسین بۆچی دەربەندیخان ناسراوە بەو نەخشیە؟و،هەندێ ئاگاداریش بەم دەڵێن لەنێو نەخشانەکانی سلێمانیدا خوێن لەخەنکی دەربەندیخانی وەرناگرن گەر بە پۆیستیەک بێت،چونکە ترسیان لەو کەسە هەیە توش بوبێت بەو نەخشیە.

شارچکەی دەربەندیخان،لەوی بەکاربردنی ئاو بە خواردنەوە دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانە بۆئاو،ئیعتیمادی تەواویان لەسەر ئاوی سیروانە،یان دەریاچەی دەربەندیخان. چەندین جار ئاوی ئەو دەریاچەیە نەدراوە بە پشکنین،بەڵام هەندێ گوێ بیستی بوبین بەسەلامەتی دەرنەچوە.خودی ئاوی سیروان کەی پیسایەکانی پاشەڕۆی سلێمانی و پاشەڕۆی ئەو مادانەی لەزانکۆکاندا بەکار دەبرێت لەگەڵی چەماوی تانجەرۆ دەژێنە نەو دەریاچەی سیروانەوە. پاک نەکردنەوەی دەریاچەی دەربەندیخان بەخەی بەرپرسیاریەتکەی لەئەستۆی حکومەتە شەفافەکەی هەرێم و لایەنی بەرپرسی تایبەت بەپاراستنی سەلامەتی کەمەگەیە. بەڵام مەخابن،ئەو حکومەتە شەفافە بە غەلوغشە،هەندێ بەرپرسە لەژیان و سەلامەتی کەمەگە،هیچ پنتێک نەماوە دەستی بەنەبردبێت و چارەسەری گونجاوی بە دانەنابێت!!!!
خەڵکی دەربەندیخان لەبەردەم هەڕەشەیکی جدیدان،گەر بێت و کەی گەورەو بچوکی شار نەیانە مەیدان و یەخەی ئەو حکومەتە چەتەیە نەگرن،شەرپەنجە لەناویان دەدات،ئەویش لەوەی بەکار هەنانی ژەژانەی ئاوی سیروانەوە.
ئاوی سیروان بەجگە لەوەی بە هیچ بەکاربردنێک دەست نادات،ئەو بەریانەیش ئاوکەی پێدا دەگاتە نەو ماڵکان هەمویان کەن بون و پێدچێت تائستا ژەنگاویش بوبێتن.

زەرەک لەخەڵکی دەربەندیخان،ئاوی سیروان ناخەنەوە،بەڵکو دەڵێن لەدەرەوەی شارچکەکە ئاو بەخواردنەوە پەیدا دەکەن،لەوێدا وادەزانن خەیان بەدوور دەگرن لەئاوی پیسی سیروان،بەڵام نازانن کاتێک کەخەیان دەشێن دەبێت پێنا ببنەوە بە ئاوی سیروانە پیس بوکە،یان شەردنی قاپو دەفری دوای نان خواردن دیسان دەبێت بەئاوی سیروان بیشۆن.یان ششتنی دەمودان دیسان دەبێت پێنا بەرنەوە بەرئاوی سیروان.ئیتر هیچ کەس ناتوانێت خەی دەربازبکات لەبەکارنەهێنانی ئاوی سیروان. ئاوی سیروان بە خەڵکی دەربەندیخان بەتایبەتی وەک فەلسەفەی مردنی لە هاتوە کەهیچ زیندەوەرێک ناتوانێت خەی لە دەربازبکات. باشە گەر ئەوە هەلومەرجی ژیانی ژەژانەی دانیشتوانی دەربەندیخانە بۆچی ئەو خەڵکە قبوڵی ئاوا بارودۆخێکی نالەبارەکەن؟ ئاخە ئەو خەڵکە بەیە پەرش و بڵاون و

ناتوانن دەست ببەن بە هەڵگاچاریەکی خەڵکەکەی بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کەهرکەسەو سەر بەحزبەکەو ئیتر لەبەرخاتری حزبەکە کەس ناتوانێت ئیرادە بکات و هەوڵی چارەسەرکی گونجاو بدۆزێتەوە؟ ئاخر ئەرکی بەرپرسانی یەکێتیداریەکان چیە لەو شارچکەیەدا؟ کامە هۆشت و ئاستی بەرپرسیاریەتیانە؟ ئاخر دانیشتوانی دەربەندیخان ئاستی ناهۆشیاریانە وناتوانن ئیرادیەکی دەستە جەمعی بنوێنن و کەی ژیان لەو شارەدا بوەستێنن تائەو کاتەی حکومەتەکیان دێتە سەرخت و بەپەلە پرۆژە تەواو نەکراوەکیان بە تەواو دەکات؟ ئاخر گەر خەڵکی بەس بنوانە ئەو چرکە ساتەی کە،کەسەکیان لە دەمرێت،ئەوە کام هەکارە وناڕاستەوخۆ وایان لە دەکات بەسەدان و هەزارانیان ئازا کە ببنەوەو لەبەرە کردنی مردوەکەدا بەشداربن تادەیشارنەوە لەنەو گەدا؟ ئاخر گەر ئەو هەکخراو بونە خەسکیە بگەدرێت لەپەناو ژیانی دانیشتوانە زیندوەکەدا ناتوانێت بەرهەمکی باش وەدەست بهێنێت؟ ئاخر ئەو چەند جارەی چەند دە نەفەرەک ڕۆژانە سەرجادە بەئەوەی کاربەدەستان و حکومەت بەن بەپیری داواکاریەکیانەوە بە پاک کردنەوەی ئاوی سیروان بەس بوە؟ یان دەبوا کەی دانیشتوانی ئەو شارچکەیە بەنە مەیدانەوە و ئیرادەی ڕاستەقینەی خەم خۆری خەیان بەخەیان نیشان بدەن؟ چونکە زۆبەی تاکەکان ڕۆژانە پێنج جار دەچن بە نوێژو دەست نوێژ دەگرن بەو ئاوە پیسەی سیروان،دواتر مەلاکانیش بەرنوێژیان بەدەکەن،بەڵام ئەوەی مەلاکان خەی لە دەدزێتەوە،دەست نەبردنیانە بە ووروژاندنی چارەسەریەک بە پیس بونی ئەو ئاوەی ڕۆژانە دەبێت بەکاری بهێنن.بەداخەوە،خەڵکەکەیش واڕاهێنراوە هەر لەخودا بپاڕێتەوەو واخەی نیشان بدات کەئەم هیچی لەتوانادا نیە،مەگەر ڕەحم و کەرەمی خوا وەفریایان بکەوێت.ئەم خەڵکە تاندنە،بوێتە کاری ڕۆژانەی زەرترین مرۆڤکان ئیتر لەدەربەندیخاندا بێت یان لەهەر شارو گوندێکیتری وەاتانی ڕۆژهەاتی. بەیەیش تادێت ژیان و ژینگە لەو وەاتانە بەر وەرانە و پیس بون دەبرێت.

نەخشەی ژێرپەنجە بوە بەپەناسە بە دانیشتوانی شارچکەی دەربەندیخان.ئاخر دەبێت ئەو خەڵکەی چ ساتێک واز لەکەی ئەو چەمکانە بهێنن کەهرکەسەو بەجۆرێک خەی پەوە گەل و گردەراو کردوەو دەستە جەمعی بهێنە مەیدان و بەرژەوەندی دانیشتوان بخەنە پێش کەی بەرژەوەندی حزب و حزبی خودا و حزبی خۆ و حزبی تەکیەوە؟ بۆاستی لەناخەوە ئەزیێت دەخەم کاتێک دەبینم دانیشتوانێک هەندە بە دربەس و لاموبالات و خەم ساردن لەپەناو خەیاندا!

تاهیر حاجی حەسەن
25/02/2017

شرۆڤەکارو چاودێری، یا شەخسیکار و چاوخڵی سیاسی!! … حەسەن سەید باقی

ئەمە کوردستان تەژیە بە شرۆڤەکار و چاودێر و قسەکەری (سیاسی) و …تاد. ئەگەر پەوانەی پشکووتن لەسەر ئەو ژمەریارییە بکەین ، ئەوا کوردستان لەگەشەدا دەبوو، دوور دەبوو لە دزی و گەندەڵی وپاوەند خوازی دەسەڵات، بەڵام پێچەوانەی ئەمە لەبەر ماستاوچی و دووڕوویی سیاسیەکان کەکارەکان بە شێوازێکی تر دەشکێننەوە.
ئاوڕێکی کە لەشاشەی مەدیاکانەوە دەردەکەون، باس لە شرۆڤەی باری سیاسی دەکەن ، لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە، دەیانەوێت ئاماژە بەو شتە بدەن کە پێیان ووتراوەو سنوری دیاری کراوە، دەبێت ئەوە بڵێن. بەڵام سەیرتر لەوە زەرەک بەناوی چەپ و کۆمۆنیست ئاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرگری لە بەرژەوەندی دەسەڵات و گەندەڵی دەکەن. لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا(NRT)، پشکۆش کار میوانەکانی ناساند، بەڵام یەکەکیانی بە ئەندامی سەرکردایەتی حشک ناساند، کە ئاستبوو بێت ئاوڕکاری سەرکی حکومەت، لەبەر ئەوەی کارەکەی ئەوە بووە. ئەو بەڵێزە (ز.ك) لە باسەکیدا باسی سەرکەوتنی سەرمایەو قازانجی کرد بەسەر سیاسەت و ئەخلاقدا لە ئەمریکا. پرسیار ئەوەیە سیاسەت بە ئیقتصاد(ئابووری) مانای چی؟ لای ئەو بەڵێزە ئەخلاق (مەڕاڵ) چی دەگرێتەوە و چۆن باسی لەوە دەکات؟ وەک فالچی دەڵێت ترامپ جوڵەکانی بە ئەخلاقی پەوە دیار بوو، ئایا ئۆباما بێت یا ترامپ یا کلینتۆن ،،یاو یا… چی لە سیاسەتی سەرمایەداری و دەستێوەردانی ئەمریکا لە جیهاندا دەگۆڕێت؟ ئایا پەوڕی ئەو شرۆڤەکارانە لەو ئاستدایە چەند هاورێ و دەستی کۆسەکانی کوردستانن؟ وا سیاسەت دەکرێت کاکی چەپ و کۆمۆنیست، سەیرە گوێم!!
باسی لەهەکاری سەرکەوتنی ترامپی کرد، گوایە سەربە حیزبی کۆماریکانە، کۆنترین!! حیزبن بەیە دەرچووە.کۆناڕاستەو خ

ئاماژەیە بە کوردستان ، دەبێت کۆنترین حیزب دەربچێت لە کوردستان، بە ئاگا لەوەی کە کۆنترین حیزب لە عێراق و کوردستان حیزبی شیوعیە، ئەی بە نابێت دەربچن،نەک وەک ئەوەی لە دیدی ئەودایە.
ترامپ کەسایەتیەکی تایبەتمەندە،هیچ کام لەو میوانانە باسیان لەوە نەکرد، کە لە دەستپێکی پروپاگندەی هەڵبژاردنەکانیدا، ترامپ ئاماژەی بە دژایەتی کردنی بیری ئیسلامی تووندڕەوی کرد و وە ئیدارەی ئەبامای تەمەتبار کرد بە دروست کردنی داعش، کەچی برادەرێکی تر (زمکان) هەکاری دروست بوونی داعشی دایە پاڵ حشدی شەعبی، گوایە دکتاتۆری و نەبوونی یاساو رێسایە لایان بۆیە داعش دروست بوو،، (عال کۆیوە شەلم). برادەران گەر وایە بە سەردەمی بەعس دروست نەبوون، وە لە تورکیا دکتاتۆرەکەی ئەوە و سعودیەو قەتەر دروست نەبوون؟؟ باشە ئەوە خەڵک بە گەل دەزانن ؟؟ یان ئەمریکاو ئەو وەتانە دروستیان کرد، وەک قاعیدە کە دروستکرا بە دژایەتی کردنی سۆفیەتی جاران.وە ئەو برادەرە لە ناخی دا شتیک هەیە کە بەزار پێناسەی دەکات، ئەویش دەڵێت،، بوتین دکتاتۆرە! ئەگەر زەحمەت نییە پەمان بێ کاکی شلەقکار ئەوە بەکام فەلسەفە ، لەبەر ئەوەی لە داعش و دارو دەستەکانی و بیری تووندڕەوی دەدات، واتە هەر دەوڵەت و لایەنێک دژی فاشیەت و تیرۆر بێت لای ئەوەی بەرەز دکتاتۆرە.!!
پاشان دەڵێن ترامپ کوردی بە جەنگاوەر ناوبرد، ئەی بۆچی ناوی بەرێت، ئەوان ڕاست دەکەن چونکە پەیوەندی خەیان لەبەرژەوەندی تایبەتی وەتاکەیانەوەیە نەک خزمەتکردنی کورد و گەلانی ناوچەکە، ئەوکات ئەباما پارەو چەکی نارد ،بۆچی ناردی، وەک چی سەیری پشمەرگەی کرد،هەروەک جەبار یاوەر ئاماژەی بە ٤١٥ ملیۆن دۆلار کرد ،کە دەیدەن بە ٣٦ هەزار پشمەرگە، دەیانوێت یەک تا دوو یەکەی (١/٢)تریش دروست بکەن، پەمان نەڵێن ئەوە مانای چی؟! ، ئەو برادەرە لە دهۆکەوە باسی دراوستی دەکات لەگەڵ عێراق، بە !! ئایا ئەمە هەنووکە دەوڵەتی سەربەخۆین یان چی؟
کاتێک کە باس دێتە سەر نەوت و پارەکەی، کەچ دەچێتە کوێی گەلە نووسەرو بەناو ئەو ڕۆناکبیرانەی سەر شاشەکان، لەدوان دەدەن شلەقکارەکانیان دەست پێدەکات و هەندەکیان لەژێر ناوی چاو خەڵی سیاسیدا، کە یەک بە دوو دەبینن،دەکەوونە لەدوانی بی بنەما، پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەوانەش وەک خەڵک بە موچەو دەرامەتن؟، یان دەستیان لە چۆری نەوت دایەو لە زەلکاوی گەندەلیدا نوقم بوون!.
ئەمریکا باس لە ٤٠ ملیار دۆلار زیان دەکات لەو نەوتەی بە فیڕۆ ڕشتووە، بەرەز جەودەتیش بە ڕاستکردنەوە لە لەدوانەکیدا ئاماژەی بەعەقدەک وەهمی کرد، هیچ وجودی نییە، ! ئەی چاو خەڵان و شلەقکاران، بۆچی وەڵامی بەرەز جەودەت دەدەنەوە، تاکەی خەڵک

دڵگەوجێنن بەهەش بێنەوە کاتتان لەبەردەمدایە پاکانە بکەن و بگێنەوە ئیزی خێک، دنا بەر نەعلتی مژوو دکەوون دخرێنە زبڵدانی مژوو لەگێ دزو گەندەکاراندا.

ئێمانیا
02.2017

تاهیر تەنتریێ … عەبدولڵەحمان فەرهادی

ئیسف بخێ، ئیسف مەخێ

تەحسین دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بوو و کۆی پیاوێکی خواپێداو بوو، کە ئامادەیی پیشەسازیی تەواو کرد، تازەکانە شەی قادسیە دەستی پێکردبوو، بابی بە پەسەندی زانی بێ خوێندن بینڕێتە دەرەوە، تا لەو شەە شوومە بەدوور بێ، ئەوکات چوونە دەرەوە لە عیراق قەدەخە نەکرابوو، بابی سەفەرەکەی بێ ڕێکخست و چەند مانگ دواتر تەحسین خێی لە بوخارست بینییەوە و لەوێ بەقسەی باوکی کرد و داواکاریی خوێندنی پزیشکەشی کۆلیژی پزیشکیی بوخارست کرد و لەوێ وەرگیرا، تەحسین کەوتە کەشوسرووتێکی تازە کە زۆری بەلاوە نامێ بوو، خوێندنی پزیشکیی بوخارست لە هەموو خوێندنێکی وڵاتان سووك و ساناتر بوو و دوای شەش ساڵان خوێندن، تەحسینی دەرچووی پیشەسازیی بەشی مەعادن، کە بە هەزار حاڵ ئەوێی پێ تەواو کرا، هەر بە فشە بووە دختەر تەحسین بە پسپۆڕیی تەندروستیی گشتی، چەند ساڵ دواتر تەحسین گەڕایەوە عیراق و ئێستا تەحسینی مەعادن دختەرێکی بەناوودەنگی شارەکەمانە، هەنووکەشی لەگەدابێ کە 2017یە، دختەر تەحسین لە هیچ تەبیعاتێکی هەشتاکان دایەنەکەلاندووە، پانتۆڵی شاڵستانی دەلینگ سی سانتیمەتری کەمتر لە پێی هاڵناکۆشێ، هەروەها سەعاتەکەی دەستیشی هەر سەعاتە سێ قورمیشەکەی جارانە کە ناوی ئەریانتە، عەینەکی بڕداپۆشەریش نەبێ، لەچاوی ناکات، لەبەرئەوەی قوتەبنەشە، قەت بەبێ قەندەرەی کەعبولعالیی بە ئاوەزنە نایەتە دەرەوە کە شاڵستانەکەی دایدەپۆشێ، سمێیشی شێوە قەیتانییە کە

ئەوکات بە لاسایی پاڵەوانانی فیلمە هیندییەکان لەناو جاحێڵان ببووە مەدێڵ، قەسەم بەخوا دختەر تەحسین ئێستاشی لەگەڵدا بێ، باوەڕ ناکەم بتوانێ سپڵەی پاراسیتێل بە پوختەیی بنووسێ، لە ڕاچڵتەی نەخێشان پییەکی کەپیتەڵ دەکات و دوای پیتەکەش دەیکاتە خەتخەتەکێ و سەیدەڵییەکانیش تێدەگەن، لە یەکدوو حەبی وەک پاراسیتێل و ئەمپیسیلین و تیتراسایکلین و شووبی کیبرێن بترازێ ناوی هیچ حەب و دەرمانێکی تر نازانێ. بەردەستێکی تەحسین لە نەخێشخانەی کێماری هەبوو ناوی یووسف بوو، کە دختەر تەحسین بە ئیسف بانگی دەکرد، ئیسف کەپووی تووشی دەردێك ببوو، هیچ دختەرێکی هەوڵەر سەریان لێ دەرنەدەچوو، خزم و ناسیار ئامێژگاریی ئیسفیان کرد بێ چارەسەری بچڵتە بەغدا، ئەوەبوو ئیسف ڕووی لە بەغدا کرد و لەوێ دختەرێکی پسپەر پێی گوتبوو(کەپووت تووشی شێرپەنجە بووە)، بڵیە حەبێکی بێ دانابوو کە بەردەوام بیخوا. ئیسف هاتەوە هەوڵەر و لەسەر حەب خواردنێ بەردەوام بوو و ماوەیەك پێ چوو هاتەوە دەوام، ڕۆژانە دختەر تەحسینی مەعادن بانگی ئیسفی دەکرد و ئامێژگاریی دەکرد کە بایەخ بە خواردنی حەبەکانی بدات، گوایە ئەویش شارەزایە و لەبواری پزیشکی زەر تێدەگا. گفتوگێ ڕۆژانەکانیان بەبەر چاوی کارمەند و خزمەتگوزاران ئاوا دەستی پێ دەکرد:

– ئیسف، کوڕێ من حەبەکەت بخێ هاااا، ئەمن پێت دەڵێم حەبەکەت بە مەزبووتی بخێ، کوڕم بیخێ لەبیرنەکەی هاا دوایە دەمریی.

– ئاخر دختەر کە حەبەکە دەخێم کەپووم ئەستوور دەبی کەپوو.

– ئێ مادام کەپووت ئەستوور دەبی، مەیخێ ، تەواو لێگەڵێ مەخێ، وازی لێ بینە، فڕێیدە و مەخێ.

– دختەر ئاخر دەردەکەپووەکەم شێرپەنجەیە، نەیخێم ترسێکەم بمکوژی.

– ئێ ئیسف مادام وایە بخێ، ئا ئا بخێ بخێ، حەبەکەت بخێ لەبیر نەکەی هاااا، ڕۆژانە بیخێ.

کێوە تانکەری بیر، کێوە ؟

دەردە کورد بریتییە لە چاندنی ڕقوقینە، تەپشوو لە یەکتر وەشاندن، زەمکردنی پاشملە، ئیرەیی بەیەکتر بردن، یەکتر ڤێاندنەوە، چاو پێ هەڵنەهاتن، پاشقول گرتنەیەك، ڕاپەرت لەسەر یەکتر نووسین، کێسپ خستنە بەردەم کاروباری خەڵك، سووك تەماشاکردنی کاری جوانی بەرانبەر، غەدر لە فەقیروفوقەڕا، داونانەوە بێ یەکتر، ململانێی نابەجێی حیزبایەتی، کێشە بێ خەڵك دروست کردن، ڕۆزنەگرتن لە خزم و ناسیاوان، قڕتبڕی و دزیی گەورە و زەبەلاح، پارە لەیەکتر خواردن، خیانەت لە ئیشوکار، نەحەوانەوە لەگەڵ دراوسێ و خزموکەس و لەگەڵ

یەکتر، موزایەدەکردن بەسەر یەك و بە گەورە تەماشاکردنی دوژمن و ترسان لە کێنە هین، برسیکردنی مامۆستا و لێدانی لە لایەن قوتابی، جنێودانی بێ موناسەبە، پیسوپڕخێیی بەردەرگا و ماڵەوە و خێنەشووشتن، بێنی گاوی کاوجەمەدانی و گارەوی و بنهەنگ بە هاوینان و دەست نەشووشتنی بەردەوام و تەنانەت لە ئاودەستەوە یەکسەر بێ سەر خوان، .... تا شتی قڕ و خلیچك بژمێری بنی نایە، وەك چۆن لە ماتماتیکا یەك تەقسیم سفر ئەنجامەکەی دەبێتە ما لا نیهایە، ئەم دەردە کوردەش کتومت وایە، هەموو لایەکی کوردەواریی گرتووەتەوە و دەریایەکە بنی نایە. وەرە ناو مامۆستایانی زانکۆ، ئەم قسە لەسەر ئەو دەکا، ئەو بەرپێنە دەداتە ئەو، لەناو دخترران هەر وایە، لەناو دادوەر و پارێزەر و فەرمانبەر و هونەرمەند و نووسەر و ژۆرنامەنووس و تووڕ فرۆش و ئاسنتاش و دارتاش و سەرتاش و کارەباچی و وایەرمان و فیتەر و تەپشووتراش و جۆتلێدەر و تەنانەت بیردەردەری ئاودەستیش. دەردە کورد لەناو بیردەردەری ئاودەست زۆر زەقە، بیردەردەران یەك خووی عەنتیکەیان هەیە، توخوا دەبا بێتانی باس بکەم، لەوانەیە نەتانزانیبێ، ئەویش ئەوەیە بگەنە هەر دیوارێکی پاکوخاوێن، یەکەوسەر سپرای بێیەکەیان دەردێنن و(ژمارە مۆبایل و تەنکەری بیر)ی لێ دەنووسن، ژمارەکانیشیان ئەغەب وایە ژمارەی جوانن، بیردەردەرانی ئاودەست لە هەموو کەس زیاتر بەدەست دەردە کوردەوە تلاونەتەوە، تۆ بڵێ چی؟ گریمان ئەمڕۆ بیردەردەرێکی ئاودەست هات و چاوی بەم دیوارە تازەبێیەکراوە پاکوخاوێنەی مزگەفتەکەی بەرانبەرمان یان قوتابخانەکەی ئەودیو یان دیواری هەر ماڵێك کەوت، ئەوا یەکەوسەر لێی دێتە خوارەوە و سپرای بێیەکەی لە تەنکەی باخەڵی یان لە شەروالی دەردێنێ و (ژمارە مۆبایل و تەنکەری بیر)ی لێ دەنووسێ و تێی دەتەقێنێ، پاشتر بە ڕۆکەوت تەنکەرێکی تر بەو ناوەدا دێ و چاوی بە دیوارەکە و ژمارە مۆبایلی تەنکەرەکەی پێشوو دەکەوێ، یەکسەر ئیرەیی و خۆیاتی هانی دەدا بێتە خوارەوە و ژمارە مۆبایلی تەنکەری پێشوو بسڕێتەوە و بە هەنگڵکی تری بێیەێ هیی خۆی لێ بنووسێ، ئیتر زنجیرەی مۆبایل نووسینەوە و سڕینەوەی تری بەدوادا دێ و دیوارم دیوارە دەبێتە گووخانەی تانکەری بیر و مەگەر خوا بزانێ بە تابلۆی چ شێوەکارێکی سریالیی دەچێ! خەریکە دەڕم دیوارەکانی پایەتەختەکەمان هەمووی بووەتە ژمارە مۆبایلی گووەردەران و گواڵکشکیش نییە تەمبێیان بکا. عارەب گوتەنی (منو بلمنو هەولێر صار قەرەباغ). تۆ بڵێی دانیشتووی ئێرە هەر خەریکی بخێ و بڕی بن؟ هەمووجار بیردەکەمەوە و دەڕم خوایە گیان ئەم هەموو تانکەرە، ڕۆژانە ئەم هەموو تەپاڵەیە کێوە دەبەن؟ هاوکێشەیەکی قورسە، قەتم سەر لێ دەرناچێ، بەم شیکار نابێ، بە

قەبری بابم هاوکێشەکانی ماتماتیکم لەکن سانا ترن!

لەتیف لووتەی بەرماوەخێ

لەتیف لووتە بەردەوام دژی پێشمەرگە قسەی دەکرد و ئەوکاتەی شێشی کورد تووشی نسکۆ بوو، ئەو کێشە خۆشحاڵ بوو، ئەو پێشمەرگەی بە چەتە و شەقاوە و حیزودز لە قەڵەم دەدا، گوایە خۆی پیاوێکی مارکسییە و لەملاو لەولا خۆی وا دەناساند گوایە کۆمۆنیستە، کەچی هیچی لە مارکسییەت و کۆمۆنیست نەدەزانی، لەتیف سائانێ لەوەبەر لە کێشانەکانی سەیداوە مریشکێك دەدزی و هەر ئەو ڕۆژە لەی ئاشکرا دەبێ، بەهەیەوە کەوتە زیندان و پازدە بیست ڕۆژکیان لە بەندیخانەی سەرای پەستا، دواتر لەتیفە لووتە کە لە زیندانێ هاتە دەر، چووە ئیزی حیزبێکی کارتۆنیی کوردان کە بەعس دژی تێکۆشەرە ئیستەقینەکانی کورد یەکدوو حیزبێکەی بووکەڵە و بەرماوەخۆری دروست کردبوو و لەتیف لەوێ وەك تێکۆشەرێکی! مەکتەب سیاسی مووچەیەکی مانگانەی قەبەی مفت دەخستە باخەڵ و شەوانەش بە خۆو دەمانچەی پشتیەوە، لەگەڵ یەکدوو دەمووت و جاشی وەك خۆی لە یانەکان چاکترین جۆری ویسکیی نۆش دەکرد و لە جگەرەی ڕەسمانیش بترازێ بە لالۆیەوە نەدەکرد، جگە لەوەش بەعس لە بانەکانی وەك 17-30ی تەممووز دەمانچە و پاداشتی بەهاداری دەدانێ، ئەوانیش بێ بەعس وەفادار بوون و مانگانێ ئاپۆرتی خۆیان لەبارەی کوردپەروەرانەوێ دەدایێ دائیرەی ئەمن. لەتە لووتە دوو ساڵ دواتر بووە خاوەن خۆشترین خانوو و تازەترین قەمەرەش، ئێستا لەتیفێك جگە لەوەی مووچەی زیندانییانی سیاسیش وەردەگرێ گوایە لە ئیزەکانی حیزبی کۆمۆنیست تێیکۆشاوە، کە سەری مەجلیسان دەگری، خۆی بە ئەکبەر کوردپەروەریش دادەنێ و بەردەوامیش باسی تێکۆشان و کوردایەتیی خۆی دەکات لە سجنی سەرای، لە دائیرە و وەزارەتانیش قسەی دەیخوا و بەرپرسەکانیش زەندەقیان لەی ڕۆاوە و حسێبی تایبەتی بێ دەکەن. لێخوێە لەتە لووتە، شێشە!

تاهیر تەنتریێ

تاهیر تەنتریێی برادەری منداێیم، دراوسێمان بوو دەرگا بە دەرگا، ناوی تەنتریێ لەوەوە هاتبوو کە ڕۆژکیان لە تەپانی چووبووەوە ماڵەوە و زۆری تینوو بووە و بە هەڵە شووشەی تەنتریێی بەسەر دەمیەوە کردبوو، بۆیە چوار پێنج ڕۆژان لە نەخۆشخانە بێ زمان کەوتبوو و دایە و بابەی تەمایان لێ بڕیبوو، بەڵام بە قەولی باوکی گوتەنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو تەحەسسون چوو بوو و ماوەیەکی

پەچوو، هاتەوە ناومان و دواتر بووە باشترین یاریزانی تۆپی پێی هەبژاردەی هەولێر، تاهیر ڕەقی دونیای لە خوێندن بوو، لە وانەی ئینگلیزی هەی لە بڕە دەرنەدەکرد، هەموجار پێی دەگوتم: جانم ئەمن چ داکم ئینگلیزە چ بابم، نازانم ئەو ئینگلیزییە چییە تووشی هاتووین! تاهیر لە پێنجی سەرەتایی، وەك خێی گوتەنی مەکتەبی دایە بەر لووشکان و نەهاتەوە بەر خوێندن، کە گەورە و هەراشیش بوو، حەسرەتی بێ ئەوە هەیدەکێشا کە چۆن وەك ئێمە خوێندنی تەواو نەکردووە. تاهیر ساڵانێك بزر بوو و دەیانگوت بووەتە پێ میم، بەڵام نەماندەزانی بووەتە پێ میمی کامە حیزب! دوای ڕاپەڕینی حەشامەتی کوردستان لە دامودەزگاکانی بەعس، تاهیر بواری بێ هەڵبژاردن لە قوتابخانەیەکی ئێواران بە هەزار شەڕە شەق و غەلوغەش، بڕوانامەی ناوەندی وەربگرێ. تاهیرە فەندیم ئێستا کە بە ئینگلیزی دەدوێ دەڵێی حەیرانان دەخوێنتەوە، شێوە گێکردن و ئاخاوتنی پێە لە ئحم ئحم، لە قسەکردنی ئینگلیزی نەتری یەکجار زۆرە، دەڵێی دڵجەکەی مام هەمەزانە، کورە هەر دەڵێی گایە و دەبڵێی! هەر کە گوێت لێی دەبی وادەزانی تازە لە پەستی نێغرانێ گەیشتووەتە هەولێر، ئینگلیزییەکەی نێغرانانەیە و سەربەقوێ دڵنێتە حیتوهڵ، تاهیر بە غەلوغەشەوە هات و هێنای تا بووەێ خاوەن بڕوانامەیەکی بەرزیش لە زمانی ئینگلیزی. قەسەم بەخوا باوەێ ناکەم شتاقە هاووڵاتیی ئینگلیز وشەیەکی لێ تێبگات، جارێکیان ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیز وەك بەرپرسێکی ئەکادیمی داوای لە تاهیر تەنتریێ کردبوو وتوێژی لەگەڵدا بکات، بەڵام کابرای ئینگلیز لە ئینگلیزییە حەیراناساکەی تاهیر نەگەیشتبوو و بێ لێك حاڵیبوون، داوای وەرگڕێکی کردبوو. جاران من بە حەسرەت بووم تاهیر بێ یەك جار عەین و حێ جێگڕ نەکات، کەچی ئێستا شێوەزاری خێی بەلاوە ناوە و بەشێوەی ناوچەیەکی تر قسان دەکات و لێیشی ناوەشێتەوە، سەریشی بە بڕیەی مارکە ڕۆتانا بە باقوبریق دەخا و ڕەنگی ڕەشی قژ و ئەبرێ و برژانگی هەر دەڵێی لە کونیلە ڕەشەکانی فەلەکەوە بێی هاتووە، هەروابێتەوە، ئەنگوستیلەیەکی زڵێی نقێم پیرۆزەییشی خستێتە پەنجەی، لە خەك فڕە ساونا و غاردانی پارکیش بووە. تاهیر ئێواران لە بارەگایەك دەوام دەکا و قەیاسێ مامۆستای زانکێی لەژێر دەستە کە لە ئەمر و نەهیی ئەو دەرناچن. لەم ڕۆژگارەی ئێستامان پیاوم دەوێ لە قوتابییانی بەشی ئینگلیزی بێ ئیمزای تاهیر تەنتریێ بڕوانامەی بدرێتێ. ئەم هەرەمەکەی خۆمان پێە لە تاهیر تەنتریێ، حکوومەتن کارگەیەکی بەبێشتی بەرهەم هێنانی تاهیر تەنتریێکانە، جا چتێ تاهیر؟ هیی تۆوتۆپستوور و کەللەپووت.

تابلۆی ووناکی … بەختیار محەمەد

مانگ گۆپی سپی ئاسمانە
خوا بەشەو پێی دەکا
بەڕۆژ دەیکوژێنێتەوە.

خۆریش چرای ماڵی کەونە،
کە هەشتا کارەبای بۆ نەچووبۆ.

ئەستێرەکانیش ئەو موورو و زەنگیانانەن،
کە شەوان فریشتەکان
وەك مناڵانی گەڕەکە هەژارەکان
یارییان پێ دەکەن.
بەرەبەیانانیش زوو
لە کۆڵانە شینەکانی ئاسماندا
ونیان دەکەن.

پێدەچێ بارانیش فرمێسکی چاوی خوا بێ،
ئەگو کاتانەی
کە بۆ تەنیایی خۆی دەگرێ.

پەلکەزێڕینەش ئەو پردەیە،
کە خوا بەهاران
بۆ لای گەڕەکی ئێمە
بەسەریدا دەپەڕێتەوە.

کەواتە ئێستا زانیمان،
کە سروشت خۆشترین
یاریگای خوایە.

بەختیار محەمەد

کەر)لای کۆمەگەی کوردی و شاعیرانی کورد) … ئاری زۆندینی

کەر, وەك بوونەوەرێکی خوێقاوی هەزارەها ئاژەڵی تر لەووی زانستی وبایەلۆجی بێ عەیب و نووقستانە, لەووی زایندەیی (نێرومێی) هەیە کەواتە لەلایەن زانست و شەرع و کۆمەڵایەتیەوە شایەنی ژیانە هەروەك هەموو بوونەوەرەکانی تر بەمرۆڤیشەوە.(کەر) لەهەموو ئاژەڵەکانی تری سەر زەوی سوودی بێ مرۆڤ هەیەومرۆڤ لەدێر زەمانەوە ئیش وکارەکانی بە(کەر) بەڵێ کردووەتاڵێژی ئەمڵێش,لەدینی ئیسلامیش مرۆڤ وئاژەڵ حوێقاوی خوایە. (کەر) نێرەکەی (نێرەکەری) پێدەڵێن و مێکەی (ماکەر) , لە کۆمەگەی کوردی لەووی کۆمەڵایەتیەوە ئەم دوو زاراوەیە بەکاردەهێنن بۆمرۆڤ لەحالەتێك مرۆڤ بێ عەقڵ و نەزان بێت مەبەستیان (کەر) بێ عەقڵ ونەزانە. لەکۆمەگەی کوردی (کەر) بەچاوێکی ناشرین و سووك سەیر دەکرێت چەندەە قسەوقسەڵێك و ناوناتێرەو نوکتەی لەسەرە کەلە بایەخی ئەم بوونەوەرە خودایە کەمدەکەنەوە وەك(دەڵێی کەرە, کەرەکت هەبی غەمەکت هەیە,باری کەرەکی بارکردیە,زەلامەکی کەرە,تێناگا کەرە, بابت بگێم بەکەران,کەر کوێی کەر,کەرگێ).لە کۆمەگەی کوردی گەر بڵێی (کەر) عادز دەبی بەس بڵێی (نێرە کەر) کەیفی پێدێ , هەتا لەبێ جنسی (مێ) بڵێی (ماکەر) ئەوە بێ زیرەکی و لێهاتوویە.(کەر) لە هەمووکۆمەگاکان ئیش وکاری مرۆڤی ئاسانکردووە لای کورد شێخ ومەلاکان هاتووچۆیان بەکەر بووە بەنام هەر ڵێزیان نەگرتووە, تەنانەت هەندێك جار بەلێدان و کوتان بەبەردوو دارو ئاسن تەعامووڵیان لەگەڵ کەر کردووە , ئەمە لای خەڵکی ئاسایی و عامەکەی بەم شێوەیە سەیری دەکەن کەچی هەرمرۆڤەکە خۆی مرۆڤ دەشووبهێنی بە (کەر).

(کەر) لای شاعیرانی کورد:

کەر, نەك هەرلای خەڵکی ئاسایی بەکو لای خەڵکانی ڵێشنبیرو شاعیرانیش ڵێزوحورمەت و بەزەیی نەبوون شاعیرەکانیش لە شیعرەکانیان مرۆڤ وشێخ ومەلاو کەسایەتیەکانیان شوبهاندووە بە(کەر).

شاعیران (شێخ ەزای تاەبانی و قانعی شاعیر) زۆر باسی (کەر)یان کردووە.

لای (شێخ ەزای تاەبانی):

دانەی دەمت نەماوە لە گەف ناکەوی هێشتا
پیرەکەری ,چەنەباز ئەێم بکەم بەەشتا
شاعیر هەجوو ناشرینکردنی مرۆڤ و چواندنی نەك هەر بە کەر بەکو بە(پیرەکەر),لەدێرە شیعرکی تر دەێ:
چونکە شاعیر زۆربووە لەم عەسرەدا
بۆتە حەشری نۆرەکەر لەم حوجرەدا
لێرەدا چینکی خوێندەوارواێشنبیری چواندووە بە(کەر),
لەدێرە شیعرکی تر:
بۆکەرێ حەربی کرد لەگەێمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گێبەندکی گێا ئەم کەرە
کەسایەتی وپیاوی دینداریش بە کەر چواندووە, لەشیعرکی تر مرۆڤ و ئادەمی شەبهاندووە بە(کەر):
دوێنێ قەترەی خوێن بوویت وئەمێکە کەفێ خاکی
بەنی (ئادەم) کەری, گەر کەری نەبی بۆچ هێندە بێ باکی
واتە هەموو مرۆڤەکان کەرودەبەنگوئیهمالن.
لەدێرکی تر دەێ:
پدەری نۆرەکەرە و مادەری وەك ماچەخەرە
کێ دەێ ئادەمە ,کەرباب وەکو کەر دەزەی
شاعیر باوکی شوبهاندووە بە کەر , باب ئەومرۆڤەی خاوەن ماڵ و خزانەو بەخوکەروپەروەردکاری منالە بێ دواێژ, نەك هەر ئەوەندە بەکو دەنگی کەریش لای ناخشە وەك دەنگی باب.

(کەر) لای شاعیر (قانع)

(قانع) شاعیر دەێ:
کوردە وەرە بنواڵە دەوایی دەردت لەکوێیە
هەر پەیەوی(لینینە) دەواوچاری نەخش
لە هەمووی خەتەرتر کوردی هەموو شوبهاندووە بە(کەر) سەردەمك لەسەردەمەکان کەبەباشی نەیزانیوە چۆن ێگاوپەیەو بۆزیانی خۆیی دابێژێت و ۆزگاری بێت لە ژۆر دەستی و نەخشی عەقڵی سەردەم.
لەم دۆرە شیعرە زیاتر ۆوونی دەکاتەوە:
فیکری کوردی ئینحساری دووشتەو هیچی تر
یا (کەر)ی پیاوی نەفامە یا خەریکی شەیتانیە

دیاره فیکروعەقڵی وابەستەی فیکری تڕەو وەکو(کەر) بە دەستی خەڵکانیترە .
لە دڕندکی تر هاوڕێ وەفیقانی شوبهاندووە بە(کەر) گەر هاوڕێ و هەفیق عاقڵ و باش نەبن, دەڵێ:
مردن خۆشترە لە هەفیقی کەر
خۆزگەم بەو کەسەی بێ خەیی مردووە
لە هاوڕێ (کەر) نەجاتی بووە
(قانع) شاعیر, تەنانەت دوو شیعری هەر بەناوی (کەر) کردووە تاکەتایی, کە وەسفی کەر دەکات وەك عەیب وعار پیشانی دەدات:
1-(قانع وکەرەکەی):
کەڵکم بوو چ کەر ؟ وەك باوبڕان
کەڵکم بوو چ کەر؟ بارکێشی دەوران
بەلاشە بەرزوو ئەستووروسەر زل
کەفەڵ گورج وپەراسوو چیخ وگوڵ پان
لێرەدا شاعیر بەس باسی بایەلێجی (کەر) دەکات نەك باشی و عەقڵی و بیرکردنەوەی.
2-(کەروزەماوەند):
جارێ کەڵکیان بانگکرد بێ شایی
قاقاپێکەنی کەر بە ئازادی
ئەزانم بۆچی بانگ کراوم
حەماڵی دارو بەرمیلە ئاوم
لێرەدا زۆر بەئاشکراوڕاشکاوی باسی (کەر) دەکات و کەبۆچی خوڵقاوە هەردەم لەژێر دەستی مرۆڤەوچەندماندووهیلاکەلەدەست مرۆڤ.کەواتە,کۆمەڵگەی کوردی بەکەسانی ئاسایی و عامەکەو کەسانی ڕۆشنبیرو شاعیرەکان کەمەلاوحاجی وشێخ بوونە کەزۆربەیان بە (کەر) هاتووچێیان کردووە هێشتاش ڕۆزوبەزەیان بۆ(کەر) نەبووە. لە کۆتایی ئەوەش بۆمان زانست ئەوەی ڕوونکردووەتەوە (کەر) پێش مرۆڤ و بوونەوەرەکانیتر پێش ئەوەی (بوومەلەرزەوبووركان) ڕووبدات هەست پێدەکات کەواتە ڕاستە(کەر)ە بەس بۆ(کەرە).مرۆڤەکان بەدەست ودەم و عەقڵی خۆیان مرۆڤەکان ناهێلن ولەناویاندەبەن و دەیانکەن بە(کەر) ئەوەش غەمەت و گوناحێکی تری مرۆڤ!.

سەرچاوە:

1-دیوانی (شێخ ڕەزا تاڵەبانی) کۆکردنەوەوساغکردنەوەی (شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا).
2-دیوانی (قانع) کۆکردنەوەی (بورهان قانع).

لەنــوان دایــک و بــاوکم دا: …بــــــــان لــــتیـــــــف مـــاویـــلـــی

(یادگاریەکی جوانی منداڵیم/ لەیاداشتەکانمدا)

ئەمن لەژوورەکدام؛
لەسەر دیواری پشت سەرم؛ چاوەکانی باوکم نیگار کراون!..
سەزی دایکم کراوەتە خەناوکەی تابلۆی ئایەتی کورسی!..
*** ** ***
وەبیرم دێ منداڵ بووم، تەمەنم لەدەوری ١١ لە ١٢ ساڵی دەبوو، وابزانم تازە ماڵمان چووبوو گوندی بەنوریان، باوکم پارچە لاپەڕەیەکی بەتیپ لەتەنیشت ئاوێنە هەڵواسی بوو، کە ئەو چووە دەرەوە چووم سەیرم کرد چەند دێرە شعرێکی عەرەبی بەخەتی جوانی خۆی لەسەر نووسی بوون، بەکوردیش لەژێریانەوە واتاو ڕاڤەی دێرە شعرەکانی نوسیبوو، ئەم دێرە شعرانەش سەبارەت بە ژیان وکاریگەری دایک بوون لەپەروەردەکردنی منداڵ وبەدامەزراوەییکردنی حوکمڕانیی ماڵەوە..
ئەمەش دێرە شعرەکانن:
اِنَّما اُمُّ مَدرَسَهٌ إِذا أَعدَدتَها
أَعدَدتَ شَعباً گَیِّبَ الطَّاعِراقِ
اِنَّما اُمُّ رَوحٍ إِن تَعَهَّدَهُ الحَیا
بِالنَّدیِّ أَورَقَ أَیَّما إیراقِ
اِنَّما اُمُّ أُستاذُ الأَساتِذَهِ الأُلی
شَغَلَت مَآثِرُهُم مَدی الآفاقِ
(حافز إبراهیم)
لەقەسیدەی "العلم والاخلاق" وەرگیراوە..
وەبیرمە جارەکیان باوک ودایکم وەک هەر هەوداوەکی ئاسایی نێوان هاوسەران لەهەر خەزانەکدا؛ دەمەقاڵێیەکیان لەنێوان هەویداو باوکم یەکسەر هات دەستی منی گرت ومنی بردە لای دایکم، لەدەمی خەم سەرکۆنەی خەمم دەکرد وامزانی شکایان لەسەر منە، بەڵام خوای

کرد لەسەر من نەبوو، ئەستاش نازانم لەسەر چی بوو، بەدایکمی گوت: هیچ جار بانگی ئەو کۆمەت کردیە پێی بڵێی ئەرێ باوکت ئەوە چیە لەتەنیشت ئاوێنە هەڵی واسیە؟!.. ئەوە گەورەترین حیکمەت وبەهای ئینسانی تەدایە کەئێگەر دایک لەدایکایەتی وچاودێری وپەروەردەکردنی منداڵدا زرنگ وبەئاگاو ورد بێت نێک منداڵکانی؛ بگرە کەمێگایەک بەختەوەرو دروست وبەبەهاو هێزەوە پەدەگات. پاشان مانای بەیتە شعرکانی کردوو ڕاقەو شیکارکی باشی لەسەر کرد لە من ودایکم.. دوایی دەستی منی بەرداو هێشتە دەرەوە.. منیش سەیرکی دایکمم کردو چووم دەرەوە..

"بەتان لەتیف ماویلی"

هەولێر/ ١/١١/٢٠١٤

تاوانکی باس نەکراو! ... سەردار عەبدوڵا حەمە

چنیەتی تیەڕ کردنی مامستا کەریم عەبدوڵا ناسراو بە(کەریم شەعبی)

مامستا کەریم لە دایک بووی ساڵی ١٩٣٩ لە شارچکەی بیارە . پاش تەواو کردنی قۆناخی سەرەتایی وناوەندی لە بیارە دەچێتە پەیمانگای مامستایان لە هەولێر پاشان دەگەڕێتەوە ناوچەی هەورامان لەوە دەبێتە مامستا لە گوندی "سەرگەت" لە بناری خەرماڵ. کەریم هەر لە منداڵیەوە دەستی داوەتە کار بە بژێوی ژیانی وتەواو کردنی خوێندن .
لەمنداڵیەوە لە ناو خزم وکەسو کارکی شوعیدا گەورە بووە ، خاڵی کە ناوی حاجی ئەحمەدی مەلاک بوو خەڵی و وکۆمەکانی و براگەورەکەی خەڵی(کاکە خان) شوعی بوون کاریگەریان هەبوو لەسەر ئەو ، بەڵێ کەریم پەیوەندی دەکا بە ڕێزکانی حیزبی شوعی عێراقەوە ، هەر لەبەرئەوەی کە سەکی چالاک و ڕاستگۆ و باوەڕ بە خۆ بوو بەڵێ دەبێتە جێگای متمانەی هاوڕێکانی لە بەشی ناوخۆیی وە خەڵکی کەرکار و جوتیارو زەحمەتکێش .

مامستا کریم لە جیابوونەوەکەی حیزبی شوعیدا کە بووە دوو باڵەوە (لیژنە مەرکەزی)و(قیادە مەرکەزی)ئەو دێچێتە ناو باڵی قیادە مەرکەزیەوە کە زیاتر باوەڕیان بە سۆڤیەت وەک بلۆکی سۆشیالیستی نەماو باوەڕیان بە ماوتسی تۆنگ هەبوو . ئەو بووە یەکێ لە سەرکردەکانی ئەو باڵە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئەگەر هەڵە نەبم ئەو یەکە بوو لە ئێندامانی ناوەندی ئەو باڵە ی حیزبی شوعی.

م .کەریم لە لای کرێکاران و جوتیارانی ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە ناو بانگ پەیدا دەکا ودەبێتە کەسێکی خۆشەویستی ئەوان و ناوبانگی(کەریم شەعبی) لە دەنگ هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ڕق و قینەی بەرپرسەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەرانبەر ئەو لەو ناوچەیەدا تا لە ١٩٦٩/١٢/٣١تیەڕ دەکرێ . هەوداوەکەش لە کاتێکا بوو کە شۆڕشی جەلالی و مەلایی لە گەرمەیدا بوو. ئەو ڕۆژەی م. کەریم تیرۆردەکرێ خەریکی گواستنەوەی کەلوپەلی قوتابخانەکەی دەبێت لەگوندی (سەرگەت)ەوە بۆ گوندێکی تری هەورامان لە گەڵ مامستایەکی تر لە پشتەوەی لەریەکەدا دەبن ، کەمێک چەکداری جامانە لە سەر و پوزەوانە لە پێ دەنێ پشت لەریەکەو گولە بارانی دەکەن لەو کاتەدا کەریم دەپەکەرێ و بریندار دەبێ وهاورێ مامستاکەشی پاش دوورکەوتنەوەی چەکدارەکان هەڵدێ و(نازانم شەفیری لەریەکە چی لێ دێت) بەهەی نەگەیاندنی م. کەریم بۆ خەستەخانەی ومانەوەی لە ناو لەریەکدا بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک بۆ هەڵە خوێن بەربوونێکی زۆرەوە گیانی لە دەست دەدات. تەرمەکەی کەریم دەهێنەوە بۆ هەڵەبجە ، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی دەبێ کاتی نوێژی هەینی بوو ، لە مزگەوتی پاشا نوێژی جومعە گەڵەرا بۆ پرسەی کەریم ،بۆ هەزاران کەس بەشداری لە پرسەکەی ولە ناشتنەکەیدا دا کرد ئەگەر چی کەریم شوعی بوو بەڵام خۆشەویستی هەمووان بوو بۆ شوعی وغەیرە شوعیەوە .

من ئەو کاتە منداڵ بووم لەڕێگای بیارەوە لەگەڵ دایکم بۆ پیادە دەگەڵاینەوە بۆ هەڵەبجە پیاوێک لە ڕێگادا هەواڵەکەی پێداین من ڕاستەوخۆ دەستم کرد بە گریان ، کەریم ئەگەر چی کوێی دایکم نەبوو بەڵام برای من بوو لە باوکەوە واتە یەک باوکمان هەبوو(عەبدوڵا یا عەدە نەدشی) ، لە هەمان کاتدا دایکم وەک بە کوێی خێی بەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ بوو.
م. کەریم لە دوای خێی دوو کوێی منداڵی٣ ساڵەو ١ ساڵە بە ناوی سیروان و سامان و هاوسەرەکەی(مەهدیە) بە گەنجی بە جێ هێشت ئەویش ژیانی خێی کردە قوربانی گەورە کردنی منداڵەکانی . بە داخەوە بە هەی ئەم کارساتە وە کە هەربە منداڵی هەتیو کرا لە گەورەیدا ئەم

بارودخۆ کاری لێ سیروان کرد و باری دڕوونی تێک چووە ئێستا.
ئەوەی کە کەریمی تیرۆر کرد ؟ لێو کاتێدا دوولایەنی جەلالی و مەلایی یەکتریان تەواتبار دەکرد هەریەک دەیگووت ئەوتریان بووە . بەڵام ئێگەر هەرکامیان بووە ! مامێستا کەریم بە دەستی یەکێ لێو دوو لایەنە تیرۆر کراوە کە ئێستا هەردووکیان دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستانن. کەریم شەعبی یەکەم کاری تیرۆر و دوا کاری تیرۆری ئابڕانی ئەو حیزبانە نەبووە پێش ئەویش ئەو کارەیان کردووە تا بەدوای ئەویشدا لێ تیرۆرو قەتل وعامی شوعیەکان و چەپەکان و کەمۆنیستەکان و ڕۆژنامە نوسان و نیارانی خەیان درێغیان نەکردووە تا بە ئەمڕۆش بەردەوامن لێ سەر ئەم تاوانیان .

سەردار عەبدوڵاحەمە
٢٠١٧/٢/٢٠

پەیامووی یونسکۆی بۆ بۆنەو ڕۆگێردوونی زوانی ئەزایی

-. وانای و پەروەردە و وڵاکردەیەو زانیاری بۆ زوانی ئەزایی بۆ گومان پێی ڕاوت و کارایی فێربیەی بۆ گردی حاشاهەرنەگرن و پێی بەرزبیەیەو باوەڕ بۆ وبیەی(اعتماد بۆ نفس) و وەوشسیای و ێیز جۆ وێ گێرتەی(عزت نفس) فرێ پێیوازن. ئی دوێ تایبەتمەندیا هەرپاسێ هاندەری فرێ کارانی پێی وڵکۆوتەی و سەقامگیری کۆسایەتی.
-. ژیواو ئەمێ گرێدریاو زوانکەیمانێ. فەرهەنگکا، پێلوایکا، هەستکا و ئاواتکا پێی دنیایێ خاستەرێ بۆ پلەو یەهەمی جێ ئاو زوانیەو و بۆ واتێ تایبەتێ ئا زوانیێ بەر وزیا و وشا مرمانا. بەها مرۆڤایەتیکا و ئا دورەدیمەنا کێ کەمەگاو مرۆڤایەتی دەوڵەمەنێ کەرا و ماناش پەنێ مڵا ، جێ ئاو زوانیەو ڤاریاوێ.

خاتوو ئیرینا بکۆوا وەرپەرسەو یەهەمەو ڕێکوزیاو یونسکۆی سەر بۆ نەتەوێ یەگێرتکا بۆ بۆنەو ڕۆ گێردوونی زوانی ئەزاییەو پەیامۆوش جۆ ڕۆ 21.02.2017ی ئاراستەو ویروواو گردی جەهانی کەرد. دەقوو پەیامکۆی بۆ زوانی هەورامی پی جەرەنێ:

" بە بۆنەو ڕۆژی گردوونی زوانی ئەمایینو یونسکۆ وەفاداری و وەرپەرسی گردلایانو وەش بە بیری چنزوانی و ڕەنگاوڕەنگی زوانی بەروز و سەرشەو پاگری کەر. زوانکا بەروزوو کەبینو ئەمانە و ویر و وەبیرو ئەمە پی زوانا قەوارە گەرا. بە بی ڕەزگەرتەی جۆرەکا ڕەنگاوڕەنگی و چنزوانی دیالەگو متمانەدار و هامکاریو کارای میانتاوەیی، کە پەی ئەنیاواینو ڕاس و هەقەتینی جۆر فەرهەنگکا پەیوازن، ڕەک نمەگنە. باوڕ بە بیری فرزوانی و هەرپاسە تیاربیری بە چنزوانی بە بە هەکاروو وریایی و بەرزبینیو زانایی نەتاو جەراجەرکا و ئەنیاواینو ڕاسی دوڵایەنە بینوو ئی نەتاوا. فەر بیری و پەروەردەی چن زوانی هامعان ویش پەیامو وهەرپاسە وەفاارین بە ئاشتی و نەباوی جۆر ئاستوو دنیاینە.

پەیامو تایبەتوو ڕۆژ گەردوونی زوانی ئەمایی ئیمسالی فەربیری و وانای بە چنزوانین کە ئینە ویش دەرفەتاون پەی بە ئەنجام یاوانای ئامانجکاو پڕۆژەو "وەکاوتەی بیوچان"ی، بە تایبەیت ئامانجوو چوارەموو ئی پڕۆژەیە. دەسیاوای و دەسبەرکەردەی وانای و فەربیری گردی بە چەنیەتیەو(کیفیت) بەرزەو پەی گردیری و هاندای گردی پەی فەربیری بەوچانی ئامانجوو چوارەموو ئی پڕۆژینە. وانای و پەروەردە و وەکاکەردیو زانیاری بە زوانی ئەمایی بە گومان پەی ڕەوت و کارایی فەربیری بە گردی حاشاهەرنەگرەن و پەی بەرزبینیو باوڕ بە ویبیری(اعتماد بە نفس) و وەوەشسیای و ئیز جۆر وە گەرتەی(عزت نفس) فرە پەیوازن. ئی دوو تایبەتمەندیا هەرپاسە هاندەری فرە کاراەنی پەی وەکاوتەی و سەقامگیری کەسایەتی.

ژیواو ئەمە گرەدریاو زوانکەیمانە. فەرهەنگکا، پەیلوایکا، هەستکا و ئاواتکا پەی دنیایە خاستەر بە پلەو یەهەمی جۆر ڕاو زوانیو و بە واتە تایبەتە ئا زوانیە بەر وزیا و وەشا مرمانا. بەها مرەقایەتیکا و ئا دوردیمەنا کە کەمەگاو مرەقایەتی دوەمەنە کەرا و مانەاش پەنە مەا ، جۆر ڕاو زوانیو ڤاریاوە. گرنگیدای پی زوانا دوورەدیمەنە ڕەنگاوڕەنگی ئایندیما پەی کەراوە و وزە و تاوای تایبەتما پەی یاوای پی دوورەدیمەنا پەنە بەخشا.

چی ڕەنە و پی بۆنەو من بە نامە یونسکەیو داوا کەروو کە فەربیری چنزوانی جۆر گرد یاگەونە و جۆر گرد ویەریونە، بە تایبەت جۆر ویەروو سیستموو وانای و پەروەردەی، سیستموو ڕاوبەردەی، ئاسوارە فەرهەنگیکا، ڕایاونەر گردیکا، دنیای مەجازی و بازاروانی و...بە ڕەسمیەت بشناسیە و پەیڕەو کریە. ئەمە هەر چنە بە زوانکا ئەژایی

بەیمی و ێیزشا وەنێ گەرم، پا ئەنازێ تاوم پی وشکردی دنیایێ وشتەرێ کێ شایانوو مرۆڤایەتی بێ، بێ شیوازێو کارا هەرمانێ کەرم".

ئیرنا بکوا وەرپەرسو یەهمو یونسکی، 2017.02.21

هەرگەنەر موختار کەریمی- ئامان

ئەم دۆخەی کوردستان بە حزب چارەسەر دەکرێت ؟ … عیماد عەلی

ئەوەی ئەم دۆخە قەیراناویەی دروست کرد حزبەکانی کوردستان بوون، ئەگەر بە ناوی حکومەتەوە بێت یان بە بریاری خودی حزبەکان، لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك حکومەت لەحزب بەدەر نەبووە، زۆرترین کات سەرجەم بریارەکانی، بە تایبەتی هەستیارەکان لە لایەن حزبەوە ئامادەکراوە، یان لە باشترین حاڵەتدا راوبۆچونی حزب وەرگیراوە و بێ حزب تێنەپەریوە . جابێیە ئەوەی بەرپرسی یەکەمی ئەم حاڵەتەیە کە تێیداین حزبە .
لەوبارەوە سەرجەم حزبەکان هەر یەکەو بە گوێرەی بەشداری خۆی دەکەوێتە بەر پرسینەوە و رەخنە و سزای میلەتەوە، لەهەر کاتێدا بێت . ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریەوە شتێکی بەدیهی عەقڵانیە کە بڕێین ئەوەی هەکاری کێشەو بێشەو قەیران و تێکدان بێت و لە پێناو بەرژەوەندی حزب و خۆیدا کارێکی کردبێت کە قازانجی خۆی و زەرەری میلەتی لێکەوتبێتەوە و، یان لە هەندێك جاردا بەزیان بێ هەردولا کەوتبێتەوە و، لەهەمان کاتدا لەپاش شکست لەسەر هەمان ستراکچێری حزبی و بە هەمان عەقیەت و بیروبۆچون و بە هەمان ململانێوە کاروباری فەرمانرەوایی بەرێوە ببات و گوێ لەکەس نەگرێت، مەحاڵە کە قەت بتوانێت جێ دەستە وێرانەکەی خۆی چاك بکاتەوە .

ئەگەر بە یەکێکیتر نەکرێت، کە بە هەر شێوەیەك بێت، جیاواز لە عەقیەت و ئاستی بیرکردنەوەی ئەو خەڵکە نەبێت کە بەم قۆناغەی گەیاندوین و، دوور نەبێت لە بەرژەوەندی تەسکی حزبی و شەخسی و

هەکارەکانی تری دروستبونی ئەم وەزعە نالەبارە، ئەگینا قەیرانەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و چارەسەری مەحاڵ دەبێت .
بۆیە ئەگەر لە بنەڕەتدا تۆیەك کە بیرت لە هەرە گرنگترین بنەمای سەرەکی بەرگری و بەرەنگاری ترسناکترین قۆناغت نەکردبێتەوە و هیچ ئەگەرێکی خراپت نەخوێندبێتەوە و تەنانەت بچوکترین یەدەکی دارایی و ئابوریت نەکردبێت، ناکرێت و نابێت و تەنانەت ناشبێت لەو وەزعەی کە خۆتدروستت کردووە و هەر بەخۆت بەرپرسیت لێی بتوانیت چاکی بکەیتەوە .

بۆیە دەتوانم بڵێم، ئەوەندە حکومەتی کوردستان بەرپرسە لەم شکستە دوو بەقەد ئەمە حزبە دەستڕێشووەکان بەرپرسن، کە پێش لە هەر شتێك تەنانەت حکومەتیشیان خستۆتە ژێر رکێفی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە و، لە ژێر هەژمونی ئەواندا ئەم هەموو هەڵە و قەیرانەیان درسوت کردووە . کەوابێت جگە لە حکومەت بەخۆی هیچ حزبێکیش چەند لاف و گەزافی چاکسازی و پلان و بەرنامە و نەخشەڕێگا و هەر شتێکی تر بە ناوی چاکسازیەوە بدات و خۆی بە پەری بزانێت، دیسان لە ژێر پەرە و دڕی هەر نەخشەیەك بەو ناوەوە، بەرژەوەندی هەمەچەشنی حزبی تۆدا حەشار دەدات .

ئەی کێ دەتوانێت بەرنامە و نەخشەیەکی چارەسەری ریشەیی زانستیانە بخاتە بەردەست و، کێ بەقسەیان دەکات و، چۆن بەرژەوەندیەکان وەلا دەنرێن و، کێ دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت دوور لە حزب ڕێگەچارەکان بخاتە بەردەستی فەرمانڕەوایان و بە شەفافیەتەوە لەبەردەم خەڵك ناچاریان بکات کە پەیمانی ئەوە بدەن پابەندی ناوەرۆکی هەر چارەسەرێك دەبن کە بە داموددەزگا و ڕێکخراوە مەدەنی و ئەکادیمیەکان و ڕاگەیاندن ڕێی گەورەیان تۆدا دەبێت و هەموو ئەگەر و دەردانەکان لەبەرچاو دەگرن و ڕێگە راستەکە دەستنیشان دەکەن .

بۆیە دەبێت پێش لەوەی حزبەکان خۆیان بەناوی چاکسازیەوە باسی چارەسەری قەیانەکان بکەن، پێویستە دەستەیەکی عاقڵمەند لە خەڵکی شارەزای هەمەچەشن و پسپۆری هەمەرەنگ لە ئەکادیمی و خاوەن کار و ڕۆشنبیرانی دوور لە حزبەکان پێك بێت و، ئەوان نەخشەڕێگەیەکی دوور لە بەرژەوەندی و شتی ژێر بەرە بخەنە بەردەست و چارەسەری یەگجارەکی بخەنە روو، ئەگینا جگە لەکات کوشتن و زامنکردنی بەرژەوەندی حزبی و کەسی هیچ شتێك لە بەرنامە و پێشنیاری ئەم و ئەو سەوز نابێت و ، تەنانەت لەوەزیاتر لەوانەیە هەر قسەیەك لەم بارەوە لە نێو حزبەکانەوە دەربچێت لە هەناوی ململانێی نەك حزبی

بەتەنها بەکو ململانێی نێوخۆیی شەخسیشەوە بەرهەم هاتبێت، کە قورشێلانەکە لەوێدا دەبێت .

بۆیە ئەم قەیرانە بە حزب و حکومەت و کەسە حزبییەکان و سەرکردەکانی ئەم حزبانە چارەسەر ناکرێت . بەکو ئەگەر دەستەیەکی سەربەخۆ هەبژێردرێت و بە ئاشکراش لە راگەیاندنەکانەوە کارەکانیان بۆاوبکەنەوە، دەتوانرێت ئەو خەکە پسپۆر و بە توانا و بیرمەند و قاڵبوەی نێو ئەم جۆرە بیر و پرسانە بەشداری کاریگەریان هەبێت و، ئەوان دەتوانن ئەسپی خۆیان تاوبدەن و پلانی زانستی خۆیان بخەنە بەردەم خەکی کوردستان و حکومەت و حزبەکانیش، بەوەش دەتوانین بەهێمنی و لەسەرخۆ بگەینە دەرئەنجامێکی باش و لەم قەیرانە رزگارمان بێت .

نوسەران وەکەز پەرستی سەردەم … ئانیا احمدبور

ئەو کاریکەریەی کە نوسەران دەیخەنە سەر جین و تویزە جیاوازەکان لەجەند رویەکی دیاریکراوەوە کاریکەریەکی نیکەتیفە، زۆر لەنوسەران ئەمە دەڤزنەوە کە لەهەل و مەرجی کونجاودا بتوانن بەجەند وشەییك کۆمەلکە بەرەو نەفامی و هەلەکانی میزودا بکەرینەوە، لەم جەند سالەدا جیندین رابۆرت و کتیب دز بە مافی تاکەکەسی ئافرەت و ریکایەك بۆ هاندانی بەردەوامی و بەردە خستنە سەر ئەو ناتەواوی و کەم و کورتیانەی کەلەکەبون، وە بە شیوازی جیا جیا مافەکانی ئافرەت رەت دەکەنەوە،زۆربەیان لەهەولی راکرتن و دزایەتیکردنی مەلبەندی دەستەبەر کردنی مافەکانن، کە لەریکەی نوسینەکانیانەوە بە شیوازی جۆراوجۆر ئیدانەی دیزاکاکانی مافی ئافرەت دەکەن، وە کارکردنی ئەو دەزاکایانە ناودەنین بە بلان و ئامانجی فیمینیزمی جەندەری، وەك لە کتیبی راستیەکی ونبو ئامازەی بیکراوە کە تیایقا نوسەر دەلی(ئەو کەسانەی بە قسەی زلیان وا خۆیان نیشاندەدەن ئەوان تاکە داکۆکیکاری مافی ئافرەتن کەجی لە راستیدا ئەوان یەرجاوەی هەمو کیشەیەکن بۆ کۆمەلکە و بەتایبەت بۆ ئافرەت)وە کارکردنی دەزکاکان ناودەنی بە کاسب کردن بە قسەی زل وبازرکانی زیاتر

لەریکەی قسەی رازاوەیان بۆ ئافرەتان،ئەمە نمونەیەکە لەم وتانەی کە نوسەران بەکاری دینن لەبری هاندانی خەلك بۆ دزایەتیکردنی نیرسالاری.
دەزگاکان و داکۆکیکاری مافی ئافرەت ئامانجی ئاشکرا و روونە..وەستانەوە دز بە فیمینیزم رەتکردنەوەی ئازادی و یەکسانیە،وشەکانی زۆر لەقەلەم بەدەستان کاریکەری نیکەتیفی ئەوتۆ دەخاتە سەر تاکەکانی کۆمەلکە،جکە لە دامەزراندنی دزایەتی نیوان هەردو رەگەز،نوسەران لیرەدا لەهەولی بەرباکردنی جەنگی رەگەزین،لەژێر لەبلاوکراوەکان تۆمەتی ئەوە دەخەنە بال داکۆکیکەرانی مافی ئافرەت کەوا بیلانی سەرەکیان دامەزراندنی کۆمەلکەیەکی دواکەوتوە،یاخود تۆمەتباریان دەکەن بەوەی سیمای خیزانی و رەوشی ئارامیەلەناودەبەن،کۆمەلکەی کوردی لەکاتیکدا ریزی هەرە زۆری بۆ بیاو داناوە سیمای خیزان مانایەك ناکەیەنی،تۆمەتبارکردنی فیمینیزم بە دواکەوتویی و بەردە خستنە سەر ئەم دواکەوتوییە ئامانجی زۆریك لە قەلەم بەدەستانە،زۆریك لە بیاوان بەم بلاوکراوانە کجەکانیان و خیزانەکانیان دەخەنە کۆت و بەندیکی هەمیشەیی و کۆمەلیك ریسا و ماف بشت کوی دەخەن،نوسەران رەجاوی بارودۆخی خیزانی یاخود ئەو کیشانەی دەینینەوە ناکەن،لەمڕدا یەکیك لەهۆکارەکانی زیادبونی نایەکسانی ودزایەتی ماف بوەتە کۆمەلیك لە نوسەری رەگەزبەرست،نوسەران نەك تەنیا ئیدانەی دەزاکاکان بکەن و هەولی دزایەتیان بدەن لە لایەنی سکۆلاریزمی بەلکو لەلایەنی ئاینی ویستی ئەوەیان هەیە کە کۆمەلکە هەلکەرینەوە،نوسەران داکۆکیکاران وا دەردەخەن کە ویستی ریخۆشکردن و هاندان بۆ بەد رەوشتی و لەشفرۆشیان هەیە،ئەمە جکە لە دەیان وتاری مزگەوتەکان کە هەفتانە ئامادە دەکری لەلایەن بەناو ئاینزانانەوە،کوایە ئافرەت بیویستی بە بیاوسالاری و توندو تیزیە تاکو کۆمەلکە بەرەو ویرانە نەبەن،نوسەران جکە لە ئیدانەکردن جیرۆکی سەیر و دوور لە راستی دەخولقینن بەناوی کەسانیك کە بونیان نەبوە یاخود روداوە ناراستەقینەکان و دروستکراوەکان،وەك لە بلاوکراوەی یەکیك لە نوسەر و بەناو ئاینزانەوە تییدا بلاوکراوەتەوە بەناوی کجیکەوە دەلیت(هەرەشەی کوشتنم لەسەربوە و لە ریکخراوی ئاسودە دەریانکردوم زۆریان لیبارامەوە کە کەر برۆمە دەرەوە کەس نیە بمکریتە خۆی و دەکوزریم بەلام سودی نەبو وتیان برۆوە جیت لیدی با لیتبی)وە لە بەردەم ریکخراوی ئاسودە تەکسیەکی کرتوە و ئەو شۆفیرە تاکسیە دواتر بردویەتیە لای خۆی و کاری لەشفرۆشی بیوەکراوە.

لە نمونەیەکی تر بە دەمی ئافرەتیکی تیرەوە نوسراوە((جەندین جار ئافرەتەکانی ئەوی لەکەل بیاوانی کۆمبانیاکە نوستون و ئەم بەیوەندیەش شتیکی ئاشکرابو) وە دەلی(رۆزیکیان خاوەن کۆمبانیاکە بەلاماری دام و رۆزیکی تریان نوستبوم…جاوم کردەوە بینیم لە باوەشی بیاویکم سەیرم کرد برای بەریوبەری مالی خانزادە و داوای کاری جنسیم لی ئەکا و منیش بەهەر جۆرێك بێ خۆم لی رزکار رد) وەلە دریزەی بلاوکراوەکەی دەلی(ئەوانەی لەوی بون جەندین حالەتی بیشلیکاری و بەدرەوشتی دەکیرنەوە کە لەکەلیان کراوە) ئەم نوسەرانە بە وتەکانیان دەیانەوی مۆلکەیەك لەبیر و ئایدیای دواکەوتو یاخود رەکەزبەرستی بخولقینن تاوەکو کۆمەلکەی کوردی کۆنترۆل بکەن،وە بەرەو ئاراستەی جۆرێك لە ریجکەی توندرەوی و توندو تیزی ببەن.جەخت کردنەوە و ناوزراندنی دەزکا و داکۆکیکەران تارادەیەك ئامانجی بیکاوە،بەناو ئاینزانان کاریکەری ئەوتۆی بینیوە لەسەر کۆمەلکەی کوردی،رادەی توندوتیزی دز بە ئافرەت رۆزانە بلەکانی بەرزتر و بەرزتر دەنوینی،ئافرەتان بەهۆی جەند وتەیەك کە داهینانی بیاوانی بەناوئاینزانانەوەن لەمالەوە بەند دەکرین بەناوی بەدرەوشتی و خۆباراستن لیی،نەبونی ریکری لەم جۆرە دیاردانە کەمتەرخەمی دەردەخات لە ئاست مافەکان و ئازادیدا، بەرنامەی رەکەزبەرستان بەرنامەیەکی بتەوە کە بەجەندین شیواز خۆی دەنوینی لە دزایەتیکردنی مافەکان، وە بەناو ئاینزانان و هەلبەستنی زۆر وتە و ئامانجەکەشی بونی ئافرەت وەك بوکەلەیەکە،وەك جۆن جەند سالیك لەمەوبەر بیرکەی زەواجی مسیار هاتە ئاراوە کە بیرکەیەکی نیرسالارانە بو بۆ کەمردنەوە لە نرخی ئافرەتدا،زەواجی مسیار هەر لە ریکەی نوسین و جەندین بلاوکراوە هەولی جەسباندنی دراوە،وە دوای ئەوەی دەزکاکانی داکۆکیکەر هاتنە دەنك و ئەم جۆرە سوکایەتیەبە ئافرەت رەتکرایەوە ،نوسەران و بەناو ئاینازانان دوبارە ریجکەی جیاوازیان کرتەوە بەر،هەر لیرەشدا نیازی ئەم نوسەرانە ئاشکرا و رووتە کە خەریمی ناو زراندن و نلشرین دەرخستنی کۆمەلیك داکۆکیکەرن ،بازرکانی ئەم قەلەم بەدەستە نیرسالارانە کەوتۆتە سەر ئەم وتە بی سەروبەرانە و تۆمەتانەی دەیخەنەوە بی بونی هیچ ببەلکەیەك.

ئانیا احمدبور

شوناسی پارتی لە نێوان تۆتالیتاریییەت و دیکتاتۆرییەت) ...بەشی سێیەم و کۆتایی)

ڕزگار عەلی

لە ڕاِپەڕینەوە بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر

1. ڕۆحی ئەوانەی ڕاِپەڕین و ئەوانەی ڕاپەڕینیان لەناو برد، کێبوون؟

هەرچی سەبارەت بە ڕاپەڕینە و دوو دەرئەنجام بوو، یەکەم: شکستی بەعس بوو لەناو خێیدا، ئەوەی لە ڕاپەڕین ڕوویدا داڕوخانی ڕۆحی سیتەمەکە بوو کە لە شۆنك بوو نەدەکرا لەوبەت، دووەمیان: پەرچەکردارێکی مان و نەمانی تاکی کوردی بوو، سەبارەت بە ستەم ستەمکاری.
ئەوەی لە ڕاپەڕین ڕوویدا لەناو هەناوی بەعسدا ڕوویدا نەك لەدەرەوە، دەکرا ئەوە لەحزەیەکی مێژووی بێت بۆ کورد، دەکرا بیرکردنەوە و ڕووئیای دووربێت دەربارەی خەبەڕوەبردن، دەکرا ڕاپەڕین مانفێستبوونی تاکێکی هۆشیار بایە کە تا هەتایە شانازی پێوە بکرایە، دەکرا هاوشێوەی 68 قوتابیان با. ڕاپەڕین خولقاندنێکی ئانارشیزمانە بوو، هەڕوونێکی حەشاماتانە بوو، چوونێك بوو بۆ ئەوسەر بۆ ئەوەی بیر لە گەڕانەوە بکەنەوە، سەیرکردنێك و جۆرێکی ڕووخاندن بوو کە هەموویان بە تاسەوە جۆزیان لێوەرگرت، ئەمانە تەنیا ئێستێك بوو، تەنها چاوکردنەوەیەکی کورتبوو، بەڵام بەڵای منەوە دەکرا ئەو چاوکرانەوەیە چاوکراوەییەکی ئەبەدیی بێت بەرانبەر دونیا، بەرانبەر خێت، دەکرا ئانارشیزم بگەڕایە بۆ ڕەخستنێکی خەلاق، دەکرا حەشامات بگەڕابایە بۆ تاکگەرایی، دەکرا جۆز بگەڕایە بۆ عەقڵگەرا، بەڵام نەیانهێشت، ئەوەی ئەنفالی دروستکرد نەیهێشت، ئەوەی هەڵەبجە و قەتلوعامی بارزانییەکانی دروستکرد گەڕایەوە، بەناو شەڕشگێڕەکانی دونێ گەڕانەوە، تێرنەبوون لە ڕاکردن و گەنجدانە کوشتن بەناو کوردایەتی ناسیونالیزم و ئەمجارەش گەڕانەوە. وەکو چۆن ئێستا بە ناوی سەربەخێیبوونەوە سەربەخێیبوونمان لەناو دەبرێت، وەکو چۆن ئەو

کاتەش بەناوی شۆشەوە شۆشی کوردیان لەناو برد، بەناوی ئاپەرینکردنیشەوە ئاپەرینیشیان لەناو برد.

لە مێژووی نەتەوەی کورددا زۆر ئەکتی کاریگەر هەیە لەدەرەوەی بەناو ئەم نەوە نیاردەتاڵە ئاغایە، کە دەکرێت دونیایەکی جوانی لێ بونیاد بنرێت، بەڵام کاتێك ئەمان دێن هەموو شتێك بەرەو لەناوچوون دەبەن. ئاپەرین زیندووبوو، لەناو نەچوو، تا ئەمانە نەهاتنەوە، بەعس کە لە حوکم بوو، بە زۆرداری و ستەمکاری هەوڵی خەواندنی ئێمەی دا، هەردوو چاوی ئێمەی داخست، بەڵام بەناو شۆشگێڕەکان کە هاتنەوە هەردوو چاویان کۆرکردین، قاچاغچییەکان قاچەکانیان شکاندین، بیرکردنەوەیان لێسەندین. مرۆڤە نیاردەتاڵەکان هاتن و بەس ئاپەرینیان لەناو نەبرد، بەکو هەنگاویشیان نا بەرەو قۆناغی قۆنتارتچییەتی، بەرەو قۆناغی جەردەیی و ئاوەووتی، یەکەم کاریان ئاودیوکردنی شۆڤێ و تراکتۆرەکان و تایەی ئۆتۆمبیلەکان بوو. هەموو ئەوانەی لەناو ئاپەرین بوون دەزانن، کە زۆربەی ماڵە کوردەکان تایەی ئۆتۆبیلەکانیان لێکردەوە و بردیانە سەربانەکانیان، بۆ ئەوەی لە چاوی شۆشگێڕەکان دوور بێت.
بەناو شۆرشگێڕەکان هەر بەوەوە نەوەستان دەستیانکرد بە لێکردنەوەی وایەری سەر عامودەکانیش، شۆشگێڕەکان شەو تا سەرلەبەیان خەریکی چاڵهەڵکەندن بوون بۆ ئەوەی عامودەکانیش دەربهێنن و تاڵانی بکەن، ئاگر و دز و جەتەکان بەس ئێمەیان بێ نیشتیمان نەکرد بەکو ئەو عامودانەشیان دەرهێنا کە نیشتیمانێك بوو بۆ باپیرانی ئێمە (حاجی لەق لەق)، ئەوانیشیان بێ نیشتیمان کرد، لەولاشەوە ئارەزوو چەپێنراوەکانی شاخ و دەرەبەگایەتیان هەر لە ئاپەرین بەتاڵ کرد. تاڵانچییەکان کە مرۆڤە نیاردەتاڵەکانی دونیا و بزنس و ئاغا و سوڵتانەکانی نەوتی ئیمڕۆ هەموو نیشتیمانیان وێران کرد، ئەوەی سەیربوو دوای ئەو هەموو کارەساتە خەیان کردە گیانەوەرێکی ئەفسانەیی و لەپاڵ هەر ئاودیوکردنێکی هەر شۆفێك و کەرەستەیەکی نیشتیمان ئاهەنگێکیشیان ئاکدەخست بەناوی سەرکەوتنی ئاپەرین، ئاهەنگیان دەگێڕا، چەپڵەیان لێدەدا، هەر زوو ئەنفال و هەڵبجە لەبیرکرا، کاتێکیش بوونە خاوەنی ئاپەرین هەرچی دڕاوی و ساقیتبوون خەیان و کینەی دەرەبەگایەتی خەیانە لەسەر ئێمەیان هەڵگشت.

2. پێکهێنانی ئیدارە و دروستبوونی هەردوو ژێمی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری پارتایەتی:

دوای باسکرنی قۆناغی شۆشگۆی و ئاپەڕین ناچینە ناو شەی ناوخۆ، چونکە ئەمە پیرۆزکانی ئەو نەوە قۆنتەراتچییە شەلاتییانەمان لا مەبەستبوو کە خەریکە ئەو گوتارانە بە ئەبەدی دەکەن بۆ ئەوەی هیچ کەسێك بپرسێت، ئەرە ئەمانە وابوون؟ بۆیە یەکسەر لەگەڵ ئەو دوو گوتارە باڵایەدا کە فۆرم بە خۆیان دەدەن دەچینە ناو قۆناغی (دوو ئیدارەیی) و دواتر قۆناغی یەکگرتنەوەی ئیدارەی)سلێمانی و هەولێر(و چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ بەغدا و بوون بە سەرۆك کۆماری عێراق، چونکە لەم ڕووداوە بەدواوە سیستەمەکە، یان حوکمڕانی کوردی کە بریتییە لە پارتایەتی بۆ هیچ تەحدایەك تەواو ئەو فۆرمەی وەرگرت و شتێك نەمایەوە بە ناوی (تیۆر) و هەموو سیستەمەکە لەناو ئەو تیۆرەی کە (پارتی) وێنەی بۆ کێشرابوو بووە پراکتیك.

پارتی هەر لەسەرەتاوە کە ئیدارەی هەولێری بەدەستبوو، دەستی بەجێبەجێکردنی تیۆری تازەی (دیکتاتۆر)ی کرد دیارە بە گەڕانەوە و کۆمەکردنی تیرەکان و دامەزرێنەرانی بەعس (میشەل عەفلەق و سەلاحەدین بەیتار) و جێبەجێکردنی تیرەکان لە لایەن بەعسی سەدامەوە، دیارە شوناسی پارتی شوناسێکی (دیکتاتۆر)ی بوو، سیستەمی دیکتاتۆری ئەوەی کە باسمانکرد لە ئیدارەی (پارتی) بۆ هیچ ڕێگرییەك گەیشتە کۆتاییەکی ڕەها و فۆرمی تەواوەتی وەرگرت، ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی (سوپا و میلشیا و دەزگای هەواڵگیری و کۆنترۆڵکردنی هەموو کایەکانی مەعریفە و زانکۆ و پەروەردە)، لە لایەکی تریشەوە هاوشێوەی دیکتاتۆری بەعس دەستیکرد بە دەرکردن و کوشتنی هەموو دەنگە ناڕەزایەتییەکان و ئەوانەی لەناو ئەو سیستەمە جێگیان نابێتەوە، واتە تەواو چیرۆکی تۆقاندن و ترساندن لە ئیدرەی پارتیدا پەرەی سەند بەرانبەر ئەو دەنگە ناشازانەی کە لەناو سیستەمی (دیکتاتۆری)دا جێگەی نەدەبوویەوە، لە لایەکی تریشەوە هەموو کایەکانی ژیان و پەروەردە و دام و دەزگاکانی کردە پیاوانی خۆی و لەو سەرەدەمەدا ئەوەی پێی دەگوترا (فەزای گشتی) نەمایەوە و (فەزای پارتیبوون) باڵی بەسەر هەموو شتێکدا سەپاند، تەنانەت زمان و ناوهێنانی هەموو شتەکان و مرۆڤەکان دۆخێکی پارتایەتی وەرگرت، تیۆری پارتایەتی لەو سەردەمەدا ئەو زمانەی قسەت پێ دەکرد یەکسەر دەیزانی (پارتییت) یان نا، لەلایەکی تریشەوە هەموو دامودەزگاکانی پارتی بوونە دامودەزگای حوکمڕانی، واتە پۆلیسی و هەواڵگیری پارتی بووە پۆلیس و هەواڵگیری ئیدارە و حوکمەت، میلیشیا هەروا و ڕاگەیاندن هەروا تا دوایی.. بە کورتی لەو کاتەدا تیۆری پارتایەتی ئەوەبوو کە مرۆڤ جگە لە بووکەیەك هیچ شتێکی تر نەبێت و تەواو مرۆڤبوون بەتاڵبکاتەوە لە هەر شوناسێکی دەرەوەی پارتیبوون،

هەندێك جاریش ئەم فشارەمە وای لە مرۆڤ دەکرد کە خۆی بکوژی پۆلیس و جەلادبوونی خۆی ببینێت، پارتی ئەو کاتە هەموو مرۆڤێکی وا لێکرد لە ئاژەڵ بچێت و دەردی سەگەکەی پاڤلۆڤ هەڤتار بکەن، چونکە هەروەکو دەزانین سەگەکەی پاڤلۆڤ بە جۆرێك پەروەردە کرابوو تەنیا بە بیستنی زەنگ خواردنی دەخوارد، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی برسی بوو، بەڵکو وا پەروەردە کرابوو.

ئەمەی لەسەرەوە باسمانکرد واتە حوکمڕانی پارتی لە دوو ئیدارەیی سیستەمی (دیکتاتۆر)ی بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی خۆی، پاش بڵاوکردنەوەی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی و چوونی (مام جەلال) بۆ بەغدا و بوون بە سەرۆك کۆماری عێراق، ستراتیژی پارتی گۆڕا، پارتی ئەو کاتە کە دەبوایە ئیدارەکانی پارتی و یەکێتی یەکی بگرتایەتەوە بەمە سیستەمەکەی واتە سیستەمی (دیکتاتۆر)ی تێکدەچوو، چونکە هەنگی تر، حزبی تر و ئەشخاسی تر و هتد جیاوازی تر دێتە ناو سیستەمەکەیەوە، بۆیە لە بیرکردنەوەی ئەوەدابوو کە سیستەمێکی تر بگونجێنێت لەگەڵ خۆیدا هەم لە دیکتاتۆری پێشتری باشتر و بەهێزتربێت، هەم ئەو دەنگە جیاوازانە بە ناڕاستەوخۆ بخاتە خزمەتی خۆیەوە، بەمەش سیستەمی (تۆتالیتار) هێنایە ناو خۆی، ئەم سیستەمە بۆ پارتی زۆر لە دیکتاتۆری باشترە، چونکە هەموو فشارەکانی دەرەوەی خۆی و دەنگە ناڕەزایەتییەکان و جیاوازەکان دەگرێتە خۆی و دەیهێنێتەوە ناو سیستەمەکە و بە ناڕاستەوخۆ دەیخاتە خزمەتی سیستەمەکە، بۆ هەوونکردنەوە ئەگەر شوبهاندنێك بکەین، دیکتاتۆری وەکو ئەو مەنجەڵە بوخارە وایە کە هیچ هەڵمێکی نییە بۆ دەرەوە بۆوات سەرئەنجام هەژێك و کاتێك دێت دەتەقێتەوە، بەڵام تۆتالیتار دەنگە ناڕەزایەتییەکان دەکاتە هەڵمەکە بۆ ئەوەی لەناو سیستەمەکە خۆی ڕاِبگرێت و نەتەقێتەوە، واتە دەنگی ناڕەزای و هەخنە هەمان دەسەڵاتە بەڵام بە جۆرێکی تر، بۆیە تەمەنی تۆتالیتار زۆر درێژترە لە تەمەنی دیکتاتۆرییەت، واتە دەنگی ناڕەزایی و سیاسەتی ناڕەزایی و ئۆپۆزسیۆن ئەگەر ئەکتیان کاریگەر و پشتشکێن نەبێت ئەوە بۆ تۆتالیتار هەمان دەسەڵات بەرهەم دەهێنێت کە تۆتالیتار دەیەوێت، هەمان خزمەت بە تۆتالیتار دەکەن کە هەبەری تۆتالیتار دەیەوێت.

بە هەرحاڵ ئەو سیستەمەی کە پارتی دەیویست لەناو هەکەوتنی ستراتیژی نێوان خۆی و یەکێتی جێگیری کرد، حوکمەتی یەك ئیدارەیی دانرا، پارتی ئەو دەزگا دیکتاتۆرییانەی کە هەیبوون ئەوەی بۆی کرا کردییە دەزگای یەك ئیدارەی حوکمەتەکە و دەزگای فەرمی وڵات، ئەوەشی بۆی نەکرا هەموو دەسەڵاتەکەی لەناو ئەو دەزگایانە هێشتەوە

که خ‌ی خاوه‌نییه‌تی و له پا‌ ئه‌ویشدا سیما دیاره‌کانی ت‌تالیتار: (حوکمه‌تی در‌، سه‌ر‌کایه‌تی در‌، په‌رله‌مانی در‌، وه‌زاره‌تی در‌، ‌‌خراوی در‌ و وه‌همی...) دامه‌زراند، ته‌بعه‌ن هه‌موو دامودەزگاکانی یه‌ک‌تیش له‌ناو ئه‌م (در‌یانه‌دا) جگه‌یان ب‌ کرایه‌وه، ئه‌م ده‌زگا در‌یانه هیچ ده‌سه‌ا‌تییه‌کیان نه‌بوو، به‌کو ب‌ شاردنه‌وه‌ی ده‌زگا ‌استه‌قینه‌کان بوون و جوانکارییان به ده‌سه‌ا‌ته دز‌وه‌کان پشت په‌رده ده‌به‌خشی، له‌ولاشه‌وه سوپایه‌کی زه‌به‌له‌حی نه‌زان و گه‌وج و نه‌خو‌نه‌وار ده‌خه‌نه ناو زانک‌کان و پله‌ی ماسته‌ر و دکت‌رایان پ‌ ده‌به‌خشن، ئه‌م سوپایه هه‌م و‌ات به‌ره‌و ئه‌و گه‌وجییه ده‌به‌ن که ئ‌ستای ت‌یدا هه‌ین، هه‌م زانک‌ له مه‌عریفه و ئه‌کتی سیاسی به‌ره‌نگاری خا‌یده‌که‌نه‌وه و ئیفلیجی ده‌که‌ن (ئه‌مه ب‌ هه‌موو کایه‌کانی تریش ‌استه)، پارتی له پا‌ ئه‌م تو‌ژه ناساخه‌دا که پ‌شکه‌شی زانک‌ی کرد، له‌شکر‌ك و تو‌ژ‌کی به‌رفراوانی له موچه‌خ‌ری دروستکرد که به‌رژه‌وه‌ندی مانه‌وه‌یان به‌سته‌وه به خ‌یه‌وه، ئه‌و له‌شکره گه‌وره موچه‌خ‌ره‌ش به‌رگرییه‌کی سه‌رسه‌خت و کو‌رانه‌یان ل‌ده‌کردن، له‌ولاشه‌وه ده‌وری ‌‌به‌ر و ده‌زگاکانی تری (ت‌تالیتار) هه‌مان ئه‌و ده‌وره‌ی پ‌ درا که له باسی ت‌تالیتار باسمان کرد (تکایه بگه‌‌‌وه باسکردنه‌که‌مان له‌سه‌ر ت‌تالیتار).

هه‌رچی ده‌رباره‌ی د‌خی ئابوورییه، پارتی هه‌رچی مومته‌له‌کاتی و‌ات هه‌یه ده‌خه‌نه ژ‌ر پ‌یان و وه‌کو گسک‌کی کاره‌بایی گه‌وره هه‌رچی ئابوورییه‌ك بوونی هه‌بت هه‌یده‌لوشن، هه‌رچی پ‌‌‌ژه‌شه کات‌ك ده‌کر‌ت ده‌بت به‌شی ز‌ربه‌ی هی ئه‌وان بت، ئه‌م حزبه له‌سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی یه‌ك ئیداره‌یی ده‌بته وه‌حشییه‌ك و تا‌انچییه‌کی نابه‌رهه‌م و هه‌موو ک‌یله و ده‌ست‌به‌ه‌کان، گیرفانب‌ و ساخته‌چییه‌کان، ف‌‌‌باز و قومارچییه‌کان، گه‌واد و خاوه‌ن ما‌ه‌کانی له‌شفر‌شی، عه‌نته‌ره‌کان و به‌ته‌چی و جاشه‌کان و مسته‌شاره‌کانی حوکمه‌تی به‌عس... له خ‌یان ک‌ده‌که‌نه‌وه و ده‌یکه‌نه ئامراز‌ك ب‌ ئه‌وه‌ی پار‌زگاری له‌و سیسته‌مه‌ی خ‌یانی پ‌ بکه‌ن و شه‌ی هه‌مووانی پ‌ بکه‌ن، ئه‌مانه به‌و ئابوورییه زه‌به‌له‌حه‌ی که له ‌‌‌گه‌ی (بودجه‌ی به‌غدا و نه‌وتی ناوخ‌ و داهاتی ناوخ‌) کاوان ده‌کران، دیاره پ‌شتر یه‌کلایبوویه‌وه که ته‌واوی داهاتی ناوخ‌ به (نه‌وت و داهاته‌کانی تره‌وه) بووبووه مو‌کییه‌تی پارتی، هه‌رچی داهاتی به‌غداشه که ده‌یدایه خه‌ك و پاره‌که‌ی نه‌کرده مو‌کی خ‌ی ب‌ ئه‌وه‌بوو له دوا‌‌‌ژ ئامرازی ستەمکاری (ت‌تالیتار) بونیاد بنت، ئه‌م هاوک‌شه‌یه تا ب‌ینی بودجه‌ی کورد له لایه‌ن به‌غداوه به‌رده‌وام بوو، دواتر پارتی به‌ره‌و شیعاری سه‌ربه‌خ‌یی ئابوری هه‌نگاوی نا، بیرمان نه‌چت هه‌موو ئه‌و کردارانه‌ی پارتی که ده‌یکرد

شەرعییەتکی شۆشگێی و ئەفسانەگەلی پێ دەبەخشرا، وا لە خەڵك گەیەنرابوون دەبێت هەموو شتێك و دیموکراسی بکرێتە قوربانی سەقامگیری ئابوریی دروستبوونی دەوڵەتەوە. لێرەدا ئەو پەیوەندییە ساختەیە لەنێوان جەماوەر و پارتی دروست بوو، هەموو شتێك دژەکی ئەفسانگەل و سیاسەتی عەقڵمەندانەی سەرۆك و پارتی وەرگرت/ نمونە(کردنی مالکی بەسەرۆك وەزیران بووە ئەفسانە بۆ خەڵك و چەپۆشیان بۆ لێدا، دواتر لادانی مالیکی و هەر چەپلەشی بۆ لێدرا)، پارتی لە ژێر ئەم دەسەڵاتە (تۆتالیتارە) جارە مرۆڤکی دەماخسزی دروست کرد کە ئەبوایە پارتی و سەرۆك هەر شتێکیان بکردایە گەر کارەساتیش بایە دەبایە ئەو مرۆڤە بۆ موبەیر بگەڕێت تا خۆی بگونجێنێت و دژەکی ئەفسانەیی بۆ عەیب و عاری پێ ببەخشێت، ئەم دژە ئەفسانەییە شۆشگێرییە بەردەوام بوو، تا داڕوخانی ئابوری و شکستی ئابوری بەناو سەربەخۆ، دواتر بۆ ئیدامەدانی سیستەمی (تۆتالیتار) لە ئەفسانەگەلی شۆشگێییەوە بەرەو دژەکی تری ئەفسانەیی دەڕۆن، پارتی دژەکی تر و ئایدۆلۆژیایەکی تری لای خۆی دروست کرد تا هەموو مرۆڤەکان و حزبەکان و راِ جیاوازییەکان لەگەڵ ئەو سیستەمە تۆتالیتارە بگونجێنێت و دژی شکستبوونی خۆشی پێ بشارێتەوە، ئەویش دژی ئایدۆلۆژیای ناسیونالیزم و کوردایەتی و دەوڵەتی سەربەخۆیە، پارتی ئەم گوتارە(ناسیونالیزمە)ە هێنایە ناومان (زۆربەی هاوڕێیان باسیانکردووە، بۆیە لێرەدا پێویست ناکات بە درێژی باسیبکەین) لەناو ناسیونالیزمیش پارتی دژی سیستەمی تۆتالیتار پەرە پێ دەدات لەگەڵ حزبەکان و زۆربەی حزبەکانیش بەناڕاستەوخۆ دەچنە خزمەتی ئەو سیستەمەی کە پارتی بونیادی دەنێت، واتە ئەوانیتر و ئازادیخوازان و ژورنالیستەکان و دەماخسزە سەقافییەکانمان و بوونی گۆران و یەکێتی بۆ ئەکتی کاریگەر لەناو سیستەمەکە دەبنە ئەو هەڵمەی کە لە بوخارەکە دێتە دەرەوە، ئەمانە نەبوونیان باشترە لە بوونیان، چۆن؟ چەند مانگێك ڕای گشتی و حزبەکان بانگ دەکات و ئەها سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت، دوای چەند مانگێك دەچینەوە بەغدا و لیژنەی هاوبەش و (ئیجماعی کوردی) دروست دەکات، دواتر شتێك وەران دەکات و هەموویان کۆدەکاتەوە و مەژخۆ دەکات ئەها چاکی دەکەین، پەرلەمان بە کۆبوونەوەی نیو سەعاتی پەکدەخات و چەند ساڵیك بە وەهمی کاراکردنەوەی دەوات لەگەڵی، دواتر ئیجماع دروستدەکاتەوە بۆ دروستبوونی پەرلەمان، ئابوری وەران دەکات و دواتر پارتی وەکو ئەوەی پەیامی خوای بۆ هاتبێت و دەبنە قاڵچی و دەست بە گفتوگۆ دەکەن لەبارەی چاکسازییەوە، دواتر هەڵبژاردن دەکەن و لە ژێر قسەکردنکی سینیانە و قۆشمانە دیموکراسیمان پێ دەفرۆشن، لەولاشەوە هەندێك گۆرانی بچوك بچوك و بەشە بەش دەکەن بۆ ئەوەی سیستەمەکە بە

جۆگری بمێنێتەوە، هەمووی ئەمانەی باسمانکرد لە سیما دیارەکانی سیستەمی تۆتالیتارە کە هەموویان لەو قسەی سلاڤیژیك لە کتێبی (ساڵی خەونە ترسناکەکە) کەدەبێتەوە کە دەڵێت: ((شتگەلێك هەیە دەبێت بیانگۆڕین، بۆ ئەوەی هەموو شتەکان لە جێگەی خۆیان بمێننەوە)، سیستەمی (تۆتالیتار) بەردەوام هەموو لایەك بە گۆڕانی بچوك بچوك خەریکدەکات بۆ ئەوەی تا ئەبەد جەهەری سیستەمەکە بمێنێتەوە. تۆتالیتار هەر شتێك نەچێتە خزمەتی بەناڕاستەوخۆ و نەبێتە (هەمی) ئەو بوخارەی باسمانکرد دەبێتەوە (دیکتاتۆر) لێی و دەری دەکاتە دەرەوەی سیستەمەکە، لەهەمانکاتدا خۆشی دەچێتە دانوستانەوە بۆ ئەوەی بیهێنێتەوە و لە دیکتاتۆری بواتەوە ناو تۆتالیتارەوە، لێرەدا گفتوگۆ و دانیشتن و چا خواردنەوە و پێکەنینە ئەهریمەنییەکانیان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان فۆرمی تەواوەتی تۆتالیتار پێکدەهێنیت و لە دیکتاتۆر دووری دەخاتەوە. بە کورتی سیستەمی تۆتالیتار لە نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریدایە، بەڵام لە دیکتاتۆر بەزراوتر و دژوارەقترە و تەمەندرێژتریشە، چونکە تاك لە سیستەمی دیکتاتۆر دەزانێت چی بکات سزا دەدرێت، بەڵام لە تۆتالیتار ئەم سزایە نادیارە، تاك لە دیکتاتۆر دەزانێت دوژمنی کێیە، بەڵام لە تۆتالیتار ووون نییە، تاك یان ئاڵا جیاوازەکان لە دیکتاتۆر دەزانن دەبێت چی بکەن و چۆن ووبەووی سیستەمەکە ببنەوە، بەڵام لە تۆتالیتار ووبەووبوونە حوکمڕان زۆر نادیار و زەحمەتە، لە دیکتاتۆری خودی سیستەم لەناو خۆیدا لەقە و بەردەوام دەلاقەیەك هەیە بۆ ئەوەی سیستەمەکە بخاتە کێشەوە، بەڵام لە تۆتالیتار لەبەر دەنگی نەیار سیستەم تۆکمەیی بەخۆی دەبەخشێت، بە کورتی سیستەمی تۆتالیتار لە ووی سەتحێتەوە دیموکراسییەوە لە ووی ناوەڕۆکیشەوە دیکتاتۆرییە، بەڵام کاتێك سەتحییەت دەبێتە میکیاجی دیکتاتۆر ئەوە دەبێتە تۆتالیتار.

تا ئێرە سیما دیارەکانی تۆتالیتاری پارتیمان شیکرەوە، لەگەڵ چەنێتی بونیادنانی خۆی و مامەڵکردن لەگەڵ ئەوانیتری جیاوازدا، لەهەمانکاتیشدا ئەوەمان ووڵنکردەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ دیموکراسی دەکات و جیاوازیشی چییە لەگەڵ سیستەمی دیکتاتۆری، تەنیا ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت و چۆنیش ووبەووی دەبیتەوە، چیش بکرێت نەبینە ئەو هەڵمەی لە خزمەتی ناڕاستەخۆی ئەودا بیت، یان چی بکرێت بۆ ئەوەی هەمان دەسەڵات بەرهەمنەهێنیتەوە، ئەوە بۆ جارێکی تر و دەرفەتێکی تر و گوتارێکی سەربەخۆ.

_____

سەرچاوەکان:

1. بەنەماکانی تۆتالیتاریزم، وەرگێڕانی: حەمە هەشید، چاپی یەکەم 2007، سلێمانی، دەزگای چاپی پەخشی سەردەم.
2. کۆماری ترس، کەنعان مەکیيە، وەرگێڕانی: حەمە هەشید، چاپی یەکەم 2007سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
3. دراسات فی حرکه الکوردیه المعاصر، الدکتور محمود عیمان، تقدیم: الدکتور محمد هماوەندی، عام 2002 اربیل.
4. البعپ السوری، تارخ موجز، حازم صاغیه، گبعه الاولی 2011، دار ساقی دار نشر بیروت لبنان.

حەسارو سێگەکانی باوکم ... ڕۆمان ... شێرزاد حەسەن



بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کلیکی ئێرە بکەن

نامەیەکی کراوە بۆ سەباح هەنجدەر … عەبدولەزاق بیمار

1

برای دڵسۆزی خۆشەویست: کاکە سەباح هەنجدەر. ئەوەی وەك هەواڵستی داهێنەرێك لەلام مایەوە و جێگیربوو، لە ناوەاستی هەشتاکاندا شیعرێکت لە گۆڤاری (بەیان) بوو، لە سەردانێکدا بۆ بەغدا سەرکت لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە کوردی دا، کە (ئازاد شوان) سکرتێری نووسین بوو، ئێمەش دە کەس دەستەی نووسەران: هەواڵستێکی زۆر یاخییانە و بۆمنەتت نواند و گوتت: من نەهاتووم داوای ئەوەتان لێ بکەم، ئەڵاقێیسەن شیعرەکەم بۆ بڵاوبکەنەوە. تەنیا دەمەوێ ئەوە بپرسم بڵاودەکرێتەوە، یان نا و بەس، خۆ ئەگەر شیعری لە هی من باشتریشتان لایە، ئەو بڵاوبکەنەوە ئەوەی من بەلاوەبنێن. من لەو مامەڵەیە و بڵاوبخۆبوون و یاخی بوونە ڕاستەقینەیەدا ئەوەم لە بەهرەیەکی تازە لاو خوێندەوە و پێشبینی ئەوەم کرد دەبیتە شاعیرێکی گەورە، هەروەهاش دەرچوو. لە ڕۆژنامەی هەولێر 22/1/2017 و ژمارەکانی دوای ئەو مانیفێستە بە تانوپۆکەتم خوێندەوە بە ناونیشانی: (ناسینی بوونی شیعر و خۆ دەست نیشان کردن – مانیفێستی شیعری)، کە پێکهاتووە لە (40) وێستگەی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوون و ماکی داهێنانی ئەدەبیی بۆ ناونیشان، یان بڵێین ناونیشانی هەر وێستگەیەك لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی هونەرمەندانە دەست نیشان کراوە. ئەم وێستگەی دەربڕینانەش بە کێ ناونیشانەکانیانەوە بە زمانێکی شاعیرانە ناوەرۆك و تانوپۆی شیعری شاعیر دیاری دەکەن.
کاکی برا: لە جادانی ئەم مانیفێستە دەست خۆشیت لێ دەکەم، ئەمەش شێوازێکی تازەیە، ئەگەر شیعرەکانت بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوە نەدەن، ئەم مانیفێستە چەندان پەنجەرە و دەرکە لە باڵەخانەی شیعرەکانت دەکاتەوە و کەشوهەوایەکی تەواو تەنزیریانەت بسکاندووە.

2

بەو بۆنەیەوە، کە باسی شیعرەکانت هاتەکەیەوە، دەمەوێ پێت بڵێم بۆ من و ئێمەمانانی پەروەردەی شیعری کلاسیکی بە کێش و پاشبەند و جەستەی هەقی فارسی و عەرەبی ئامێز. دواتر شیعری تازەی: (گۆران)ی خاوەن ناوەند. شیعری لاوکی یاخی بۆ ئەمر و گوێی شێوازی پەیڕەوکراو، دامەزرێنی شیعرێکی ئازاد لە بیرکردنەوە، ئازاد لە داشتن، ئازاد لە وێنە، ڕستەسازی و خاڵبەندی، ئازاد لە ڕۆبازی ئایدیۆلۆژی و سیاسیانەی سەردەم و هی دیش. دیارە یەکەوهەل ئەوەمان

لا پەسند نابێت، چونکە لەناو ئاپۆرای شیعری ئەو سەردەمەدا شیعرێکی تازەی یاخی ئاوەها زۆر زەحمەتە جێ پێی خۆی بکاتەوە و زۆر کەس پشتیوانی لێ بکات، یاخی بوونی ڕاستەقینە ئەوەیە بزانی ئەو شتەی لێی یاخی دەبی چییە؟ تێ زانیوتە ئەو شێوازەی لێی یاخی بووی چییە؟ منیش، کە تازە بەتازە لە ڕێی هەندێك کتێب و گۆڤاری (ئاداب و ئەدیب)ی لوبنانیەوە ئاگاداری باسی شاعیرانی ڕۆمانتیك و زەمزەمی فەرەنسا دەبووم، شاعیرانی یاخی وەکو بۆدلێر) و (ڕامبۆ) سەرنجیان ڕادەکێشام و بە دوای دەقی تازە و نوێخوازدا دەگەڕام. با لەگەڵ ڕێبازەکەی منیش لە شیعردا جیاوازبن. بە تایبەتی لە ئەدەبی کوردی تازەماندا.
ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لەمەودوا کەمەڕێك شاعیری بە توانامان هەبوو، کە حەز بە شیعرەکانیان دەکەم. لەوانە: (جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر محەمەد، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر ... تاد، بەڵام جگە لەوان و بە تایبەتیش شیعری دوو شاعیری تازەی ڕێچکە ئازاد زیاتر سەرنجیان ڕاکێشاوم، ئەوانیش: (سەباح ڕەنجدەر)ی خاوەندی (زۆوان) و (ڕووەکەکانی خوداوەند) و (مردوویەك ئاگای لە هەمووانە) و (سروودی زەوی) و هیتریش. لەگەڵ: (قوبادی جەلیزادە)ی خاوەندی (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات) و کێشیعرەکانی دیکەی، کە ئازادانە لە بابەتی ئیرۆتیك و جوانیی لە شولاری ژن بەهرەی نواندووە. هەر دووکیان سەرفرازانە و سەرسەختانە ڕێبازی شیعری خۆیان گرتووە بەر و لاسایی شاعیرانی تریان نەکردووەتەوە
3
کاکەی ڕەنجدەر: کە لە بەغدابووم چەند کۆپلەیەکی شیعرەکانتم لە کوردییەوە بەناونیشانی: (لە ئەدەبی تازەی کوردییەوە) کرد بە عەرەبی بردم بۆ ئیدارەی گۆڤاری: (الاقلام) و دامە دەست: (محەمەد موبارەك)ی سەرنووسەری گۆڤارەکە، کە ناسیاوێکی نزیکم بوو، بە هیوای ئەوە لە ژمارەی داهاتووی ئەو دەمەی: (أقلام)دا بڵاوبکرێتەوە. داخەکەم دوای چەند ڕۆژ: (محەمەد موبارەك) بە هۆی هەندێك ئاڵۆزگێڕی سیاسییەوە لەسەر کارلادرا و دەقەکە بڵاونەکرایەوە و ڕەشنووسەکەشم دەست نەکەوتەوە و ئاگام لەبڵاوکردنەوەی بڵا. ئەمەش وەکو دەڵێن نازانم لە ناوچەوانی تێ بوو، یان هی من.
4
کاك سەباح: لە شیعرەکانتدا سۆزێکی گەورەی خودا پەرستی و سەرچاوەی ئایینپەروەری دەبینم. ئەگەرچی وەکو خۆت نووسیوتە سەر بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نیت و لایەنگریشی نابیت، هەروەها نووسیوتە: (بە ئان و ئاوی ویست و خوبوونی خۆم دەژیم)، بەڵام دەڵێی:

(ئامۆژگارییە ئاسمانییەکان هەمیشە لە بیرم دان و فەرامۆشیان ناکەم.) تۆی شاعیرێکی یاخی، کە هەوڵ دەدەی شیعری بۆ گەرد بەرهەم بهێنی و دەسەڵاتی سیاسی دەستگیرت نەکات، دەبێ لەو واقیعەی تێیدا دەژی هەڵوێستێکی گەش و مرۆڤانەت هەبێت. وەنەبێ شیعرەکانیشت هەر لە بازنەی: (هونەر بۆ هونەر)دا بخولێنەوە و وازیان لە واقیعی گەل و کارەساتی ڕۆژگار هێنابێ و تەنیا لە ئاسمانی خەون و خەیاڵ باڵەفڕێ بکەن. نا گەڵێ باسی وەکو شەهید، براکوژی، کیمیاباران، ئەنفال، باری کارەستباری کورد و ... تاد و گەڵێك مانای زادەی واقیع لە بەرگی ئاوریشمینی دڕێی پێ خەون و خەیاڵ خۆیان بە دەردەخەن.

5

ئەو شیعرە ئازادەی لە ڕۆچکەی (باو) دەردەچێت، نابێ سەرسام بین، ئەگەر نەك هەر خوێنەران، بەڵکو هەخنەگر و توێژەرانیش بە ووخۆشی ئاوڕی لێ نەدەنەوە. لە مێژووی ئەدەبدا بۆ ئەم جۆرە هەوتە نموونە زۆرە، دەشزانم شاعیرانی دەوروبەرت. (شارەکەت) ئازارت دەدەن و پەپێی بۆ بنەمات بۆ دەدزنەوە و ئاستەنگت بۆ دروست دەکەن. (هەسووڵا هەمزە تۆڤ) گوتەنی: ئەوان گۆرانیبێژنین، کۆرسن.

لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی لەناو شیعری سۆفیگەریدا نموونەی وا هەیە، کە لە ڕۆچکە دەرچوون و لە بازنەی غەزەلی خودانناسی و خۆشەویستیی خودادا شیعری وایان هەیە مەلا و زانایانی ئیسلام بە چاك تێی ناگەوانن، بەڵکو هەندێ جار بەکفریشیان دادەنێن، ئەمە جگە لە (شەتەحات). شیعری: (حەللاج) و جەلالەدینی مەولەویی ڕۆمی کەسی خۆی دەوێ بۆ لەسەر ڕۆبازی سۆفیگەریی شی بکاتەوە و مانا و مەبەستی خودا خۆشەویستی لێ بخاتە ڕوو.

لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ت. س. ئیلیەت شاعیرێکی داهێنەر و بەناوبانگ و خاوەن ناوەندە، بەڵام شیعرەکانی بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نادەن. بە نموونە من شیعرێکی ت. س. ئیلیەتم بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی: (چوارشەممەی خۆەڵمژش) دەخوێندەوە لە مەبەست و ماناکەی نەدەگەیشتم. هەتا توێژینەوەیەکم لەبارەی ئەو شیعرە (هەر بە عەرەبی) خوێندەوە، کە زانیم: (چوارشەممەی خۆەڵمژش) بێنە، یان سرووتێکی ئایینی دیان و مەسیحییە و شیعرەکە لە دەوریدا دەخولێتەوە و بیری ورد و هونەکاری لە شێواز و داشتندا بەکارهاتووە.

شیعرەکانی تۆش، کە لە دووبەرگی (سی ساڵ شیعر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر 2012.)دا، 900 لاپەڕەیان گرتووەتەوە، ئێستاش بەردەوام شیعر بڵاودەکەیتەوە، بۆ گومانئەگەر زۆر کەسیش لێیان تێنەگەیشتن

ئەوە وەکو خۆت نووسیوتە: (گرینگ ئەوەیە ئەگەر لە شیعرەکە نەگەیشتی یادگارێکی جوان لە وشە و خەیاڵی هەنگاوەنگ بەدەست دەهێنی) بە دڵنیاییەوەش نموونەی داهێنانن و خاوەن ناوەندن، (چونکە نووسراوی داهێندراو تەنیا بە تۆامان و ناخ و ووبنووەوە و جیهانبینی و بەهرە خەمڵاندن مەزنایەتی وەردەگرێ.)
کتێبی: (سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە: چاپخانەی بینایی – سلێمانی2013.) گوزارشتێکی گیانی ورد و قووڵە، زۆر دەروازەی شیعرەکانت ووناك دەکاتەوە، وێستگەی دەربڕین و بیروڕا و بۆچوونی هونەری و وتارگەلێکی چڕ و پڕ مانان. پێشاندانی هونەری کەمەڵك شاعیری پێشەنگ لە ئەدەبی کوردیماندا جێگەی ئاوێدانەوەیەکی دەستخێشانە و نیگایەکی زانستانەیە و پێچەوانەی بەرچاوتەنگی و من منێ کێیە.
6
لە ژمارەی ڕۆژی 2016\6\21 ڕۆژنامەی هەولێردا شیعرێکت بۆاوکردووەتەوە بە ناونیشانی (ڕسکانی گیان) چی تێدا نییە، ئەگەر من بە ڕسکانی گیانی خانمی شیعرەکانتی بزانم، (نواڵە) خان، کە ئەم ناوە بەردەوام لە شیعرەکانتدا دووبارە دەبێتەوە. پێش پەنجا و دوو ساڵ وەکو نووسیوتە: (لە 1964\6\20 ژان لە پشتی بابە ئادەم دەرچوو، شیر ژایە ڕەزی سینگی دایە حەوا، ناوکبڕینی نواڵە بوو بە ورشەی شکڕ و نەمریی.) چونکە هەر بیر دەکەمەوە، ئایا دەبێ مژووی 1964\6\20 چ مژوویەك بێت؟ بۆچی لە ڕۆژی 2016\6\20دا بە شیعر یادی دەکەیتەوە؟ هەر چۆنێك بێت شیعرەکە هەدەگرێ گەلێك ڕاز و نهێنی تێدا مەبەست بێت، کە من لێیان حاڵی نەبووم. ئەگەر وایە ئەو یادە هەر پیرۆزبێت.

عەبدولڕەزاق بیمار
2017\2\6 کێیە

خۆجێوانکردن و خۆناساندنی

□□شنبیریمان … ئاری زیندینی

داهاتوو ئەستایە,ئەستا بیرکردنەوەیە لە داهاتوو بە □ابردووەوە ئاستەیە بەرەوداهاتوو.ئەستا □اپەین
داهاتوو نوگەری هاوشان داهنان , داهنان تواناوئەرکی تاکە بەام کیی سامانی □ابردوویی پویستە.ئەرکی □□شنبیریمان قورسترین ئەرکە,خبەخاوەنزانینەولەملوئەستەتە,سامانی □□شنبیریمان هەودان و بنیاتنانی داهاتووە,ئەرکی قورسی □□شنبیری کورد ملدانە بەرەو (شەشی □□شنبیری) دەرچوونە نەك لەچەقبەستوویی وبەکو دەرپەینە لەسستی □□شنبیریمان,دەخی وەنەی □□شنبیری کوردی, دەخی کاوەژی □□شنبیری کوردی, دەخی بەسەروبەری □□شنبیری کوردی لەئەستادا.سستی کەسانەك و بەخەمی کەسانەك و خەکەکردنی کەسانەك لەم دەخەی ئەستایی □□شنبیری کوردی سوودی بە چەند کەسانەك بەردەوامی دانە بەخیان و بەوەنە و کاوەژیان.
□□شنبیری کوردی لە(باباتاهیری عەریان) هەوە تاکو ئەستا پویستی بە(غەربیلە) بە (سافی و بەقەدر) بە بنیاتنانی بناغەی کەنکریتی کەلتوورمان پاراستنی لە نەخشی دووبارەو کاوەژوو وەنەو ئا□استەکردنی بەرەوداهاتوو وەکو پردەکی □□شنبیری پەینەو بەدونیایی دەرەوەو خناساندن و خبەدەر خستن. پەنجەکان ساردن قەەمەکان سستن کاغەزەکان کەنن هەموویان پویستیان بەچارەسەر هەیە بە خوقاندنی (خوقان) .
مەنجەی □□شنبیری کوردی بەقەبەقی کەمە درەنگ دەتە کوان,ئەرکی □□شنبیری کورد گەیاندنی بە (سەد پلەی فەهرەنهایەتیە).سەردەمی ئەستایی (عەولەمەو تەکنەجیا) بەهەوی تاکەکەس زەحمەت نیە بەام پەژەوبەرنامەو هەرەوەزی دەوەت, هەوی بەمنەتانە ناو خەازیکردنی بەرامبەر,وئیاو تەوانینی سەردەمی جیهانی. دەزینەوەی □□گایی نو , دەستنیشانکردنی کەلەنەکان,دیاریکردنی ئامانجەکان,نووسین بە دەرەوەی بازنەی □□شنبیری کوردی.ئایا □□شنبیری کوردی خیی نزیك یان چووەتە ناو بازنەی (□□شنبیری جیهانی) گرنگترین شت □□شنبیری جیهانی سوود لە □□شنبیری کوردی وەردەگرەت یانیش □□شنبیری کوردی چ سوودکی بە □□شنبیری جیهانی گەیاندووە,زەر مەبەستمە بەم □□شنبیری کوردی توانیویەتی وەك (کەلتووری کوردی) خیی قیت کاتەوە لەناو ئەوە کەلتووری جیاوازانەی جیهان و □□شنبیرە زەبەلاحانەی دونیا.□□شنبیری کوردی چەند هەوی داوە کەلتوور بخوقنە بە کەمەگایی کوردی یان چەند پی کراوە یانیش لە خەمی ئەوە دابووە.نووسەران و □□شنبیران

وئەدیبان و رووناکبیرانی کورد لەسەریانە:
1- بەرەو ڕۆشنبیری جیهانی.
2- کاوێژ نەکردن و دووبارەنەکردنەوەی یەك زەڕە هی دوێنێ.
3- خۆ جوانکردن بۆخۆمان نا, بەڵکو بۆ بەرامبەر.
4- خۆناساندن(تعارف) بە کەلتووری جیاواز.
5- واز هێنانی قەڵەم بەدەستانێك کەبەو خانەی سەرەوە قایل نین.

بۆچی بارزانی واز لێکورسی سەرکایەتی هێرم ناهێنێت؟ … تاهیر حاجی حەسەن

پێدچێت پرسیارێکی وا بەهەزاران شێواز کرابێت لێلایێن دانیشتوانی هەرێمەوە، ئەوەی هەرکەسەکیش چەن وەڵامی بۆخۆی دابێتەوە، دیسان دواجار وەڵامەکە چەند جێی خۆی گرتبێت لەوەی مایەی ڕەزامەندی خودی کەسی خاوەن پرسیار بێت، نازانرێت.
کورسی سەرکایەتی لەوەتانێکدا هێشتا ئاستی هۆشیاری سیاسی کۆمەڵگا لەئاستێکی کەمدایەو ئاستی ئابوری بەئەندازەیەک لەشێواز پاش کەوتوەکاندا ماببێتەوە، کارێکی وادەکەن، هەمیشە ئەو پارتەی لەنێو دەسەڵاتدایەو دەستی گرتوە بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا، خودی سەرکەک بەرهەم دەهێنێت، بەئازادانەی خۆی واز لێکورسی سەرکایەتی کردن نەهێنێت. دانیشتوانی باشوری کوردستانیش لەنێو گەمەیەکی وادان و تێواوی پێگە دواکەتوییەکان زاڵ کراون لەنێو هەزری کۆمەڵگەداو ئاستی ململانێی نێو ئەحزابێک لەنێو پایەی دەسەڵاتدان، هەڵومەرجێکی وایان بەرهەم هێناوە کە تێواو گونجاوە بە مانەوەی بارزانی لەسەر کورسی سەرکایەتیەکەدا.

لەنێو خودی هەیکەڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، جارێ دیکتاتێریەتێک زاڵ کراوە، کەهیچ کەسی ناو ئەو پارتە بەهای ناگاتێ بەهای مناڵێکی نێو خانوادەی بارزانی، بۆیە لەوەدا، بارزانی بەکەی خانوادەکەی لەکەی پایەکانی نێو حزبدا لەپێش کەی هەیکەڵەی حزبدایەو تائاستی پیرەزی جێگای گرتوە. خاڵێکی وایش دەبێتە ئەو

دەرئەنجامی کەهیچ کەسێک لەدەرەوەی مافباتی بارزانیەوە بەخۆنیش نەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە ئەژێک لەئەژان ببێتە کەسی یەکەمی حزب،لەکاتێکی وایشدا،مانەوەی بارزانی وەک سەرکی هەمیشەیی حزب و سەرکی هەمیشەیی باشوری کوردستان،گرەنتی کراوە.ئیتر ئەو شتەی ناوی دیموکراتیە لەنەو حزبدا،تەنها دیموکراتیەکی دیکتاتەریانەی نەو بنەماڵە پاشایەتیەکانی وەاتانی ئەژهەڵات دەگەیەنێت،یان بنەماڵە دەسەڵاتدارە دیکتاتەرەکان لەوەاتانی ئەژ هەڵاتدا.

ئەو حزب و هێزو لایەنانەی لەهەرەمدا لەبەرانبەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا بونیان هەیە،ئەمانە کەمێک پارتەکن،سەروەت،کاریان بەناڵاستەوخۆ بوبێت یان بەڕاستەوخۆ،بوە بەپاراستنی بارزانی لەمانەویدا وەک سەرکی هەرەم. چونکە تائێستایشی لەگەڵدا بێت هەر لەیەکێتی و گۆران و ئیسلامیەکانەوە بیگرین تادەگات بەحزبی شیوعی کوردستان،هیچیان،ئەو بەرانبەرە بەهێزە نەبوون کە بخوازن کورسیەکە لەبارزانی وەرگرنەوە کەسایەتیەکی جیاوازتر لەبارزانی لەسەر کورسیەکە بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.(دیارە بەرپرسیاریەتیەکە،ئەو بەرپرسیاریەتە خاوەن مێژوویەیە نیە کەکاری سەرەکی ئاوگۆڕ بەخش بێت بە پەگەی وەرچەرخان لەنەو هزرو پەروەردەی دواکەوتوانەی کەمەگەو هەنانە پێشی هەلومەرجێک کەتەکانێکی پێشکەوتوخوازانە بداتە کەی بەوارە سەرکیەکانی ژیانی کەمەگە،بەپێچەوانەوە،ئەرکی بەرپرسیاریەتی سەرکی هەرەم و سەرەک لەوەاتانی ئەژهەڵاتدا بگشتی،پاراستنی پەگە دیکتاتەری و هەشتنەوەی پەگە دواکەوتوە زاڵکانی نەو کەمەگە بوە.) هەروەک کارەکی گاڵتەجاڕانە بێت،بارزانی هەریەک دوو ساڵ جارێک لەکەبونەوە تایبەتیەکاندا،دەڵێت من واز دێنم و باکەسێک لەئەوە خێی ئامادە بکات تامنیش دەورەتسلیمی کورسیەکەی پێ بدەم،کەچی نەک هەرکەسێک نایەتە وەڵام لەنەو پارتەکاندا بڵێت ئەوا من خەم کاندید دەکەم بە هەڵگرتنەی ئەو بەرپرسیاریەتیە،بەکە دیارە بەناڵاستەوخۆ،دەڵێن:قوربان کە حەدی هەیە بچێتە سەرئەو کورسیە تائەوەو مناڵێک لەمافباتەکەی ئەوە مابێت. لەو دیویشەوە،سەری زمان و بنی زمانیان،باس باسی ناهەقی و غەدرو بێ بیانە لەبەرانبەر پێک کەوتنی پەرلەمان و مانەوەی بارزانی لەسەرکورسیەکەی کەلەوی یاسایەوە کاتی دەمەکە بەسەر چوە.

لەنەو پەگەی دەوەتانی دیکتاتەردا،یاساو دادگاکان هەمیشە ئامرازی دەستی سەرکن بەتایبەتی و گەمەی بەناو دیموکراسی و چەمکی ئازادیش،هیچ نین بجگەلەوەی هەخێتنەرەکی ئای گشتی

نەبێت. دیارە لەنێو خودی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداریدا، کەی پێگەی دامودەزگا ئیداریەکان بەشێوەیەک دادەڕژێن کە بەردەوام لەخزمەتی هێزێکی دەوڵەتی چینایەتیدا بن و مارکس وا تێنی سەرمایە، دەخوازێت کەمێگەیەک دروست بکات هەرلەخۆی بچێت. لەوشوێنەیشدا گەر بڵێک بەها هەبێت بەمرۆڤ و جۆرێک لەژیانێک بونی هەبێت، دەبێت لەوێدا بزانین کەچینێکی بەرهەمهێنەری چالاک و خاوەن هۆشیاری سیاسی بونی هەیە. لەم سەردەمدا، کاتێک بزووتنەوەی زەرداری دەخوازن پێگەی ناسیۆنالیزم و پێگەی ئاین و مەزهەب جۆراوجۆرکانی نەوئاینەکان بڕۆ پێ بدەن، وەلایەکیتر دەخوازن پێگەی ئاسیزم و باڵی ڕاست بڕۆ پێ بدەن، دەرئەنجامی شکستی خودی سیستەمی حاکم دەگەیەنێت لەشاردنەوەی چونێ سەری ئاستی هەژاری و بێکاریەکی زۆر زیاد لەچاو چونێ سەری کەی بوارەکانی زانست و گەشەی پیشەسازی و بەرهەمهێنانەوە.

گەر بگەڕێینەوە بۆلای پرسیارەکەو ئەو وەڵامەی پێویستە پێی بدرێتەوە، ئەوا لای من بەم شێوازە وەڵام دەدرێتەوە، بارزانی نێک هەکباری نیە لەدەرەوەی پارتەکەی، بەپێچەوانەوە کەی پارتەکانی دەرەوەی پارتەکەی بارزانی، کاریان پاراستنی پێگەی بارزانیە وبەجگە لەبارزانیش کەس ناچێتە سەرکورسیەکە. چونکە ئەو کورسیە بۆ هەمیشە پێی دراوە لەلایەن ئەو پارتانەو، لەلایەکیتر، بۆ پارتەکانی هەرەم، گەر ڕۆژێک لەڕۆژان کەسایەتیەکیان زاتی ئەوەی کردو بێت من دەمەوێت سەرکی هەرەم بم، بەمەرجێک بارزانی زیندو بێت، کارێکی وادەکەن، بارزانی پێستەکەی لەسەروی پێستی سەرکی هەرەمەوە بێت، یانی دەیکەن بەمەرجەع.

داماوی و بەدبەختی خەڵکی باشور لەوەدایە، کەهەلومەرجەکانی سەر ژیانی بۆئەندازەیەک پێ لەکون کراوە، کەتادەست بۆ پینەکردنی دەانێکی دەبات لەسەد لای تریەوە دەاوی بۆ دەکرێت. ئەو گەمە قێزەونەی ئەحزابی بەرەی دەربەگە ـ بۆرژوازی کورد کاری تێدا دەکات، بەجگە لەقازانج و بۆرژوەندیەکانی چینایەتی چینەکەی خۆیان، باشترین جۆری پارت گەلێکن کەزۆر بباشی و زۆر بۆئەمەکەوە پرۆژەو بۆرژوەندی و ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتانە دەبێنە پشتەوە کەئێستا وەک دوژمنی گەلی کورد لەمیدیاکانیانەوە شەرمنانە جاربەجارێک باسی لێوە دەکەن. بارزانی کاتێک وەک کەسایەتی بەرپرس مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەلایەن وڵاتانی دەرەوەی هەرەمەوە، تەنها لەبەرخاتری پاراستنی هەیمەنەی پێگەی سیستەمی سەرمایەداری حاکمەویەو لەلایەکیتریش هەرەم خاوەنی ژێر زەمینەکی دەوڵەمەندە

بەنرخوتی خاوەن غازی سروشتی، ئەم دوو مادەیەیش تائێستا هیچ ئاماژەیەکیان نیەو باشترین وزەن بۆ هاوسەنگاندنی جوڵەو بارهەم هێنان. بەڵام ئەو سامانە سروشتیە قازانجکەی بۆ چینە کرێ وەرگرو خەڵکە زەحمەتکێشەکە نیە، بەپێچەوانەوە، هەرچی دەرهاویشتە پیسکەیەتی بۆ خەڵکی هەرێمەو بارهەم هێنانی ژینگەیەکی پیس بووتە هۆکارێک سەدان جۆری نەخۆشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لەوەیشدا دیسان قازانجکەی دەگاتەوە بە کارخانەکانی سەر بەسیستەمی دەوڵەمەندەکان و هەرچی دەرمانی خراپ هەیە بارهەمی دەهێنن و بەقازانجکی باش دەفرۆشرێتەوە بەخەڵکی هەژار کراوی هەرێم و عێراق.

ئەو هەلومەرجە خوێناویەی لەعێراق و هەرێمدا بونی هەیە، دیارە کەی وەاتانی جەنگ گرتویشی لەگەڵدا بێت، تەواو لەبەرژەوەندی چینە چەوسێنەرەکان شکاوەتەوەو پەرش و بڵاویەکی بە هودەی زەریشی لێنەو چینوتوێژکانی خوارەوەدا دروست کردوە، کەدەرفەتەکان بە خەڵکخستن و هاتنە مەیدانی سیاسیانەی جەماوەر بە بەدەست کەتا کردنی ئەو پارتە جەراوجەرە دیکتاتەرانە لاواز بێت. بەیە هەلومەرجەکانی ئێستا لەهەرەمدا، هەشتا بەجۆرێکە کە لەبەرژەوەندی بارزانی و دەستودایرە جەراوجەرەکاندا بێت کەخەریکی پاراستنی بارزانین تابردەوام سەرکی هەرەم بێت!!!!!
هەگبە دیموکراتیەکان لەوەاتانی هەژهاتەدا تائێستا بەجگە لەبەماناکردنی ماناکانی دیموکراتیەت شتەکیتر نەبوە. دیموکراتیەت کاتێک گۆشە دەکات کەکەتای هێنرابێت بەهەیمەنەو هەزو دەساتی چینە چەوسێنەرە حاکمەکان.

تاهیر حاجی حەسەن
19/02/2017

غەریبی ناوم دەنێ ... جەلال عەبوبا ساڵح

نازانم من بە وام

ەشتم و وەک بانەدە
ەوە و دەریا
سەری غەریبیی خەم هەگرت
شایی باخم بەجەهەشت
وەک دیجلە دەستی فوراتم گرت
وەک چرای ئاشتبوونەوە
ئەواریەک بەدزی زەردەپەڕەوە
تیشکم ژایە ەەحیی ئەقیانووسەکی پیرەوە
کەچی هەر غەریبم بە خەم
کەچی هەردەەم و بە کەفی دەمی دەریا ناگەم
کەچی هەر بیر
لە گوناهەکانی با پیرم دەکەمەوە
کەچی هەر خەیاە دەمباتەوە
بە بەزمی
گلەیی
گەزە و کانی
بە گەەمەزی
نیشتمان و بیرەوەری

...

ئەی جەلادی دابەان
لەمتەبگە
کراسەکم لە بەردایە
نە شمشەری بروسکە دەیبەەت
نە قەمەی زریان و تەفان
پەاوەکم لە پەدایە
لەچەرمی گابەرد
لە پەستی داربەەوو
لەمتەبگە
ئەی جەلادی دابەان
کە برسیەتی گەوجم دەکات
دەستی خەیاە درەژ دەکەم
بە لیرەی کاوە کانەکەی نەنکم
وەک پوولە تەپیووکەی ناو دەستی باوکم
ژیان جەتم بە لەدەدات
لەم تەبگە

ئەی □□حی دابەان؟
تامەزرۆ بە ژان
لەم دنیا جەنجا□□دا
چرکەیەک خەشحاەیم هەبوو
هەزار □□ژ گریان

...

من لە نیشتمانی داربە□□وو
گەورە بووم
لەشم چرنووکی □□شەبایە
کلیلی دابەانم ونکردووە
کە□انەکانی هەور
گیرفانی گە□ا
ژەر بنی پەی با
مشتی تەزیوی زەوی
جانتای سەفەری تریفە دەگە□□م
نایدەزمەوە

...

چ کارەکی شەتانەیە پیشەی من
بە شەو گوەدەگرم لە گەرانی بەق
بە □□ژ داەغەی کیس□□ی پییر دەژمەرم
نیووەشەو دەمەوەت شەقامەکان هە□□بگە□□مەوە
حەزدەکەم بنی پەیی با ببینم
من چەژ دەبینم لە پەچەوانەی شتەکان
دەمەوەت لەق بدەم لەسەر سنگی شەقامەکان
حەزدەکەم خە□□ بکەمە دەمیانەوە تا دەمرن
ئەوەتەی شەقام هەیە
پشتی فەرشی
پە□□او و پەیە

...

من چەند خە□□فاوم بە فە□□ی ژیان
لە مشتی کام □□کەوتتی شەتدای
ئەی جەلادی دابەان؟
ئەی نوقەی بەسەرچووی

سەر لەفەی دووکانە ووخاوکانی لەژگار
ئەی هەمی حەوای پاش مەرگی ئازیز
ئەی دووکەی جەنگی سەرشانی با
هەزم نەما
هەندە لە دەرگای شکاوی تەمدا

...

تەماشا غەریبی چەن ئاوم دەنێت
کەی گەڵای ئەنفال
وەک منی بەسەرهات؟
لەگەڵ هەزی سەربازی با
کەی گەمە وەک من شکا؟
کەی چەتر وەک من دەی قووپا؟
بە چەپکی فەی لەشەبا

...

ئەرە سەزەمینی پەکەوە ژیانە
یان گەنجینەی دزی و تاوانە؟
ئەرە کوانووی خەڵەمشی
ژەهر و جەستەیە ؟
لەمتەبگە ئەی جەلادی دەبەان
لەم مەملەکەتی وەرانیە کەسک ناناسم
جگە لە چاوکی کزی کوونەبوو
گەچانکی پیری هەنگاوکی هیلاک
جگە لە دەک لەنگی ئاو و
نوورک لە لەگەزی هەتاو
تەنها سامانم ژیانکی پوچ بوو
بەخشیمە عەسر و
ئەوارە چەقەنەی بەلەدام
دەزانم کە مردیشم
ماڵی دەریا گەم دەبەت
نەهەنگی پیر خوەنم دەخوات
زریان ئەسقانم دەهاەت

....

ئەی جەلادی دابەان

لەمگەڵە هەنگاو بنەم
بگەمە تەقسیم
نوری هەتاوی
عەسرەکی غەریب
وەک هەمی دەمی دەریا
بئاهێنم لە ڕەحی ماندووم

...

ئەرەیی دەبەم بە ئەستەمبوڵ
شەو تا ڕۆژ دەبەتەوە
هەزار ئەستێرە ماچی دەکا
عەسر و ئێوارە
سەر دەخاتە سەر ئانی
بەرەبەیان شەپەل ئایدۆنە
بە دەستی ئاو
دیواری با و
شەپەلی شەت دەژمێرە
کاپتنی خنکاو دەردەنە

....

ئەرەیی بە باندەی ئەستەمبوڵ دەبەم
ماچەکی بە پەلەی
ڕومەتی کەنار دەکات و
باددەگرە
ئەرەیی بە بەلەمەکی
شان شکاو دەبەم
لە ماڵی ئاو
ئافرەتەکی ئازەری
دەیلاوێنە

....

ئەی جەلادی دابەان؟
کە بیر لە منی
هەمیشە غەریب دەکاتەوە؟
من تەمەکی وەڕ
زیخەکی سەرشکاو بووم

من بەفرەکی قوەاوی
سەرشانی چاکەتەکی دەاو
قەنی قرتاوی
جەنگی بەرژوا بووم

...

نازانم من بە وام
پەم خۆشە بە هەمیشە بەم
هەرگیز نەگەمەو
بەزارم لە دووبارە
حەزدەکەم وەک قاڵی
عەسر لوول کەم
بیخەمە سەرشانی ئەوارە و
هەرگیز نەگەتەوە
پەم خۆشە وەک توتن
بەیانیان بکوتم
لە بەرتیشکی دوانیوەڕۆ داینەم
بەتە هەم و
هەرگیز دوبارە نەبەتەوە
دەموە قاچم ببەموە
هەرگیز پەڕاو نەبینە
بەزار بووم
لە پرسیاری ژمارە
بەزار بووم لە جەنگی
گەڕەوی و پە
هەنگا و و ەڕ

...

ئەی جەلادی دابەان
لەمتەبگە
دەموە ژیان ەڕنگ کەم
بە بەیەی ئاسمان
دەموەت دەرگای
کەڵانەکانی تاوان داخەم
بە دەستی ئاشتی
دەموە خەیاڵ

وەک کاغەز گرمەکەم
بیخەمە ناو دەمی (با) وە
هەرگیز نەیبینمەوە
دەمەوە بەم
دوور دوور بەم
بەسەر پردی
درێژی ژیاندا باز بەم
کەس نەبینمەوە

...

هەشتا دووکەڵی تەرمی
جەنگی دووبرا
وا لە ژوور ئاسمانی
تاران و بەغدا
هەشتا پەتی ملی
ئابڕەک و شاعیرە
وا لە چەکمەجەی
ئەفسەرەکی مەزهەبیدا
هەشتا دەی کتێبی
(هەنگاوێک بە پێشەوە و
دوو هەنگاو بە دواوە)
بە هەزاران ستالینی مژوو لێدەدا
هەشتا قاچی قرتاوی
سەبازەکانی جەنگ
ئەوتا لە ناو سکی
خوێناوی
دیجلە و فوراتدا

...

کە هەناسەی غەریبیم کەکاتەوە؟
بە هەرلایەک دەڕەم
کارەساتی جەنگە
دەگەمە ڕەحی بەغدا
دەچمە لای ئەبونەواس
بەنی هەناسەی ماسی
کوژراو دەکەم

سەرئەدەم
لەمالی مەژووی
نازم غەزالی
دەگەڵم بە ڕەحی زیندووی
مەسیقا و گەرانی
مایە پووچم
بەشقامی جمهوریدا
سەربەرەو ژوور هەنگاو دەنەم
پرچی خوەناوی
فوورات و
قەڵی شکاوی
دیجلە دەبینم

...

ئەی جەلادی دابەان
ئەرە سەرزەمینی باروتە
بەغدا بەنی
تەرمی مردووی لەدە
بەغدا ناناسمەوە
پە بووە لە گوناه
پە بووە لە نزا
بە فەچەی دین
شەو مەلای سعوودیە
بەیەی دەکا
بە ڕەژ
ئاخونی تاران و
بەغدا

...

ئەوارە درەنگانە
بابلم جەهەشت
گەیشتمە لای
هەولەری مەژوو
زەردەخەنەی گەلابوو
هەنگاوی پەچەوانە دەنا
نەلە ئامەد و

سنە دەچوو
نالە قامیشلی و
سلێمانی

...

باوەشم گرتەوە
بە پشتە کوێستانی قەڵا
حەزم لە برنج و شلەیەکی
تێپراوا بوو
یەقنەی باندەکان
بارەن بەسەرما

...

هەنگاومنا
بە بازاری بیرەوەری
ویستم هەولێر ماچ کەم
نەیناسیمەوە
پاڵتەیەکی
ڕەنگ خەڵەمێشی
لە بەردا بوو
ئەنقەرە بێ دووری بوو
قەپچەکانی
سەربەرەو خوار
داخست بوو

...

قەڵام بینی
بە پشتی کوێستانەوە
بەدزی جلادەکانی خەڵکەوە
مژووی زەردەشتی دەخوێندەوە
گەیشتمە گەڵەکی شێخەکا
حەماڵە برسیەکان
تووڕە بوون لە ئارد
شەراب لە مەز
ئاو لە دەریا
خەڵک لە قاڵەنچێی سووپا

...

ئەوارە قەڵام جەهەشت
گەیشتمە لای گەیژە
کەشی پە بوو
لە زەنگیانەی شکاووی مەژوو
چاوی پە بوو
لە دووکەڵەی دزاوی کوانوو

...

لە دوورەوە
سەیری پارچەی شکاوی
ئەستێرەی سەرشانی
سلەمانیم بینی
خەم دایگرتم
ئەسحابە سپی
وەک بنی مەنجەڵ
ڕەش هەڵگەڕابوو
کەلاوێکی لە باوەشیا
جنەویدەدا
بە دەوەتی خەڵکی
قالە گازی دەگرت
لە پشتی پیری
ئەسحابەسپی
جنەوی دەدا
بە عابا و مەزڕی
پیاوی مەزهەبی
تفی دەرکرد
لە سەرکردەی
دەڵاوی سیاسی

...

هەروەکو جاران
ڕۆشتم بە لای
قەیسەری نەقیب
ڕەحانە بەزار بوو لە بەن

وسمە و خانە
لە سمێڵی
پیاوی گەمژە

...

لە قەیسەری نەقیب
کامەرانم ناسییەوە
چاوی کز بوو
ڕەشی مەزهەبی هەشتبووەوە
پەیان ووتم:
سی ساڵ
لە دوکانەکی سە گۆشە دا
دیواری سەلەفی
ڕەنگ دەکا

...

ڕەشتم بە خوار خانەقا
جەمالی هاوڕێم بینی
کزکز لە بەردەم
مقێڵی بەکاریدا دانیشتبوو
شانی داغڵی
خستبوو سەر شانی عەرەبانەکەی
گوێ لە گەرانی
خەم و عودەکەم دەگرت
هەنگاوی ڕەبواڕکانی دەژمارد
جەمال ئەگەر
فکری پەرتووکی
بەلشەفیکی بفرۆشتایە
ئێستا ڕاوەشکاری
سەرەک بوو
ئەندامی شووڕای
دەوڵەت بوو

...

ئەی جەلادی دابەزان
هەرکەسانکی ئەم سەرزەمینە

بۆنی ژەهر و باروتە
دڵگۆمەوە بە ماڵی ئاو
بە لای ڕووحی دەریا
دڵگۆمەوە بە ئاسمان
کەمە تەمەنم ماوە
دەبەخشمە باران

…

جەلال عەبوڵا ساڵح
٢٠١٧-٢٠١٦ تەرەنتە

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک … د.ناجح گۆپی

ڕۆ جەهانی زوانی ئۆژایی (International Mother Language Day)
ڕۆژی جیهانی زمانی دایک :
الیوم العالمی للغه الام (روز جهانی زبان مادری)

زوان پایەوەن جە پایە گرنگەکا پەی ئەشناسای تاک ی ،فیسپەگای،میلەتی،نەتەوەی، بە ئەشناسای زوانی تاومە نەتەوەکا جە یەی جیاکەرمە .

زوان ئامەازەوەن پەی :
1. ئاشتەوایی و پەوەرە ژیوای.
2. نەونگەو وەکەوتەیی و گەشە کەردەیی و دروس کەردەیی شارستانیەتین.
3. ئەنە یاوای ئەو ەوداوکا جەهانی و بەستەیشاوە بە ناوچکا تەریوە.
4. – گەنایە ویەردەی (مەژوو) و ئیسای و ئەستەیە پەی لەوای و ویرکەردەیە پەی دماڵی.
5. پەیوەندی و هامەشە و تەکەلاوی کەردەی هەنترینی، ئینەیچ بەبایس

و جمێ و فارای و وڵاتکەوتەی ،کەواتە فرێ زوانی یانی بیەی بوارێ فراوانتەر پەی زوانەکا تا بە ئازادی کارو چالاکی وەشا کەرا.
یونسکۆ و زوانی ئەدایی:
چی بارێ یونسکۆ (کەنگرێ و گشتی نەتەوێ یەگرتەکا پەی پەروەردەی و زانستی وەشنویری) داوا کەرێ ئەو گردو دەوڵەتا جەهانی و ئەرەمەرزیاکا نەتەوێ یەگرتەکا،یکوزیاکا فیسپێگای مەدەنی و دەزگا زانستیەکا و خەیر وازەکا و گرد لایەنێ پەوەند داری کۆ چالاکی و هەوڵوتەقڵا زیاد کەرا پەی بەهادار کەردەی و پاڵپشتی و زامن کەردەی پارێزنای زوانەکا، بەتایبەت ئا زوانێ کۆ هەڕەشێ فەوتیایشا ئینا سەرێ.
گر ساڵێ یونسکۆ ئاهەنگی تایبەت ساز مژێ پی بەنێ.ئیساڵێج 2017 بارێگا و یونسکۆی ئاهەنگێ تایبەتێ بەرێ راوێ.
ساڵێو 19/2/2009 یونسکۆ ئەتەسەش وەڵا کەردەنێ دەربارێو زوانەکا هەکۆ ئینێ جێ حاڵ و فەتیایینێ ماچێ: زیاتەر جێ شش هەزار زوانێ هەنێ و ئیسا خەریکا نیمەشا دڵەنێ بشا هەتا کەتایی ئی قەڵنیێ، پی جەرێ پەلینشا کەرێ" 2500 زوانێ ئینێ وەرو دەمو فەڵتیاینێ،بە چن ئاستەوێ دیاریشا کەرێ:
یوەم : زوانێ فشەڵکی ژمارەشا 607 زوانینی
دووەم: زوانەکۆ هەکۆ ئینێ چەرو تەرسەنێ ژمارەشا 632
یەرەم : زوانەکۆ تەرسەی فرەترشا ئینا سەرێ ژمارەشا 502
چوارەم : زوانەکۆ هەکۆ گیانمدا،گیان کەنشت کەرا ژمارەشا 573
زوانێ مەردەکی: ژمارەشا زیاتەر جێ 200 زوانا فەتیەنی جێ سالەو 1950 یوێ
چی ئەتەسەسو زوانانێ (هەورامی و زازاکی) باس کریان هەکۆ خەتەرو فەتیاشا ئینا سەرێ،
هەرپاسێ بە پاو راپەرتەکا یونسکۆی هەکۆ جێ ئەتەس و زوانێ نزیک ئەو فەتیاکاوێ هەرگیریان ،بەفارسی قەڵەم و هەورامانی وەڵا کەردەنێ ،ماچێ ئیرانێنێ 24 زوانی ئینێ حاڵ و فەتیاینێ، تائیسا دووێ زوانیشا بێ تەمامی مەردینی و کەس قسیشا پنێ مەکەرێ، یەرێ زوانیشا تەنیا پیرەکۆ قسیش پەنەکەرا،گەنجو زارەڵێ مەزاناش ،ژمارەو ئا کەسا هەکۆ قسەشا پەنەکەرا (60-200) کەسەنێ، ئی پەنج زوانێ ئینی سەرنیشت و وەرپر و ئیرانیوێ ،هەرپاسێ دڵەاسەو ئیرانینێ دووێ زوانی تەر بەتەمامی ئینێ خەتەرو فەتیایینێ چون تەنیا پیرەکۆ قسیش پەنێ کەرا و زاەڵەکیشا فیرێ نەبینی، جەدرەژەو راپەرتەکەینێ ماچێ 14 زوانی تەر ئینێ مەترسی دڵەنێ شیینێ، یێ جانیشا هەورامین، هەکۆ ماچێ 23000 هەزار کەسێ قسیش پەنێ کەرا و زاەڵەکیشا یانەنێ پیسێ زوانی ئەدایی فیریش نمەبا (من گومانم هەن چی راپەرتیێ

بەتیبەت سەرو هەورامانەکیما د.گولپی) ، هەرپاسە باسو زوانی دەی زەردەشتی و پشا کردی هەکە یاگیشا لای واری ئیرانیو دیاری کریان، یەرە زوانە تەریچ ماچە زیانی فرەشا ئە کەوتن" ترکی خەراسانیە ، جە دمایی راپەرتەکینە بەفارسی نویسیان (هەمە زبان ها بە یک اندازە حق زندگی دارند) یانی گرد زوانەکە پەسو یەی مافو ژیانیشا هەن..!!!!!!
(All languages are equally entitled to life) یحق لجمیع اللغات علی قدم المساواه فی الحیاه…
ئی دروشمە هەن و یەنیسکەین،،ولی زوانە دەلەمەند و سەردەسەکی گەششا نیا چی قسەو.
ئی فەتیایە کارەساتە ئانزانین کە قەرەبوو نمەکریەو ،۳۰سالە دماین فرەتەرو زوانەکا فەتیەنە بەنونگەی جیاوز پەس:
یوەم / وەختەنە زوانەکەت سەر بە کەمەە گولانەی بی و چەنی چننەها زوانا تەری تەکەەاو بی , ئیتر ئانە بە بایسو قسە کەردەی بە زوانەکا تەری کە جە زوانەکەو تە فرە تەرنە(کەمینە و فرەینە)، نمونە ژەن و ژەن وازی و تەکەەاوی کەمەایەتی.
دووەم / وەختەنە تەکەەاوی چنی زوانە تەری کەری هەکە ئا زوانە خاوەن پایەی ەەشنویریو فەرهەنگی و ئابوری بەرزتەری بە،ئیتر گەورەکە وەرو ئانەی پلەو پایەی ئابوری و کەمەلایەتیشا جەدەس نەدا، فشار وزا سەرو زاەەەکاشا کە پا زوانە دەەەمەندیە وانا و زوانی ئەژایی وەشا وزا لاوە.

یەرەم / سیاسەت و دەوەەتداری نەتەوە سەردەس و داگیرکەرەکا پاسەش واستەن کە گر وەختە زوانو وەشا سەپنا ملو کەمە نەتەوە و بن دەسەکارە ، جە ەاوبەردەی کارو بەاری دەوەەتینە پەروەردە و فەرکەردەینە،ئیتر پی جەرە زوانی ئەژایی کاە بەوە.
ەەکوزیاو یەنیسکەی جە ئەرەنیشتە و ەە 17/11/1999 ینە بەیارو ەە جەهانی زوان و ئەژاییەش دا ، وە جە ساەە و ۲۰۰۸ ینە بە فەرمی نەتەوە یەگرتەکا پشتیوانی ئی بەیارەشە کەردەو نامیش نیا سالەو زوانەکا ،بە مەبەستو پەشتگیەری کەردەی فرە زوانی و فرە کەلتوری،چون زوانەکە پایگەوە گرنگشا هەن جە بەرنامەکا یەنسکەینە ،فرەزوانی یانی هەشیاری زیاتەر سەرو زوانە جەراوجەرەکا، ئەو یەترینی یاواینە و فاەو جمەو کەلتورە جیاوزەکا.
پەکەی یەنسکە خاستەرین ەا چارەش نیارە پەی پەشتگیریی و گەشە دای بە زوانەکا، ئادیچ دیاری کەردەی ەە جەهانی زوانی ئەژایی بە ،هەتا گردو زوانەکا چی ەەنە بتاوا زەماونەو یادگیری و چالاکی هەمە جەر پەی زوانەکەیشا ساز بژا .

ڕۆژی زوانی ئادایی چنی پەیژابی؟

پەی ڕۆز نیای ئە قوربانیەکا خۆک و بەنگلادیشی پەی زوانکیشا هەکە ڕۆ ۲۱/۲/۱۹۵۲ داشا ،قەرار دریا کە گرد سالۆ ڕۆ ۲۱/۲ کریە بە ڕوە جەهانی سالیادو زوانی ئەژایی جە سەرتاسەرو جەهانینە دماو ئازادی و سەربەوە بەیئ هیندستانی چیردەسو ئینگلیزینە(15/8/1947)،هامکات ڕوە وەتەر 14/8/1947 پاکستانیچ سەربەوە و ئازادی وەش جاڕ دا ،پاکستان دووە زوانەش چەنە بەنە پەی قسەکەردەی (زوانی ئەردو و زوانی بەنگالی) بەلام زوانی ئەردو زوانی ڕەسمی دەوڵەت و پاکستانی بە ،بەش و وەرکەوت و پاکستانی بە زوانی بەنگالی قسە کەرنە (ئیسەو بەنگلادیشی).

وانەڕە کەلیژو پزیشکی زانکۆ و دەکای پایتەختو بەنگالی ڕۆ ۲۱/۲/۱۹۵۲ دەسشا کەرد مانگرتەی و وەنیشاندای ناڕەزایی دژو ئانەی کە بەزوانی ئادایی وەشا نەوانا ، ئیتر پەلیس تەقەش کەرد ئە وانەڕەکا بازەش کوشتە، ئینە بی بایسو ئانەی دەولەتو پاکستانی ددان بنیە زوانی بەنگالیڕە پەسەو زوانی دووەمی جە پاکستانینە، دماو ئازدی و جیا بیەیە بەنگلادیش جە سالۆو 1971 ی ،داواش کەردە ئە نەتەوە یەگرتەکا کە ئی ڕۆیە بنیارە بەڕۆ زوانی ئادایی.

دماو ئازادی مەنەمینتەوە پەی یادەوەری شەهیدەکا زوانی نریانەڕە وەردەم و کەلیژو پزیشکی دەکا ینە بەنامە (مەنەمەنت و مەنار) ی ، ئەر سەرنجە دەیمی نەتەوەو بەنگالی ونیشا بەخشا تا بەزوانی ئادایی وانا.

ڕۆ ١٦/٥/٢٠٠٧ نەتەوە یەگرتەکە بەیارەشا دا هەکە گرد میللەتە و نەتەوە مەشە بە زوان و وەشا بەئازادی قسە کەرا و بوانا و پارەزناش، و سالۆ و ٢٠٠٨ یش نیارە بە سالۆو زوانەکا جەهانی، تا نەتەوەکە سەرزەمینی سود مەندە و بەهرە ورگەرا جە فرە زوانی و فرە کەلتوری وە گونجنای چنی یەترینی.

هەرپاسە مەشە نەتەوە یەگرتەکە و لایەنە پەوەند دارکە هەرمانو چالاکی چە و فرە ساز بدا پەی ڕۆ زوانی ئەژایی ،هەکە ڕەنگدایە بە سەرو زوانەکا بەتایبەت ئا زوانە هەکە هەڕەشە فەتیایشا هەنەسەر،تاکو بە بە پاپەشتە قایم پەیشا.

هیچ بەڕگەوە وەردەس نیا هەکە سەلەمنەش وانای بە زوانی ئەژایی جە ولاتە فرە نەتەوەکانە بە بایسوهەرشا پەی ئەمنی قەومی.

جە سالۆو ٢٠٠٠ یوە زماوننەو زوانی ئەژایی جە فرە و وەڵاتا دنیاینە سازە کریە ر ۲۱/۲ نە ، زوان بە قوەت تەرین ئامرازا پەی پارەزنای کەلتوری و شارستانیەتی، یاردی دەرا پەی گەشە و ڕەشنویری و کەلتوری هەمە جەرو میللەتە جیاوازکا سەرزەمینی، وەڵا بیەیە

کلتوری دلە نەتەوەکانە یانی هەشیاری زیاتر سەرو گردو زوانەکا ،یانی پەدا بیی گیان و تەکەلاوی و هامکاری و لێبوردەیی.

نمونە سەرو فرە زوانی:

مانیە زوانی و پارێزنیاش جە فەتیای گنە سەرو بیارە و ئەنداما ئا نەتەویە ، خەلکەکیش، ئەگەر وشا گەرەکشا بە نمازا دلەنە بشە، ئەگەر گەش نەدا دلەنە مشە.
شش زوانە سەرەکیە جە نەتەوە یەگرتەکانە قسەشا پەنە کریا و بەگە نامەکەشا پەنە منوسیا(ئینگلیزی، فەرەنسی،ڕوسی، ئیسپانی،چینی،عەرەبی) کە جە ساڵە ١٩٤٦ و یوە بیارش سەر دریان، نەتەوەو کوردی و کوردستان دابەش کریان سەرو چوار پارچا زیاتریر،هەمیشە دەوڵەتە داگیرکەرەکە (تورک،عەرەب،فارس) جە هەوەو تەقەلانە بینە هەتا زوانی کوردی بەهەرجەری بە تاوناوە و زوانەکەو وشا سەردەس بە ، سەراوننو کوردسانی دەوڵەت و تورکی ماوە و زیاتر جە هەشتا ساڵان نمازە کەس بزوانی ئەژایی قسە کەرە ،گرتیو زیندانی کەردەی بە بنسیبو هەرکوردی کە بە زوانی ئەدایی وش واتو واچ کەرە،ئینە بە یاسەوە زاڵمانە ملە ناوە،وەر کەت و کوردسانی ، وڵاتو ئیرانی زوانی فارسی سەردەسا و کەس پەیش نیا بە زوانی ئەدایی وش وانە،جە وەرپە(وەرنیشت) و کوردسانی ئەسڵەن چەوە نەبیەن بنامە کوردیوە،تەنانەت جە هەویە و شناس نامەی بە بشە کریەنە، چ جای قسە کەردیو وانای، مەیمە لای واری کوردسانی(پانیشت) ،چەگە خەریکا هومێدە پەیدا بیەن پەی زیندە بیوەی زوانی ئەدایی (کوردی).

وڵە داخەم مشە هەڵای هەرەمو کوردستانی هەکە ماوەو ویسوپەنج ساڵا زیاترا دەسڵاتە وە راوبەرش هەن،
نەتاوانش بە ساحیبو زوانی ستانداردی کوردی، ناوچە و سەرانی هەرمان و کار و پەروەردە بە شیوەی سەرانی بەرا ناوە،بادینانیچ هەرمان و کارو پەروەردشا بە شەوەو کرمانجین، یانی ئاسە دوە زوانە ستانداردی کوردی خەریکا بەرکەوتەن، ئەوە تەرە کەنار وزینە.
چەنی ئانەی یاسوا زوانی جە عەراقی فیدرالەنە سالە 2014 بەرشینە و کەمڵە مادی بە سودش چنانە کە را مدە بە گردو نەتەوە و ئاینزاکا عەراقی هەکە زوانەکیشا پارێزنا ،وڵە سالەو 2015 یاساو زوانەکا جە هەرەمو کوردستنای بەرشیە،زوانی ڕەسمی (عەرەبی،کوردی،تورکمان،ئاسور،ئەرمەنی) ئی پەنج زوانانی،

ئیناجـدماائانیچ یاسـیوە تـەر بـەرشیە پـێی پاریزنـــای مـــافو کـەمە نـەتـەوە ئـەتنیک و ئاینزا جیاوازیکا، ئادیچی مافیکیشا بـە پاو یاسای چـەســـــپیە (ئاسوری،کلدانی،مـەندائی،ســـــریانی،تورکمان،یـەزیدی ،کاکـەیی،شـەبـەک) .

وەلـە هـەڵایی یاسیوە نیـەنـە باس جـەزوانی کوردی(گردو زوانـەکا یان زارەکا) کـەرە، سـەرگـەردانیو سـەروـەنـە شـەویای پـە زوانی کوردیوە دیارا،چـەولا بـە بادینی قسـە ونویستـەیو کارگـەیی کـەرا،چیلا بـە سـەرانی، وەختـەکارە هـەرەمو کوردسانی چنـەها زوانو زاروـەی تـەرش چـەنـەن و گرد فـەرامـەشـە کـەنـە ،پـەسـە زوانی هـەورامی کـە زوانـە رەسـەن و کوردسانین ،زوانـە قـەدیمـی و کـۆن، مـاوـە دوورو درێـژ نویسـتـەی و پـەروـەردـە بـە زوانی هـەورامی بیـەن کوردسانیـەنـە.
کتـەبو شاعیرـەکاما شاهیدا (بابا تاهیر،مـەولـەوی،وەلی دـەوانـە، هتد) و کتـەبو زانـەردـەشتی و گاتاکـەش بـە زوانی هـەورامی نوسیانـە هـەرپاسـە کتـەب و ئاین و یارسانی (کـەـام –سـەرنجام) بـەهـەورامین .

داخـەم مـەشـە ئارـە جـە سایـەو دـەسـەلاتداری حکومـەت و هـەرـەمو کوردسانینـە خـەریکا زوانی هـەورامیو زوانـەکـە تـەرـەج فـەرامـەشـە کریـەنـەو خـەریکا دلـەنـە بشـا، وەختـەکـارـەنـە حکـومـەت متـاوـە سـود ورگـەـە جـە زوانـەو زاروـەکا تـەری پـێی بونیاد نیا زوانی ستانداردی کوردی.
گرد زوانـە ساحب سیفـەتو تایبـەتمـەندی وـەشا،کـە ویـەردـە(مـەژو) و داب و نـەریـەت و زانیـاری لاو ئـەنـدامـەکشا وـە هـەر گیریـان،بـە دلـەنـە شیـەی زوانـەکا کـەمـەلـە زانیارو دابو نـەریت دلـەنـە مشـە ،وـەروئانـێی پـەوستا کـە زوانی ئـەژایی فیرو زاـەلـەکاما کـەرمـە ،مـەدرەسـەنـە بوانا،تا ماوـەو شش سالـا هام شان چنی وانای زوانی ناوچـەیی،جیهانی، فـەربیـێی زوانی ئـەژایی یانی وـە ئـەشناسای کـە بیـێ؟ شناسنامـە و ئاکـەسینـە.

ئـەگـەر کـورد سـەرو ئـی بـەزمیـە بـەردـەوام بـە ئـانـە نـەک دووـە زوانـە ستانداردـە کوردی پـەیدابـەنـە "کرمانجی و سـەرانی،گـەرـە هـەورامیچ پیسـە زوانی ستانداردی مـەنـە دلی، چون ئیسا جیاوازیی فـرـە دروس بیـەن بـەینـەو ئـی دوـە دیالـەکتـانـە،جـەـازوان و دابـەش بیـە نفـوزـەو دـەسـەلاتیووـە، هـەـبـەت نـونگـێی ئینـێی چـن جـارـە باسـام کـەردـەن کـە دـەسـەلاتی سیاسی و حوکمران بیـەن بایسش،هـەرگیز خـەمو زوانینـە نـەبیـەن، نمونـەهـەن سـەرو ئی بابـەتی (تورک نـەژادـەکی ئیسا بـە جوار زوانی قسـە کـەرا، تورکیای،ئازربایجان، تورکمان،ئـەزبـەکی).
وەلاتو ئـەسیوبیای ویـەردـەوـە دوورـە زوانی ئـەمحاری(ئـەمهاری) کریابـە بـە زوانی رەسمی وـەـاتی یانی بـەزار بـەیابـە ملشارـە، وەختـەکارـەنـە زیاتـەر جـە حـەفتا زوانـە محـەلـیـە هـەنـە چا وەلاتـەنـە، چوار زوانـەشا

خەڵکی فرە قسەش پێنە کەرا، بەڵام ساڵی١٩٩٤و یونسکۆ دەوڵەت سایستو بەکار ئاردەی زوانیش فارا و بەیارشدا کە یانزە زوانە تەر هەکە ناوچە و هەرەمە جیاجیاکانە هەنێ کارشا پێنە کریە ، ئیسا بە 12 زوانی قسە کریا ، پەکەی لیژنەی ئامادەکاری تایبەتش درەس کەرد پەی جا بەجا کەردەی بریارەکە، ئیتر چاوەختەن یانزە هەرەمە جیاوزنە و دلە دەوڵەت و ئەسیوبیاینە گرد هەرەمە بە زوانو وەش هەرمانو کارو پەروەردەو فەربیەی کەرا،شان بەشانو زوانی ئەمهاری ،هیچ گرفتە نامان ڕاشا، ئینەیچ سەڵەمناش کە فرە زوانی دەوڵەتنە نمەبە بایسو دابەش بیە ی بەکو بە بایسو یەگرتەی و بەقوەتی،و هیچ تەرسەش سەرو ئەمنی قەومی ئاوڵاتیە نیەنە.
دماین هەوال سەرو زوانی ئەژایی هەکە کەنالو ئین ئار تی(NRT) وەلا کەردە ماچە ئاخر قسەکەر بە زوانی کلالامی جەئەمریکا فەوتش کەرد،کە ژنەوبە عەمرش ١٠٣ سالە بە ،ئی ژنە جەباوانیشە فیرو زوانەکەیشا بیەبە، ئیسە خەڵکی تەریچ هەن جە هەزو کلالامی بەلام زوانەکەیشا نمەزانا،، بەنونگەو سیاسەت و ڕۆگەزپەرستانەو ئامریکایەکا کە سەدەو هەژدەیمینە ئەمریکا ئەزیاوە و ئاوا کریا ،ئیتر داگیرکەر ڕا نەدە بە خەڵک و ڕەسەن و ئەمریکای بەزوانی هەرەمی وەشا قسە کەرا،بەزەر زوانی ئینگلیزیشا کەرد بە زوانی فەرمی وەلاتی، دماجار ساڵی ١٩٩٠و ئەمریکا یاسا و پارەزنای زوانەکا پەسەند کریا و زوانی کلالامیچ یە بە چا زوانا کە پشتیوانی کریا .
ئی هەواڵە پەیما سەڵەمنە کە قسەکەردەیی و نویستەی و وانای بەزوانی ئەژایی نونگەو مانیە زوانین و پاریزنەش.
دما قسەم چەنی موبارەکا بایی گەرمو ەو جەهانی زوانی ئەدایی، هیودارنا چی ەونە هەورامی زوانەکە بتاومە یادە خاس جە زوانەکەیما کەرمە و هەرمان و چالاکی جەراوجەر ساز بدەیمی نازمە زوانەکەما فەتیە و بە زیندەیی بازمەشە..

١٨/٢/٢٠١٤ د.ناجح گوڵپی
تازەم کەردنە 16/2/2017
n.gulpy@gmail.com

سەرچەمەکە/

.1
http://www.un.org/ar/events/motherlanguageday/background.shtml
2.
http://www.amazighworld.org/arabic/studies/index_show.php?id=4018

3.
http://www.marefa.org/index.php/%D8%A7%D9%84%D9%84%D8%BA%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D9%87%D8%B1%D9%8A%D8%A9
4.
http://www.un.org/arabic/news/story.asp?NewsID=10689#.WKXehDt97IU

لەدایکبونی شاعیرێک … هیوا سەعید

پیاوی گەورە
باوکی خێی دەکوژێ، دەچێتە زگ دایکی
ئەو منداڵەی لەو سەرجێیە دەکەوێتەوە
دەبێتە شاعیر.

ئەو شاعیرە منداڵێکی دەمێوتە
سیاسییەکان ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی هەموو قسەیەک دەکا.

کەس ناوێرێ ببێتە دەستی
لەبەرئەوەی ئەویش وەکو خوا
نەریت و ڕسا ناناسێ،
هەموو هێرشێک دەبەزێنێ و لە هیچیش پەشیمان نییە.

دراوسێکان ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی لە پەنجەرە خێی فڕێ دەدا،
بەسەر دیوار ئاودیو دەبێ
هیچ سنورێکی بێ ماڵ نییە.

بازرگانەکان ڤیان لێ دەبێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
دەوڵەمەندەکان لە ترسان ئاشتیخوازن.

دادوەرەکان ڕۆیان لێ دەبڕێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
یاسا بە ویژدان هیچی پێ ناسەلمێ.

پیاوانی ئایین ڕۆیان لێ دەبڕێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
یەک هەقیقەت بوونی نییە،
ئەگەر هەشبێ چەندین ڕووی هەیە.

ژناکان ڕۆیان لێ دەبڕێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
خەیاڵ پڕویستترە لە مەشک.

مامۆستاکان ڕۆیان لێ دەبڕێتەوە
لەبەرئەوەی دەڵێ:
زانین بنی نییە، هەموومان قوتابین.

ئەو شاعیرە بیژییە
دەڵێی شەیتانە کەس بە گەورەی خۆی دانانێ،
لە پشتی کەس ناڕوا،
بە هیچ سەرکێک ناڵێ بژی،
لەبەر هیچ ئاغایەک هەڵناستێتەوە،
دەستی هیچ شێخێک ماچ ناکا.
لە شەقامەکان
خەڵک هەڵیهای لێ دەکەن
هەندێک پێی دەڵێن شێتە،
هەندێک دەڵێن بە ڕەوشتە.

کە شیعر دەخوێنێتەوە
ئەویش وەکو موسا
دار
دەکا بە مار.
بەڵام ئەو ناڵێ ئەوە ڕاستییە
دەڵێ ئەوە شیعرە
لەبەرئەوەی ئەو کۆی ئێدیبە
نەک نەوەی ئیبراهیم.

خواردە لەمیش … پشکۆ ناکام :

…….ەاستە سیاسەت فەن و تەکنیکە بازی تیایە، بەڵام سیاسەت هەر فەن و دووفاقی و ساختەچێتی نیە، گەر وابوایە بە سیاسەت نەئوترا (السیاسە فن الممکنات)بەڵکو ئەوترا (السیاسە فن الکلاوات)!..
هەندێک گروپی بچوک هەن کە لەجیاتی کەم خوێنی ،نەخشی کەم هەوڵستیان هەیە و ئەوەش تووشی عوقدەی (بچوک بوون) ی کردوون ئەیانەوێ بە سیاسەتی دووفاقی دیار بن و باس بکرێن و مشت و مەڵناو خەڵکا دروست بکەن بە تایبەتی گروپی وا بچوک هەیە کە ستراتیجی خۆی بە شمشێر و ێیشەوە ئەبەستەتەوە و مانەوەی خۆیان و هەڵگرتن لەوەی زیاتر نەچنە ئاوەوە قاچەکیان لای دەسەڵات و قاچەکەی تریان لەمبەرێ ، لەو بینیا چەرخ و فەڵەک ئاسا تێراتێن ئەکەن و گیرفانەکیان بە پارەی زەرد و ئەوی تریان بە پارەی سەوز ، قسەی سلەمانیان هی هەولێر نیە و هی هەولێریان وەک ئەوەی لای برا گەورە عوسمانیەکانیان نیە ..تەنانەت لە چونیان بە هەولێر و لە خزمەت بنەماڵەیا ئەبن بە دوو تەنی جیاواز لەگەڵ سەرەکی بنەماڵە و برازاکەیا قسە ئەکەن و تەڕیح ئەیەن، لە کاتەکا جم و جۆڵی جەماوەری شەقام ئەگرتەوە ئەوان تەنی قسە و دروشمەکانیان بە لای شەقاما ئەشکێتەوە ، هەر کە تەزەکیش تەنگاو بون بە پەلە پروزکە خەیان ئەگەیەنن لای بنەماڵەی خەسپەن و (لا غالب و لا مغلوب) داوای شەفاعەت ئەکەن، کاتێک ئەو گروپە بچوکانە لە ترسی ئاگر تە بەردان بارگاکانیان لە تەنیشت دایەرەی (حەریق) چەن جارێک دروست کردەتەوە بە پەلە وەک عەلاگە خەیان بە موعارزەوە هەئەواسی بەڵکو ئەمە خوایە گەر لەولا سەدەقە بەاو بون لەم لا شتەکیان بە بکرێت و کەمێک بەزەیی و سەرنج بەلای خەیانا ێ ابکەشن، بەڵام کاتێک یەتە سەر " نقود و نفوژ " دەم و چاوە ئەسپیەکیان دەرئەکەوێت ئەبن بە جوق و مەسیقای پیاهەڵان بە شان و باڵی بنەماڵەیا و ئەو ێیکلامەی ئەوان بەیان ئەکەن بە کەم کەس ئەکرێت، دیارە بەرامبەر بە موکافەئە…یەک دوو حەدیس و ئایەتیش بە پشتگیریان لە بنەماڵە و ئەزمەکەی ئەهەننەوە ، بە ئەوەی یەک زەڵە گوە بە هەست و مەشاعیری کەمەڵانی خەڵی زوڵم و زەر لەکراو بەن و خە ئەگەر قسە س هەوەستی چەن مانگێکی لەمەو پێشیان بە لەبەنەوە ئەبینین کە بەنی دەلاری نەوتەکە ئەوەنە بەقوەتە تووشی پژمینی بە هەوەستیان ئەکات

..لەگەڵ ئەمانەشا هیچ باکیان نیە و لەمبەر و ئەوبەری خۆیان ناکەون پێیان وایە دوو و سێ فاقی لە سیاسەتا زیرەکیە !
مەژووی دوو هەزار ساڵەی ئەو جۆرە گروپانە بە شمشێر و ئینفال مانەوەی خۆیان مسۆگەر کردووە ، ئێستا بە سیاسەتی جۆلانە بردەوامی بە خۆیان ئێین، ئەوانەش کە هەر لە دیدی ساختەچێتیەوە سیاسەت ئەبینن و ئەکەن جۆی خۆیەتی پرینسیپی سەرکیان " خواردەلەمیش " ی بێت

گەمەی شاراوەکانی با (1) ... نەژاد عزیز سورمێ

" ئەم دەقانە لە ئەسڵدا بە عەرەبی نووسراون .
نووسەر و وەرگێڕ(نەجات حەمید ئەحمەد)
بە پێداچوونەوەی نووسەر کردوونی بە کوردی ."

بەشی یەکەم

(1)
خاتوون خەریك بوو گەردەلوولی
بە دەمی لاڕەوە هەڵدەواسی ..
ئەویش سەرەتای ئاسۆی بە خۆوە گرتبوو ..
ئەمە قەدەری مەژووە ،
لە جوگرافیا تارماییەکەیدا
کەواتە هەگەکان بێ کێن ؟
مەرگ...
دەنگ...
شکستی قەقنەس ،
بەسەر باڵی ئاسۆوە..
دەماری بە ئاگای فرمێسکاوی ،
لەو چاوانەدا دەبریسکێنەوە
کە بە دوایاندا گەڕایی و نەتدزیەوە..
بۆ برای من ؟

باڵی شکاو بەم چەشنە هەڵنا بەسترێتەوە
خەونیش وەها نییە
خەون بەو جۆرەنییە.. براڵە !
29/6/1995

(2)
ژیانێك دەژەندرێ ،
ژیانێكیش دەژەنرێ …
دوو شتی جیاوازن
بۆچی دونیای بینینمان
بوو بە باڵنی هەنگاو هەنگ
بەهوودە دەفڕن..؟
بۆچی سروشتەكانمان بوون بە هاواری بیابانان؟!
با ئەم وێستگەیە ببڕێتە
دوا شەو و
دوا هەناسە ..
لە هەناسەبڕكێماندا بە دوای سەراب ..
با پێكەوە هەناسەیەك بدەین هاوڕێم
سەراب تەواو شەكەتی كردووین ..
1995\5\25

(3)
لەوانەیە بە یەك بگەین
ئینجا تۆ باڵی ژوان سەرمەستیی تیا بڕێ ؟
بۆ ئەوەی زەمەن ببینین كە بەسەر دەچێ ؟!
جەستەی تۆ تا دێ دەبنیسێ ..
ئەوەتا هی منیش لە ژێر قورسایی وێكهاتنەوەدا دەناڵێنێ ..
لە كاتێكدا دەریایەك تاریكستان بەشت ناكا
لە گومان نزیك بیتەوە ..
من تاڵی ڕووناكیم بەسە
دڵنیایی بگرم ..
تۆ منت بەدەر لە خودی خۆم دەوێ ..
تۆ زەمەن نابینی ..
كەواتە بادانەوە بۆچی ؟
بەرەو ئەو ئاسۆیە لێچووەوەدا؟
بەرەو ئارەزوویەك بە هەنگی سەراب…
لەوێدا كە بە یەك گەیشتنی تێدا

جڕکە لە مەحاڵ ؟!
1995\8\1

(4)
ئێشی ژیانگار !
وریا بەوە !
وریا بەوە ! ڕۆح پیر نابێ ..
ئێستا چڵەکە وای لێ هاتووە تەم دەگا و تەم ناگا ..!
نیشتیمان بە شێوازی سێبەکانەوە کوژراوەتەوە
چ هوودەیەك لەوەدا هەیە هێشەبا بەرە و بەهەشتمان ببا
وریا بەوە !
هاتووە داڵانەکانی ناخی ڕۆحم ببڕێ
هاتووە برینەکانم بکولێنێتەوە
کە لە خەیدا بە چەقۆی ژیانگاری نامەرد کولاونەتەوە …
ژیانگاری سەب و
بازرگانانی تلیاك و
ئومێددزان ..
وریابەوە !
تا خەونەکانم بگرمە دەست
بەمان نووسراوە بە بێدەنگی هاوار کەین
ئەی ئەو دوورگەیەی
بە ماتەمینی زەماوەندان گەرم بووە ..
بێدەنگی .. تەنیا بێدەنگی ..
با هاوار کەین
تا پێ دەبین لە بێدەنگی
هاوار کەین
ئەی ئازاری ژیانگار !
ئێستا چڵەکە وای لێهاتووە
تەم تێدەگا و تەم ناگا…
2005\10\12

(5)
ساڵی ژیانێك باس لە مافی مرۆڤ دەکەن
تا ژیانەکانی دی پێشێلی بکەن ..
بەم شێوەیە و بەو چەشنە
مافی مرۆڤ ،
بوونەوەری ئەفسانەیی و

درێی گەورەی..دونیا
هاتە ناو سەردەمی سەرك ..
کە خەمی تێدا دەبێتە
بزەی سارد و مردوو ..
ئەوە بە خودای چپەی بە ڕۆژی نیوەڕۆیە
لەبارەی – حەفت و هەشتی هێلکەو مریشك ،
کامیان لە کامیانن
خودایە !
ئەم هەموو دەمامکە لە کوێوە دێنن؟
1995\12\9
(6)
تەنیا هەڵەکە ..
با لە کوژانەوەی بپارێزین !
کەنار بەردبارانمان دەکات ..
دەستلێکبەردانی سپێدەیش لەوانەیە مەحاڵ نەبێ ..
من ئەو زانیاریانەم
لە گەڵای پایز و ..
هەنگاوەکانی (با) و
کلیلەکانی وەهم .. خوێندنەوە
ئەوەتانێ بەناو پێچەکانی ڕووخاندا ،
بە بێدەنگی هاوار دەکەم ..
هەموو بێ لەیلای خۆیان دەگرین ..
کەچی هەمووشیان خۆیان ئامادە دەکەن بە شەقامە خەمبارەکاندا
ڕایبکێشن ..!
خودایە چ دەبینم ؟
ئەو هەموو کەبە تیژانە ؟
بێ تەنیا هەڵەك و
چیتر نا ..!
1996\2\15

(7)
ئەوە کارەساتی هەردووکمانە
ئیتر ئەوە دونیایە
هەندێ جار سپێدە ڕادەخەین
جاریش هەیە تاریکی بە خۆماندا دەدەین ..
لەگەڵ ئەوەشدا ،
هەست بە مانگ و ئەستێران دەکەین

به دەمارانماندا دێن و دەچن ..
هەر ئەمەش تاقە دڵنەواییمانە بۆ بەردەوام بوون
بە دوای ئەو بوونەوەرەی ،
بووە بە گاڵتەجاریی هەموان !!
کە ئەویش جددیەتە ..
بەڵێ هاوڕێم ..
ڕاستیی لاوانەوە بەس نییە …
ئەمە کارەساتی من و تۆیە.. هاوڕێ..!
با بە هەندی وەرگرین و شانی بدەینە بەر
شەوگار بێ شك لێ دەچێتەوە ..
با شانی بدەینە بەر .. هاوڕێ …
1996\3\18

(8)
ئا لێرەدا
لەو کەنارە ڕووتەڵانەدا دەمێنمەوە …
ئیتر وای لێهات
ڕۆحی بە خەم چەکدارمان
پەردە بۆ هەموو شتێك دەدرۆ
بۆ لانەوازیمان نەبێ ..
کە لە دەرەوەی مێژووی جوگرافیادا ماوەتەوە !!
ببورە !
مەوداکانیش لەگەڵ ئێمە پیربوون ..
ئیتر سوودی چییە؟
بە یەك بگەین و گەرانی بڕۆین و یەکدی ماچ بکەین ؟
هەموو ئەمانە کەڵکیان چییە ؟
لە کاتێکدا خانمی ئاسۆ
مانگێکی ماندووە بە ساڵانی زەکاو و
خوانە گەنیوەکان ..
ببورە…!
من لێرە دەمێنمەوە
لەسەر ئەو کەنارانەدا ڕادەکشێم
ئەوان ئەوەتا دەقیقە و
سەعات و
ڕۆژانیش دەنێژن…
خانمی ئاسۆیش مانگێکی ماندووە بە ساڵانی زەکاو و
بەو مەودایانەی لەبەریاندا نەماوە و پیر بوون …

1996\5\3

(9)
هیچ وەستگە و بەندەرێك نەماوە
ماڵئاوایی تێدا بکەین
نۆش !
ووبارەکانتان خواردەوە ..
جگەکان ،
کانیاوەکان .. هەمووی …
نۆش !
ڕۆگای دوزەختان کورت کردەوە ..
لە سرووشتی دەست بە نەبراوەوە
تا باخچە پلاستیکیەکان
کە بە وشکایی دەدڕڕێن ..
بە ڕاستی ئەمە دەرهاوێشتەی
ڕۆچوونتانە لە هیچ و
لە (جاران وا بووین)دا
کە لە ناخماندا ،
هێللانەی چێ کردوە ..
بەڵام تاکەی (جاران وا بووین)
لە بن باڵمان بنێین ؟
بوونەوەری بە پیریی ڕۆژگاران داپۆشراو ..
هاتن ڕوانین و چرپەکانیشمانیشیان برد ..
مەوداکان وەك خۆیانن ..
بەڕاستی ئامۆزی مردوو
ماچی مردوو پێیوەداین
ئیتر یا ژیان یاخود ژیان ..
بەسە هاوڕێ !
ئەمە چ بانیژەیەکە لێیەوە دەڕوانین !؟
1996\6\18

(10)
لێم گەڕێ وەکو خۆم بمێنمەوە کە خەون دەبینم .
لێم گەڕێ خەیاڵی ڕوناهی و خۆشەویستی و بەرائەت بکەم ،
کە ئەوە چەندین جارە لە تیرۆر ڕزگاری دەبێ ..
وەرای هیچی هیچکاران و
دەمامکی ساختەچییان ..

لەم گەڵە وەکو هەم
بە بێدەنگی .. هاوار بکەم
تەنیا بە بێدەنگی ..
ڕوناهی و خۆشەویستیت پێ زۆر نەبێ بەم
من خەریکە زمانی ئاو و
قەڵبەزەی شەپۆل و
سروودەکانی دڵەقی لە بیر دەکەم ..
کە ڕۆژگارێك بە خەونی ئەوانەوە
دەژیاین و دەمردین ..
بەمن بە زۆری مەزانە ئەی ئەو ڕۆحەی
لە باڵی ئەو پەپوولانەوە هەڵدەچێ
ڕەنگی ڕەشبا و
ڕەنگی یەقینیان گرتووە ..

1996\8\3

ئێمە لە کوێین، کە بیر دەکەینەوە؟ … سۆران ئازاد

ئێمە لە کوێین؟ بە لەرزین و بە کوڕە دڵەڕین؟ ئێمە لە کوێن، کە لەناو ئازارە قووڵەکانماندا تەنیا بیرکردنەوە لە تاریکیی خۆ-کوشتن ئارامیمان پێ دەبەخشێت؟ ئەی ئێمە لە کوێین، کە لە فڕینمان بە خۆشبەختیدا خەریکە تا ئاستی ئاسمان دەفڕین؟ ئایا دەکرێت لە هەردوو دۆخە تاریک و ڕوناکەکاندا، ئێمە لە یەک شوێن و لە یەک کات بین؟ دەکرێت ئێمە لە یەک کاتدا لە چەند شوێنێک بین؟ ئایا دەکرێت لە یەک شوێندا، لە چەندین کاتی ونبوو، بەردەست و نەبوودا بین؟ وەڵامەکە ئاسانە، بەڵام ئاسانیی وەڵام مانای وانییە ژیان ئاسانە، جوانە و خۆشە، لە کاتێکدا ژیانیش کارەساتێکی تری بیرکردنەوەیە. ئەوەی لەبەر دەستمان دایە ئەوەیە، کە ژیان دەرکەوتەیەکە لە بوونمان؛ وەک چۆن مردنیشمان مردنمان نییە، بە هەمان شێوەیش ژیانیشمان ئەو ژیانە نییە، کە هەمانە، مادام ئێمە دەتوانین لە شوێن و کاتی تر بین، لە هەمان شوێن و لە هەمان

کاتیشدا.
(پیتەر سلۆتەردایک)ی فیلەسووفی ئەستای ئەمانی، لە کتێبی (هونەری فەلسەفە)دا، پرسیارەکی گرنگ و فەلسەفیی (هانا ئارێن) لە کتێبی (ژیانی هێش) دەروژێنێت، کە لە بابەتی (ئەمە لە کوێین، کە بیر دەکەینەوە؟) دەیکات. هەر (ئارێنت) وەک هەموو پرسیارەکمان دەداتەوە و دەڵێت (لە هیچ کوێیەک – nowhere). (ئارێنت) لە گوتارەکیدا، (سۆکرات) وەکو نموونە دەهێنێتەوە، کە لە کاتێکدا بیرکەیەکی بە دەهات، کات بە کات، لە هەر شوێنێک بوایە، دەچەقی، دەچەقی و بیری دەکردەوە. دەوروبەری (سۆکرات) نیاندەرزانی ئایا (سۆکرات) لای ئەوانە یان نا. ئایا ئامادەیی جەستەیی (سۆکرات) بە تەنیا بەس بە ئەوەی وابزانین، کە (سۆکرات) لێرەیە، یان ئەوەتا ئەو فەیلەسووفە لە شوێنی دیکە و ئەمە نازانین و دەستمان پێی ناگات؟ (سلۆتەردایک) ئاماژە بە ئۆگۆری وەڵامی هاوکاتەکانی دەدات و دەڵێت: "ئاسایی دەردەکەوێت ئۆگۆر هەندێک لە هاوکاتەکانمان پێیان وابێت، کە بیرکەکانی فەیلەسووف لە مشکی دان و فەیلەسووفەکەیش خۆی لە ژووری وانەوتنەوەیە، ژووری وانەوتنەوە لە زانکۆ دایە، زانکۆ لە شار و تا کۆتا، تا دۆگات بە شوێنێکی گەورەتر و لە خۆگری هەموو شتەکان، کە گەردوونە. (ل 30-31)" بەڵام (سلۆتەردایک) وەڵامێکی تر دەخاتە شوێنی ئەو بەچوونانە و دەڵێت: "وەڵامە ڕاستەکە کورتە و ئەو خاڵەیە؛ ئەوان لە شوێنێکن، شوێنێکی دی (Elsewhere)، کە لە ئێستادا هیچ جۆرە زانیارییەکی وردمان لە بارەیەوە لەبەر دەستدا نییە. (هەمان سەرچاوە)."
مادام (سلۆتەردایک) زانیارییە وردەکانی لەبەر دەستدا نییە، پێویست دەکات ئەو کۆشە فەلسەفییە، کە کۆشەیەکی زۆر پێوەندیدارە بە ژیانمانەوە، بخەینە بەر باس. ئەو خستنەبەرباسە بە ئەوە نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بەڵکو دەشێت بە ئەوە بڵێت ووناکی بخەینەر سەر دیوە ناڕۆشنەکانی. چونکە ئەمە سات لە دوای سات و ڕۆژانە بیر دەکەینەوە، پێویستە دەکات ئەو کاتەی بیر دەکەینەوە، بزانین لە کوێین و بە کوە دەچین. بیرکردنەوە دەمانبات، بە شوێن و سەرزەمین و کاتی دی، کە لە واقیعدا دەشێت هەبن و دەشێت نەبن، بەڵام لە دوای پرسەسی بیرکردنەوە، شوێن، کات و شتە نەبووەکانیش دێنە بوون، تەنانەت کەسەکانیش بە هەی شێلەکانی بیرکردنەوە خەیان فەدەدەنە ناو بوونەوە. مەبەستمان لە بیرکردنەوە لە خۆگرتنی ژیانەکە، کە ئەمە پێیەوە دەژیین. ئەمە ڕۆژانە دەژیین، هەناسە دەدەین، بیر دەکەینەوە، دەتەنگ دەبین، بە وزەیی دامان دۆگرێت و خەشبەختی دەمانفەنێنێت. ئایا دەکرێت هەموو ئەو دەخە جیاواز و دژ بە یەکانە لە یەک شوێن و لە یەک کاتی فیزیکیدا ووە

بدەن؟ ئایا دەکرێت ئەو ماددەی تێیدا بیرکەرەکان تا خەکوشتن دەمان بەن، هەمان ئەو ماددەی زمان بێت، کە تێیدا خشبەختی تا بینی ئاسمان دەمانفڕێنێت؟ وا دەردەکەوێت ئەو دەخە نەکرێ (improbable) و نەگونجاو (impossible) بێت.

کاتێک دەڵێن مادی ناو زمان، ئەوا مەبەستمان بوونمانە، چونکە هەر زوو (مارتن هایدیگەر) مادی بوونی دەزیەوە، کە زمانە، هەر وەک خەی لە بابەتی (نامەیەک لەسەر مرۆڤایەتی/هیومانیسم) دەڵێت: "زمان مادی بوونە. لەو مادی بوونەدا، مرۆڤەکان دەژیەن. ئەوانەی بیر دەکەنەوە و ئەوانەیشی بە وشە دروستی دەکەن، پاسەوانەکانی ئەو مادەن." بەو نزیکبوونەوەیەی (هایدیگەر)، بەمان دەردەکەوێت ئەمە بە بیرکردنەوە و ئەو وشانەی بە کاری دەهێنین، مادی بوونمان دروست دەکەین. بەڵام ئایا ئەو بیرکردنەوە و وشانە هەمان ئەو دووانە نین، کە دەتوانین مادی بوونی پێ بوخەنینەوە؟ لێرەدا کێشەی بیرکردنەوە و زمان کێشەیەکی لێکدانەباون. بیرکردنەوە بە بە زمان خەی مانیفێست ناکات و زمانیش بە بە بیرکردنەوە دەرناکەوێت. هەر هەمان نزیکبوونەوە، وا لە (فیتگینیستاین) دەکات، سەرتاپەی کێشەی فەلسەفە، بە کێشەی زمان ببەستێتەوە.
بەڵام لای (هایدیگەر) زمان نەک بە تەنیا کێشەیەکی فەلسەفییە، بەڵکو کێشەی بوونە، چونکە بوونیش خەی کێشەیە. هەر لەو چوارچێوەیەدا، ئاماژە بە گرنگیی بیرکردنەوە دەدات، کە گرنگیەکەی لەوەدا نییە، چ ئەنجامێک بەرهەم دەهێنێت و چ دەستکەوتێکی هەیە، بەڵکو خودی بیرکردنەوە کردار و ناوەڕۆکی بیرکردنەوە خەیەتی. هەر ئەو کردارە سادەترین و باڵاترینە، چونکە ڕەچاوی پەوەندیی نێوان بوون بە مرۆڤ-ەوە دەکات. بە هەمان شێوە لە دیدی ئەودا، تێرمی بابەت (object) و خە (subject) تێرمی نادروستی مێتافیزیکین، کە تێگەیشتن بە بوون نادەن بە دەستەوە. هەر بەیەشە دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە بەڵێت "مرۆڤووی بوون هیچ کاتێک ڕابردوو نییە، بەڵکو لە پێشماندا وەستاوە و بەردەوامە و هەمیشە لێکدانەوەی هەموو دەخەکانی بوون دەکات."

(هایدیگەر) دەروازەیەکی گرنگتری فەلسەفەمان بە ڕووداو دەکاتەوە، کە کێشەی ڕابردووە. تێگەیشتنی باو و ڕووکەش بە ڕابردوو ئەوەیە، کە ڕابردوو تێپەڕیوە. بە ددانان بەوەی، کە ڕابردوو تێپەڕیوە، کەسێک دەتوانێت لە وەهم و چەپاندنی فیکریدا بژیێت بە هیوای چڕوڕگرتن لە ساتی ئێستا و دەستخستنی ئامانجەکانی ژیان لە داهاتوودا. ئەوە ئێگەر لەسەر ئاستی ژیانی ڕووکەش و مێگەلیدا

باوەڕ، ئەوا لە مێژووی بووندا، وەکو (هایدیگەر) ئاماژەی پێ دەدات، خەڵک-دزینەوەیە لە گەیشتن بە ڕاستیی بوون. لەژێر ئەو ڕۆشنایییدا، دەپرسین، کاتێک ئەمە بیر لە ڕابردوو دەکەینەوە، کە سەرچاوەیەکی گرنگی بیرکردنەوەمانە، ئایا مانای وایە ئەمە لە ئێستا و داهاتووماندا دابڕاوین، یان مانای وایە ئەمە لە مێودا و ئاتمسفێرێکی تێگەیشتنی ترین بە بوونمان؟ ئایا ئەمە لە ڕابردووداً دەژیین، یان ئەوتا بوونمان ڕابردووە؟ بە هەمان کێشە، (هایدیگەر) تێگەیشتنی باو بە کات، کە خەی لە دابڕشبوونی (ڕابردوو)، (ئێستا) و (داهاتوو)دا مانیفێست دەکات، تێک دەشکێنێت و سەرتاپای بوون بە کات و کات بە بوون دادەنێت.

یەکەم شت (هایدیگەر) لەو گوتارەیدا هەوڵی بۆ دەدات گەڕانەوەیە بۆ ڕاستەقینەیی بوونی بیرکردنەوە. ئەو گەڕانەوەیە بە دەزینەوە و گەیشتنە بە سەرزەمینی ڕاستیی بوون. بۆ بە گەڕانەوە بە بیرکردنەوە، ئەمە نە دەتوانین بە ڕاستیی بوونی خەمان بگەین، نە هیچ ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ئەوەی لە بوونمان تێ بگەین. ئەمە، کە فەیدراوین بە ناو دنیا، ئەگەر لە هیچ تێنەگەین، پەیوستە لەوە تێبگەین بۆ لەڕین و دەتوانین چی بکەن. ئەمە تازە لە دنیا و ژیان داین و ئەو لەگەڵ بوونیش هاوکاتە بە بوونی ئەوانی تر، کە ئەوانیش وەکو ئەمە فەڕدراونەتە ناو بوون. گەشتی ئەم هەوڵە بە تێگەیشتن لە بیرکردنەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بیرکردنەوەیەکی ڕاستەقینانە، نەک تەکنیکانە.

لەژێر ئەو ڕۆشنایدایە، ئەوەی کە بیر دەکاتەوە لەسەریەتی بزانێت ئایا لە ڕاستیدا لەناو پرسسی ڕاستەقینەی بیرکردنەوە دایە، یان ئەوەتا لەژێر هەژموونی بیرکردنەوەی ئەوانی ترە، چونکە ئەوەی بیر دەکاتەوە، بە وەڵامکەی (سلەتەردایک) بێت، لە شوێنکی دیکەیە. بیرکردنەوە گواستنەوە ئەمەیە بە شوێنک، کە خەمان لە ڕێگەی بیرکردنەوە دروستی دەکەین، یان بۆی دەچین. ئەوەی لەژێر هەژموونی ئەوانی تردا بیر دەکاتەوە، لەو شوێنە نییە، کە خەی دەبێت لەی بێت، بەڵکو لە بیرکردنەوەیشدا لەو شوێنەیە، کە ئەوانی تر دروستیان کردووە. ئازادبوون (liberation) لەو کاتەدا دەست پێ ناکات، کە ئەوانی تر لە ژیانماندا نین و ئەو سنووراندە تێک دەشکێنین، کە ئەوانی تر بەیان دروست کردووین، بەڵکو لە بیرکردنەوەی ئازادانە دەست پێ دەکات، واتە کەسێک لە بیرکردنەوەیدا ناچێت بە ئەو شوێنەی تر، کە ئەوانی دیکە تێیدا بیر دەکەنەوە، بەڵکو شێوەکانی بیرکردنەوەی هەزی دروستکردن و

دەزینەوەی شوێن و زەمینەی دی بۆ ئازادبوون پێی دەبەخشن.
دەگمەنەوە بە دەستهاوژەی بیرکردنەوەی تەکنیکانە، کە (هایدیگەر) بە کاری دەهێنێت، کە بە تەنیا پێمان ناڵێت بیرکردنەوەی تەکنیکانە چییە، بەڵکو ئەوەشمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە بیرکردنەوە لە خۆیدا دەتوانێت بگۆڕێت و لە ڕێگەی ڕاستەقینەکەی خۆی، کە ناسین و دەزینەوەی ڕاستیی بوونە، دوور بکەوێتەوە. هەر لە بەر ئەوەیە کەمێك بیرکەی ڕێکنەخراو لەناو هەشکی ناجێگیر و بۆ ئاراستە ئاماژەی ئەوە نین، کە ئەمە بیر دەکەینەوە، یان ڕاستر بڵێین لە پرسەسە ڕاستەقینەکەی بیرکردنەوە داین.
یەکێک لەو تێگەیشتنە گرنگانە لەو نووسینەی (هایدیگەر)دا دەستمان دەکەوێت، گۆڕان یان وەرگێڕانی ڕەسەنیەتی بیرکردنەوەیە. پێویست دەکات ئەو خاڵە فەلسەفییە ڕوشنایی بخرێتە سەر و لەی تێبگەین، چونکە ترسناکیی بیرکردنەوەیش لەو خەسڵەتیەوە سەر هەڵدەدات، کە دەتوانێت ببێت بە شتێک لە دەرەوەی خۆیدا. ئەوە لێکدانەوەیەکی فینەمینەلۆجیانە نییە، هەندەی ماملەکردنە لەگەڵ ئەو دەرکەوتانەی بە هەی دوورکەوتنەوەی بیرکردنەوە لە خۆی دروست دەبن و دێنە بوون.
هێنانەوەی (هایدیگەر) ئاگەر بە خۆشکردنی زەمینەی گرنگیی بیرکردنەوەیە لە بوونداە، ئەوا بە ناسینی خودی پەسەسەکانی بیرکردنەوە و وەرگێڕان و گواستنەوەی بوونە بە هەی بیرکردنەوەوە. ئاگەر بیرکردنەوە بە فەرم و ناوەرۆکی تر بگۆڕێت و بگوازرێتەوە، ئەوا مانای وایە بوونی ئەمە بە فەرمی جیاوازتر لە ڕەسەنیەتی خۆی دەگۆڕێت و دەگوازرێتەوە. ئەو بیرکردنەوەیە ماڵی بوونمان بە دروست دەکات و هەمان ئەو بیرکردنەوەیشە ماڵی بوون، کە زمانە، تەک دەشکێنێت.
دەشێت کەسێک لە کاتی بیرکردنەوە لەو پرسیارانەدا، ووبەووی سەرلەشێوایی فەلسەفیی ببێتەوە، بڵێی، کە بیرکردنەوە، بە تایبەت لە زمانی ئەمەدا پێناس و ناسینی زەر سنووردارە پێ بەخشراوە. بەشکی ئەو دیاردەیە دەگۆڕێتەوە بە ئەوەی، کە لە زمانی ئەمەدا هەشتا بیرکردنەوەی مێتافیزیکیانە زاڵە. لەم ووەوە، ڕەشنبیران و نووسەرانی ووکەش، خزمەتێکی گەورەیان بە زاڵبوونی نەریتی مێتافیزیکی کردووە. پابەندبوون بە بیرکردنەوەی ئەقڵانی و دوور کەوتنەوە لە کەوتنەژەر کاریگەریی سز و هەستکانمان، لە زاڵترین دیاردە مێتافیزیکیکانی بیرکردنەوەی ئەمەن. دیارە ئەو جۆرە زاڵبوونە لە تێگەیشتنی قووە لە فەلسەفەی مێتافیزیکا نەهاتووە، هەندەی لە بایەردانی پشوختنەوە و حوکمی خۆرا سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە بە ئاسانی سەرلەشێواویی ئەوان لە بەرانبەر کەشگەلی فەلسەفیی پەوەندیدار بە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە دەبینین.

هەر (هایدیگەر) ئەو نەریتە مێتافیزکیایە تێک دەشکێنێت، ئەویش بە بەرزکردنەوەی پرسیاری بوون لە ئاست گرنگی و سەنتەراڵیی دیاردە (phenomenon) و هەبووکانی (entity) تر. ئەو هەوڵانەی (هایدیگەر) لە کتێبی (بوون و کات)دا دەست پێ دەکەن و لە نووسین و وانەکانی تریدا بەردەوام دەبن. ئەمە بوونمان هەیە، ئەو بوونیش سەنتەراڵی هەموو دیاردە، هەبووە و کەشکانی تر. بەبێ بوون، هەوڵدان بە ناسینی بوون، نەکردەیە. ئەمە کاتێکیش بوون دەناسین، کە بیرکردنەوە بە ڕاستەقینەکەی خۆی بگەڕێتەوە، کە ناسینی بوونە و لەگەڵ وشکاندا پاسەوانی لە ماڵی بوون بکەن، کە زمانە.
ئەگەر نزیکبوونەوە (approach)ی (هایدیگەر) لەو ئاراستەیەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوا لای (نیتچە) لە جیاوازی و بەیەکدادانی نێوان (دیۆنیسوس- Dionysus)، کە بە خوای هەژی، خەمەکی، دەخەشی و ئازاری ناسراوە، لەگەڵ (ئەپۆلۆ – Apollo)، کە بە خوای ڕووناکی، هاوەنی، لۆگیک و گەشەسەندن ناسراوە، خۆی دەردەخات. لێرەدا ئەمە ڕووبەڕووی ئەق و هەست دەبینەوە.
لە بیرکردنەوەی مێتافیزیکیدا بەشک لە فەیلەسووفەکان لایەنگری خۆیان بە ئەق و بەشکەی تر بە هەست و سەزداری دووپات دەکەنەوە. بۆیە (نیتچە) هاوەنی لەنێوان جیاوازیی ئەو دوو خوایە یان هێزە دەبینێتەوە، هەر بۆیە ئاگایی ئەمە دەخاتە سەر ئەو جیاوازیانە. هەر ئەو دۆخە، کە ئەو دوو خوایە جیاوازیی یەکجار گەورەیان لە قووڵایی و بەرزایی ئامانجەکانیاندا هەیە. (ئەپۆلۆ) بە (نیتچە) سەرچاوەی پرەنسیپی جیاوازییە (the principle of individuation). (نیتچە) ئەو کەنسەپتە بە ڕووتکردنەوە و دامالینی تاک لە هەر خەسڵەتێکی سرووشتی، غەریزە، ئەو کەمەڵەیە تێدا گەورە بووە و هەموو بەربەست و سنوورە کەمایەتیانەی هەیەتی، بە کار دەهێنێت، بە ئەوەی جارێکی تر هەشی و هەکاری کەمەڵەی وەک خۆی بەردەوامی بە خۆی بدات. بە پێچەوانەوە، (دیۆنیسۆس) سەرچاوەی پرەنسیپی ناجیاوازییە، ئاماژەیە بە هەموو ئەو ئارەزووانەی، کە ئەمە لە هەست و سەزماندا بە دوایاندا دەکەوین. ئەم بەدواکەوتنە ئەنجامەکەی یان لە خۆشبەختی تا ئاسمان، یان ئەوەتا لە دەتەنگیەکی قووڵ تا مەرگ خۆی بەرجەستە دەکات.

(نیتچە) ئەی ئەو دووانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، چونکە کەلتووری (گریک) بەرهەمی بەیەکدادان و پەیوەندیی نێوان ئەو دووانەیە. وەکو تر، نیشانە و خەسڵەتکانی ئەو دوو خوایە جیاوازە لە مرۆڤدا هەن و ژیانی مرۆڤ بەرهەمی بەیەکدادانی ئەو دوو ئاراستە جیاواز و دژ بە یەکن. لێرەدا دژکان یەکتر لەناو نابەن، بەکو گوزارشت لە

یەکانگیرییەکی باڵاتر دەکەن. هەر لەوەدا جیاوازیی نێوان موزیک لەگەڵ وێنە و بیرکەوە دەکات، بەوەی موزیک خاسەتی ئاستەوخۆی لە بەریەکخستنی ئەمە بە ناوەکەوە هەیە، لە کاتێکدا وێنە و بیرکەکان خاوەن هێزی ناسینی ڕووی دەرەوەی بابەتمان پێ دەبەخشن. هەر وەک خۆی دەڵێت: "وەکو ئەوەی (شپنهاوەر) فەرمان دەکات، ئەمە لەوە تێدەگەین، کە موزیک وەک زمانی ئاستەوخۆی ویست و هەست، ئێندەشەکانمان تێکەڵ دەکات بە ئەوەی هەشی ئەو جیهانە خۆی بگرێت، کە بە شێوەیەکی نادیار بەمان دەدوێت و لەگەڵ ئەو جووڵە زیندووەدا خەیمان بە ناشنایی جیاوازەکانیەوە بە بەرجەستە و دەردەخات. هەرچی وێنە و بیرکەیە لەژێر کاریگەریی ئاست و ناوانی موزیکدا دەگاتە ئاستی مانا بەرزەکان و مسۆگەریان دەکات. ل57."
پێوەندیی نێوان موزیک لەگەڵ وێنە و بیرکە بە تەنیا باسکردن نییە لە پێوەندیی ئەو سێیانە، بەڵکو ئاماژەدانە بەو هاوماهێنییەی، بە هەی بەیەکدادان و کارلێکردنی ئەو دوو هێزە جیاوازە ڕوو دەدات. ئەو هاوماهێنییە دەروونی و فیکری یان هزرییە بەبێ یەکتر ناتوانن ڕوو بدەن. ئەگەر هەر یەکێک لەو دووانە و بە تەنیا لە ناوەوەی تاک یان مرۆڤدا کار بکەن، ئەوا مرۆڤ لە ئاستی دەروونی و هزریشدا تووشی نامۆیی بە خۆی و جیهان دەبێتەوە.

ئەمە نە بەبێ هەستەکانمان دەتوانین ئاشتیمان لەگەڵ بوونی خۆمان هەبێت، نە بەبێ بیرکەوە و وێنە هەشکیەکانیشمان. هاوماهێنیی ژیان و ئاشتیی دەروونی و هزری لەو کاتەوە دەست بە گەشتی خۆی لەناو ژیانی تاکدا دەکەن، کە هەردوو هێزی سەزی و هەزری ئازادانە بەیەکەوە بەرەو خواروو و بەرەو سەروو بەرز ببنەوە و دابەزن. لەڕەوەیە، خوێندنەوەی (سلێتەردایک) لە کتێبی (تە دەبێت ژیانت بگەیێت) بە (نیتچە) ئەوەیە، کە (نیتچە) نەک بە تەنیا فەرمان دەکات بە پێشەوە (forward) گەشە بکەین، بەڵکو دەبێت گەشەکردن لەسەر ئاستی ئاسۆیی (horizontal) و ستوونیدا (vertical) بێت. هەر لە هەمان کتێبدا، ئاماژە بە ئاستەنگ و چەقبەستنی ستوونی (vertical tension) دەدات، کە دەبێت بە بەربەستی گەشەکردن، بەڵام بە گەشەکردنی هاولایەنانە بە پێشەوە (forward) و بە سەروو (upward) بە هێزی قووبوونەوە و کوتنە ناو قووڵاییەکانی خوارەوەی خۆمان (inward)، ئەمە دەتوانین بەسەر بەربەستەکاندا زاڵ بین. ئەو زاڵبوونە، یان خۆ-زاڵبوون (self-overcoming) لە بنچینەترین و گرنگترین ئەو کۆنسێپتانەیە، کە (نیتچە) لە سەرتاپای کارە فەلسەفییەکانیدا پەیڕەوی کردووە. بەبێ ئەو زاڵبوونە، تاک یان مرۆڤ توانای تێکشکاندنی بەربەستەکانی نابێت و بەم هەیشەوە، دەرفەتی گەشەکردنی سەروو و بە پێشەوە بە

هەی هەزی خوارەوە لە دەست دەدات.
ئەوەی، کە دەیەوێت گۆشە بکات و بەردەوام زاڵ بێت، پێویست دەکات هێندەی خۆن بە بەرزاییەکان گەیشتن بە ئامانجەکانی دەبینێت، هێندەیش ئامادەیی گونگرتن و کەوتنەخوارەوە لە ئازار و دڵتەنگییەی قوڵسەکانی بێت، هەر وەکو لە کتێبی (زانستی هەژی)دا دەڵێت: "ئایا ئەو کەسەی دەیەوێت هەتا ئاستی ئاسمان فڕی ئاسوودەیی بێت، دەبێت ئامادەیش بێت تاکو ئاستی مەرگ دڵتەنگ بێت؟ وا پێدەچێت ئەو هەمان ئەو شتەیە بێت، کە هەیە. (ل38) ".
دڵتەنگبوون تا ئاستی مردن یان مەرگ لە قوڵسترین دەخەکانی ژیانمانن. ئایا ئێمە لە دڵتەنگییەکاندا چ هەزێکە وامان لە دەکات بەردەوامیی بە ژیان بدەین؟ ئەگەر هەر بە (نیتچە) بگەینەوە، ئەوا دەڵێن هەمان ویستی چڕ، کە لە ئازاری و دڵتەنگیشدا غەرقمان دەکەن. لەڕدا ویستی هەز ەەی گەورەی خۆی دەگەێت، کە هەزیش بە گۆشەکردن و زاڵبوونی بەردەوامە.
مەگەر ئێمە ئەوە نەکەین، ئەگەرنا لە چارەنووسی ناکۆتای گەانەوەی هەمیشەیی (eternal recurrence) ڕزگارمان نابێت. مەبەست لە گەانەوەی هەمیشەیی گەانەوەی بەردەوام و لەژمارنەهاتووی ئێمەیە بە ژیان، بە هەمان ئاست و هەمان ەوداو و هەمان دەخەکان. هەکاری ئەو گەانەوەیەش لە وزە ناکۆتاکەی گەردوونەوە هاتووە. ئەوەی گۆشە نەکات و نەتوانێت بەردەوام بڕو سەروو بە گونگرتن لە دڵتەنگییەکانی خواروی هەکشێت، بەردەوام لە چارەنووسە بەدەکەی گەانەوەی هەمیشەیی لە قووڵایی ئازارچێشتنەکانیدا دەمێنێتەوە. بەیە ئەوەیشی پێی وایە مردن کۆتایی و ڕزگاربوونمانە لە ژیانە، ئەوا زەر هەرزانانە لە بوون و ژیانی ەوانیوە و نرخێکیشی زەر ئاسان دەست کەوتووە و هەر بەو نرخە کەمەیشەوە ژیان و بوون دەبەخشێتەوە.

ئێمە، کە لەناو وزەیەکی ناکۆتا و بێپەوانەدا دەژیەن، ئەگەر بە هیوای بەخشینی ژیان بە مردنەوە کات و ساتەکانمان ەوانە دەکەین و بەسەر دەبەین، ئەوا لە چ ئاست و دەخەکدا دەتوانین هەزی ئەو گەانەوە هەمیشەیە، کە لە لای (بوودا) و ئاینی (هیندەیوزم) بە دەناودەن (reincarnation) گوزارشتی لە کراوە، تێبپەنین؟ سەرەای جیاوازییەکانیان، نەریتی فەلسەفیی (گریک)، کە خاوەن کەنسەپتی گەانەوەی هەمیشەیە، لەگەە نەریتی هیندەیوزم و بوودیزم، کە خاوەن و گۆشپەدەری کەنسەپتی دەناودەن، لەو شوێنەدا هەردووکیان یەک دەگرنەوە، کە چ دەناودەن و چ گەانەوەی هەمیشەیی ئاماژەن بە بازنەی ئازارچێشتن (circle of suffering). ئەوە مانای

وایە ئەم، کە لە ژیانین، ئەوا لە کارساتکی گەورە تکئاوین و تاکە دژچوونیشمان ڕۆشنگەری (enlightenment) لای بوودیەکان و خۆ-زاڵبوون (self-overcoming)ی لای (نیتچە).

دۆشت وەامی پرسیارەکە، کە (سڵتردایک) زانیاری وردتری ترمان پێ نادات، ئەو بەت کاتک ئەم، کە بیر دەکەینەوە، لە شوێنکی ترین، بەڵام ئەو شوێنە هەر یەک شوێن نییە، چونکە ئەوانی تریش، کە بیر دەکەنەوە لە شوێنگەلی ترن. ئەو شوێنەی بیرکردنەوەی کەسکی ڕۆشنگەر، یان بەسەر خەزاڵبوو و پڕ لە ویستی هەز هەیەتی، جیاوازە لەو شوێنەی، بە پێی پێناس و ناساندنکەی (نیتچە) بەت، مەگەل و حەشامەت تێیدان. لەو ژیان و بیرکردنەوەی مەگەلەدا، هەمووان لە یەک شوێنی بیرکردنەوەن. ئەمە ئەگەر بە جیاکردنەوەی ڕۆگاکەمان لە ئەوانی تر ڕووبەووی تێنیایی و ئازار دەبینەوە، ئەوا لەبەر ئەوەیە، کە ئەمە لەگەڵ ئەواندا دژیەن، لەگەڵ ئەواندا هەناسە دەدەین و لەگەڵ یەک جیهان، بە پێی بڕچوونکەی (هایدیگەر) بەت، کەوتووینەتە ناو بوونە و لەگەڵ یەکتریش هاوبەشی پێ دەکەین، بەڵام کە بیر دەکەینەوە، لەو شوێنە نین، کە ئەوانی لێن. ئەگەر هەر لەو شوێنە بین، هەزی بیرکردنەوەی تاکانەی ئەمە لە کوە دایە و بڕچیش، هەر وەک لە بابەتی (ئایا ئەمە بوونەوەری بیرکەرەوەین) ئاماژەم پێی داوە، شتێک بکەین، کە نازانین چییە، کە مەبەستم لە بیرکردنەوەیە مادام ئەوانی تر لە جیاتی ئەمە دەیکەن و کردوویانە؟!

تێبینی:
ئەم بابەتە بەشکە لە زنجیرەی باسکی هزری کتێبی (هەزی گەینی ژیان).

سەرچاوە ئاماژە پێدراو و وەرگەانکان:

Heidegger, Martin. ‘A Letter on Humanism’. Translated by Frank A. Capuzzi. First Edition, 1949. http://pacificinstitute.org/pdf/Letter_on_%20Humanism.pdf

Heidegger, Martin. ‘Being and Time’. Translated by John Macquarrie and Edward Robinson. Black Well Publication. Last Edition 2001.

Nietzsche, Friedrich. ‘The Birth of Tragedy; Out of the Spirit

of Music’. Translated by Lan Johnston. Vancouver Islan .University, Nanaimo, British Columbia Canada

http://www.holybooks.com/wp-content/uploads/Nietzsche-The-Birt h-of-Tragedy.pdf

Nietzsche, Friedrich. ‘The Gay Science’. Translated by Josefine Nauckhoff. Edited by Bernard Williams. Cambridge .University Press. First Publication 2001

Sloterdijk, Peter. ‘The Art of Philosophy; Wisdom as a Practice’. Translated by Karen Margolis. Published by Colombia .University Press- New York 2012

Sloterdijk, Peter. ‘You Must Change Your Life’. Translated by .Wieland Hoban. Polity Publication, 2014

The Tibetan Book of the Dead’. Discovered by Karma Lingpa.‘ Translated by Robert A. F. Thurman. Bantam Books Publication .2000

Wittgenstein, Ludwig. ‘The Philosophical Investigations’. .Translated by G. E. M. Anscombe. Basil Blackwell Publication

http://static1.squarespace.com/static/54889e73e4b0a2c1f9891289 /t/564b61a4e4b04eca59c4d232/1447780772744/Ludwig.Wittgenstein. -.Philosophical.Investigations.pdf

---

شوناسی پارتی لە نێوان تۆتالیتاریيەت و دیکتاتۆرییەت

… 2… ژگار عەلی

(بەشی دووەم)

لە بەشی یەکەمدا جهودێکی کەممان بۆ ناساندنی ژۆمی دیکتاتۆری بەخشی و زیاتر تەرکیزەکەمان لەسەر ژۆمی تۆتالیتاربوو، ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەو جیاکارییە یەکسەر ووئیای وونبێت پارتی چ سیمایەکی هەیە و چۆن ئیش دەکات، بەڵام ئەمە بەس نییە، بەڵکو (بەکورتی) دەچینە ناو بونیادی پارتی لە دوو دەیەی را ِبردوو بە ئێستاوە، بۆ لەوە دوو قۆناغی تری پارتایەتی وناسیونالیزمی کوردی کە بریتییە لە قۆناغی (شۆشگێڕی و ئاپەرین) باسدەکەین، لەوێ تەرکیز دەخەمە سەر ئەوەی ئایا شتێك هەیە بەناوی شۆشی کوردی؟ ئایا ئەم شۆشگێڕانە کێبوون و چی بوون؟ ئایا دەرئەنجامی شۆش چیبوو؟ ئایا قۆناغی شۆشمان هەیە کە پێش ئاپەرین بوو، دوای ئاپەرینیش حوکمڕانی خەڵکی، ئەی ئاپەرین چیبوو؟ ئایا ئاپەرین لە کوێی قۆناغەکانی شۆش و حوکمڕانی خەڵکییە؟ ئەم گەڕانەوەیە هەم بۆ ئەوەیە مێژووی ئەو سەرکردانی پارتی و پارتایەتی بزانین کە تا ئێستاش بەو شیعارەی دوێنێ و شەرعییەتی دوێنێوە حوکمڕانمانن، هەم سیما دیارەکانی مێژووی تۆتالیتار و دیکتاتۆری و شوناسیان دیاریبکەین..

ئێستا بە گەڕانەوەمان بۆ مێژوو، بونیادی ئەم حزبە دابەش دەکەین، ئەمە نامانەوێت تەواوی ووداوەکانی ئەم حزبە لێکبدەینەوە، چونکە ئەوە لێکدانەوەیە دەبێتە تائویلیکردنی ووداو نەك جەوهەر، بەڵکو دەمانەوێت شوناس و جەوهەر بزانین، هەر لەبەر ئەمەش دوو قۆناغی سەرەکی هەیە کە قۆناغێك بە قۆناغی ژگاری یان (ئازادی نیشتیمانی) دادەنرێت کە ئەم قۆناغە بە (شۆش) ناودەبرێت. قۆناغێکی تر بە قۆناغی (دوای ئاپەرین) دادەنرێت، ئەم دوو قۆناغە، قۆناغی شۆش و دوای شۆش کەمەکی باشمان دەکات بۆ ئەوەی حاڵی بین و بزانین لە ئێستادا شوناسی ئەم حیزبە چییە؟ لەگەڵ چەند پرسیارێکی تریش، وەکو، ئایا لە مێژووی ئەم حزبەدا، قۆناغی شۆش بوونی هەبوو لەگەڵ قۆناغی دوای ئاپەرین. ئەی خودی ئاپەرین چیبوو؟ چونکە ئاپەرین نە دەچێتە ناو ئەو قۆناغەی کە شۆشگێڕی بوو، نە دەچێتە ناو ئەو قۆناغەش کە بە قۆناغی دوای ئاپەرین دەناسرێنێت.

- **قۆناغی شۆشگێڕی**

ئەم قۆناغە بەو قۆناغە دەگوترێت کە پاتریاکەکان و پیاوەنی کورد و ناسیونالیزمی کوردی لە شاخ بوون، ئایا ئەمانە بۆ لە شاخ بوون؟ ئایا بەڕاست شۆڕش چییە؟ گرنگترین و جەوهەرترین پرسیاری ئەم بەشە ئەوەیە کە، دەرئەنجامەکانی شۆڕش چی بوون؟ چونکە لەناساندنی دەرئەنجامی (شۆڕش)دا خودی پرسیاری (شۆڕش چی بوو؟) ئاشکرا دەبێت.

شۆڕش لە سادەترین مانادا بەمانای دەستکاریکردنی دونیایەکی بۆزرا و ناشیرین و گۆڕینی بۆ دونیایەکی جوان، یان ئازادکردنی تاك لە جەبرێك یان ستەمێك. هەندێك عەقڵی ناسەلیم دەبێژن شۆڕشگێڕانی کورد و (مەلا مستەفای بارزانی) شۆڕشگێڕی ناسیونالیزی بوون، لەکاتێکدا ئەگەر سەیری چواردەوری ئاغاکان و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کورد و چواردەوری ئەو باڵەی (مەلا مستەفای بارزانی) بکەین نەك هیچ شتێکیان دەربارەی چەمکی ناسیونالیزم نەدەزانی، بەکو بە پێی سەرەتای ئەو کۆبوونەوانەی پێکهێنانی حزبی سیاسی زۆربەی بۆ پیلانگێڕانی بووە دژی ئاغاکەی ئەودی خۆی، واتە لە سەرەتادا ئەوەی پێی دەگوترێت شۆڕش لای شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرکایەتی ئەو فیکرەی لای (مەلا مستەفا)هەبوو نەك دژخێکی ناسیونالیزم نەبووە، هەرگیزیش دژخێکی رزگاربوون نەبووە لە حوکمی ناسیونالیزمی عەرەبی و تیرەکانی، بەکو شۆرشی کوردی لای (مەلا مستەفا) لە ساڵانی چل و پەنجاکان تا دواتر کە دەستیپێکرد هەوڵدان بوو بۆ گەورەکردنی حوکمانیکردنی عەشیرەت و عەشایەری ناو دیوەخانەکان، واتە شۆڕش لەم سەرەتایانەدا فراوانکردنی دەسەڵاتی عەرش بوو، هەروەکو ئەو سەرەتایانە وابوو کە فەیلەسوفی پەیمانی کۆمەڵایەتی (تۆماس هۆبز) ئاماژەی پێکردووە، کە (ئەو کاتەی فەرمانەوایکردنی نییە، شە لە نێوان مرۆڤەکاندا لەسەر مۆکییەت و خاوەنداری زەوی وزار ووەدات)، شۆڕشی کوردیش لەسەرەتاکاندا هەمان بیرکردنەوە و عەقڵییەت بوو، ئەم بیرکردنەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت هێشتا شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرکایەتی(مەلا مستەفا) نەك ناسیونالیزم نەبووە، بەکو ئاگاشیان لە چەمکی ناسیونالیزم نەبووە و تەنانەت هێشتاش لەناو (دژخی سروشتی) بوون، ئەو دژخەی کە فەیلەسوفی پەیمانی کۆمەڵایەتی هۆبز ناوی دەنێت مرۆڤ بۆ براکەی خۆی گورگێکە، (ئەم فیکرەیە واتە دژخی سروشتی دەکرێت بۆ ئێستاش دروست بێت).
شۆڕشگێڕان لەناو ئەو دژخە سروشتییەدا جگە لە دژەندەیەك کە هیچ بیرکردنەوەیەکی نەبووە شە نەبێت، جگە لە دەعبایەك بۆ ئەوەی براکەی خۆی قوت بدات هیچی تر نەبوو.
لێرەدا دەستپێکی ئەوەی بە شۆڕش دەناسرێت دەستپێدەکات، ئەم دەستپێکە بۆ گەانەوەی ئەو کاتەی حوکمەتی عێراق دەگەتەوە، دوای

ئەوەی حوکمەتی ئەو کاتەی عێراق کە حوکمی پاشایەتی بوو قبوڵی نەکرد مامەڵە لەگەڵ چەند خێڵ و قەبیلە و عەنتەرەی ناو دیوەخان و درەبەگ و مرۆڤی فاشیل بکات، ئەمانە ووڵ لە شاخ دەکەن، لێرەدا ئەم کێشەیە فاشیلە لەگەڵ شەقتێهەڵدانیان لەناو دیوەخانەکانیان وەکو کێشەیەك ووڵ لە شاخ دەکەن، ئەمە سەرەتای جیاکردنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردی بوو، دیارە لێرەدا ئەوانەی لە شاخ بوون بۆ ئاگابوون لە دژی ناسیونالیزم و تێگەیشتن لە ناسیونالیزم.

لەگەڵ چوونە شاخی ئەمانەدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ پشتگیری دژێکی هەڵەختێنراو کە بە (ناسیونالیزمەوە) دەناسرێت ووڵ لە شاخ دەکەن، بەتایبەت ئەوەی فێڵمی تەواو بە ناسیونالیزم و کوردایەتی دەدات ئەو ڕۆشنبیرانە بوون بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم ئەحمەد) کە ووڵ لە شاخ دەکەن، ئەمانە ئاگاداری دونیای دەوروبەر و بەتایبەت ووداوەکانی عێراق و سوریا بوون و هەندێکیشیان لەناو ووداوەکان بوون، بە تایبەت دوای دروستبوونی یەکەم کۆنگرەی حزبی (بەعس) لە ساڵی 1947 لە سوریا و دواتر گواستنەوەی چالاکی ئەو حزبە بۆ عێراق و لە ژێر هەوڵی دروستکردنی ڕۆخراوی (جیدی) لە ساڵی 1947، ئەوەی جێگای داخە ئەو ڕۆشنبیرانە بە چوونە شاخی ئەم دەرەبەگانە هەڵدەخەڵەتێن و دەچنە ناویان و لەگەڵ ئەوەش فێڵمی تازەی شێوش و کوردایەتی بەم کۆمەڵە دەرەبەگە دەبەخشن و تەسلیمیان دەبن، ئەم فێڵمپێدانە تا جیابوونەوەی (ئیبراهیم ئەحمەد) بەردەوام دەبێت، کێشەی جیابوونەوە ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لای ئاشکرا دەبێت ئەمانە کۆمەڵە قەبیلە و خێڵەکن کە نەدەزانن کوردایەتی چییە، نە شێوش، بەڵام لەو کاتەوە کوردایەتی و ناسیونالیزم دەبێتە ئامرازێکی دەستی ئەو نەوە کۆییەی شاخ و بە زیرەکی و ئازایەتی خۆیان بەردەوامی پێ دەدەن، لەو قۆناغەدا پارتی لە ڕۆگای ئەو ڕۆشنبیرانەوە ئاگاداری تەواوی دژی ناوچەکە دەبێت، وە لە ڕۆگای ئەو ڕۆشنبیرانەشەوە دژی ناسیونالیزم دەچێتە ناو دژی ئەو مرۆڤە کۆیانەوە، هەر لە ڕۆگەی ئەو ڕۆشنبیرانەشەوە پارتی ئاگاداری تێری بەعس و ئیشکردنی بەعسی سوریا دەبێت، چونکە زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد کە چوونە شاخ پێشتر لە سوریا بوون و هەندێکیش لەو ڕۆشنبیرانە لەناو چالاکییەکانی حزبی (شوعی) ئەو کاتە بوون کە چالاکترین حزبی سیاسی ئەو کاتەی عێراق بوو، هەر بۆیە ئەو ڕۆشنبیرانە زۆر باش لە دژی بەعسیزم تێدەگەیشتن، هەر لەو ڕۆگای ئەو ڕۆشنبیرانەشەوە (مستەفا بارزانی) ئاشنای تیوەرەکانی (میشەل عەفلەق) کە مەسیحییەکی ئەرتەدۆکسی بوو، لەگەڵ (سەلاحەدین بەیتار)

که سونی بوو دەبێت، ئەم دوانە لەدامەزرێنەرانی بەعس بوون، ئەم ئاشنابوونە بۆ ئەوەبوو ووبەووی بەعس بێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی حزبی بەعس تیوەرەکانی بکاتە پراکتیك، پارتی کردی، واتە پارتی پێش بەعس تێری بەعسیبوونی کردە کردار. ئەو ڕەشنبیرانە زۆربەیان بوونە قوربانی ئەو فەزا سەقافییە و تێرانەی کە خۆیان لە شیکردنەوەیدا بوون بۆ ئەوەی ووبەووی حوکمەتی ئەو کاتەی عێراق بە سەرکایەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز) ببنەوە، هەر بەو تێرانەی کە خۆیان ئاشنای (مەلا مستەفا)یان کرد ئەم ڕەشنبیرانە بەر شەق دەکەون و دەردەکرێن. ئەو دۆخەی شۆشگێڕانی (ئێستا) ناویان ناوە شۆش جگە لە ملشکاندن و تیرۆرکردن و ئیعدامکردن و جیابوونەوەی باڵ و لەولاشەوە شەڕفرۆشتن بۆ ئەوەی کامیان ببنە دەمڕاستی کوردبوون بەرانبەر حوکمەتە یەکلەدواییەکەکانی عێراق هیچی تر نەبوو، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کورد لەو کاتەدا کارئەکتەری شۆشگێڕی نەبوو، بەڵام ئەوەی هەبوو شۆش نەبوو بەکو لەناوبردنی کارئەکتەرە شۆشگێڕەکان بوو، تەنانەت بەعسی سەردەمی سەدامیش ئەوەندەی ئەو (کەمەڵە) کوردانەی ئێستا و فیکرەکانیان کە لە شاخ بوون تێرەکانی بەعسیان نەکردە کردار بۆ ملشکاندنی یەکتر و کۆشتنی یەکتر و لەناوبردنی شۆشگێڕەکانی کورد (تا ئێستاش هەمان تێر لەناو پارتی بەردەوامە). دوای شیکردنەوەی دۆخی دروستبوونی (شۆشی کوردی) ئێستا جێگەی خۆیەتی بپرسین، دەرئەنجامی شۆش چی بوو؟ نامەوێت ووداوەکان بنوسمەوە و یەکسەر بە پرسیارێك وەڵامدەدەمەوە، ئایا ئەوە چ شۆشێکە کە دەرئەنجامەکەی کوژرانی سەد و حەفتا هەزار ئەنفال و پێنج هەزار هەڵبجەیی و حەوت هەزار بارزانی بێت؟ ئایا کەس لە خۆی پرسیوە ئەوانەی سەرکردایەتیی شۆشیان کردووە لە پەنچاکانەوە تا ئێستا بۆ ئێستاش حوکمڕانن، ئەی بۆ نەکوژران، ئەی ئەو هەموو کوردە کوژرا و ئەو هەموو گوندە وێران کرا ئێوە لە کوێ بوون؟ شۆشەکەتان لە کوێ بوو؟ ئایا نزیکەی دوو سەد هەزار کورد بدەیتە کوشت و هەزاران گوند وێران بکرێت و دواتر ئای چ شەرمێکە بێیت شۆشم کرد و شۆشگێڕبووم و شەرعییەتی شۆشگێڕیم هەیە؟ ئەوەی ماوەتەوە بڵێین دەبێت نەوەی نوێ ئاگادارببێت لە باشوری کوردستاندا نە هیچ شۆشێك بوونی هەیە و نە هیچ شۆشگێڕێك کە ئێستا وەکو حوکمڕان خۆیان دەناسێنن، بەکو ئەوەی بە شۆش ناودەبرێت هیچی دیکە نەبوو جگە لە لەناوبردنی شۆشگێڕە ڕاستەقینەکان کە دەیانویست شۆش دروست بکەن.

کاروان عومەر: سەماکارێک دەیەوێ لە ڕۆگەی سەماوە جەستەی مرۆڤی کورد ئازاد بکات

نووسینی:
خەندە حەمید، نەبەز سەمەد

لە کولتووری کوردیدا، بەشێوەیەکی گشتی جەستە گرنگی و بایەخی پێنادرێت. جەستە فەرامۆش کراوە، تاکی کوردی ئاگای لە جەستەی خۆی نییە و بەهەند وەری ناگرێت. ئەمە لە لایەکەوە، پەیوەندی بە کولتووری ئیسلامییەوە هەیە، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا زیاتر بایەخ بە ڕۆح، نەک جەستە دەدرێت. ڕۆح وەک نەمر و جەستە وەک کاتی و بمر لێی دەڕوانرێت. بۆیە بەگشتی لە جیهانی ئیسلامیدا گرنگی بە جەستە نادرێت. لە لایەکی دیکەوە، پەیوەندی بە کولتووری خۆڕۆکی و باوکسالاریيەوە هەیە، چونکە لەم جۆرە کولتوورەدا، جەستە پەیوەست کراوە بە ژنەوە، بۆیە ژن تەنیا وەک جەستە دەبینرێت، جەستەش کورتکراوەتەوە بە سێکس و سێکسوالێتی. واتا جەستە وەک ئامرازی بەتاکردنەوەی ئارەزووی پیاوان دەبینرێت، نەک وەک ئامانج لە خۆیدا. بۆیە چەن ژن کراوە بە ژێر دەستە و کۆیلە بەهەمان شێوەش جەستە کراوە بە کۆیلە و بەشت کراوە.
جەستەی کوردی، جەستەیەکی بەبایەخی، داگیرکراوی، فەرامۆش کراوە. جەستەی کوردی ئازاد نییە، ناتوانێ بە ئازادی خۆی بجووڵێتەوە، جەستەیەکی ڕامکراو و دیسپلینکراوە. جەستە خراوەتە نێو ناکۆکی و نەسازییەکی قووڵەوە لەگەڵ هەش. جەستە وەک کۆیلە و هەش وەک سەروەر دەبینرێت. لە کولتووری ئیسلامی و کوردیدا، جەستە جارێکی دیکەش دەکەوێتە نەسازی و ناکۆکی لەگەڵ ڕۆح، لە ئیسلامدا ڕۆح لە جەستە باڵاترە، جەستە گوناهبار و تاوانکارە، بۆیە دەبێ سزا بدرێت، ڕۆح بگوناهە، ڕۆح پاکژە، پەتییە، بەڵێ جەستەش ئەو پاکژێتییەی دەدەنێت، بەڵام پاش مردن ڕۆح لە جەستە جیا دەبێتەوە، جارێکی دیکە پاکژ دەبێتەوە.
کاروان لە ڕۆگەی ئیشکانییەوە، لە ڕۆگەی سەماوە، ڕۆخنەی ئەم

تێگەیشتن و تەوانینەوەی کات کە جەستەو وەک بەیانیەک و نزمتر لە هەش دانانێت. ئەو لە ژیانی سەماوە دیاردەی جەستەی مرۆڤی کورد ئازاد بکات. تاکی کورد هان دەدات کە بایەخ بە جەستە بدەن، جەستە بەهێند وەربگرن. هەروەها لە ژیانی سەماوە دیاردەی مرۆڤی کورد لەگەڵ جەستەی خۆی ئاشنای بکات. لە ئیشکانی کاروانەوە بەمان ڕوون دەبێتەوە کە جەستە چ بایەخ و گرنگییەکی مەزنی بە مرۆڤ هەیە، کە هیچی کەمتر نییە لە هەش (دوالیزمی هەش/جەستە) یان ڕۆح (دوالیزمی ڕۆح/جەستە لە ئیسلامدا). مرۆڤ لە ژیانی جەستەیەوە خۆی مانیفێست دەکات، شوناسی خۆی دیاری دەکات، لە ژیانی جەستەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە دروست دەکات. مرۆڤ بە جەستە و لەشەو جەستەدا دەژی.
ئاخر مرۆڤ لە هەش و جەستە پێکهاتووە، جەستە بەشێکی گرنگی بوونی مرۆڤە و هیچی لە هەش کەمتر نییە. هەش و جەستە لە پەیوەندییەکی نزیکیدان، نزیک لە پەیوەندییەکی هیرارکی (هەڵەمی)، واتا یەکێکیان لە ئاویدیکەیان باڵاتر یان نزمتر بێت، یاخود گرنگتر بێت و بە بایەختر بێت. لەبەر ئەوەی ئەوان لە پەیوەندی سەروەر و کۆیلەدا نین. هەش و جەستە هاوتا و هاوشانن پێکەوە واتا بە ژیانی مرۆڤ دەدەن.
جەستە نمایشکارێکی هونەرییە، دەتوانرێ وەک ئیشێکی هونەری نمایش بکرێت. لە سەمادا، بەتایبەتی سەر، دەست و پێ وەکی زەر گرنگ دەگەڵن. مرۆڤ (هونەرمەند) کاتێک سەما دەکات، ئەوا پێ لە ژەرەوەیە، پێ.. مرۆڤ بە زەوی و شوێنەوە، بە پێتەکی چەسپاوە دەبەستێتەوە. پێ وەک و ئیشێیە بە مرۆڤ. مرۆڤ بەهۆی پێکانیەوە دەتوانێ بوەستێ، بجووڵێت و سەما بکات. سەر، لە سەرەوەیە، مرۆڤ بە ئاسمانەوە، بە دووری، بە بەرزی و باڵاییەوە هەڵدەواسێت. سەر مرۆڤ هەڵدەگرێ بە دوورتر، پێکان بە ڕێشتن دەبزوێنێ، بە گیان و دەزینەوەی شوێنی تازە. دەست و پەنجەکان لە ناوەڕاستدان، ئەوان ناوەندن لە نێوان پێکان و سەردا، ئەگەر دیالێکتیکیانە بڕوانین، ئەوا دەستەکان سەنتەزی (هاوکێش)ی سەر و پێکانن. ئەگەر پێکان مرۆڤ ڕابگرن و پێتی چەسپ بن، سەریش شوێنی لەڕوانین و لەهزرین بێت و ئیدەکان بەرهەم بهێنێت، ئەوا دەستەکان ئەو ئیدە و بیرکانە پراکتیزە دەکەن و جیهانیان دەکەن و بەپێچەوانەشەوە.
لە هونەردا جەستە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی هونەری سەما. چونکە لە سەمادا جەستە سێنتراڵە و وەکی ناوەندی هەیە. لە سەمادا جەستە دەئاخڤێت، لە ژیانی جوڵەکانییەوە چیرۆک دەگێڕێتەوە، هزرین بەرجەستە دەکات، بیرکەکان دەگەیەنێت، واتا لە سەمادا هزرین و بیرکردنەوە لەنەو جەستەدان نەک بەتەنیا لەنەو هەشدابن.

لەنێو سەمادا هیچی دیکە هزر وەستا و جگیر نییە، بەڵکو لە بزووتن، جووڵە و گۆڕانکاریدایە.

کاروان لە سەمای هاوچەرخ ئیش دەکات، یەکێک لە تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی سەمای هاوچەرخ کە جیای دەکاتەوە لە شایی و هەڵپەڕکێ (یان سەمای فۆلکلۆر)ی کوردی، ئەوەیە کە تاک ڕۆڵێکی سەرەکی تێیدا دەگێڕێت. سەماکار دەتوانێت بە تەنیا خۆی سەما بکات و لە هەگبەی سەماکانییەوە، لە هەگبەی جووڵەی جەستەوە بیرکەکانی خۆی بگەیەنێت، چیرۆک بگێڕێتەوە. بە پێچەوانەی سەمای فۆلکلۆرەوە کە تاک تێیدا ونە، بەتەنیا ناتوانرێ شایی و هەڵپەڕکێ بکرێت. بەیەکەوەبەستەکی کۆیەکی (دەستەجەمعی!) بەسەر سەماکەدا زاڵە. شایی و هەڵپەڕکێی کوردی دژی جیاوازییە، داوای هاوشێوەیی و وەکیەکی دەکات. ئاخر لە هەڵپەڕکێی کوردیدا هەموان پێکەوە دەست دەگرن، بە یەک ئاواز، لەسەر یەک ڕیتم، بە یەک شێواز هەڵدەپەڕن، واتا هەڵپەڕکێی کوردی کۆیەکییە، بەیەکەوەبەستەکی هیچ ڕۆڵێکی نییە، تاک ناتوانێ تێیدا گوزارشت لە خۆی بکات، بەڵکو دەبێ بەدووی ئەوانی دیکە بکەوێت. لە هەڵپەڕکێی کوردیدا هەموان دوای ئەو کەسە دەکەون کە سەرچەپی بە دەستە، ئەوانیدی هەتا گاوانی شوێن ئەو دەکەون. واتا سەرچەپی ڕۆڵی سەرکردە یان ڕێنومای ئەوانی دیکە دەبینێت، بۆیە جاران هێنگە تاهەنووکەش لە هەندێ لە زەماوەندەکاندا لەبەر سەرچەپی گرتن شەڕ دەکرا و تەنانەت کەسان دەکوژران!

کاروان وەک سەماکارێکی هاوچەرخ دەیەوێت ڕێ بە تاک بدات، ڕێ بە جەستە بدات، هاوسەنگی بە جەستە بگەڕێنێتەوە، تاک لە هەگبەی سەماوە جەستەی خۆی نمایش بکات. لە هەگبەی جەستە و جووڵەکانییەوە گوزارشت لە خۆی بکات، خۆی دەربڕێت، چیرۆکەکانی بگێڕێتەوە، ئازارەکانی، سەزەکانی، شادییەکانی بە ئەوانی دیکە دەربخات. جیاوازییەکانی مانیفێست بکات، خۆی لەو کێت و بەندانە ڕزگار بکات کە بە جەستەی ئەو دانراون. تاک لە سەمای هاوچەرخدا خۆی ئازاد دەکات، هەستە ناخەکی و ناوەکییەکانی خۆی دەردەبڕێت. واتا لە ناوەوە هەست و بیرکردنەوەکان بە دەرەوە پەخش دەکات، نەک بە پێچەوانەوە، شتە دەرەکییەکان، سەماکار ببزوێنن و بیخەنە جووڵە، واتا شتە دەرەکییەکان و هەبووەکان بداتەوە، کە ئەمە لە هەڵپەڕکێ و سەمای فۆلکلۆردا دەبینین.

کاروان لە هەگبەی سەماکانییەوە، گوزارشت لە خۆی دەکات، لە هەگبەی جووڵەی جەستەوە چیرۆکەکانی خۆی دەگێڕێتەوە. لە هەگبەی سەماوە کارەسات، ناخۆشی و نەهامەتییەکانی مرۆڤی کورد نمایش دەکات، وەک

لە سەمای "پینە دەزگان"دا بینیمان، کە سەما و شانە ئاوێتەی یەکدی بوون. جەستە لەم سەمایەدا چیرۆک دەگێڕێتەوە، زمان بەدەنگ بووە، جەستە دەئاخڤێت. لە "پینە دەزگان"دا جەستە بەتەواوی ئازاد بووە؛ سەماکارەکان زۆر بە ئازادانە سەما دەکەن و جەستەیان دەجوڵێنن. سەماکارەکان زۆر ئازادانە جەستەیان لە پەیوەندیدایە لەگەڵ یەکدی، هاوسەنگییەکی جەستەیی لە نێوان سەماکارەکاندا هەیە.

لە سەمای "بەرپابوون"دا، کاروان بە سەمایەکی پڕ لە تەنگژە، بە جووڵە و بزوێنەکی زۆرەوە، بە هارمۆنیەکی جوان لە نێوان جووڵە و مۆزیک، بە ئامادەییەکی زۆری دەست و سەر گوزارشت لە تەنگژە ناخەکییەکانی مرۆڤ دەکات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا. ئەو سەرنجڕاکێشە سەمای بەرپابوون بە ڕاکردن دەست پێدەکات و بە ڕاکردن کۆتایی دێت. وەک ئەوەی مرۆڤ بیەوێت لە خەی ڕابکات، یان بە دوای شوناسی خۆیەوە بێت و لەنێو ئەو هەموو تەنگژە و قەیرانانەدا پەی نەگات و خەی ون بکات. لەنێو سەماکەدا سەماکار لە پشێوە و هاوکات لە باکگراوندێشدا سەما دەکات؛ لە پشێوە توند سەما دەکات، بەڵام لە باکگراونددا هەمنترە، ئەمە گوزارشت لەو دوالیزمەی نێو مرۆڤ دەکات، کە هاوکات باش و خراپ، توڕە و هێمن، توندوتیژ و ئارامە.

لە سەمای "بەرپابوون"دا کاتێک کاروان لە لای دینگە (پایە)کەوە لە هەردوو لاوە سەما دەکات، ئەمە جارێکە لە گفتوگۆ و دانوستاندن بەڵێی سەما و جووڵەوە. بە دەستی قسە لەگەڵ هەش و جەستەی دەکات ئەو گفتوگۆیەک بەرپا دەکات کە بە بەئاگاهاتنەوە کۆتایی دێت. لە سەماکەدا، دەستەکان و سەر ئامادەییەکی زۆریان هەیە، قاچەکان و پێیەکان کەمتر. دەستەکان زۆر بە دەوری سەر و ڕووخساردا دەجوڵێن، وەک ئەوەی بیانەوێ تەنگژەیەک، بڵایەک، کێشەیەک لە سەر دووربخەنەوە. لە سەماکەدا ڕووبەری شوێن بەدی دەکرێت، شوێنێکی زۆر و ڕووبەرێکی فراوان هەیە، سەماکار بە هەموو لایەک پەلدەهاوێت و لەوێدا هەست دەکەی هزرین و جوڵەکان بە هەر سوچێک دەڕوات. لەم ڕووبەر و بۆشاییەدا مرۆڤ ناتوانێ شوێنێکی جێگیری هەبێت. دەکرێ ئەوە وەک خاڵێکی وەرچەرخان سەیر بکرێت، چونکە جێگیری لە شوێندا نەجووڵانە، دواجار مرۆڤ سنوردار، عاسێ دەبێت و گیردەخوات لەو شوێنەی کە لێی بەزار.
مرۆڤ زەرکات چوارچێوە و سنوور بە خەی دەکێشێ، ئەمەش بە ئەوەمان دەبات کە کێشەی شوێن و ڕووبەر هەیە، بەڵام کاروان لە ڕەگەی سەماوە هەموو ئەوانە دەبڕێت و خەی ئازاد دەکات. ئەو بە دوای دەزینەوە و ئاشکراکردنی شوێنی تازەیە لە ڕەگەی بزووتن و جووڵەی

سەماکەیەوە.
لە سەمادا جووڵە بریتییە لە هزرین و بیرکردنەوە، بڕێی بزووتن و جووڵاندنی دەست، سەر، پێ و ئەندامەکانی لەشەوە هزرێک، ئایدیایەک، بیرکەیەک، یان چیرۆکێک بۆ لێوانەر و بینەر دەگێڕنرێت.

فەلسەفەی زمان … عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

ئەمە ناتوانین بیر بکەینەوە تەنها لە نێو وشەکاندا نەبێت..
"هیگل"

زمان کەمەڵك دەرگا بێ چوونە ژوورەوە دەکاتەوە و کەمەڵك دەرگا بێ هاتنە دەرەوە دروست دەکات، لە سالانی ئیمپراتۆرەکان و لە کەمیتی دبلۆماسییەکان و لە کۆنگرەکانی هەژاراندا زێتر لە زمانێك بەکار دەهێنرێت، زمانی زیادە… زمان دەبێتە قیزە و کارتی پێناسەکردنی فرە جۆر! ئەوە زمانە دابەشمان دەکات، هونەری قسەکردن، هونەری نواندنی زمانە بە ئاست و شێوەی جیاواز و لە شوێنی جۆراوجۆردا… دەشێ هەموو ئەوانە بکەونە نێو فەلسەفەی زمانەوە، بەڵام زمان چەمکێك نییە لە چەمکەکانی فەلسەفە، بوارێك نییە لە بواڕەکانی زانست… فەلسەفەی زمان بە دوای سروشتی زمان و پەیوەندی زمان بە جیهاندا دەگەڕێت، لە وێناکردنی زمان بۆ جیهان دەکۆڵێتەوە، بە وێناکردنی فەلسەفەکاران بۆ زمان دەڕوانێ، فەلسەفەی زمان پرسیار لەوە دەکات زمان چۆن نوێنەرایەتی دنیا دەکات، پەیوەندی ناونان بە ناوەوە چییە، چۆن لە لۆجیکی تێگەیشتنی بیرکردنەوە نزیك دەبینەوە، ئایا زمانێك هەیە لە دەرەوەی بیرکردنەوە، تێگەیشتن چییە، قسە چۆن دەگاتە ئەویدیکە، پەیوەندی نێوان قسەکەر بە ئەویدیکەوە چییە، مانا چییە، ئایا مانا لە سەری قسەکەران دایە یان لە زماندا، زمانی بۆ مانا، بۆ بنەما بوونی هەیە؟
بە شێوەیەکی گشتی زمان خۆی لە نێوان دوو مەسەلەدا هەڵدەگرێتەوە، یەکەمیان سیستمە و دووەمیان جیاوازییە، یەکەمیان سروشتی دەلالەت و

دووەمیان هەمەکیی زمانە، یەکەمیان پەیوەندی بەو قەوارەیەوە هەیە کە وشە، یان رستە دەلالەتی لێدەکات، دووەمیان چۆنیەتی تێگەیشتن و سروشتی بیرکردنەوە دەگەیەنێت، یەکەمیان دەرەکییە و دووەمیان ناوەکییە… لە لایەك دەتوانین زمان لە ناونانی شتەکانەوە (things) هەڵگرینەوە، لەلایەکی دیکە بوونی شتەکان لە چوونە نێو زماندا ناس بکەین!! یەکەمیان سیستەمێکی دیاریکراو بەڕووەی دەبات، دووەمیان لەسەر جیاوازی وەستاوە! کەواتە وەك چۆن (بکۆتاییبوون) کلیلی بیرکارییە، (هەمەکییبوون) کلیلی زانستەکانی زمانە، هەبەتە بە جیاوازی نێوانیانەوە! ئەوە هەر جیاوازیشە (کارڵ کراوس 1874-1936)ی زمانناس وا لێدەکات وەك ئەوەی قسان لە لەشفڕۆشێك بکات، قسان لەبارەی زمانی دایکەوە دەکات و پێیوایە زمان لە ڕێگای بەکارهێنانێکی دیکە بێ ئەو مانایەی، کە دایك دایهێناوە پێشدەکەوێت، نوسەر لەسەر دایکی دەنوسێ و بەدژی ئەو هەڵدەسێ، بێ ئەوەی لە نیگەرانی کاریگەرییانەی دایك رزگاری بێت. زمان لە نێوان دوو ژیاندا هەست و نەست، خود و حەزە چەپێنراوەکان..

پارچە پارچە کراوە، لە بوونی (پێ) دوورخراوەتەوە بێ دنیای (بەتاڵ)، لە سکی پێی دایك بێ دنیای بەتاڵی کۆرپەلە، زمان بەتاڵە لەبەر ئەوەی زمان بریتییە لە پرسەیەکی بکۆتایی جیاوازی و نەبوونی… دەق لەبەر زمان نابێتە خاوەن، بۆیە لە دالێکەوە بێ دالێکی دیکە هەنگاو دەنێ، لە دەقی داهێنەرانەدا هەر دالێك گەیەنەری دالێکی دیکەیە، ئەو دالەش درێژبوونەوەی دالێکی دیکەیە.. (ژاك لاکان 1901-1981) دەڵێ زمان ئەو شتەیە کە بوون لە حەز و ئارەزوو بەتاڵ دەکاتەوە. زمان تەواوی دنیای خەیاڵ دابەش و پارچە پارچە دەکات. بە بۆای لاکان نەست بەرهەمی تایبەتی زمانە، هەروەها ئەو لەسەر هەمان بیرکردنەوەی کراوس و منداڵی بەر ئاوێنە، دەڵێ من ناتوانم لە یەك کاتدا هەم "مانا ببەخشم" و هەم "مانا"ش بم، (هەم منداڵی بەر ئاوێنە بم – واتە مانای خۆم بم- هەم لە ئاوێنەدا - باوك بم – واتە وێنەی مانابەخشی باوك بم) لاکان بێ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە چاونەترسانە رستە بەناوبانگەکەی دیکارت (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم) دووبارە دەنوسێتەوە "من لەو شوێنە نیم کە بیر دەکەمەوە، من بیر دەکەمەوە لە شوێنێ کە نیم".

کێ بیر دەکاتەوە زمان یان من، زمان لە منداا بیر دەکاتەوە یان من لە زماندا بیر دەکەمەوە؟ ئەو کاتەی بیر دەکەمەوە ئەوە لە بیرکردنەوەمدا جگە لە کۆپیکەرێك شتێکی دیکە نیم، هەرگیز ڕێگایەکی نوێم بێ بیرکردنەوە نییە، بەکو یەکێکی دیکە ڕێگای بیرکردنەوەی

پەبەخشیووم، من دەبێ ملکەچی ئەو بم. ئەو یەکەی لە بری (فیتگنشتاین 1889-1951) بیر دەکاتەوە، ئەو یەکەی ئەو ملکەچی دەبێ جگە لە زمان هیچی دیکە نییە، ئەمە هەموومان میراتگری (وارسی) فەرمەلەکەرێکی نادیارین، بەڵام (کەس) قسان ناکات، قسەکەر لە چوارچێوەی سیستەمێکدایە چ لە دەرەوە بێ، چ لە ناوەوە. منی قسەکەر تەنها چارەسەری ئەو مانایە دەکات، کە دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، ئەویش لە ڕێگای شیانەی گوزارشتکردنێك، کە زمان ملکەچی دەبێت! بەڵام ناتوانین بڵێین زمان پەیوەندی بە دایك و بنەما و ماناوە نییە… ئەوەش پەیوەندی بە دوو پرسە لە پرسەکانی بەکارهێنانی زمانەوە دەکات، یەکەمیان دەرەکییە و خێی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاماژەکاندا دەبینێتەوە، دووەمیان ناوەکییە، لە تێگەیشتنی ئاماژە ناوبراوەکانەوە دێتە بەرهەم، (دایك، بنەما، مانا) هەمیشە لای کراوس خیانەتی لێدەکرێت، لای لاکان دەکەوێتە نێو دەڤاوکێی منداڵی بەر ئاوێنە و لەلایەن فیتگنشتاین دەکەوێتە نێو فەلسەفەی زمانەوە بەو مانایەی کە فەلسەفە رزگارکردنی زمانە لە خراپ بەکارهێنان و گێڕانەوەیەتی بۆ پێوەرە دروستەکەی لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەو مانایەی کە ڕوونکردنەوەی لۆجیکییانەی بیرکەکانە، بەو مانایەی کە چالاکی تەئویلکردنی گەمە زمانییەکانە، بەو مانایەی کە هیرمینێتیکایە نەك گەیاندنی حەقیقەت.

لە کتێبی (تراکتاتوس- tractatus - پەیامی لۆجیکی فەلسەفی، کە ساڵی 1921 بڵاوبێتەوە) فیتگنشتاین ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە فەلسەفە چارەسەری بیرکردنەوە دەکات و کێی فەلسەفەش ڕەخنەگرتنە لە زمان، زمانیش وێنەگرتنی جیهانی گەردیلەکانە، جیهانیش هەمووی ئەوەیە کە بە دەست دێت، یان کۆمەڵك فاکتە نەك کۆمەڵك شت، پێوانەی فاکتیش مانایە، پێوانەی ڕاستی و دروستی ماناش دەکەوێتە بەرانبەر ڕستەی زمانەوانی ماناڕاوە، ڕستەیەك کە هەمیشە فاکت دەگەیەنێت و وەسفی فاکت دەکات. کەواتە لێرەدا هەرگیز مەسەلە، یان دژێکی فەلسەفی نییە هەڵە بێت، بەڵکو هەندێ مەسەلە و دژ هەن مانایان نییە، لەوێوە بۆ مانان کە لە لۆجیکی زمان تێنەگەیشتوون.

بەگومان پەیوەندی فەلسەفە و لۆجیك بە واقیعەوە لەسەر ڕاستی و درۆ ناوەستێ، بەڵکو بایەخ بە یاسا و ڕێساکانی زمان و دووری و نزیکییان لە زانستی دەلالەتەکان دەدات، بایەخ بە مەسەلەی مانا و بۆ مانایی دەدات. مادام جیهان ئەوە بێت، کە زمانی ئێمە توانای دەربڕینی هەیە، ئەوە پێوەری بوونی جیهانیش زمانە، سنوری زمانم سنوری جیهانەکەمە. فەلسەفەی زمان پێش هەموو شتێك بەرگری لەو

سیحرە دەکات، کە شێوەکانی تەعبیرکردن یان گوزارەکردن دەیخەنەوە، ئەوەش پەیوەندی بە تاکە میتۆدێکی دیاریکراوی فەلسەفەوە نییە، چونکە فەلسەفە یەك میتۆدی نابات، بەڵکو فەلسەفە لە کۆمەڵك میتۆد پێکهاتووە، فەلسەفە ڕێگای جۆراوجۆری هەیە، فەلسەفەی زمان جگە لە ڕێگای بەدواداگەڕان شتێکی دیکە نییە، بەڵاوبوون بە یەك تیۆریی، جگە لە داخستنی ئاسۆکان شتێکمان پێناڵێت، مەرجی بیرکردنەوەی ئازاد بە کرانەوەی ئاسۆکانەوە بەندە، کرانەوەش ڕۆحی فەلسەفەیە، هەمیشە لە نوێوان میتۆد و بابەت کۆمەڵ جیاوازی هەیە، بەڵام ڕێگای بە دواداگەڕانی ئەو جیاوازییانە لە پرسەوە سەرچاوە دەگرێت، وەڵامی فەلسەفە هەمیشە لە ڕێگای خستنە ڕووی پرسیارێکی دیکەوەیە.

زمان لای فیتگنشتاین ڕێگایە بەرەو مەعریفە، هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لە دروستبوونی مانا لە نێو گوتاردا، بەپێی ئەو پەیوەندییە ناوەکییە یان بە هۆی ئەو هاوسەنگییەی نێوان زمان و بیرکردنەوە، هیچ بیرکردنەوە و مەعریفەیەك ناکەوێتە دەرەوەی زمانەوە، هیچ زمانێك نییە بکەوێتە دەرەوەی بیرکردنەوە و مەعریفەوە، کەواتە هەموو شتێك لە ناو زماندا ڕوو دەدات! بەڵام (جۆن سیرل) بیرکردنەوەیەکی دیکەی هەیە و پێیوایە تێگەیشتنی زمان هەر دەبێ یەکەمجار بە تێگەیشتنی عەقڵدا بڕوات، ئەو بڕوایە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە عەقڵ بخەینە پێش زمانەوە! ئەوەش تەواو پێچەوانەی لاکان و کراوس و فیتگنشتاینە، چونکە جۆن سیرل پێیوایە ناشێ تەنها بەو شێوە سادەیە سەیری زمان بکەین، کە فیکرەیە و لە ڕێگای وشەوە بە ئەویدیکە دەگات، چونکە دەشێ بەبێ وشەش بڕوا بە هەندێ شت بهێنین، بێ نموونە برستی یان هەستکردن... لێرەدا وەڵامی پرسیاری زمان چۆن بە واقیعەوە پەیوەست دەبێت، ئەوە نییە کە لە ڕێگای نواندنەوە بە ئەنجام دەگات، بەڵکو ئەوەیە کە زمان بە هۆی ماناوە بە واقیعەوە دەلکێ، ئەو پەیوەستبوونەش عەقڵی نیازخواز بەسەر دەنگ و ئاماژە دەیسەپێنێ. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مانا شێوەیەکی نیازئامێزی هەڵێنجراوە، واتە کۆدی تێگەیشتنی مانا ئەوەیە کە نیازخوازی ئەسڵی یان ناوەکی لە فیکری قسەکەردا بۆ وشە و ئاماژە و ڕەمز دەگوێزێت.
نیازخوازی واتە ئەوە منم قسان بە زمان دەکەم، زمان نیازی من دەگەیەنێت، من زمان ئاراستە دەکەم... کەواتە وەك چۆن دەشێ قسەکەر نیازی خۆی لە قسەکردندا هەبێت، لەپاڵ ئەوەشدا دەشێ ئەو نیازە تەقلیدییەش بەکار بهێنێ کە لە وشەکان و ڕستەکانی نێو زمانێکی (دیاریکراو)دا هەیە. بەمجۆرەش کردەیەکی نیازئامێز(من قسان بە زمان دەکەم) بەجێدەهێنێ و کۆی ئەو تێگەیشتنەش بە پێبوونی ماناوە

بەندە. بە مانایەکی دیکە بەرهەمی دەنگەکان لە زماندا بەشێکە لە مەرجی تێربوونی ئەو نیازەی کە لە دروستکردنی گوتراوەدایە، واتە کاتێك قسەکەر گوتراوێکی واتادار دروست دەکات، ئەو کاتەیە کە مەرجی پێبوون دەخاتە سەر دەنگ و ئاماژەکان.
لێرەدا بە قسەی (جۆن سیرل) دەکەوینە نێوان دوو مەرجی تێربوون.. یەکەم مەرجی تێربوونی گوتراوە، دووەم مەرجی تێربوونی دەنگ و ئاماژەیە. بەو مانایەش گوتراوی واتادار ئەوەیە کە مەرجی تێربوون بەسەر مەرجی تێربووندا دەسەپێنێت، بۆ نموونە رستەی: باران دەبارێت. هەڵگری مەرجی تێربوونی جۆراوجۆرە، یەکەمیان ئەوەیە کە نیازی قسەکەر بەجێدەهێنێت و ئەو گوتنەش مەرجی بەشێك لە رستەکە تێر دەکات، دووەم لەبەر ئەوەی هەر تەنها مەبەست قسەکردن نییە، واتە لەبەر ئەوەی کردەی (بارین) لەخۆ دەگرێت، کەواتە ئەو گوتنە مەرجی تایبەت بەخۆیشی هەیە و ئەو تێربوونەش تەواو نابێت هەتا باران نەبارێت، ئەگەر باران باری کەواتە مەرجی تێربوونی گوتراو حەقیقییە، بەڵام ئەگەر نەبارێت درۆ دەردەچێت.

هەولێر 21/3/2016
سەرچاوە و پەراوێزەکان:

کێشانی گێرانەوە –60– کەریم کاکە

60

سەید مارف، سەدەیەکی ئاودیوکردبوو، بۆ چاویلکە کتێبی دەخوێندەوە
سەید مەند، بە دووعا کچێکی بردەوە
حاجی مستێ، لە هەشتا ساڵی هێبەی تەواوکرد

پێمان بە پایزەوە، دەستمان لە ناو زستانە..
ئەوە قسەی گوڵی کۆسارانە، ئەو گوڵەی لەپێ سەری خۆی هەڵگرت و نەمزانی گەیشتە چ کۆسارێك، وا بزانم ساڵەکە تەڵو تووشی و سەرما وسۆلەی لە ساڵان زووتر هێنا، لەوەوە ئەو قسەیەی کرد، بەڵام هەر من نا وا تێدەگەم کەس لەو دەست و پێیە تێنەگەیشت، لەوەش

دەرچووبوو، لەو بارەیەوە پرسیاری لێبکەیت و وەڵامت بداتەوە، هەرچیت لێپرسیبا، وەڵامەکەی:
دەمکوژێت، ئەوشێ (…) دەمکوژێت..
بەر لە سەربردەی تازەی گوێی کێساران، سەردانێ هەیە بۆ ماڵی سەید مارف، پیری سوارچاکان دەستی راستی بە گۆپاڵەوە، جاروباریش لە نزیککەوتنەوە لە کەند و قڕت و کێسپان دەستی چەپی دەخستە سەر شانم، دەیگۆ:
کەریمی خۆم، ئاگات لە خۆ بێ نەکەوی
وەرامی من دیارە:
باپیرە من ناکەوم..
جارێکیان گوتی:
کوڕم مەبەستم ئەوەیە من نەکەوم، ئاخر بکەوم، دوور نیە تۆش لەگەڵ خۆم بکەوێنم..
نێوان ماڵی ئەمەو و ماڵی سەید مارف هەر جغارەخڕێك دەبڕ، بەڵام تا گەیشتینێ لە سێ چوار جێ پشوومان دا، لە سەر چیچکان یان لە سەر خێکە بەردێك دادەنیشتین، بیرمە باران نم نم دەباری و زەوی تەواو تەڕ نەبوو، لە نانی رشاو دەچوو، پیری سوارچاکان چوار پێنج جغارەی کێشا، یەکەم جارمە لەگەڵی بێمە گێستان، پلکە عەیشێی مجۆر لە هەیوانی ماڵەکەی سەید مارف روو لە ڕێ، وەك بێی لە پشوازی پیری سوارچاکان بێ، راوەستاوە، رەنگە پرسیبێتی:
مام حاجی، بۆ لای کێ هاتی؟
ئاخر وەڵامی پیری سوارچاکانم لەبیرە:
کچم، تا من برادەری سەید مارف بووم، تۆ لە کوێ بووی؟ ئەگەر چۆلەو ژن و منی لە کن نیە دەمەوێ بچمە خزمەتی..
لە دووی پیری سوارچاکان پێم نایە ناو چاوە کەسکەکەی سەید مارف، جاری ئێکمە بچمە ژوورێ، پشتر جارێ دوو لە پەنجەرەکەوە تەماشای سەید مارفی لە ناو کەسکایەتی راکشاوم کردبوو، زۆر بە پارێز و بە ڕێزەوە، تۆ بێ بە ترسەوە لە سەید مارف نزیکدەبوومەوە، لە پێ روونا کیەك… ئەو چاکە لە دیدی منەوە زۆر پیرێز بوو، پیرێزتر لە خێ پیاوچاکان، دوور نیە لە پەیامبەریش بە پیرێزترم زانیبێ، ئاخر بەلاشاوەییەکان هێندەی ناوی ویان دێنا، ناوی خوداو پێغەمبەریان بە زاردا نەدەهات، سوێندی گەورەیان(بە سەید مارف) بوو، دیارە سوێندیتری گەورەش هەبوو(بەو ئاسمانە، بەو ڕۆژە، بەو ئاگرە، بەو زادە، بەو عەردە، بە غەوسی ماڵ لە بەغدایێ، بە وەیسی قەرەنی، بە چاکی بن عەردی، بە سەری بابم، بە گیانی جوانەمەرگ، بە گیانی…)
دیارە لە چاو ئەوانە کەمتر سوێند بە خوداو دوا پێغەمبەرەکەی دەخورا، بۆچی وا بوو؟ کەس نەیدەزانی، بەڵام شاتکە شێت وەڵامی

هەبوو، حەمەد مەستان لێپرسیبوو، ئەو دووە فشە وگاتەیان لە نێوان هەبوو، پرسیبووی:
ئەرێ شاتکە، باشە، خوا خوایە، بە من ناڵێی ئەو خەڵکە بۆچی سوێند بەو شتانە دەخۆن؟
گوتبووی:
حەمەد، لە من وابوو، تۆ شتەك تێدەگەی، نەمزانی لە مێردەکەم هەڵوهوێتری، برا خەڵك سوێند بە کەسێك دەخۆن لێیانەوە نزیك بێ و دەستیان بیگاتێ..
مەستان گوتبووی:
من قسەی وا بکەم، گەڵەك بەردبارانم دەکەن، لە کن خەڵك وا مەڵێ، دەنا دەرپەت لە پێ دەکەنەوە.. بەڵام دیارە تۆ شتی لێیە..
شاتکە شەت گوتبووی:
گەڵەك گووی ئاودەستێی خوارد و تێش گووی ناو شووشەکەی دەستت..
دەڵێن مەستان لەگەڵ بیستنی گووی ناو شووشە، تێیهەڵکردبووە:
دەڵێ عارەق گەڵەك و ئاسمان دەهێنێ
بەزمی مەستی دێی شاتکە دەلەرزێنێ
د شاتکە شەتیش بێ زیادکردبوو:
بنکراسی ژنیشت حاجی لەقلەق دەیێفێنێ..
ئەی من گەیشتمە کوێ! دەڵێی ئێدانەوەم نیە، لاتم تێپەڕاند، بمبووڕە خوێنەر، دەبوو لەگەڵ پیری سوارچاکان لە ماڵی سەید مارف… دوور نیە لە ترسی ڕووناکیەکە بووبێت، ئەم نەدابێتەوە، ئێ، ڕووناکیەك کە هەر لە (نوور)ی سەید مارف دەچوو، دەبێت بڵێم من لە خەونێ ڕووناهیی سەید مارفم دیتبوو، ڕووناهیەك هیچ بڕووسکەیەکی ئاسمان، هیچ ئاگرکەوتنەوەیەك لە زەوی ئەو ڕووناهیەی نیە، لەپێ نوورێك ماڵی سەید مارف، پیری سوارچاکانی ڕووناککردەوە، مجۆرەکە لە دەڕ بوو، نازانم ئەوی ڕووناك کردەوە یان نا، ڕووناك ڕووناك، هەرگیز ڕووی پیری سوارچاکانم بەو ڕوونی و ڕووناکیە نەدیتووە، پیری سوارچاکان ڕووناك ڕووناك، دەتگوت لە لایتەکەی کاك حووجی مێردی دادە پنچکەوە هاتووە، ئەو پیاوە لایتکی گەورەی زێر ڕووناکی هەبوو، بە حەفت ترومبێل ڕووناکایی ئەویان نەبوو، لە تاریکە شەوانی پێش گەیشتنی کارەبا لە سەر بانی خێیانەوە لێیەدا گڵستانی سەید مارفی ڕووناك دەکردەوە، ڕووی پیری سوارچاکان بە نووری سەید مارف وا ڕووناك بێوە، لەگەڵ ڕووناکیەکەش گرمەیەکی گڵستانهەژێن هات، دڵنیابووم کە گڵەکەی سەید مارف شەقبووە، بیستبووم کاتێ گڵە شەقدەبێ دەنگی گەورە دێنێ، بەڵام لە ترسان نەوێرام تەماشا بکەم، لە دیتنی ڕووناکی و بیستنی گرمە، یەك بە دەنگی خۆم زیاندم و خۆم هەڵدایە باوەشی پیری سوارچاکان، بێ ئاگا

لەوەی من لە باوەشی وی جێمابێتەوە، ئاخر تەماشایکەن، ئەو چی وای لێنەماوەتەوە، لەوڵاواز، بیدەیتە دەست رەشەبا، یان بایەکی کەمێ توند، وەك پەەمووچە بە ئاسمان دەکەوێ، تەواویش کووڵ بێتەوە دەڵێی گەمکی گەچانیە، منیش هەینێ راستە منداڵ بووم، بەڵام باش هەڵمدابوو، خەپە و قەڵەو بووم، دوو سێ پیری سوارچاکانم دەکێشا..
ئێ، با لە نووڕەکە دوورنەکەومەوە، پیری سوارچاکان بە لادا هات، خۆی بە کێل گرتەوە، خوا کردی نەکەوت، دەستی گەچانی نا، ئەویدی خستە سەر شانم:
ئای، شڕەکەی باپیرە، ترسای! چما تێ یەکەم جارە شتی وا ببینی؟
لە ترسا دەنگم نووسا، بە ئاستەم دەهات، ویستم بڵێم، بەڵام لە دڵی خۆم گوتم:
باپیرە، نا، نەمدیتووە، راستە من لە خەونێ (نوور)ی سەید مارفم دیتووە، بەڵام وا ڕووناك و بە دەنگ و ترسناك نەبووە، ناك من یەکەم جارمە بڵمە ژووڕەکەی سەیدا مارف و لە نزیکەوە ڕووناکایی وی ببینم..
کەمێك هاتمەوە سەرەخۆ، چاو لە سەید مارف دەگێڕم، بزانم لە کوێ ڕاوەستاوە، ئاخر دڵنیابووم لە گێڕ هاتێتە دەرێ، چاوم کەوتە سەر گێڕەکەی، وەك خۆیەتی، کەڵن و شەقی لێنەبووە، ئەدی ئەوە چ بوو!! بڕووسکەیەك و گرمەیەکیدیش.. ئای!! ئەوجارەیان هێندە نەترسام، بەڵام ڕاچڵەکیم، لەو ساتە هاتینە دەرێ، پیری سوارچاکان گوتی:
کوڕم، بە من ناڵێی تێ بێ لە گرمە و بڕووسکەی هەورێ دەترسێی؟!
ئای، چما ئەوەی من دیتم و بیستم لە هەورەوە بوو! تا درەنگیش باوەڕمنەدەکرد..
باران هێشتا نم نم دەبارێ، بیرمە پیری سوارچاکان لە پلکە ئایشێی مجۆری پرسی:
ئەدی گێڕەی سەید مەندێ لە کوێیە؟
نیشانیداین، بە دیوی ڕۆژهەڵاتدا چەند گێڕ لە سەید مارف دوورە، پیری سوارچاکان گوتی:
با سەرێك لەویش بدەم، جارێك لامداوەتە ماڵیان و نان و دۆیەکم خواردووە..
چووینە سەر گێڕەکەی، خوێندمەوە، لە سەر کێلەکەی سەید مەندم خوێندەوە، لە هاتنەوە، پیری سوار چاکان ڕوو لە سەید مارف:
سەیدی من، بیرتە هەر جارێ دەهاتمە باداوە مێوانی تێ دەبووم، مەلا فەندی چەند برادەرم بوو، بەڵام تا ماڵە چکۆلەکەی تێ هەبا، نەدەبوومە مێوانی کێشکەکەی وی، سەیدی من، دامناوە بە مردووییش بڵمە خزمەتت، لە قوژبنێك جێمبکەوە..
لەو قسەیەی پیری سوارچاکانەوە کەتکەێ بە دەنگی باران هاتە گوڕم،

بۆنە بەر چاوی خۆت پیرۆکی سەرەوەی سەد و منداڵۆکی سەرەتایی، لە بن باران لە ماڵی سەید مارفەوە، لە گۆستانەوە بۆ ماڵ دەگەڕێنەوە، پیرۆك چاو لە جێی گۆڕی خۆی دەگێڕێ، منداڵۆکیش ئەوەی بیری لێنەکاتەوە مردنە، ئا، لەو قسەیەوە گۆڕتر کەوتمە ئەو گۆڕەنی ئەندێشەیەوە کە لە ناو رووناکیەکەی ماڵی سەید مارفەوە کەوتووبووم، گۆڕەنۆك پێشتر لە خەون و خەیاڵیش تووشی نەبووبووم، لەو گۆڕەنە دەچوو کە چەند جارێ لە دوورەوە و بە ترسەوە تەماوانیبوو، مەبەستم گۆڕەنی رووبارەکەی بەلاشاوەیە کە لە بن شەستمەتری، لەو جێیەی رووبار لە ڕێی دوو سۆ لوولەی گەورەی بن جادەوە بە زەحمەت خۆی ئاویدیوی سەیداوە دەکرد و لەوێشەوە بە ئاسانی دەگەیشتە بن پردی گامێشەوانان و سەیداوەی بەجێدەهێشت، ئا لەوێ لە پێش لوولەکان، ئاو گۆڕەنۆکی دەداك زۆر ترسناك، کەرتکە چیات تێهاویشتبا لە گیسك سووکتر گۆڕی پێدەدا، جارێ گیسکێ لە سەر جادەوە کەوتە ناوی، دەتگوت گڵۆپە موو گۆڕی پێدەدا…
من لە قسەی پیری سوارچاکان و رووناکیەکەوە وەك گیسکەکە کەوتبوومە گۆڕەنەوە، گۆڕەنی ئەندێشەو بیرکردنەوە، تۆ بڵێی پیری سوارچاکان بمرێ! ئەو بمرێ من چی بکەم! نا، ئەو پیرە هی مردن نیە، راستە مردن هەیە و زۆر کەس مردوون، بەڵام نابێ باپیریشم بچێتە رێزی مردووانەوە، خوایە، شتی وا نەکەیت، ئەگەر لە دەستی تێیە ئەو کارە نەکەیت، پیری سوارچاکان با هەر لە ماڵی ئێمە بێ، بۆ بن عەردی مەبە.

ئیدی لە گۆڕەنی بیرکردنەوەم، باشە پیری سوارچاکان چۆن سەید مارفی دیوە و لە ماڵی ئەو ماوەتەوە! تۆ بڵێی سەید مارفیش رۆژێك لە رۆژان وەك پیری سوارچاکان بە سەر زەویەوە بووبێت و قسەی کردبێت و خواردبێتیەوە و خەوتبێ و.. نا، ڕەی تۆناچێ، پیاوچاکێکی وا، پیرۆزێکی وا ناکرێ وەك ئێمە بووبێ و وەك ئێمە قسەی کردبێ، نا هەبێ نەبێ پیری سوارچاکان تێکچووە، دەنا ئەو قسانە ناکات، دڵنیام لە باداوە چاوی بە سەید مارف نەکەوتووە، نا، سەید مارف هەرگیز ماڵی لە باداوە نەبووە، ماڵی لە هیچ جێیەکی سەر زەوی نەبووە، لەوەتەی هەیە هەر لەو شوێنەیە و هەر کەسێك هاواری بۆ بکات لە شێوەی تارماییەك دەیگاتێ و یارمەتی دەدات، ئاخر گوێم لە زۆر بەلاشاوەیی دەبوو دەیانگوت:
سەید مارف، من تەنێ هانا بۆ تۆ دێنم، هەر تۆ بە هانامەوە دێیت..
لە رێیێ رێك لەو جێیەی دواتر دارتاڵەکی زۆر بڵند هێندەی دوو دارتاڵ بڵندتریشی لێ قیتبێوە و لە سەری سەرەوەی دوو سۆ شتی گەورەی لە شێوەی زەنگول یان رەحەتیی گەورەی پێوەکراو، ناوە ناوە

دەنگێکی ترسناکیان لێوە دەهات، ئەوە نیشانەی هاتنی فڕۆکەی ئێران بوو، خەڵك جێ نەدەما خۆی لێبشارنەوە، ئێ لەوێ، پیری سوار چاکان لە سەر پارچە ئاسنێ کە نازانم لە ئاسمانەوە کەوتبوو یان جێیەکەوە گەیشتبووە ئەوێ، دانیشتین، باران لێیکردێتەوە، بەڕام هەور و لێڕە، پیری سوارچاکان و کەوتە گێڕانەوەی سەید مارف و سەید مەند، گێڕانەوی دڵکۆشی وی منی لە گێژەنێ دەرهێنا و بە دیاریەوە بوومە قوتابیەکی گوێایەڵ و رستە رستە قسەکانیم ئەزبەرکرد، بەڕام دوای ئەو هەموو ساڵە شتێکی کەمیم لەبیرە:

((سەید مارف، چ سەیدێ بوو، لەوەتەی خودا سەیدی هێناوەتە دنیایێ، سەیدی وا نەبووە و نابێتەوە، بە قەد ئەرد و ئاسمان میهرەبان بوو، لە زانست لە دەریا پڕتر بوو، لێرە لە باداوە دادەنیشت، بەو پیریەش لە ئێستای من پیرتریش بوو، بێ چاویلکە کتێبی دەخوێندەوە، بێواناکەم نە لە کەس تووڕە بووبێ و نە کەس لێی تووڕە بووبێ، جارێك نەبێ، دڵی لە ئاغایەك دەشکێ، ماڵ بەجێدێلێ و دەچێتە گوندێك، بەڕام شەوەکەی ئاغا خەوێکی وا دەبینێ، سبەی زوو کەمەڵە پیاو دەنێرێ و بە تکاو پاڕانەوە سەید مارف دەهێننەوە، من ساڵی دوو سێ جار دەچوومە خزمەتی، دیداری سەید مارف وەك دیداری پێغەمبەران وابوو، تێبە! من نەچوومەتە دیداری ئەوان، بەڕام هەر دەبێ وەك دیداری سەید مارف بووبێ، ئای، تێبە، ئەوە من چی دەڵێم!

سەید مارف لە ژیانی دووعای خراپی بە زاردا نەهاتووە، وەك سەید مەند نەبوو بە دوای دووعای باش، دووعای خراپیش بنێرێ، ئا، سەید مەند شتی وای دەکرد، جارێك دوو چوومەتە ماڵی ئەو سەیدەش بەڕام بەر دڵم نەکەوت…))

پیری سوارچاکان شتێکی لە سەید مەند گێڕایەوە:

(لەو گوندانەی خوارێ، تووڕەقە نازانم کوێ، کچە عازەبێ لە جێ دەکەوێ، بە داو و دەرمان و نووشتە و کشتەکی دنیا سەرپێ ناکەوێ، دووعای سەید مارفیش گیر نابێ، سەید مەند دەڵێتە دایکی کچە:

کچەکەت بێ چاکدەکەمەوە بەڕام شتێکم دەوێ…

دایکە دەڵێ:

قوربانی جدت بم، هەرچیت بوێ، بیبە، سەرمان پێوە نیە..

سەید مەند دەڵێ:

کچەکەت..

دایکە رازی دەبێ، ئێ، سەید مەند چ دەکات، چ دووعایەك دەخوێنێ، کەس نازانێ، بەڕام دوای دوو سێ ڕۆژ کچە لە جێ دێتە دەرێ و بە بەر چاوی گوندەوە لە جاران بە لەنجەولارتر بە ڕێدا دەڕوا، دوای چەند حەفتەیەك سەید مەند هەواڵ دەنێرێ:

کەنگێ بڕمە داخوازی کچەکەتان؟

دایکی کچه وای وەڵام دەداتەوە:
سەیدی گەورە، خۆ نەتۆ نە من بە راستیمان نەبوو، ئاخر تۆ چوار تەمەنی کچەکەمت هەیە، تۆ و ژنیان گوتووە!
دیارە سەید مەندۆ لە هەشتا نزیکدەکەوتەوە، سەید تووڕە دەبۆ و دەڵێ:
بەو خودایەی لە سەر سەرانە، لێم مارە نەکەیت، وەك خۆی لێدەکەمەوە.
ماڵی کچە بە فشەی وەردەگرن و نە بە ئا نە بە نا، وەڵامی نادەنەوە، حەفتە وەرناسووڕێتەوە، کچە تووشی هەمان نەخۆشی دەبێتەوە و لە سەر پشت دەکەوێ و ناتوانێ خۆی بسووڕێنێ، ئەوجا ما ئەوەی دایکە دەستەودامێنی سەید مەندۆ ببێتەوە، سەید چاکیدەکاتەوە و مارەی دەکات و منداڵیشی لێدەبێت...))
بە دووری مەبینە، لەو گێڕانەوەیەی پیری سوارچاکانەوە، لە منی منداڵەوە سەید و پیاوچاك شتێك لە گومانیان تێکەوتبێ، ئاخر پێشتر ئەوانە بۆ من ئاسمانی بوون، هەوای زەویان بەر نەکەوتبوو، لە چاکە پتر چ جێیان بە چ نەکەوتبوو، پیاوچاك و تووکی خراپ!! پیاوچاك و لە باداوا ژیان و مەواندارى!! لە دڵی خۆم دەمگوتەوە:
پیری سوارچاکان مەوانی سەید مارف بووە، پێکەوە قسەیان کردووە؟ نانیان خواردووە، سەید مارف دانیشتووە و کتێبی خوێندۆتەوە؟ ئەگەر وابێ، واتە مرۆڤ بووە!! ئەدی سەید مەندۆ! چما ئیشی واشی کردووە! ئەگەر گوێی کێساران گەڵەکی بە سەر خۆی وەرنەکردبا، چ دوور نەبوو من لەو نێوانە، ڕێی ماڵێ و سەید مارف سەرگەردان بام، بەڵام بەر لە هاواری گوێی کێساران، وەك نوێژ لە سەرمە دانیشتنەکەی پیری سوارچاکان بگێڕمەوە، دیارە ئەو پیاوە دانیشتنی ئاسایی، ئەوەی من و تۆ دادەنیشین، ناتوانێ دانیشێ، بۆیە دڵنیام، گێڕانەوەی سەرهاتی سەید مارف و سەید مەندۆ کە لە سەر ئاسنەکە گێڕایەوە، کەمتر لە جغارە خۆرکی ویستووە، ئەگەر کێڵان کێڵان لەگەڵم بووبن، وەبیرتان دێتەوە، ماین چۆنچۆنی پیری سوارچاکانی هەڵدا و پشتی گردەبۆ شکا، شکانێك ئەحمەد تەبیبی هەولێرێی بابی فواد ئەحمەدی(ئەڕێ ئەی بە زولف و پەرچەم) بۆی نەهاتەوە جۆ..
پیری سوارچاکان دوای ئەو گلانە ، یان دەبوو بە پێوە بوەستێ، یاخود پاکەوێ، پاکەوتنێ، مەگەر منی هەینێی دە دوازدە ساڵە و ئێستای نیو سەدە، دەنا کۆ دەتوانێ وێنەکەی بکێشێتەوە، ئاخر جگە لە من کەس نیە ئەو سوارچاکە بنووسێتەوە، بەڕێ خۆ دەنێ بەو شێوەیە پاڵدەکەوت:
ئەوەتا لە سەر پشتە، بالیفێ لەبن بنی هەردوو چۆکی، دوو چۆك هێندەی ئاستی سەری بڵندبێتەوە، ئاخر بالیفکیش وا لە بن شان و

ملی، بالیفکەیەکیش لە نیوان سەری و دیوارە، کەواتە پیری سوارچاکان هەمیشە سەری بە دیوارەیەوە، ئیدی ئەوەیە دانیشتنی پیری سوارچاکان، خۆی گوتەنی:
خوایە، کەس وەك من دانەنیشنیت..
هاوارەکەی گولی کۆساران، لەرزی خستە دەست و گۆچانی پیری سوارچاکانەوە، پشتر نەمدیتبوو بلەرزێ، نا پیری سوارچاکان کەس نەیدیتبوو بلەرزێ، ناهەقی نەبوو بلەرزێ، دەزانی هاوارەکەی گوێی کۆساران چ هاوارێ بوو! کە هاواری وای بیستووە و دەبیستێ، مەگەر حاجی مستێ لە ژنەکەی خۆی ببیستێ، ئەی! حاجی مستێ لە جێیەکی خراپ هاتە ناو قسانەوە، ناچارم کەمێك لە هاوارەکەی گوێی کۆساران دوورکەومەوە و لە زاری چەتێی سەرناس شتێك لەو مستێیە بگەمەوە:
حاجی مستێ تەمەنی گەیشتبووە هەشتا، بەڵام وەك دەڵێن ئەسبابەکەی بەکاربووە هێشتا، لەو زوورگانەی پشت کەسنەزان لە ناو رەشماڵ دەبن، ئێوارەیەك لەرزێکی کەمی لێبووە،کوەکانی خۆدەکاتەوە، حەفت کوێی دەبڕ، دەڵێ: شتێك هەیە دەمەوێ پێتانبڵێم..
کوەکان تێدەگەن کە باوکیان لە سەر مردنە و دەیەوێ راسپاردەی خۆی بگەیەنێ، کوە گچکە دەڵێ:
بابە، توخوا، باسی مردن مەکە، تۆ هێشتا زۆرت ماوە..
حاجی مستێ دەڵێ:
کوەم دەزانم، ما دەزانن ئەمن هەنگەم لێ چ بانگکردیە؟!
کەس قسە ناکات، حاجی مستێ دەڵێ:
کوەم، ئەمن دەمهەوێ هێبە تەواوکەم، هێبە!
کوەکان هێپێك لە خۆیان دەزانن، یەکیان بە چرپە دەڵێ:
بە خودای بابمان شێت بووە..
مستێ دیارە لە بیستن لە تیرەی مشکە، دەڵێ:
کوەم، شێت نەبوومە، ژنەکی جەحێلم لێ ببیننەوە، تا دوو براتان لێ زیاد بێت و هێبە تەواو بێت..
لەو ساتە ژنە پیرەکەی حاجی مستێ کە هەر هێندەی گلێە موویکی لێ ماوەتەوە، هاوارێك هاواردەکات، لە چیای کێشکێ گوێیان لێی دەبێت، ئیدی مستێ ژنەکی دەڤەری کێشکێ دێنێ و منداڵیشی دەبێت، دەڵێن، دواتر لە سەرە مەرگ بە کوەکانی گوتبوو:
دوای من کەستان گومانتان لە زۆدایکتان نەبێ، دوور نیە دوای من برایەکیترتان بداتێ، چوونکێ دوونێ شەوێ سەرجێیم لەگەڵی کردووە!
با بە هاواری گوێی کۆسارانەوە بچین و بزانین هاوارەکەی...

دەردە کــورد … عەبــدولـەحمان فەرهادی

خەریکە بـەم کورد بوون دەردێکی کوشندەیە و ئەم ناوونیشانەی سەرەوەش لە کتێبێکی مەحووم مەحموود زامدار وەرگیراوە کە باسی لەو دەردانە کردووە. کورد میللەتێکی زیندوو کوژی مردوو پەرستە، ئەم پەندە لەخـەـا لەناو خەڵکدا نەهاتووەتە گوتن، دەسەڵاتدارانی کورد بە درێژایی مێژوو لەـاست میللەتەکەیان تا ئەوپەڕی بـەوەفایی و بـەهودەییان نواندووە.

تاکی بەتوانا و داهێنەرانی کورد لە بواری جـراوجـرەکان تا لە ژیاندان، بەهـی دژایەتی و هەزاـەت و کـشە لابەلاکان و خەمی گەورە و نالەباریی ژیان، یان دەبـ سەر هەـگرن یان بە خەون و خولیاو برسـتی و کـشەی بـماناوە سـەربـنـنەوە، تـا زیـنـدووی دەتهـاـن، سەرکوتت دەکەن، لەبرسانت دەکوژن، ـگریت لـ دەکەن، بەرپـنەت دەدەنـ و خەریکی مل شکاندنتن، وەختـ کەلەواژ دەبییەوە و سەرت ئاودیو دەبـ، ئیتر کەسانـك دـن لە شینوشەپـان دەدەن، کورد دەـ هەر شەـەو بـ جوامـرـكە، چەند جوامـرـك دـن لەسەر کەلاکت دەگرین و یاری وشەسازیی بە مەدحوسەناتەوە دەکەن و لە هوورگیشیان دەئاخنن.

یادی بەخـر مەحموود زامدار گـایەوە: بیرمە چەند مانگـك بەر لە مردنی، خوالـخـشبوو حەسەنی جزیریی هونەرمەندی گەورە و نابینا و دەنگخـشی ناودارم لە بەغدا لەناو پاس بینی کە یەکـك دەستی گرتبوو، ئەو پیاوە گەورەیە لەناو پاسەکە سوالـی دەکرد و دواتریش کە سەری نایەوە، لە بـکەسییان شارەوانیی بەغدا کە پـ دەـن (امـانە عاصـمەـ) ئـەو و نەسـرین شـروان یشـی نـاشت و ئـسـتاشی لەگەـدابـ کەس نازانـ گـیان لە کوـیە.

چەند سا ـك لەوەبەر لەو هەولـرە، ئـوارەیەکیان لەگەـ کاك حاکم شاکر ـژبەیانی بـ کات بەسەربردن، خەریکی کـنکان بووین، کاك شاکر ئەو وەختە بە ـوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ـشنبیری بوو، زەنگی مـبایلەکەی لـیدا و کە وەرامی دایەوە دیار بوو جەنابی کاك فەلەکەدیـن کـاکەییی وەزیـری ـشنـبیری بـوو و هەوالـی ئـەوەی پـ

ئاگەیاند کە هونەرمەند سەباح داودە مردووە، هەواڵەکە ناخۆش بوو و خەمگینی کردین، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە ڕێپەرتاجکدا ماڵەکەی سەباح داودە م لە شاشەیەکدا بینی کە لە گەڕەکێکی میللیی پەرپووتی کەرکووك لە خانووچکەیەکی دیوار بلۆك بەدەرەوەی تەنگوتریسکدا دەژیا، ئەو شوێنە شایستەی ئەو نەبوو، من ئەوکات کۆمێنتم خوارد کە بۆ دەبێ هونەرمەند و نووسەر و بەهرەمەندانی کورد ئەوە قەدەریان بێ؟ زەنگێکی دیکە بۆ مۆبایلەکەی کاك شاکر هاتەوە و دیار بوو داوای لێ دەکرا هەواڵ بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو بنێرێ کە خەرجییەکانی ناشتن و پرسە و پێداویستیی تر دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری، مەسەلە پەندەکەیە! بە خەمباریەوە قسەمان لەمبارەوە دەکرد و دیسانەوە زەنگێکی تر بۆ مۆبایلەکەی کاك شاکر هاتەوە و داوای لێ کرا کە واز لە مەسرووفاتی پرسەکە بێنێ، چونکە ئەو مەسرووفاتە، خانم هەرێ خان لە ئەستۆی دەگرێ.

ئیتر بەمجۆرە ببووە پێشبڕکێ لەسەر خەرجییەکانی ناشتن و پرسەی هونەرمەندێك کە بەدرێژایی ژیانی بەدەست نەبوونی و برسێتییەوە تلاوەتەوە. دەردە کورد جۆری یەکجار زۆرە بەڵام لە هەموویان کوشندەتر (زیندوو کوژی مردوو پەرستە)، پەندێکە قەت قیمەتی تەواو نابێ، چونکە بۆ کورد فیت هاتووە و پێ بە بەریەتی.

خەمی ژیان … عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

بەردەوام دەبم
دڵ بێ سادەیی دەکەمەوە
تا دەستم شل دەبێ لە مردن رادەکەم
تا دەستم شل دەبێ لە خەم دەبمەوە
نزیك لە سروشت
وەك با لە باوەشی دووری
دەچمەوە شار
بەردەوام دەبم
ناتوانم بەردەوام بم

نامبینی که چۆن دەکەوم
نامبینی دەنگم نوزەی دێ
ئەوە هیچ نییە
بەردەوام دەبم
گوێ لە دڵی مردووان دەگرم
ئەوەی گوێی بێ دەگرم خەم نیم
ئەوەی گوێی بێ دەگرم کێ بێ
پەیوەندی بە دڵەوە هەیە
تا دەستم شل دەبێ
مردووە نەمرەکان دەدوێنم
باوەش بێ خەم دەکەمەوە
ئەوە هیچ نییە
لە شاردا هەم زیندووەکان و هەم مردووەکان
گاڵتە بە یەکتری دەکەن
وەك ململانێ لەسەر هێز
دادپەروەری
لە دوکانی نادادپەروەری دەفرۆشن
ئازادی لە ئازادی دەگرنەوە
ئەوە هیچ نییە
ناتوانم بەردەوام بم
دوور لەو کاتەی کە هێز دەبێتە گەمژەیی
لەو کاتەی کە مردووان دەبنە نەمر
کە دەنگم دێ لە گۆڕستان
باوەش بێ خەم دەکەمەوە
بەڵام نەمزانیوە مردووم.

25/11/2016

بەرەو باوان … سەردار جاف

میلی چرکەژمێرەکە
لە منداڵدانی ژنێکی نەزێکدایە
هەنگاوەکان…

خۆرا بەرەو باشوور ملی ڕێگا دەنێ
مەشخەڵی ئاگردانی ئەم بێشەیە
پاسارییەکان .....
لە لێتاوی قوڕی شینا هەڵدەکشێن
کوکوختییەکان....
سەما لە گۆرانی دوێنێ دادەبەستن
خەونی سەوز دەگۆڕێنەوە
گۆلاسە بەرگرتووەکانی زەمەنێ
لە خەرەندی ئاوەزەوە هاوار بوون و
شەمەندەفەری ڕۆی تاسە
لە دامەنی لێرەواری سەختەنێکا دایاندەنێ
میلی چرکە ژمێرەکە
هەناسە سوار
بە هەورازە سەختەکەدا هەڵنازنێ
ئەوکی پێ حەسرەتی پاسارییەکانە
بە کپی و شەرم و لەرزێك
لە جراخدانی موستیلەیەك دەسەکنێ
هێشتان کەس گوێیان بێ ڕانادرێ
ئەم ژوانی تەمەنەیش
لە دوا ساتی ماڵئاوابوونی خۆی دایە
پاسارییەکان .....
هێشتا لە سۆراغی پوشن
قەڵای سەخت دادەنێن و
شەڕ لە خۆ دوور دەخەنەوە
کە چرکە ژمێرەکە بەرەو فەنابوون ملی بان میلی گرتووە
باوان کوانوویەکی کوێرەوەبووی سەختە
لە دەنگی کوکوختییەوە
سیحر ئاوێزانی میلادی نوێ بووە
خەونی سەوز
لە جێزەردانێکی زەردباوا
نغرۆی ریتمێکی نامۆیە
بێ کەس لە گۆلاسەکان دەپرسێتەوە
گەنیویان تێدا ئاماوە
هەنجیرەکان بار دەکرێنە شەمەندەفەر
قوتوبوندی هەڵچنراون
ڕۆح وا دەبێتە فریشتە و
بە سەر کەمەی ئاڵای زەلات دادەچەمێ

بۆ هەتایی
لە دەزرانی دەئاڵێنێ

Montabaur
5 / 2 / 2017

پارچەکانم کێکەنەوە … ستار ئەحمەد

کاتێك بارزان
کێشی سووری
لێزامی چیا دەبەست و
گەرمیان رەڕەوی مەشوولێی
هەڵدێ پاچی
خەرئاوا خەری
لە بۆژنی سەحرا دەبەست
خەرهەڵات دەبووە سایەی
مەرگکان و
سەگی هەڵەی پێ دەناسین
شا بۆ قوربانی جژنەکان
لەڵەی چاوەشکانی خواروو
بۆقەد لقی دارخورماوە
هەڵەی واسین
نازانم گەر بیرتان مابێت
سنوور تەلبەندی کێناری و
کێتری خەزگەی کوێستان بوو
نانی دەمی کەرپکانمان
گڵنەی برژاوی شێخ سەعیدو
جەرگی قازی قارەمان بوو
لەتەنها وەرزێکی سووڕا
ئاوەبوو کەرپەی مەهاباد
چاوی ئازادی هەڵهێنا

ئبتر کێچ کەوتە کەوی فارس و
دەرپەی کوناوی ئابەوویان
لەپەی ئافرەتی عەرەب کرد
ویستیان کوەوانەی گردەمەند
پە لەژاری ستەم بکەن
سەری لوتکەیان داپاچی
ئامەزی چیایان هەکەی
هەبجەیان
لەبەنی سەوا غەرق کردو
باشوریان گواستەوە باکوور
گارەیان هەنا بە زەنکاو
دوکان خوناوی دەنەشی
سیروان بە قومەك با خنکا
سەربەستیان لەبار برد
بە جووت بوونەك
کەوتنە گیان یەك
هەندە مەراقی پەین بوون
ردەنی چقەیان دەرهەنا
دوو وەاتی چە برژاویان
خنکان لەنەو دەریای خوەنا
بەمەش پارچەیەك لەجەستەم
کونی تەکەوت
خاکم پەبوو لەخوەن و نەوت

مەرگەک لەژەر هەورەکی بەدەنگ … تەماس مارەک

و. لە ئینگلیزییەوە: هەژار عوسمان

دیمەنەک لە دەربەندەکەوە

وا خەریکم هەدەزنەم

بە دژواری و

تا دە بچووکتر دەبمەوە
لە بنکوبناری
ئەو
چیا بڕندەوە…

وا خەریکم هەڵدەزنم
گەرچی هەشتایش هەر بچووکتر دەبمەوە…

خەڵکانی چاو-بەپەڵووو

لەم شارەدا
خەڵکی پەڵووی چاوی نییە.
ئەوان مەحکوومن بە تەماشا
تەنانەت لە خەونیشدا.
با فرمێسکەکانیان دەگوشە،
بەو هەیەوە وێنەکانی زەریا
دەبینن،
ئاژەڵەکی گەورە
کەف بە دەمیدا دێتە خوارەوە،
گژوگیای زەریا تف دەکاتەوە.
و ئەوان
جەستەی خۆیان
بە ئەو
دەکەنە قوربانی
لە دواین ویست و ئارەزوودا و
تەماشا دەکەن کە چۆن شەپەلەکان
لە سەر لمەکە
جێپێکان کاڵ دەکەنەوە.

کەسای مەزن

یەک فلسیشم پێ نەبوو بە بلیتی
پەرستگە.
سا دانیشتم لەبەر پەی
عیسای تەقیودا،
چەقۆیەک و پارچەنانێکم دەرهێنا.

ئەم تەماشای ئاهەنگە پڕ لە شادییەکانمان دەکرد
لە هاتنە دەرەوەی
کەسای مەزندا و

ئەو خەوی لە کەوت
لە خوارەوەی چاوی تاوێرە بەژنبەندکەوە،
بەرز و بەهێز
بەتاڵ
شەو جوان،
بەبێ خودا و
بەبێ ئیمانداران.

ئاکام
شانەی
خاچەکە
تەواو بوو.

ئەشکەوتی دەزێخ

لە بەردەم ئەشکەوتێک
پانوبەرین و تاریکوتار
دانیشتبووم،
وەکوو ئەشکەوتی دەزێخ

تەماشای ناوەوەم دەکرد
پڕتر نوشتابووەوە
بەسەر چاڵی تەوتووشی دەزێخدا
هەناسەم دەدا
لە هەوا و بۆنی فریودەری دەزێخدا.

بەڵام من جوامێریی
ئینیاسم نەبوو.

[ئینیاس: جەنگاوەرێکی ئەفسانەی گریک و سەرکردەی بەرەی تڕۆجان لە جەنگی تڕۆجاندا]

قایلبوون

شەو بە کاوەخۆ نوقم دەبێ
پێش بەربەیان،

نیمچەهۆشیار
ئەمما هەشتا شنەشنیەتی،
گۆشکەیەتی و
گۆژە
بە زەبری تیژی و دەیی
تۆفان.

چاوم بەییە ئەم دیمەنە
بە حەزەکی ئەجگارەوە،
بەنی خۆش هەڵدەمژم،
ئاڵۆشم گرتووە،
بە بەنی بەیانیانی
دەریاچەی ئەر های.

کوەیژگەی ناو تەم

بەیانییەکی خەرمانانە. باڵندەکان هەشتا خەون دەبینن
بە کەڵگەی گەنمەشامی و باخچەی پە لە ماروماڕووەوە.
دووکەڵی پاییز لە هەوادا ئاوەزانە،
ئەستا تەقریبەن دنیا ئارامە، بەڵام جاروباریش شلەق،
وەک حەسانەوەی ئاژەڵەک دوای ئاکردن.
هیچ دەنگەک ئازی بەیانی ناشکێنی.
تەم لە ڕووبارەکەوە دەڕژە، دەڕۆکە پە دەکا،
دوورتر دەڕژە، مەرگان بە هەورەکی بەدەنگ دادەپۆشە
بە تامی قەوزەی قاوەیی دەریا و گەڵەای داربەڕوو.
نەویتر دەنیشە، دەوەن و گژوگیا دادەپۆشە،
ئەمما کەمەڵە نەونەماەکی دارچنار
لە سەرووی زەریایەکی هەژیو و هەڵچووەوە ماون.
خەر هەڵهاتووە، بە خەرایی هەڵدەزنە،
ڵەنگی نامەی بەتاوانی تووتەک بزر دەکا
تا بگا بە ئاڵۆشی فرەی پرتەقاڵی گەیيو.
کوەیژگەیەک بە ڕەگەدا دەڕوا، بە لاقەکانی دەگەرمی و جۆش شەتە دەکا
تەم دەیلەستەوە، بەملاولای قامکەکانی خونچەگوڵە ساردەکان دەلاوێنە،
لە خونچەی گوڵە نادیارەکانی
دوادواییەکانی هاوین چنەد دڵۆپەشەونمە دەبارێنە. دڵۆپەکان دەبارێن
دەنگەدەنگە دەننە ئارا کە دانیشتووانی
جیهانەکی بچووک بەخەبەر دەنن– ئەوان هەشتاکە نەیانزانیوە،

تەنانەت هەشتا هەستیان نەکردووە،
کە گەڕەکی ناو کەپشتی کۆیژگەکە
دەبەتە چارنووسی هەندێک لەوان،
قەتاری وێرانکاریی مەخلووقە بچووکە زیندووەکان
گازی ئیسەر-پەدا-کراوە و بە دەرزی کون کراوە
لە ئاوشفیتزەکی بچکۆلەی ژووری منداڵەکدا.

دەڵێی مل بە کۆیژگەکە دەنێ،
کونجکۆڵی و مەراق،
ویستی دەزگاوێیەکی هەسای گەردوون…

تەماس مارک سەبیەرای (سەبیەراژ) (لە ١ی جولای ١٩٦٤ لە لەدز، پەنسڵڤانیا لە دایك بووە) شاعیر، نووسەر، هونەرخنەگری ئەدەبی و هونەری، وتارنووس، فەتۆگرافەری دەکیومێنتاریی. سەبیەراژ لە زانکۆی لەدز جوگرافیای خوێندووە و هەر لەو زانکۆیە ماستەری لە ئاوزانی (زانستی ئاو) و کەشزانیدا هێناوە و لە زانکۆی لیشبۆنیش ماستەری لە ئامار و سیستەمکانی زانیاریدا هێناوە. هەتا ساڵی ١٩٩٩ وانەی جوگرافیای گوتووەتەوە و تایبەتمەند بووە لە دیمەگرافیا و سیستمی زانیاریی جوگرافی. تەماس هاوکات وێرگەڵ و شیعری شاعیرانەکی وەک: "حەسەن عەبدوڵڵا، هەدان عەلی گەلیدی، لی بای، ستانلی ئێچ، بارکان، هەلین بارلەف، ویلیام بلەیك، کەنستانتین پی. کاڤافی، لیدیا چیارلی، یوون هێ چێ، ڕیتا داڵ، دەیڤد دەی، شاناو حەبیبە (لە ئینگلیزییەوە بە پەنجابی)، نەنس هاو، پیتەر تابیت جەنس، لاوزی، میلاگرەس لەپەز، نیکانۆر پارا، ئیریك لا پرادی، کیەنگ نیون کیم ڕیچاردس، سیرکا تورکا، ساندەر دی ڤان و بیل وەلاك"ی کردووە بە پەنجابی و ناساندوونی.

کتێبەکانی

- گەڵ، شیعر – ٢٠٠٨
- جەنگی گوڵەکان، شیعر – ٢٠٠٩
- شوێنی هەمووشت دیار، کورتەچیرۆك، فەتۆگرافی – ٢٠٠٩
- بیرکەی گشتیی پاییز، کورتیلەمان – ٢٠١٠
- شتە بەبایەخەکان، مۆنۆدراما، وتار، دووزمانە: پەنجابی و ئینگلیزی – ٢٠١١
- بەرگدروو، هەڵمانەشیعر، دراما – ٢٠١٢

• لە پشت دەروازەکانی خاکی بەرەنپەدراوەوە، فۆتۆگرافی – ٢٠١٣

شوناسی پارتی لە نێوان تۆتالیتاریییەت و دیکتاتۆرییەت) … بەشی یەکەم)

ڕزگار عەلی

• سەبارەت بە دەهێلانەدەرکانی ئەنتی پارتی.

ئایا هەرگیز پرسیارتان لە خۆتان کردووە بۆ لەناو سنوری پارتیدا، جۆرێك ئینسان و ڕۆژنامەنوس هەیە بە ئازادی قسە دەکەن و جنێو دەدەن، جۆرێکی تریش هەیە دەکوژرێن و شاربەدەر دەکرێن؟ ئایا هەرگیز پرسیارتان لەخۆتان کردووە بۆ هەڵبژاردن دەکرێت و پەرلەمان دادەنرێت، بەڵام بۆ دادەخرێت؟ ئایا هەرگیز پرسیارتان لە خۆتان کردووە بۆ مەکتەب سیاسی یەکگرتوو دەکوژرێت و لە هەمانکاتیشدا ئاە و لەیلای کوژرا و لە هی بکوژەکە زیاترە؟ بۆ بارەگای سەرەکی گۆران لە هەولێر هەیە و کەچی پەرلەمانتار و وەزیرەکانی ئاودیو دەکرێن…؟ ئایا لە خۆتان پرسیوە ئەمە چ سیستەمێکە ئەم هەموو دژە لە خۆیدا کۆکردۆتەوە؟ چۆن کۆیکردونەتەوە و بە چ شێوەیەك مەمەڵەی لەگەڵدا دەکات؟ لە کۆتا ڕووداویشدا ئایا لە خۆتان پرسیبوو بۆ نەیانهێشت (عەلی حەمە سالح و سەران عومەر) داخیلی هەولێر بن، کەچی (عەلی پاپیر) لە هەولێرە و کۆمەیك سەرکردەی گۆرانیش بێ کێشە دوای چەند ڕۆژێك دێنە هەولێر؟

لەماوەی ڕابردوودا سەبارەت بەو ڕووداوانە و تەواوی ڕووداوەکانی کرداری پارتایەتی کۆمەڵە ئاکادیمیست ژۆنالیست و دەهێلانەدەری ئەنتی پارتی و)قاعیدە زەرورە(قەڵەمەکەیان خستە کار و تەحلیل تائویلی خۆیان بۆ حەدەسێکی شەقاوەئاسای بەتەجییەتی پارتی مانفێست کرد، ئەم ژۆنالیستانە بۆئاگا لە حەدەس و ڕووداوەکانی

حەفتا ساڵەی تەمەنی ئەم حزبە هەندێك تائویلی سەیر و تەفسیری کوڕانەیان بۆ ئەو ڕووداوە دەکرد کە دەتخوێندەوە مرۆڤ توشی داوخان دەبوویەوە، ئەمانە بەردەوام لەسەر ئەو ڕووداوانە دەیانەویست بیری پارتی بخەنەوە کە ئەم کرداڕە و لێژیکە وەحشیگەرییە دیموکراسی نییە و زەرەر بە ئەزموونەکەمان و دیموکراسییەکەمان دەگەیەنێت، ئەم ژووناڵیستانە کاتێك قسە دەکەن کەلیمات و وشەکانیان لە گەدەوە دەردەچێت و هەر بەلێژیکی خەونبینین بە دیموکراسی پێمان ڕادەگەیەنن: ((گومانمان لەو ڕووداوە هەیە، دەکرێت هێزێکی سەرووی خێی لە پشتەوە بێت))، وەکو وایە سەرووی ئەوان فریشتەکانی خوا و نیشتیمان و رزگارکەری مرۆڤایەتی بن، ئەم عەقڵیەتە دەیەوێت گومان لە وێنەی دەجاڵتی قاعیدەی پارتایەتی بکات و لە وێنەی فریشتەیەکی بێتاوان و بێ زیان پشانبدرێت و ئەو بەتەچییەت و کوشتن و بڕین و تاڵانی و جەردەییەش کە هەیە قاعیدەی خوارەوەیە و سەرەوە ناڕازییە لێی. لێردا ئێمە کێشەمان لەگەڵ ترسنۆك و ناپاك و کێلە و دەستەمۆکراوەکان نییە کە تەنانە لە تاقیگەی ئاژەڵبوونیشا دەرناچن، بەکو کێشە سەرەکییەکە ئەو ڕۆشنبیرانە و ژووناڵیستانەی ئەنتی پارتین کە بۆئاگا فۆرمی نوێ، تەئویلی نوێ و بونیادی نوێ بە هێزێك دەدەن و تەمەن درێژی پێدەبەخشن، ئەمانە هەرگیز شانازی ئەوەیان پێ نابڕێت ڕۆژێك عەقڵکی سەلیم، بیرکردنەوەیەکی ساخ و دەماخکی تەندروستییان هەبێت، چونکە ئەمانە خۆیان بە موفەکیر و فەیلەسوف و رزگارکەری هەمووان دەزانن، بێ ئەوەی ئاگایان لەوەبێت چۆن و بە چ شێوەیەك چەندین ساڵە چوونەتە خزمەتی ئەو دێوە گەورەیەوە کە ناوی پارتییە. ئەوانەی پێیان وایە کرداڕەکانی پارتی کرداری هەڵەمکی و لەخۆیەوە، بێ ئەوە عەزمێتێك بکەشن و بزانن ئەم حیزبە 70 ساڵ تەمەنێتی، بێ دەبێت حەفتا ساڵ تەمەنی بێت و بە قاعیدی عامیش بمێنێتەوە؟ ئەوە چ سیحرێکە پارتێك کە بەتەجیایەتی، گەندەڵی، چاوچنۆکی و داونپیسێتی کرداری بێت و تەمەنی ئەونە درێژ بێت، ئەوە چ قودرەتێکە کە تەمەنی حزبێك لە تەمەنی حزبەکانی قەزافی و موبارەك و بن سالح و سەدام و تەنانەت بەشار ئەسەدیش زیاترە؟ ئەو ژووناڵیستانە و کەسە موبارەکانەی کە فۆرمی ئیشکردن بە هێزە نەیارەکانی پارتی و ئۆپۆزسیۆن دەدەن بە جۆرێك مەستبوون لەناو وێنەکانی خۆیانەوە، دەبێت بەئاگابێنەوە و شوناسی حزبێك کە تەمەنی لەتەمەنی بەعس درێژتر بێت بزانن، دەنا تا کەتایی پیروپەکەوتەبوونیان دەبێت هەر لەناو خۆزگەکانیان و دوعاکانیان بخولێنەوە، من نازانم ئەگەر نەزانی شوناسی حزبێك چییە، چۆن دەتوانیت تیۆر و تەفسیری نوێی و سیاسی خێت و ڕۆشنبیربوونت و

ئەپۆزسیۆنبوونت بخەیتەکار؟ چۆن دەتوانیت بەرەنگاری ببیتەوە؟ چۆن دەتوانیت مامەڵەی لەگەڵ بکەیت؟ چۆن دەتوانیت ببیتە هۆرشبەرێکی بەردەوام و ئامانجدار و بەدیلخواز؟

- **لە نێوان ڕژێمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆری**

لێرەدا دەبێت جیاوازی نێوان رژێمی تۆتالیتار و دیکتاتۆری بکەین، دەبێت تایبەتمەندی هەردووکیان بزانین، بەتایبەت لەناو دڕخی مەدڕندا، چونکە دەبێت بزانین چەمکەکان و تیۆرەکان و تەنانەت کرداڕە وەحشیگەرەکانیش شێواز و فۆڕمی خۆیان گۆیوە و بە شێوازێکی تر دەردەکەون، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی بونیاد و فەنکشنی رژێمە تۆتالیتارەکان لە فۆڕمی دیپۆتیزم (ستەمکاری) و تیرانییەت (جەبارێت) دیاری دەکەین. دەبێت بزانین هیچ رژێمێك نییە هاکازایی بێت، وەکو ئەوەی لای کورد هەیە (خوا دەمانگۆڕێت)، ئەوە تەنیا فۆڕدانی عەقڵە بۆ ناو کایەی بۆعەقڵی، فۆڕدانی خۆمانە بۆ ناو کایەی وەهم، فۆڕدانی بەیانکردنی نەتوانینی و جەبانێت و ترسنۆکیمانە بۆ لای خودا. دەبێت بزانین هەموو کردارێکی سیاسی دەرئەنجامی دیراسەکراوی عەقڵانی وردە، تەنانەت کرداڕە سیاسییە وەحشیگەر و ئابووبەرەکانیش دیراسات و لێکدانەی خۆیان هەیە و ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتە.
هانا ئانێت لە تیۆرەکەی خۆیدا دەربارەی جیاوازی نێوان تۆتالیتار و دیکتاتۆرێت سەرنجمان ڕادەکێشێت و ئاماژە دەکات: دیکتاتۆر زیاتر پشت بە دەزگای سەربازی دەبەستێت، دەزگای سەربازییەت لە پێناو سەرکردە. سەرکردەی دیکتاتۆر هەوڵدەدات مەرکەزێتێك بۆ خۆی دروست بکات و بە پێی هەڵەمێکی دەسەڵاتی بیرۆکراتی فەرمانڕەوایی بکات، واتە دیکاتۆر فۆڕمێکی موتەقی (ئاشکرای) حوکمڕانییە، دەوری گەورە و باسی گەورە ڕێبەرە، ڕێبەر یان سەرۆك هیچ نهێنێکی نییە، هیچ پەردەپۆشێکی نییە بۆ ئەوەی وەکو ڕێبەر خۆی بناسێنێت، بەڵکو یەکسەر مافی خوداوەند و گەورەی هەمووان بە خۆی دەبەخشێت، لەناو دیکاتۆرییەتدا تەکەڵەیەك لە نێوان دەوڵەت و ڕێبەر دەخوڵقێنرێت کە کەم کەس هەیە بزانێت کامە دەوڵەتە و کامە ڕێبەرە، لێردا ڕێبەر ئەوەندە گەورە و مەزن دەکرێت کە دەوڵەت جگە لە ڕێبەر کەسی تر تێدا جێگەی نابێتەوە، لە ژێمی دیکتاتۆریدا لەناو دەوڵەتدا ئەگەر کەسێك ببینرێ هەر ڕێبەرە، ئەگەر دەنگێك ببیسترێ هەر ڕێبەرە، ئەگەر جۆرەیەکیش هەبێت هەر ڕێبەرە. هەردەم سیاسەتەکانی دەوڵەت بریتییە لە خەمزەی ئەهریمەنی و کەڵکەڵەی سەرۆك.

بە کورتی، جیهانی دیکتاتۆری بریتییە لە جیهانی سەرۆك، یان خوداوەندێکی درۆزن کە بە گوتەی خۆیان لە وێنەدا نییە، لە عاسمان و زەوی کەسێکی هاوشێوەی نییە، کەس پرسیار لە کردەوەکانی ناکات و تەنیا دەپرسێت و دەپرستەوە، ئەگەریش بتەوێت لە هێبەر بپرسیت، توشی هەزار بەزمی گومڕایی و عەقڵکچوونت دەبەن. رژێمی دیکتاتۆر هەموو پێوەرەکانی رژێمێکی تۆتالیتار لە خۆی دەگرێت، بەڵام ئەوەی جیاوازی دەکاتەوە ئەو هێبەرەیە کە خۆی بەسەرەتا و کۆتایی هەموو شتێك و مەرگ و ژیانی هەموو کەس دەزانێت، لەگەڵ ئەو دەزگا سەربازییەی کە بە ئاشکرا بۆ مانەوەی هێبەر(دەوڵەت) وجودی هەیە، لەگەڵ ئەمانە دیکاتۆرییەت رژێمی تۆتالیتاریشی تێدایە بەڵام بە جۆرێکی تر، دیکاتۆرییەت لە هێگەی ئامرازەکانی تۆتالیتارییەتەوە خۆی مانفێست دەکات، بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەو ئامرازانە ئامرازی هەئیسی دەوڵەتن و لە پاڵ ئەوانەدا ئامرازی تر نین بۆ شاردنەوەی دەزگا توندوتیژییەکان و بەتەچییەکان، واتە دەزگا توندوتیژەکان لە دیکتاتۆرییەتدا نهێنی نییە و فەرمین، بەڵام لە تۆتالیتارییەددا نهێنین، لە رژێمی تۆتالیتاریدا (نهێنێتی) بەدی دەکرێت، چۆن؟ ئایا فۆرمی تۆتالیتارییەت و ئامرازەکانی تۆتالیتارییەت چۆنە و بە چ شێوازێك ئیش دەکەن؟ هەروەکو گوتمان دیکتاتۆر زیاتر لەناو کایەی سەربازدایە، بەڵام تۆتالیتار پشتئەستورە بە دەزگا هەواڵگیرییەکان. جیاوازێکی تر لە کەسایەتی سەرکردەکان دەردەکەوێت، هەرچی رژێمی تۆتالیتارە بە گوێرەی فرەمەکەزێتێکی جیوەیی کاردەکات.

لە رژێمی دۆتالیتاردا بە تایبەت لە دۆخی مۆدێرن هێبەر (بەئاشکرا) خۆی بە خودا و کۆتا رزگارکەری نیشتیمان نازانێت، بەڵکو بە زەروورەتی قۆناغێك خۆی مانفێست دەکات، هێبەر لە تۆتالیتاردا لە پاڵ خۆیدا سێبەری خۆی دروست دەکات، سێبەرێك کە لە زەینی خەڵکیدا دەخوڵقێنێت و لە هێگای دامودەزگا زەبەلەحەکانی ئیعلامەوە و بە بانگەشەی بۆوپاگەندەی ئەوەی (ئەوە ئێمەین پێویستمان بە سەرۆك دەبێت نەك ئەو) خۆی دەردەخات، خودی ئیبەر هاوشێوەی هەمان هێبەری دیکتاتۆرییە، بەڵام ئەوەی جیاوازە لە تۆتالیتاریدا ئەو سێبەری خودی هێبەرە لە پاڵ هێبەر بەردەوام بانگەشەی دیموکراسیبوون و خۆشگوزەرانیبوون و بە یەتەپیابوونی ژیان دەدات لە داهاتوودا، هێبەر بە بیانووی یەتەپیابوونی ژیان لە داهاتوو، ئەو داهاتووە یەتەپیایەی کە هەرگیز نایەت بەردەوام کۆمەڵگە دابەش دەکات بە دوو لەتەوە، کۆمەڵگەیەك کە پشتگیری هێبەرن و کۆمەڵگەیەك کە دوژمنی هێبەرن، لە نێوان ئەو دوانەدا هیچ چینێکی تر جێگەی نابێتەوە،

بەکو یان دەبێت دەست بیت، یان گەر دەست نەبیت دوژمنیت. ئەبەر لە ئاگەی ئەو دووژمنانەوە بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو یەکپیایەی کە دەیەوێت بیگەیەنێتە دی بێ کۆمەڵگەکەی ئەوا دوژمنان ئاگرن، واتە لێرەدا دوژمن یان بەرهەڵستکارانی ئەبەر گەر نەتوانن لە ڕیاکاری ئەبەر حاڵی بن و تێبگەن ئەوا لە دەستەکان زیاتر کۆمەك بە ئەبەر دەبەخشن، ئەبەر لە دیکتاتۆریدا هەموو دوژمنەکان و بەرهەڵستکارانی خۆی لەناو دەبات و دەیانکوژێت، لە ئاگای ئەو کوشتنەشەوە هەموو ڕەنگەکان حەزف دەکات و تەنیا خۆی بوونی دەبێت، بەمەش فۆرمکی دیکتاتۆری بەخۆی دەبەخشێت، بەڵام ئەبەر لە رژێمی تۆتالیتاریدا نەك دوژمنەکانی ناکوژێت، بەکو پێویستی بە ئەو هەمەڕەنگییە هەیە بێ ئەوەی دیکتاتۆرییەتی بشارێتەوە، ئەم هەمەڕەنگییە بێ بانگەشەی دیموکراسی بوون و ئازادیبوونی دەوڵەت گرێدەداتەوە، بەڵام ئەو هەمەڕەنگییە، ئەو بەرهەڵستییە بەش بەش و بچوك بچوکە هەردەم لە خزمەتی ئەبەردایە، چونکە بەم بەرهەڵستییە لاوازەی کە هەیە هیچ کات نابنە مەترسی بێ بوونی ئەبەر، نەك نابنە مەترسی بەکو هەردەم بێ (شەی بەردەوام و دوژمنی بەردەوام و سازدانی سیناریۆی بەردەوام) سودیان لێ وەردەگرێت، بێ ئەوەی هەم بۆَت خەونی یەکپیابوونی ئاوەی ڕەعییەت لە خەتەردایە، هەم ڕیاکاری دیکتاتۆربوونی بشارێتەوە. ئەمە تا ئێستا تێگەیشتن بوو لە خودی ئەبەری تۆتالیتار، ئەوەی ماوە ئاشکرای بکەین ئەو فۆرمی دەوڵەتەیە کە تۆتالیتار تێیدا ئیش دەکات.

سیمای تۆتالیتار لەو تێکەبوونی سەیرەی نێوان (دەوڵەت و حزب و جەماوەر و ئەبەرە). وەکو پێشتر گوتمان لە دیکتاتۆریدا تەواوی ئەو دەزگایانەی هەیە دەزگای ئیسی دەوڵەتن، لە سیستەمی دیکتاتۆریدا دەوڵەت و حزب و جەماوەر و بەتەواوی تێکەڵ دەبن کە کەس ناتوانێت جیاوازیان بکاتەوە، واتە دەوڵەت ئەبەرە، ئەبەر دەوڵەتە، دەوڵەت حزبە، حزب ئەبەرە، حزب دەوڵەتە، ئەمە لەناو سیستەمی دیکتاتۆری بە شێوەیەکی تێکەڵئامێز هەیە، هیچ جەماوەرێك و کۆمەڵگەیەك و حزبی سیاسیش لە دەرەوەی ئەمانە بوونی نییە، بەڵام هەرچی سیستەمی تۆتالیتارە، ئەبەر و ئەبەری دژ، حوکمەت، دەوڵەت، حزبی تر... هەیە، ئەوەی تۆتالیتار و دیکتاتۆر یەکسان دەکات حوکمڕانیکردنە، هەردووکیان لە ئاگەی حزب و ئەبەرەوە حوکمڕانن، بەڵام حوکمەت و دەوڵەت و حوکمڕانیکردن لە تۆتالیتار بە شێوازێکە ئەوەی وەکو حوکمڕان دەردەکەوێت ئەوە حوکمڕان نییە، واتە لە تۆتالیتار تێکەڵەی نێوان دەوڵەت، ئەبەر، حزب... نییە، واتە هەرسێکیان یەك دەزگای تێکەڵ نین بێ حوکمڕانیکردن، بەکو دەزگای جیاوازن، واتە

لە ژمی تاليتار حوكمەت هەيە بە جياواز، دەوەت هەيە بە جياواز، حزبی تر هەيە بە جياواز، بەريش هەيە بە جياواز، بەام حوكمەت دەوەت و هەموو بەشە جياوازەكان لە خی دەگرت لەناو خيدا و خشی دەچتە ناو حزبی بەری تاليتار و حزبی بەری تاليتاريش ب خزمەتی بەر، ئەم قناغە ناستەوخ زربەی كەمەگە بەو ەنگانەی كە جياوازشن و نابنە مەترسی ب سەر بەر دەتونتەوە لەناو بەر، زربەی جاريش بە گايەكی ئارەزوومەندانە نەك بە گای زرەملە، بەام ديكتاتر بەرەكە استەوخ هەموو كايەكانی دەوەت لەخيدا دەتونتەوە، ئەگەر كەسكيش لەمە لابدات توندترين سزا دەدرت، لە ديكتاتريدا هيچ گايەكی ئارەزوومەندانە بوونی نييە، تەنيا ئەو گايە نەبت بە استەوخ و اشكاو دەچتە خزمەتی سەرك و نيگای ئەهريمەنييانەی سەرك. هەرچی تايبەتە بەداموددەزگاكانی ژمی تاليتار يان ئەوانەی كە تايبەتن بەمانەوەی خودی بەر و ژمەكەی، ب لە بەرهەستكاران كە گوتمان بە ناستەوخ دەچتە خزمەتی بەر، كەمەك دام و دەزگاش هەيە كە ئيشی ئەوە دەكەن كە ك دەچتە خزمەتی ژم و ك لە دەرەوەی ژمە، ك تاوانبارە و ك ب تاوانە، واتە ئەمانە ناستەوخ دەسەاتدارن و لە پشت حوكمەت و دەزگا شەرعييەكانی واتدا ئيش دەكەن، تەنانەت دەزگا شەرعييەكانيش بەردەستی ئەو دەزگا نادياريانە دەكەن، دياريترين ئەو دەزگا نادياريانەش ئەمانەن

1. مەكينەيەكی گەورەی ئيعلام و پوپاگەندە
2. پليسی نهنی
3. دەزگای هەوگيری
4. ميليشيای حزب و بەر
5. پەروەردە(هەر لە پەروەردەكردنی مندالەوە هەتا كنتكردنی كايەكانی زانك و كەمەگە.

لرەدا ئمە شيكردنەوەی هەموو ئەو بابەتەنەی سەرەوە و چنييەتی ئيشكردنييان ب بابەتكی سەربەخ جدەهين، بەام ئەوەی گرنگە دەرخستنی ئەو سيما ديارانەی تايبەت بە تاليتارە نەك ديكتاتری، واتە ئمە دەمانويست كەمەك بابەت هەيە كە جياواز لەيەك تەماشای بكەين، وەامی ئەو پرسيارانەش بدەينەوە جياوازی نوان (تاليتار و ديكتاتری و ديموكراسی) چييە، لە كو بەيەك دەگەن و لەكو يەك دەگرنەوە.

کورد لە پراوێزی کۆنفرانسی کێنداو دا … هیوا خۆشناو

سەردێرکانی هەواڵ پەمان ئێمن:

-ئێردۆغان گەیشتە وڵاتی قەتەر بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی وڵاتانی کێنداو کە بۆ کۆنفرانسی دژ بە ئێران دەزاندرێ بۆ سەرکردایەتی ئەمریکا.
-سەرباری زیانێکی زۆری مادی و گیانی، سەربازانی تورکیا و هاوپەیمانێ سوریەکانیان کە بە "سوپای ئازادی سوریا" ئەناسرێن، خەریکی گرتنی شاری ال باب ن.
-ئێردۆغان بەر لە بەشکۆتن بۆ قەتەر، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەوانان: ئامانج دوای ال باب ڕەقە و مەنبەجێ.
-کۆنگرێی ئەستانە دەرزی تێدەکەوێت و ئێمن: بەشداربوان بەهەی کۆشێی تێکنیکی پشویان داوێ بۆ سبەی!!.
-بەشێوەیەکی ترامپ: پێشنیارکانی تورکیا بۆ ڕزگارکردنی ڕەقا لە ژێردەستی داعش لە سەر مێزی سەرکی نوێیە.
لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکی نوێ دەناێد ترامپ بۆ سەرکایەتی کردنی ئەمریکا کە چوارساڵە، ڕوسیا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە سوریا کەوتە خۆ و تەواوی شاری حەلەب "ئەلەپێ" یان لە ژێر چنگی گروپێ ئادیکاڵەکان دەرهێنا.

ڕزگارکردنی حەلەب سۆ ئەجامی سیاسی لەکەوتنەوێ:

-کۆنگرێی ئاستانە بۆ سەرکردایەتی ڕوسیا بۆ مەبەستی ڕێککەوتنی نێوان گروپێ چەکبەدەستان "بەتایبەتی ئەوانی نزیک تورکیا" و حکومەتی بەشار ئەل ئەسەد. بەپێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا دەکەندراون، لە کۆبونەوەکەدا بەتەنیا باس لە دابەشکردنی دەستکەوتات دەکرێت لە نێوان لایەنەکاندا. بەڵام ئێپزیسیۆنی سوریا بە گشتی جگە لە کورد، سەنگو قورسایی جارانی نەماوێ.
-پەرتبوونی گروپێ ئادیکاڵەکان بە سەر دوو بەرە: بەرەی ئەلقاعیدە کە سعودیە و وڵاتانی کێنداو پشتگیریان دەکەن لە لایەک و بەرەی ئیخوان موسلیمین، کە تورکیا پشتگیریان دەکات.

-ئامانج لەو کۆنگرێیە نەنگبێ، بۆتۆنیا ناچارکردنی ئەمریکا بێ، تاکو بۆ نرخێکی کەم بچێتە سەر مێزی مسکۆ و لاسەر ئایینده‌ی ئەو وڵاتە گفتوگۆی لەگەڵ بکات. باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە دیمەشق Robert Forke پێیوایە ڕوسیا ئامانجی نیە داعش لە سوریا لەناوبەرێ، بەڵکو ئامانجێتی لە بەشایی سیاسەتی نوێی ئەمریکا خێی لە سوریا بەهێزبکات و بە هەزاوە بچێتە سەر مێزی گفتوگۆکان.
سەرۆکی نوێی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا Pompeo ڕادەگەیەنێ کە ترامپ بڕیار لە سعودیە سەردانی ئەنکەرە دەکات.

-ئێستا ئەردۆغان لە وڵاتی قەطەر ە و سەردانی سعودیە دەکات. سەردانەکەی ئەردۆغان هاوکاتە لەگەڵ کۆنفرانسی وڵاتانی کەنداو کە بە کۆنفرانسی دژبڕانی ئێران دەزانرێ و بەڕێوەبڕایەتی ئەمریکاش پشتگیریان لە دەکات. چاودێرانی سیاسی پێیان وایە وڵاتانی کەنداو پێیام بە ئێران دەدەن: "ئەگەر حەز بە دەستێوەردانی سەربازی ناکەیت، بەزووترین کات، هێزەکانت لە سوریا و یەمەن بکشێنەوە".

-واپێدچێ وڵاتانی کەنداو هەوڵ بدەن ڕێککەوتنێکی ڕوسیا-ئێران و تورکیا کە تایبەتە بە سوریا تێکبدەن و جارێکی دیکە تورکیا بەڵای خێیاندا ڕابکێشنەوە. ئایا لێرەدا ئەکرێ ئەمریکاو تورکیا کە لە ژێرەوە دوژمنی یەکترن جارێکی دیکە ڕێکبکەونەوە؟
پێیامەکانی تورکیا ڕاشکاوانەن: هەرچی لە داهاتووی سوریا ئەکەن، بیکەن، بۆتۆنیا ڕێگا مەدەن قەوارێیەکی کوردی لەو هەرێمەدا ساز ببێ. بە ئەوە ئێستا ئێرەغان لەسەر دوو کارتی نوێ لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکا یاری ئەکات:
-"دەست لە پشتگیری کوردان هەڵگرێ، من ڕەقەت بە دەگرمەوە" سەبارەت بەو خاڵە زۆر زەحمەتە ئەو بارە قورسە بۆتورکیا هەڵبگیرێ، کە ئەوە دوو مانگە خەریکی شارەکی وەک ال-باب ێ. تورکیا بە نیمچە شڵە و نیمچە ڕێککەوتن شاری جەرابلوسی ڕزگارکرد، بەڵام ئێستا هەواڵی ڕاپەڕینی خەڵک دژ بە تورکیا و هاوکارەکانی لەو شارە دەتە بەر گوێمان. جگە لەوە سوپای سوریای ئازاد لە بنچینەدا سوپا نیە و زۆربەی زۆری چاودێران پێیان وایە ئەگەر سەربازانی تورکیا نەبن، ئەوان دوو ڕۆژ لەبەردەم نەیارەکانیان خێیان ناگرن.
-دژ بە ئێران یارمەتیت ئەدەم، بەمەرجێک ڕێککەوتنەکانمان نوێ بکەینەوە.

پێئچێ ئەمانە داخوازیەکانی تورکیا بن بە بەڕێوەبڕایەتی نوێی ئەمریکا، بەڵام سەرجەم ئەو کارتانە لاوازن و لە ئەگەرێکی وادا کورد خێی دەداتە لای ڕوسیا و ئەنکەرە ناگات بە مەبەستەکانی.

ئاراستەکان ئەمانگەیەنن ئەو بەوایەی کە دەوڵەتی ئەردۆغان، بە پشتیوانی ئەزانن، بەر لە ڕەفراندەم لەسەر دەستووری نوێی تورکیا، کەمڕێک دەستکەوتی هەرزان لە سوریا بەدەستبهێنن، بەتەنیا بە ئاوەژووی بە تورکەکان بڵێن "ئاوەتا مەترسیەکانمان لەسەر داهاتوی تورکیا ڕەواندنەوە".

کەکەیەی زمان و وەرگێڕان … سەباح ئیسماعیل

نووسەری عەرەب (عەبدە وازن) لە وتارێکیدا بەناوی (وەرگێڕانکی عەرەبی و ئافاتەکان) داخ و خەمی خۆی دەردەبڕێت، بەوەی لەم دواییەدا ڕێمانکی وەرگێڕدراوی ژاپۆنیی بە زمانی عەرەبی خوێندووەتەوە، تووشی چ شۆکێك لە ناپاکیی لە وەرگێڕان هاتووە. وەکو خۆی دەبڕێت: "بە زیدەگەیی جگە لە هەڵەی چاپ 150 هەڵەی زمانەوانیم تێدا بینییەوە. کاتێك سەبارەت بەخراپیی ئەو وەرگێڕانەی لە ژاپۆنییەوە کرابوو لە ناوکارەکەم پرسی، کە یەکێکە لە هاوڕێانم، گوتی، ئەوە هەڵەیەك بوو و ڕووی دا، ئەگینا گەر کەمەکی وێناتی ژاپۆن نەبوایا لە بازاڕ دەیکڕشایەوە. هەر بەکردەنییش پێش چەند مانگێك ڕێمانکی وەرگێڕاوی لەناو دا و بەرگەی زیانەکەی گرت، ئەمەش دوای ئەوەی هەندێك لە برادەرانی تێبینیگەلێکی ڕەخنەگرانەیان داوەتێ…".
ئەمە قسەی ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبە، جا وەرە گەڵ، داخێ ئێمەی کورد دەبێت چ بڵێین؟ بەدەگمەن کتێبکی کوردی دەبینیت هەڵەی چاپی تێدا نەبێت، لەوە کارەساتبارتر هەڵەی زمانەوانییە.

کەم نووسەر و وەرگێڕی کورد بوێریی ئەوە دەکەن دەستنووسی خۆیان پێش لەچاپدانی بخەنە بەردەستی نووسەرێکی تر، یان هاوڕێکی خوێنەری جدیی خۆیان پێیدا بچێتەوە، یان بەفیلتەری شارەزایەك لە زمانزانی کوردیدا تێپەڕێت.
"گونتەر گراس کە 1999 نۆبڵی لە ئەدەبدا وەرگرت، هاوکارێکی هەیە، یەکەمین کەسە، ڕەشنووسەکانی دەخوێنێتەوە و ئازادیی ئەوەیشی هەیە، بەراوێژ لەگەڵ نووسەردا، جوانکارییان تێدا بکات و تەنانەت مافی

گ□ین و لابردنی هەندێك ێستە و پەرەگرافیشی هەیە. هیچ کام لە □□مانەکانی گراس، □ەوانەی وەشانخانە ناکرێن و □ووناکی نابینن، ئەگەر ئەو هاوکارەی کە وەك دەستی □استی وایە، □ەزامەندیی لەسەر نەدابێت. ئەم بۆفیزییەی ئەو نووسەرە گەورەیە، مایەی سەرسوڕمان و جێی □□زی هەموو ئەوانەیە کە ئەم □استییە دەزانن".

ئەم میتۆدە لە بەڕێوەبردنی کەمەڵگە هەمان میتۆدی ئیسلامی سیاسی و دیکتاتۆریەتی فەردیە کە نمونەکانی لە ئێران و سعودیە و سەرجەم حکومەتە عەسکەری و تاک حزبیەکاندا هەیە. هەربۆیە ئەمە تەنیا میتۆد و پڕۆگرامی خوێندن نیە ،ئەمە هەنگدانەوەی چەنیەتی حوکمی تاک حزبی و تاک ئیدیەلۆژیە کە سەدەی بیست پێبوە لەو جۆرە دەسەپاتانەی بەناوی خەڵکەوە ، تاکەکەس و گروپێکی بچوک و بیرۆکراتیەتێکی حزبی سەرجەم بوارەکانی ژیانی لە قسە و بیار و فکری دیکتاتۆریەکاندا قەتیس کردوە.

کەمەڵگەی ئازاد و یەکسان کە خەڵک خۆی بەڕێوەبەرە تەواو بەپێچەوانەی ئەم سیستەمەی پەکەکەوە یە ، کەمەڵگەیەکە کە پێویستی بە ئۆتۆریتە فەردیە موقەدەسەکان نیە، نوسراوەکانی ئەوان ناکاتە مەنهەجی خوێندن ، بەڵکو خوێندن و پڕوڕدە لەدەسەپات و ئۆتۆریتەکان جیادەکاتوە و دەیسپڕێ بە زانست و دەزگا زانستیە نا"دەسەپات"دارەکان.

ئەو پردەی ترامپ ناچارە بەسەری دا بپەڕێتەوە ... هیوا خۆشناو

دو وەنەی لەیەکچو، لە دوو سەردەمی جیاوازدا. ڕێگاند و تاتچەر جیهانیان بەرەو نیۆلیبرالیزم برد، ئەی تامپ و مای بەرەو کوێمان دەبەن!!

بە جاری یەکەم تیریزا مای سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، بەفەرمی سەردانی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکای کرد لە ئۆفیسەکەی. پەیوەندی ئەو دو وەاتە زلهێزە، نەوەک بەتەنیا سیاسی، بەڵکو مێژویی، کولتوری، بنەماڕەیی و ئابووریە. بە هەر هەنگاوێکی دەرکی و تەنانەت زەر جاران ناوخەیاڵیش سەرتا ئەو دو وەاتە ڕێککەوتون و لەوەوە ئاراستەی گفتوگۆکاریەکان، دەستیان پێکردوە.
– ئەگەر بە شۆڕەیکی فیگوریش بێ، ئینگلیز بە باوک و مامۆستای ئەمریکا ئەژمێردرێ.

ئینگلیز نەک بەتەنیا باوکێکی تەشریفی، بەڵکو ئامۆژگاریکانیشی بە واشنگتۆن چارنوسسازن. لە سەردەمی تەنی بلێردا، کاتێک سی ئای ئەی گوتی: ڕۆژەمی سەددام حسێن چەکی کۆمەڵکوژی بەرهەمدێنێ، بلێر تەپڵکەی خستە ناو ساحەی ئەمریکا و گفتوگۆپی سەوزی بە هەڵکرد، بەڵام لە کوێتایدا چی ڕویدا؟
بەپێچەوانەی تەنی بلێر، لەسەردەمی دوای ئەودا کاتێک ئەمریکا گوتی ڕۆژەمی ئەسەد چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە و وەشاندنی گورزی سەربازی ڕاستەوخۆی دژ بە دیمەشق خستە سەر مێز، بریتانیا یەکەمین وەات بو، دەستی ئەبامای لەسەر مێزی شۆڕ کشاندەوە و ڕێگای لێگرت تاکو هەمان هەڵەی عێراق دووبارە نەکاتەوە.

– تیریزا مای هەوڵ ئەدا، قەناعەت بە ترامپ بێنێ تاکو لە گرینگی ناتۆ و ئەوروپایەکی بەهێز تێبگات!!
* ترامپ ئەمانیا وەک ڕەقیبەکی بەهێزی خۆی دەبینێ، ناوبراو وا هەست دەکات ئەوروپا واتە "هێزەکی گەورەی سیاسی و ئابووری بە سەرکایەتی ئەمانیا"، بۆیە هەوڵی لەیەک هەوشاندنەوە و

لاوازکردنی ئەو دەزگایە دەدات.

* جیاوازیەکی مای و ترامپ لەگەڵ هێگان و تاتچەر جگە لەو سەردەمەی کە تێیدا ئەژین، ئەوان دو ناسیۆنالیستی گەورەی خۆرئاوان کە دیانهەوە سەروەری و هەسنایەتی بە وڵاتەکیان، سنورە نەتەوەییەکانیان بگەڕێننەوە، کەچی هێگاند و تاتچەر دوو سەرکردەی لیبراڵ بوون هەوڵیاندا حکومەت و دەوڵەت بچوک بکەنەوە و دامودەزگاکانی حکومەت بدەنە دەستی کەرتی تایبەت.

* مای هاسپەردراوی ئەو ئینگلیزانەیە کە دیانهەوە هەسنایەتی و سەروەری و سەربەخۆیی بە بریتانیەکان بگەڕێننەوە و هزگاریان ببە لە بیرۆکراسیەت و دەستەڵاتی یەکێتی ئەوروپا. ئەو بەدوای بازاڕێکی دیکە دەگەڕێ کە ئەتەرناتیڤێک بێ بە بریتانیا لە جیاتی ئەوروپا. ئایا ئەمریکا جێگای بازاڕی ئەوروپا بە بریتانیا دەگرێتەوە؟ هەروا ئاسان نیە، چونکە تا ئێستا بریتانیا بە یاسایی ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە، بەی نیە بەبێ ئەو یەکێتیە لەو بارەیەوە هێکۆتن لەگەڵ وڵاتی سێیەم بکات. بروکسل تا ئێستاش لەو بڕوایە دایە، دوای ماوەیەکی کورت، بریتانیا ئاگەر نەشگەڕێتەوە ناو باوەشی ئەوروپا، ناچاری چەند هێکۆتنێکە.

گی ڤەرهەفستادت ی سەرکی فراکسیۆنی لیبراڵەکانی ئەوروپا ئەڵێ: ئەمانزانی ئەوروپا دو دوژمنی سەرکی هەیە، بەڵام ئێستاکە دوژمنی سێیەمینیشمان بۆ پەیدا بوە. ناوبراو ئاماژە بە دوژمەنکانمان: یەکیان جیهادیەکانن، دووەم ڤلادیمیر پوتینە، ئێستاکەش دەناڵد ترامپی هاتۆتە سەر و ئەوروپا لە مەترسی دایە.
* وادیارە لەگەڵ بەرفراوانبوونی کاریگەریەکانی ڕوسیا و چین لە ئەوروپای هەژموونەکان و هەژەمۆنیاتی ناوەڕاست و ئاسیا، ئاسان نیە بریتانیا و ئەمریکا بۆ ئاسانی پشت لە ئەوروپا و ناتۆ بکەن.

-لەگەڵ هێکۆتنی ستراتژی بریتانیا و ئەمریکا لەسەر مەسەلەکانی یەکێتی ئەوروپا، ناتۆ، پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕوسیا و سیاسەتی هەژەمۆنیاتی ناوەڕاست، نیشانەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەردەکەون. ئەوەی ئێستا لە کەنداوی فارس و سوریا ڕوئەدا، بۆتنیا چاوسورکردنەوە و نیشاندانی ماسوکەکانە.

ئەوکاتەی "پاسەوانانی خودا"* من دەکوژن! … سەنگەر زراری

ئەگەر کەجیتە بەناوبانگەکەی فەیلەسووفی فەڕەنسی هێنیێ دیکارت (1596-1650ز)، "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم"، هەوەڵك بەت بێ دابڕینی (خود) لە (ئەویتر) و هەوەڵك بەت بێ (تاکگەرایی)، ئەوا هێمانی "پاسەوانانی خودا"، هەوەڵکە بێ سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ هەرگیز لە (ئەویتر) دابڕاو نییە و ناتوانێ بەبێ ئەویتر بژی و بیربکاتەوە، بە مانایەکی تر.. ئەم هێمانە دەیەوێ بیسەلمێنێ کە مرۆڤ هەر تەنیا خودی خۆی نییە لە واقیعدا بوونی هەیە، بەکو وێنەی کەسانی دیکەشە، یان کەسانی دیکەش وێنەی ئەون و ئەو وێنە و هەنگدانەوانە هەندێکجار تا ڕادەیەکی گەلەك زۆر پەرشوبڵاو و زۆر دەبن و کەسە ڕاستەقینەکان تێیدا بزر دەبن.
لە شوێنێکدا هێبوار (کاراکتەری سەرەکی هێمانەکە)، باسی ئەوە دەکات ماوەیەك هێمانی کێیوە و بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکانیان بخوێنێتەوە، بەرگەکە و چەند لاپەڕەیەکی سەرەتای هێمانەکەی دڵاندووە بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکە نەبینێ: "من دەمەوێت نەرجسییەتی مرۆڤەکان بکوژم…ل165"، ئینجا هێمانەکەی بەبێ ناوی نووسەرەکە خوێندووەتەوە، یان باسی ئەوە دەکات کە بابەتێکی لەسەر کوشتنی (من) نووسیوە، "فەسڵك لە نووسینێکی خۆی بیرکەوتەوە کە باسی چوونە سەر دەسەڵاتی دەستەیەك لە شۆشگێڕی دەکرد، کە داموودەزگەی تایبەت دادەنێن بێ کوشتنی (من)، سەرەتا هەوێ دەدەن (من) لە زماندا بسڕنەوە، بەوەی لە جێگای (من)، (ئەو) بەکاردەهێنن و کاتێك کەسێك دەیەوێت بڵێت: من برسیمە، یاخود ئازادیم دەوێت، دەبێت بڵێت: ئەو برسییەتی، ئەو ئازادی دەوێت، تا دەگاتە ئەوەی هەمووان لە زماندا نائامادە دەبن و دەبن بە کەسی سێیەم…ل165"، لە شوێنێکی هێمانەکەدا ئەم کوشتنی (من)ە دەگاتە ئاستی نەمان، "کەواتە ژیانێکی ڕاستەقینە بوونی نییە، ئەوەی هەیە لە خەیاڵی تێدایە…ل156".

سروشتی مرۆڤ وایە کە ئەگەر لە ژیانی ڕاستەقینەدا کەموکووڕییەکی هەبێت، یان ئامانجێکی هەبێت و نەتوانێ بیهێنێتەدی، بەشێوەی دیکەی جیاواز، یان هەر هیچ نەبێ لە خەیاڵیدا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات و دەیەوێت قەرەبووی بکاتەوە، ئەم وێنە خەیاڵییە، ئەوەیە کە هێمانەکە بە وردی کاری لەسەر دەکات، زۆربەی ئەو کەسانەی لە

ڕۆژهەڵات ناتوانن ئەو ژیانە بژین کە لە خەیاڵیاندایە، ئەگەر دەرفەتیان هەبێت ڕادەکەنە وڵاتانی ئەورووپا و ئەگەر نەشبوو، بە خەیاڵ بۆ خۆیان ژیانێکی دیکە دروست دەکەن و خەیاڵیان دووبارە لەو واقیعەی تێیدا دەژین، "زەربەی ئەو کچ و ژنانەی لە ڕۆژهەڵات دەژین، ڕۆگەیەکیان دەزیوەتەوە بۆ هەڵاتن...ل150"، دیارە ئەو ڕۆگەیەش ڕۆگای ژیانە لەناو خەیاڵ و فەنتازیایەکی خۆش، واتا بە جەستە لە ڕۆژهەڵات و بە خەیاڵ لە ڕۆژئاوا.

ئەم ڕۆمانە ئەوەش دەسەلمێنێ کە مرۆڤ، هێز و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شوێنەکان هەیە، دەشێ لەسەردەمێکدا شوێنێك، جێگەی ژیان بێت و لە سەردەمێکی دیکەدا مرۆڤ لێی ڕابکات و نەتوانێ لێی بژی، ڕۆژهەڵات سەردەمانێك ڕۆژهەڵاتی ڕۆحانییەت و عەشق بووە، بۆنی بوخوردی لێ دەهات، ڕۆژهەڵاتی خاوەنی یاساکانی حامورابی و عەشتار و ئیمپراتۆرییەتە گەورەکان بوو، بەڵام ئێستا بووەتە جێگەی شەڕ و ئاژاوە و حوکمی داعش و بەعسی و حووسیی و قاعیدە و.. دەیان و سەدان حیزب و گروپی مەرگدۆستی دیکە و مرۆڤ بە هەڵەداوان لێی ڕادەکات.

کورد لە وڵنە (خەیاڵی)یەکانیشدا، بۆ ئامانجە و چارەنووسی نادیارە. ڕۆبوار سێ وڵنە لە گۆڤارێك دەبێت و دەیەوێت ڕۆمانێك لەبارەی ئەو سێ وڵنەیە (کە نایانناسێ و هەڵەمەکی لە گۆڤارەکە لێی کردوونەتەوە) بنووسێت و ژیان بۆ هەر یەکێکیان دەخولقێنێ، یەکێکیان ناو دەنێ (خوان ڕۆسینتێ)، وای دادەنێ خەڵکی ئیسپانیایە و ڕۆژنامەنووسە، دووەمیان ناو دەنێ ئەبوئەنەسی تونسی، خەڵکی تونسە و دوای ئەوەی وڵاتەکەی جێدەهێڵێت، دەچێتە ئیسپانیا و لەوێشەوە دەچێتە ناو خیلافەتەکەی داعش، سێیەمیان ناو دەنێت فەرهاد و لە سلێمانی دەژی، فەرهاد ژیانێکی تایبەتی هەیە، ئەو لەناو کتێبەکانەوە هاتووەتە دەرەوە و لە ڕووی جەستەییەوە زامدارە و سووتاوە، ڕۆژێك بۆ کڕێبەریی دەچێتە کەرکووك، لەوێ کاتێك دەیەوێ لە پەنا دیوارێك پشوو بدات، لە تەقینەوەیەکدا کەللەسەری مرۆڤێك دەکەوێتە باوەشی و بەمەش تووشی شۆك دەبێت و لاڕ دەبێت و دواتر چارەنووسی دیار نامێنێت.

خوان ڕۆسێنتێ و ئەبوئەنەس لە ئیسپانیا بە ڕێککەوت لە کافتریایەك یەکتر دەبینن و هەندێ گفتوگۆ لەبارەی ئایین و ئافرەتەوە دەکەن، ئەبوئەنەس نایشارێتەوە کە ئەو بە هیوایە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئیسپانیا (ئەندەلووسی جاران) بگەڕێتەوە بن دەستی موسوڵمانان، دواتر ئەبوئەنەس دەچێتە ناو داعش، خوان ڕۆسێنتێش بە مەبەستی کاری

ژنامەوانی دەتە عێراق، بەڵام لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە و لە کاتی ووماڵکردن، دەکەونە بەسەی تاقمێکی داعش و دەستگیر دەکرێت و بە دەستی ئەبوئەنەس (ئەبوئەنەس ناینناسێتەوە، بەڵام سەنتەڵ ئەو دەناسێتەوە) لەبەردەم کامێراکان و بە جلێکی پرتەقاڵییەوە سەری دەبڕدرێ.

لێرەدا نە ئەبوئەنەس وەکو (خود)، سەنتەڵ سەردەبڕێ و نە سەنتەش وەکو (تاك)ێك سەری دەبڕدرێ، لێرە ئەبوئەنەس نوێنەری دەسەڵاتێکی تووندڕەوە و سەنتەش وەکو وێنەی ژەهەڵات لەبەردەم کامێراکان لەناو دەبرێ و سەری دەپەڕێنرێت.

لەم وێنانەدا ئامانجی ئەبوئەنەس دیارە کە گەڕانەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و دەستبەسەرداگرتنی هەموو دنیایە، ئامانجی سەنتەش دیارە کە کاری ژنامەوانی و کێکردنەوەی زانیاریی و پەرەدانە بە پیشەکەی خێ، بەڵام ئەوەی نە ئامانجی دیارە و نە چارەنووس، فەرهادە کە نە لەدایکبوونەکەی سروشتییە و نە ژیانەکەی و نە چارەنووسەکەشی دیارە، دەشێ لێرەوە ژمانووس ئەوەمان پێ بڵێت کە هەموو مرۆڤێك سەرەتا و ژیان و ئامانجێکی دیاری هەیە، تەنیا کورد نە سەرەتایەکی ووونی هەیە و نە ئامانجێکی دیاریکراو و نە ژیانێکی شەفمەندانەش.

لە پرسی ئەم سێ وێنەیەدا، ئەوەی من تێبینیم لەسەری هەیە ئەوەیە کە دەبوو ژبوار پشوەختە ناو و کار و مەبەستی باوبوونەوەی سێ وێنەکەی لە گۆڤارەکە بخوێندبایەوە، پێم وایە ئەم فرەوێنەییەی مرۆڤ، کە ژمانەکەێ مەبەستییەتی، ئەوکاتە زۆر جوانتر و ووونتر بەدیار دەکەوت، ئەگەر ژمانووس، وای دانابا ئەم سێ وێنەیە لە گۆڤارەکە، کار و پیشە و وڵاتیان تەواو جیاوازە لەو وێنانەی ژبوار دروستیان دەکات و دەیانکاتە چیژك و بەسەرهاتی ژمانەکەی. با بە نموونە زیاتر مەبەستەکەم ووون بکەمەوە.. وای دانابا وێنەی یەکەم لە گۆڤارەکە کەسێکی ئەوروپییە و ژکلام بێ جلوبەرگ دەکات، دووەمیان کە ژیشکی تەنکی هەیە، خەڵکی یەکێك لە وڵاتانی ئەمەریکای باکووڕە و یاریزانی تۆپی پێیە، سێیەمیشیان کەسێکی ژژهەڵاتییە و تاوانێکی ئەنجام داوە، بۆیە وێنەکەی باوبووەتەوە، بەڵام ژبوار حەقیقەتی ژیانی ئەم سێ وێنەیە دەستکاری دەکات و ئەو شوەژیانەیان پێ دەدات کە خێ، یان ژمانەکەی پێویستییەتی.

من مەبەستم نییە لە جیاتی عەتا محەمەد بیربکەمەوە و پێی بڵێم چی بنووسێت و چی نەنووسێت، بەڵام وەکو خوێنەرێك، حەزم دەکرد وێنای

ڕاستەقینەی ئەو کەسانە بزانم (بڕگومان ئەویش وێنەیەکی خەیاڵیی ئەفسانووس دەبێت) و وێناکان بە جۆرێك بان، زۆر جیاواز بان لەو وێنایانەی ئەبوار بۆیان دروست دەکات، لەڕەشەوە خوێنەر بۆی بەدیار دەکەوێت کە خەیاڵی مرۆڤ چەندە فراوانە لە دروستکردن و شێواندن و جوانکردنی وێنە و ژیانی مرۆڤەکانی تر، کە ئەم ئەفسانە کاری لەسەر کردووە، واتا ئەگەر بابەتی وێنەکان بەو جۆرەی لە گۆڤارەکە باوبووەتەوە و ئەو وێنانەی ئەبوار دەیانخولقێنێ بخرابانەووە، ئەوا خوێنەر زیاتر هەستی بە جیاوازی ژیانی ڕاستەقینەی کەسەکانی ناو وێنەکە و ئەو ژیانە دەکرد کە ئەبوار بۆیان دروست دەکات و ئەمەش تەواوینی جیاوازی مرۆڤ بێ وێنەکان ڕوونتر دەکاتەوە.

پێناچێ مەتەکەی ئەژهەات و دواکەوتوویەکەی واز لە مرۆڤەکانی بێنێ، تێ تەماشاکە ئەبوار و نیان کە ژن و مردن و خەکی کوردستانن، بەڵام لە ئەوروپا دەژین، خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، هەکارێکی دیاریش نییە بێ جیابوونەوەیان، هەموو ئەوەی دیارە ئەوەیە "تێ ئەو کەسە نیت کە دەمناسی...". لەکاتێکدا ئەبوار دیدە ئەژهەاتییە دواکەوتووانەکەی فڕێداوە و بە چاوی ئەزموونەوە لە نیان و ئافرەت دەڕوانێ و نیان خۆشی دان بەوەدا دەنێت: "تێ وا دەکەیت هەست بکەم گوێ لە نەوان ڕانەکانمدایە نەك بڕین...ل195"، دواتر سنووریش کە ئەبوار دەناسێ بەهەمان شێوە دان بەوەدا دەنێت کە ئەبوار چەندە جیاواز لە ئەژهەاتییەکان لە ئافرەت دەڕوانێ و ئەزیان دەگرێت: "تێ واتکرد گوێکی سیحری لە جەستەمدا ئاشکرا بکەم...ل202"، کەچی نیان لێی جیا دەبێتەوە، تەنانەت دوای ئەوەی جیاش دەبنەوە، نیان هەر بیری لای ئەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، نیان دەزانێ کە ئەبوار کەسێکە ئەز لە ئافرەت دەگرێت، کەچی کەشی ئەژهەاتیی بەسەر پەیوەندییەکانیاندا زاڵە و جیا دەبنەوە.
کەواتە دەشێ هەکاری ئەم ئاڵەزی و لێکتێنەگەیشتنە ئەوە بێت کە خۆڕگاکردن لە دید و نەریتەکانی ئەژهەات ئاسان نەبێ، بەیە تووشی (دژیەکی)یش دەبن، ئەمەش سیفەتی زۆربەی ئەوانەیە کە لە ئەژهەاتەوە بەرەو ئەژئاوا کۆچ دەکەن، ئەو کاتەی لە ئەژهەات دەژین خەیاڵیان لە ئەژئاوا و ژیانێکە کەامەتیان تێیدا پارێزراو بێت: "ئەژهەاتییەکان هەمیشە ماندوون، ماندووی هەڵهاتن و بەدوای جێگەیەکدا دەگەڕێن، تێیدا کەمێك پشوو بدەن...ل75". بەڵام کە دەشگەنە ئەوێ، ناتوانن واز لە کۆبوونەوەی کوردەواریی و جلوبەرگ و نەریت و دڵەمە و کفتە بڕنن و دەیانەوێ لەوێ کوردستانێکی بچووك دروست بکەن، "مام ڕەشید لە ناو باخەکەیدا کە هەر هێندەی ژوورێکی

سێ بە چوار دەبوو، بە شەواڵێکی خاکییەوە خەریکی ئینی کەوەر بوو، ئەو ڕۆژە دنیا گەرم بوو، ڕەبوار بە مام ڕەشیدی وت: بیری کوردستان ناکەیت؟ مام ڕەشید بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت بە ڕەبواری وت: ئەمە کوردستانی منە و ئەویتریشم لە دڵمدا هەڵگرتووە…ل126".

ئەمە وایکردووە خەڵکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی بە جۆرێك بژین، کە ژیانیان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەڵپەسێردراوە و نازانن لە کوێ دەژین، لێرە یان لەوێ.

ڕۆژهەڵات هەر بەوە ناوەستێ کە واز لە مێژوو و بەهای خێی بێنێ و مرۆڤەکانی ئێستای ئازار بدات، بەڵکو ئابردووەکەشی ناشیرین دەکات، هێنانەوەی نموونەی داستانی شیرین و خوسرەو لەم ڕۆمانە و دەستکاریکردنی بەو جۆرەی کە ڕەنگدانەوەی سەردەمی ئێستا بێت، وێنەیەکی گەڵێك وردی دزێویەکانی ئێستامان پێ دەڵێت و پیشانمانی دەدات، لە سەردەمی ئێستا، چیتر خوسرەو خەریکی تاشینی بەردەکان نییە لەپێناو شیرین، بەڵکو ئەو کەسێکە لە شەی ناوەخێ، لە ووداوێکی نادیار دەکوژرێت و تەرمەکەی دەدزرێتەوە، شیرینیش لەپێناو دابینکردنی بژێویی نەنکە پیرەکەی و برایەکەی و دوو خوشکەکەی، دەبێتە لەشفرۆش و سەرئەنجام ون دەبێت و کەسیش تەرمەکەی نادزێتەوە.
ئیتر ئەمە ڕۆژهەڵاتە کە مرۆڤەکان لە بیتەی خێی دەردەکات و کەس نازانێت ئەو کێیە؟! هەمیشە لە ناخی خێدا ڕووبەووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە: ئایا ئەوە منم، یان من تەنیا وێنەیەکم و لە خەیاڵدا دەژیم؟!

* پاسەوانانی خودا، مێژوویەکی تر بێ بینینی خەمان (ڕۆمان)- عەتا محەمەد، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئاندێشە، چاپی یەکەم (2016).

sangarzrary@gmail.com

نێوی مەلزەم … کارا فاتیح

مەلزەم لە ڕواڵەتدا کورتکردنەوەی مەنهەجی خوێندنە، چەکردنەوەی پێناسە و ڕاڤە و باسێ دوورودرێژکان و بڕتەسککردنەوەی شڕحی

بابەتەکانە لە چەند خاڵێکی هەڵپووکاوداو، بەڵام جێگەوتنی مارکسیزم و بەردەستبوونی بۆ قورسیە لە پرسی خوێندنداو بە تایبەت لە زانکۆ و پەیمانگاکان، جڕەك لە ئایدیۆلۆژیا بەرهەم دەهێنێت، ئایدیۆلۆژیا بە مانا مارکسیێکی کە بریتییە لە هۆشیاریێکی هاوبەش بۆ هەی ئەم مۆدێرنانەو فڕ دەبن، دەبنە خاوەنی هۆشیاریێکی هاوبەش، کە لێرەدا لە چەند خاڵێکدا ڕوونی دەکەمەوە:

1- مۆدێرنەو، کورتکردنەوەی، کورتکردنەوەی چی؟ هی کتێب، کتێبخانەی مێنهەج… چ شتێك لە کورتکردنەوەی کتێبخانە مێترسیدارترە، کتێبخانەی مێنهەج بە ئەوە نیین کورت بکرێنەوە، بەڵکو بە ئەوەن بکرێنە دەروازە بۆ چوونە ناو کتێبخانە و پێگە ئەلکترۆنیێکانی کتێبەوە. کتێبخانەی مێنهەج نابێت کورت بکرێنەوە، دەبێت هێگەی دوودرێژ بۆ زانست و ئایدیاکانی ناوی بکرێنەوە. مۆدێرنە، کە کتێبخانەکان کورت دەکاتەوە، هەموو هێگەکان کوڕ دەکاتەوە، هێگەی چوونە کتێبخانە و پێگە ئەلکترۆنیێکانی کتێب بە یەکجاری قەپات دەکات.

2- کورتکردنەوە کە مۆدێرنە دێکات، لە ڕواڵەتدا بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنە، بەڵام ڕاستیێکەی گوزارشتە لە بێبنبڕستگەیشتنی پرسی تێگەیشتن، کە شتەکان کورت دەکێنەوە، واتە وەك خۆیان تێیان ناگەیین، نامانەوێت گەشە بە هزر و بیرکردنەوەمان بدەین بەهەی ئەم کتێبانەوە، بەڵکو ئەوان بە قیاسی مەشك و بیرکردنەوەی خۆمان کورت دەکێنەوە، ئایدیاکان لە ناوەڕۆك دەخەین، تەنها فۆرمێکی دروستکراویان دەهێنەوە، جۆهەری زانستەکان دەکوژین، تەنها بە قاوغەکانیانەوە دەگیرسێنەوە، لەم نێوەدا ئەوەی مۆدێرنە دێکات تێگەیشتنێکی ساختەیە، یان بڕیانکردنی تێنەگەیشتنە.

3- مۆدێرنە کاری کتێب ناکات، بەڵکو کاری کتێب کۆتایی پێ دەهێنێت، ئەگەر لە هێی کتێبەوە جیهان بناسرێت، لە هێی مۆدێرنەوە تەواو چاو لە بینینی جیهان دادەخرێت، ئەگەر لە هێگەی کتێبەوە فیکرمان لە پێناو گۆڕینی واقیع بگۆڕین، ئەوا بە هەی مۆدێرنەوە فیکرمان لە پێناو هەشتنەوەی دەخی واقیع وەك خۆی جام دەکێین. ئەگەر کتێبەکان ئایدیا و زانست و فیکرەکانت بخەنە بەردەست، مۆدێرنەکان، لاشەی ئەو ئایدیا و زانست و فیکرانەت پێ دەدەن، مۆدێرنە جگرەوەی کتێب نیین، بەڵکو ئەتکەری کتێبە.

4- مۆدێرنە واتە زیاتر سادەکردنەوەی تیۆر و ئایدیاکانی خوێندن،

بەڵام ئیشی سادەکردنەوە، کە زۆر کەس بە باشی دەزانێت مەترسیدارە، سادەکردنەوە وای کردووە ووبەرەکی زۆر لەم جیهانە بە فەرامۆشکراوی و نەبینراوی بمێنێتەوە، سادەکردنەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە وێنەیەکی ساختە و درۆینەی ئەم جیهانە لە زەینی خەماندا دروست دەکەین و وا لە خەمان و ئەوانی تر دەگەیەنین جیهان هەر ئەمەیە، لەوێشەوە بە ئاسانی بڕیار لە سەر زانست و دونیا دەدرێت، یەکێك دەڵێت قەومی کورد لە هەموو قەومێکی سەرزەمین عاقڵترە، یەکێکی دیننیش دەڵێت، هەموو زانستی دونیا لە قورئاندا باس کراوە. سادەکردنەوە لە ڕۆگەی مەلزەمە و هەر شتێکی تردا، واتە ناتەواو ئەو جیهانەی کە ئاڵۆزە، بێبینیت و دەیسیتەوە، ئەو زانست و تیۆر و ئایدیایەی کە درککردن پێی ناوەڕە لە بەر چاوت لای دەبەی، هەموو ئەو شتانەی بە ئاسانی دەرك ناکرێن بەو شێوەیان لە دەکرێ، تا بە ئاسانی بچنە ژێر ڕکێفی بڕیار و بیرکردنەوە خەڵا و سادەکانەوە.

نەوەی ڕازی بە مەلزەمە، نەوەی هەشیاریی ساختەیە، نەوەیەکە کرێکی زانست و تیۆرەکان نابینێت و تەنها دەی بە قاوغەکانی زانست و تیۆر خەش دەکات، نەوەیەکە لە جێی کرانەوە بەووی دونیادا، زیاتر خەی دادەخات و گۆشەگیر دەبێت.
نەوەی مەلزەمە... نەوەیەکی نەك بئەومەد، بگرە نەوەیەکی ئومەد پێ نەکراو.

دۆناڵد ترامپ پەنابەرانی کورد نائومێد دەکات ... ئامادەکردنی: هێژار تۆها

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لەزاری پەناخوازانی کەمپەکانی دوورگەکانی مانوس و پاپانیوگینیاوە ڕایگەاند خولی دووەمی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکادا بەمەبەستی نیشتەجێکردنیان لە ئەمریکا بە کاتێکی نادیار دواخراوە.

دواخستنی پڕۆسەی چاوپێکەوتنی پەنابەران لەلایەن ئەمریکاوە لەپاش ئەوە دێت کە دۆناڵد ترامپ ، سەرکی ئێستای ئەمریکا ، ڕێکەوتنی

ووڵاتەکەی لەسەردەمی باراك ئۆبامادا لەگەڵ حکومەتی ئوسترالیادا بە ڕێکەوتنێکی خراپ لە قەڵەمدا و لەتوێتێکدا ڕایگەیاند کە ئەوان لێکۆڵینەوە لەو ڕێکەوتنامەیە دەکەن.

پەنابەرانی دوورگەکانی مانوسی پاپانیوگینیا و ناورۆ ئەو کەسانەن کە پێشتر ویتسویانە بە بەلەم و بەقاچاخ خۆیان بگەیەننە ئوستراليا بەڵام لەلایەن هێزە دەریایەکانی ئوستراليا وە دەستگیرکراون و هەوانەی ئەو کەمپانە کراون. بەوەش ، ڕێگەیان پێنادرێت داوای مافی پەنابەرێتی لەئوستراليا بکەن.

بەهەرز بوچانی ، ئەو پەنابەرە کوردەیە کە نزیکەی ماوەی چوار ساڵە ژیانێکی سەخت لە کەمپەکانی دوورگەی مانوس بەسەردەبات ، دەڵێت هەرلەسەرەتای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنەکەوە دووڵ بوین کە ئاخۆ جێبەجێدەکرێت یان نا بەڵام تویتەکەی دۆناڵد ترامپ ئەوەی ئاشکراکرد کە ئەو ڕێکەوتنە جێبەجێ ناکرێت.

هەرچەندە ژمارەی پەنابەرانی کورد لەو دوو دوورگەیە بە فەرمی ئاشکرا نیە ، بەڵام میدیاکان و ڕاپۆتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان باس لە بوونی چەندین پەنابەری کورد دەکەن لەو دوو دوورگەیە.

گۆران، بۆچی "لێبی"ی بە پارتیی دێکات؟ ... ئەدنان کەریم و کامیار سابیر

وردبوونەوە لە بگوتاریی، سەرگەردانیی فیکریی و سیاسیی گۆران!

ئەو سەرنج و تێواننانەی لەسەر ئەم باسە دەینووسین، پەوەندیی بە بۆچوونی دوو گەنجی(محەمەد ئەحمەد و حەمە گەپا- سەیری لینکەکەی خوارەوە بکەن) گۆرانەوە نییە کە نووسراوێکی درافتیان نووسیوە و بە بۆنیازی پێکهێنانی لێبیی نێتوەیی بە کورد، لێبیی بە پارتیی و حکومەتی هەرێمی پارتیی بکەن. ئەوان، تەجرێبەی سیاسییان نییە و لە

کایەکانی فیکری سیاسی(political thought) ، مەعریفەی سیاسی، زمانی سیاسیی(political language) و سیاسەتی زمان(language politics)دا، زمانی بیرکردنەوە و دیدی سیاسییان، هیی سەردەمی ئەی رەقیبە و عەقڵیەتی شاعیرەکانی کوردایەتیی و شۆشگێڕی میلیشیایەکانی شاخیان، تەجاوز نەکردووە. بەپێچەوانەوە، راستەخۆ سەرنج و رەخنەکان، بۆ سەر مەغزی گۆڕانە کە بەیارە ژووری توێژینەوەی سیاسیی گۆڕان، تەغذیەی فیکریی و سیاسیی، حیزبی گۆڕان بکات.

لە واقیعدا، ئەم بۆچوونە ، نەتەوەپەرستیی و موناجاتە نەژادییانەی ئەم دوو گەنجە، بەرهەمی واقیعیی ئەم ژوورە (بەسەروبەر)ە و سەرکردایەتییە دەستەپاچەیی گۆڕانە کە لە دوور و نزیکەوە، پەوەندییەکیان بەدونیای فیکر و مەعریفەی سیاسییەوە نییە و ئەم پەخشانە شیعرییە نەژادیی و ڕاسیستییە، بەناوی فیکری ستراتیژییەوە بەسەر لایەنگرانی خەیاندا تەخشان دەکەن. راستییەکەی سکاندالکی سیاسیی، فیکریی، مەعریفیی و کولتووریی، ژوورێک ئەو هەموو ئەکادیمیست، پسپۆر، توێژەر و سیاسیە موخەزرەم و پیرە سیاسییەی لەکەبووەتەوە، ئەو هەموو ئیمکاناتەی بە تەرخانکراوە، بەڵام ئەم مەعانەتە نەژادییە و ئەم کۆوزانەوە نەتەوەپەرستییانەیان بەسەردا تەپڕە دەبەت و بەم ریتەریک و درێ سیاسییانە، بە ئەندێشەی خەیان، دەیانەوێ مەدلەکی تر، ڤەرژنکی تر و پارادایمکی جیاوازتر لە سیاسەتی کوردیی(Kurdish Politics) دابەژن.

لە باری ئەتیک و مەڵای نووسینەوە، ئەو دوو گەنجە بەرپرسیار نیین لە ناوەڕۆکی ئەم تەوانینە حیزبیی و ئایدیۆلۆژیەی گۆڕان کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەبیی بە پارتیی دەکەن، بەکو گۆڕان و کادیرەکانی بە گشتیی و ژووری توێژینەوە سیاسییەکەی، بەتایبەتیی، لەناوەڕۆکی ئەم بگوتاریی، ئەم فیغانە نەژادییە و موناجاتە نەتەوەییە، بەرپرسیارن. هاوکات، ئەوەی ئەم دوو گەنجە گوتویانە، ڕەنگدانەوەی ئەو دەخە سیاسییە و فیکرییەیە کە نەژادپەرستیی و نەتەوەپەرستیی، لە داڵانی داڕژەرانی سیاسەتی گواندا، گەرای کردووە. ڕەنگدانەوەی ئەو پارادایمە سیاسیی و فیکرییەیە کە گۆڕان بە مایکرەسکەپیش، جیاوازیی فیکریی و سیاسیی، لەسەر ناسیونالیزمی نەژادییە و بەتایبەتییش، لەسەر کوردایەتیی، لەگەڵ پارتیی و یەکێتییدا نییە.

تەواوی قیادە و قاعیدەی گۆڕان، خەریکی وەڵامدانەوەی رانتخەرکی وەکو حەمەی حاجی مەحمودن، بە پلاری سیاسیی، نوکتەی سیاسیی، بە

هەڵدانەوەی مێژووی سیاسیی حەمەی حاجی مەحمود و بە هەڵسوکەوتە ناسیاسیی و ناعەقڵانییەکانی ئەو پیاوەوە، خەریکن. ئەویش بەهەمان پەوەر و کەرەستەی سیاسیی حیزبی سۆشیالیستەوە، ئەم هەڵە سیاسییە دەکەن. لەکاتێکدا، چوار کادیریان، چوار نووسەریان، نایەن، چوار دەی جیاوازی فیکری سیاسیی گەلان و پرۆژەی جیاوازی گەلان، بە مەلەفی نەوت و بە دایناموی سەربەخۆیی ئابووریی(کوردایەتیی) باس بکەن و گەنجەکانی گەلانی، پێ تەغدیە بکەن. ئەم ڕەخنەگرتنەی ئەمەش، بەشێکی زەری، پەوەندیی بەم بگوتاریی و سەرگەردانییە سیاسیی و بەفیکرییەی گەلانەوە هەیە.

زمان و خەراباتی فیکری سیاسیی

بە دیدە باوەکەی ئەروێل(G. Orwel)یش بێت، زمانی سیاسیی، دەبێ مەعقوولییەت و وردەکارییە(scrupulous) تێدا بێت. ناکرێ بە مێنتالیتیی کوردایەتیی و شاعیرە بسواد نەژادییەکانی کورد، تەعبیر لە کەلەنە سیاسییەکانی مەسەلەیەکی ئاڵۆزی وەکو لابییکردن بکرێت. لابی Lobby ، ناکرێ بە لاب بنووسرێ، مەگەر بە پەوەری کوردایەتیی، نەزانییەکی وا بکرێت. لە هەموو ئەدەبی سیاسیی جیهاندا و لە هیچ زمانێکدا شتێک بەناوی "لاب" و دەسەڵاتی "لاب"ەوە، بە لابییکردن، نییە. ئەمە، تەنیا لە ئەدەبی بەمەعریفەی کوردایەتییەدا، شتێی بەسەروبەری وا، بوونی هەیە. ئەم بەمەعریفەییەش، بەسەر ژووری توژینەوەی ئەکادیمیست و سیاسییەکانی گەلاندا، بە ئاسانیی تەدەپەڕێت. ئەم پەودانگانە، نیشانەی خەراباتی فیکری سیاسییە لە پەوەند بە زمانی سیاسیی، داشتنی سیاسیی و فیکری سیاسییەوە.

گەلان کە خەی وەکو هەزەکی سیاسیی لە کوردستانی عەراقدا، بەشدارە لە پرۆسەی سیاسییەدا، وەڵای ئەوەی بە زەبری میلیشیاکانی کوردایەتیی، لە هەولێریش دەرکراوە، بەنام کوردنەناموسیی و حەماسی کوردایەتیی، هەشتا ڕەگەیان پێنادات لە حکومەتە فاشیلەکەی پارتیی بکشێنەوە. گوتان، بگوەدان بە هیچ پرەنسیپێکی سیاسیی و قانونیی، بە نەفەسێکی نەتەوەپەرستیی و کەفوکۆی نەژادییەوە، تەرویج بەم شێوازە لە سیاسەتکردن، تا ڕادەی پێپالیزمی سیاسیی دەدات. لە سەردەمی نوێدا، ئەم شێوازە لە ئەدەبییاتی سیاسیی (شەی مانەوەی کورد بەرامبەر تورک، فارس، عەرەب و عەجەم)، تەنانەت لە نوێندە سیاسییە عوروبیی، پانئیرانیی و پانتورکییەکانیشدا، بەو بچاووویە نەژادییەوە، بەو ڕادەیە، بەپەردە و بێئەدەبانە، زەر

زەر دەگمەنن.

لەبەرامبەردا، ئەم دوو گەنجە و ژووری تەوژینەوەی سیاسیی، رەگەبەخەیان دەدەن، فاشیزم، راسیزم و نەژادپەرستییەکەیان، تا سەر ئەسقان بەرن. لەکاتێکدا، مەلاموصطەفای بارزانییش، رەگەی بەخەی نەدەدا، بەو شێوەیە فاشییانە و بەو کەدە نەژادییانەوە، دەغدەغەی ناسیۆنالیزمی نەژادیی، بدات. هەزەک کە ئیلتیزامێکی دەستوریی لە عەراقەدا،هەیە، پابەندە بە قانونە نونەتاوییەکانەوە، راستییەکانی پشت پەردەی سیاسەتی جیهانیی، بەوردیی دەناسێت، کەچیی لەملاشەوە بە بەدەمەوەگرتنی هەزاران کەسی دەنگدەر ، فوو بە کەنەنای بوغز ، قین، رق و نەفرەتی نەژادپەرستیی و نەتەوەپەرستییەدا، دەکات!

ناکرێ سەرکردایەتیی گەلان، لەناواقیعیبوونی ئەم جەرە پێشنیار، بیرکردنەوە سیاسیانە و شەرمەزاریێک کە لەناوەندە سیاسییەکاندا بەدوای خەیاندا دەیهێنێت، خەی نەبان بکات. ئەوان، بەناوی ژووری تەوژینەوەی سیاسییەوە ئەم بانگەنە نەژادییانە هەڵدەدەن، بە هاوکردنی هەستی کوردایەتیی و پێشبڕکێ لەگەڵ پارتییەدا، بە ئەوەی دەنگدەران و لایەنگرانی ڕەبازی بەتاڵی کوردایەتیی، لە خەیان کەبکەنەوە. تەنانەت ئەگەر بە قەرزەنکی هاسیستانە و شڤینییانەش، بێت.

لە کاتێکدا خوێندەوارێکی سادەش، لەوە تێدەگات کە واقیعییەتی سیاسیی ئەوەمان پێدەڵێت:- عەراق، سوریا ، تورکیا و ئێران، زەر هەلومەجەرج و دەخی سیاسییان جیاوازە. مەژوو، تاقیکردنەوە ، بونیادی سیاسیی و قانونیی، هەروەها، جگەوەگەیان لە هاوکێشە ناوچەیی وجیهانییەکاندا، کولتووری سیاسیی ، ریزبەستنی هەزە سیاسییەکان و دەیان فاکتەری ئابووریی، جیۆگرافیی، کەمەایەتیی ، سیاسیی، کولتووریی و تەنانەت سەربازیی جودایان هەیە. ناکرێ، تەنیا بەهەی ئەوەی کە جۆگرافیای سیاسیی کوردستان و بوونی کورد لەناو جیۆگرافیای ئێستای ئەو وەاتانەدا، کورد، وا بکات ، بە دەمارگیریی نەژادیی، بە خورافاتی نەتەوەیی، لە ئاست هەر چوار پارچەکەی کوردستان، هەوەی ستراتیژییەتێکی هاوبەش و چوونیەک، بدات.

ناکرێ هەوەی ئەوە بدرێت، لەسەر جەرێک لە خورافاتی نەژادیی، لەبیکردن بە هەموو گەلی کورد، بەیەک دەنگ، بەیەک ئاواز و بەیەک ڕەنگ بکرێت. گەلان، باش لەو جیاوازیانە تێگەیشتووە بەڵام بە

بازاڕ گەرمیی سیاسیی و سوودوەرگرتن لەدەمارئاستووریی کوردایەتیی کە مەدکی گەورەیە لە ناو کوردانی تاراوگە و کوردستانی عێراق و ئێراندا، و بە کۆکوەرگرتن لەو کارتە بە (کاراکردنەوەی پەرلەمان)ی مردارەوەبووی کوردستان و دوانکەوتن لە وتنەوەی خۆکەی یەکپارچەیی ماڵی کورد، پەنا بە هەر ناعەقڵانییەتێک دەبات.

ئاخر، چۆن دەکرێ لەبیەکی یەکگرتوو بە چوار واقیعییەتی سیاسیی ، دەستووریی و قانونیی، جیاواز پێک بهێنرێت؟ گەر خاڵی هاوبەش، بوونی ستەمی نەتەوایەتییە لەسەر کورد ، هەر ئەو ستەمە ، بە بۆگەی زەر و دەکیومێنتی واقیعیی، بڕیەکی فراوان لە بزوتنەوە، ڕەوتی سیاسیی و ئارایشی جیاواز ، تەنانەت دژبەیەکی وەکو پارتیی و پەکەکەی دروستکردووە. لە کوردستانی عێراقدا، شتێک نەماوە بەناوی ستەمی میللیی لەلایەن گەلی عەرەب و دەسەڵاتی ناوەندەوە(بەغداد) دەرهەق بە کورد بکرێ، ئەوە دەسەڵاتی لەکاییی کوردییە، ئەوە کوردایەتییە، گەورەترین ستەمی سیاسیی لە کەشتی سیاسیی کورد دەکات و گەورەترین ناعەدالەتیی کەمایەتیی لە کوردستاندا بەاوکردووەتەوە کە لەمژووی سیاسیی کوردستانی عێراقدا، بوونی نەبووە.

ئەگەر لەبیکردن پەویست بێت، ئەوە پێش هەر شتێک، دەبێت بە ریسواکردنی پارتیی، یەکێتیی و میلیاردێرەکانی کوردایەتیی، بە ریسواکردنی حکومەتی چەتەگەریی هەرەمی کوردستان، بکرێت. بە ئەوە دەبە بکرێت کە میلیشیاکانی کوردایەتیی(ئەنکەسە)، بە مەئموریەتی بارزانیی، هاوکاریی فاشیزمی تورکیی، تێرێریستەکانی جەبهەتولنەصرە و ئەحرارلشام، دژی ئیرادەی سیاسیی گەلی کورد، لە کانتۆنەکانی کوردستانی سوریا، دەکەن. لەبیسازیی، دەبە دژی ئەو هەوڵانەی چەتەکانی کوردایەتیی بکرێت کە کار بە ئەوە دەکەن، پێیدە و جەنگاوەرە کچ و کوڕەکانی کانتۆنەکان، بەهەی لەبیەکانی خەیانەوە(لەبیەکانی نەوتی تاڵانیی) بە تێرێریست بناسێنن.

دەبێت دژی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بکرێت کە لە حکومەتەکەی ئاکەپە، توندتر گەمارەی ئابووریان لەسەر ئەو بەشەی کوردستان، داناوە. دەبە دژی ئەو ئیجماعەی مافیاکانی کوردایەتیی بکرێت کە خۆنیان بە کۆتنی "کۆبانێ"وە دەبینی. هەروەها، دژی ئەوە بکرێت کە رابەرانی دەوڵەتی کوردیی، چۆن شەنگالیان تەسلیم بە داعش کرد و هاوکاریی ئۆجەنداکانی تورکیایان کرد. لەسەروو هەمووشیانەوە، پەویستە تا رادەی راپەچکردن، بە بەردەم داداگا نەودەوڵەتییەکان، لەبییان لە هەمبەر بکرێت. بەتایبەتیی، سەبارەت بەو هەموو چەتەگەریی و

تاوانانەی دژەخەڵکی کوردستان و برسییکردنی بە ئەنقەستی خەڵک، ئەنجامیان داوە.

شاراوە نییە، ئەمە هەزی سیاسیی باڵادەستی کوردایەتیی، ئەندازیاری کوردایەتیی، بیزنسی (سەربەخۆیی ئابووریی و دەوڵەتی کوردیی) تەنیا و تەنیا، پارتییە و ئەم جۆرە کەمپەینکردنە بەناوی لەبییەوە ، راستەوخۆ و مفت دەچێتە گیرفانی ئەوانەوە. ئەمە، بە واقیعیی و بە کردەوە، لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بینیمان، بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە دواتر، بە بوون بە کاندیدی گۆران بۆ پارلەمانتاریی و ئەندامی جڤات(بەتایبەت ئەوانەی تاراوگە) تەکانیان دەدا، بەهەی ئەو مەغزە نژادییە و ئەو دیدە نەتەوەپەرستییەی هەیانبوو، لەبییان بە پارتیی دەکرد کە نەوتی کوردستان، بفرۆشێ و لەو رێگەیشەوە، کوردستان، سەربەخۆیی ئابووریی بەدەستبهێنێت.

هەر ئێستاش، لە چەندین وێبسایت، لەوانەی کوردی پەیوەندیی و تاراوگەنشینی لەیە، لە ئەورووپا، ئەمریکا، کانەدا و ئوستراڵیا…تاد، کەمپەین و گرووپی بچووک بچووک، بەناوی گەنجانی کورد و لەبیی کوردییەوە، دروست دەکرێن، بەشی هەرە زۆریان، بە زەبری ئەو پارەیەی پارتیی لە نەوتی کوردستان، دەیدزێ، هەسوڕاوەکانی ئەم گرووپانە، دەمەدەکێن و تەجنیدیان دەکەن. دەکرێ بگوترێ ئەم لەکەدانەوە نژادییە و ئەم لەبییە نەتەوەپەرستانەیەی لەناو گۆراندا هەیە، بە راستەوخۆ و بە ناراستەوخۆ، بە ئاگایی خۆیان بەت یان بەهەی جەهلی ناسیۆنالیزمی نژادییەوە بەت، هەموویان خزمەت بە سیاسەتەکانی پارتیی و پرۆژەکانی پارتیی دەکەن. ئەم پرۆژەیەی کە ژووری تەوژینەوە گۆرانیش، کردەتی داوەتە، سەرەنجام ئاو بە ئاشی کوردایەتییەکەی پارتییدا دەکات هاوکاریی سیاسەت و تاوانەکانی پارتیی، دەکات.

خەڵکردنە چاوی خەڵک و شاردنەوەی تاوانی رائیدەکانی کوردایەتیی، لەژێر ناوی ئەوەی گەلی کورد، چەوساوەیەو دەبە لەبی بە بکرەت، ستراتیژیەتێکی فاشیلە و نابە بە وەتامی دانشکەن تێپەڕەت. گۆران، بەمجۆرە کارەنی، رۆڵی دەڵاڵ و سەرچەپیکەشی بزوتنەوەی فاشیلی کوردایەتیی دەگێڕەت. بزوتنەوەیەک کە لە سایەی (هەڵە زۆینەکانی خیانەتدانی کوردایەتییەدا !!)، لە هەموو رژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراق، زیاتر تاڵاوی بە قوربانی نژادی" کورد "دا کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە نووسەرانی ئەم موناجاتە نژادییە بە لەبییکردن و موناجاتی ژووری شاعیرانی گۆران(ژووری تەوژینەوەی سیاسیی) لە

هەموو تاوانکانی کوردایەتیی بەدەنگ دەبن و بەرزەوە داوای گەرانی رەبەریکردنی خوونی شاعیرانەی تاجیرەکانی کوردایەتیی و دەوڵەتی کوردیی، لە رای گشتیی، دەکەن.

سەرەنجامیش، بەناوی ئیجماعی کوردیی و نەتەوەییەوە، بەناوی یەکدەنگیی حیزبە کوردییەکانەوە، لە دژی نەتەوە و نەژادەکانی تر، لەبیی نەژادیی پەکدەهنن و جاڵی شەڕی کورد لەگەڵ عەرەب ، تورک و فارس دەدەن. ژووری راسیست و نەژادپەرستەکانی توێژینەوەی سیاسییش، موبارەکی ئەم شەڕ و نەعرەتە، نەژادییانە دەکات. ڕەوەندی کوردیی لە هەندەران، پەکهاتەکەی زیاتر کرێکار و بیزنسی زەر بچووکە، لای لەبییسازەکانی کوردایەتیی ئەوەندەش حورمەتیان نییە تەنانەت کە دەشکرێن بە سوتەمەنیی رانتخۆرو نەوتفرۆشەکانی کوردایەتیی ، لە پەکهەنانی ئەو لەبییە نەژادییەدا، ڕەکیان پەنادرێت، بەکو ئەوە ئەوسەرمایەدارانەی کوردن کە دەست، هاوکاس و وەاشی حیزبە کوردییەکانن، ئەوانەی نوێنەرایەتیی بە بیزنسی میلیاردەرانی کوردایەتیی دەکەن، لەگەڵ هەندە ئەکادیمیستی نەژادپەرستدا، لە پەشەوەی پرسەسی لەبییسازی نەژادیی بەکورد، دادەنرێن.

ئەمانەش بە ئەوە دەکرێن، بە ئەوەی لەم پرۆژە عیملاقەی کوردایەتییدا، فریای گەلی کورد بکەون! بە ئەوەی، بە پسپۆریی و لەهاتوویی خیان و مەغزی پە مەعریفەیان، ئەم لەبییسازییە، بەسەرکەوتن بگەیەنن. هاوزەمان، بەچی لەم کاتەدا؟ تەوقیتی ئەم " پرۆژەیە "، لە کاتەکدایە کە هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نزیک دەبێتەوە و دیسکۆرسی کوردایەتیی، پەویستی بە گەرمکردنەوەیە و ئەو هەموو چاوە بەدراوەتە سەر پارتیی، یەکێتیی و حکومەتە هاوبەشە فاشیلەکەیان. لەرەوەیە کە ئەم جۆرە نەتەوەییە، دیاریەکی مفتە بە پارتیی، بەتایبەتیی کە تانوپۆکەی، زمانەکەی و داشتنەکەی، ڕەک لە ئەدەبی سیاسیی رۆژنامەی " خەبات " و "هەولێر" دەچێت، بەدەرلەوەی نیازی نووسەرەکانی و ژووری توێژینەوەی سیاسیی، هەرچیەک بووبێت.
ئەمە لای کەم لەدوای ئەزموونی فاشیلی کوردستانی عەراقەوە، هیچ ئایەندەیەک، بە خەباتی خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەاستدا ، چانسی سەرکەوتنی نییە بەبە کوتان و لەدانی بەئەمانی هەموو نوسخەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیی، هەروەها، بەبە ڕەکخستنەوەی ناو مالی خەڵکی کوردستان و خستنەوسەرپەی خەباتیان لە چوارچۆوەی دیسکۆرس و بەرنامەیەکی ئەنتی ناسیونالیستییدا کە ناوەڕۆکەکەی لەسەر دیموکراتیی، لای کەمی دادپەوەریی، پەکەوزیان و لەگەڵنانی

رابوردووی پ لە ستەمی نەتەوەیی بنیاتنرابت.

هەرکەسکیش، لەناو رەوەندی کوردیی و حیزبی کوردییدا، غەمخۆری خەبات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان بێت، دەبێ سەرەتا لە رەتکردنەوەی هەژموونی نەتەوەپەرستەکانی ناوخۆیانەوە دەستپێبکەن تا باوەڕ بەوەیان بکرێت کە لە دژی نەتەوەپەرستیین(نەتەوەی سەردەستن) و لایەنگری ئازادیی، مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسی گەلی کوردن. لەبیی کوردستانیش گەر زەمینەی بۆ پەیدا بوو، دەبێ دەستپێکەکەی بەم پەودانگانە بێت، نەک بە لەدانی کەسانای شێوەی نەوان نەتەوە و نەژادە جیاوازەکان، نەک بە راگرتنی گەلی کورد، لەبەرامبەر گەلانی دەوروبەردا و و دووبارەکردنەوەی قسابخانەکانی سەد ساڵی ڕابووردووی نەوان ناسیۆنالیزمی کورد لە هەمبەر ناسیونالیزمی تورک، عەرەب و پانئیرانیزمدا.

درەکردنەکانی کوردایەتیی، بەدەم لەبییەکانی جوولەکەوە ئەم لەبییناماێە، باسی ئەوە دەکات کە" جوولەکەو ئەرمەنییەکان چەندە لەناو خۆیاندا ناکۆکبوون، بەڵام لەسەر مەسەلەی لەبی و نەتەوایەتیی، یەکێز و یەکدەنگ بوون". ئەم درۆ و بوختانە گەورەیە، بەس بۆ عەقڵی رانتخۆر و جاهیلەکانی کوردایەتییدا دەچێت. لە راستییدا، ئەوەندەی جوولەکەکان، لەبیی دژی دەوڵەتی ئیسرائیل و دژی هەژموونی پاوانخوازانەی زایۆنیزم دەکەن، دژی ستەم و چەوساندنەوە، دەیکەن، هیچ نەژاد، نەتەوە، دین و کولتوورێکی تر، ئەوەندەی جوولەکەکان، بەمکارە هەڵناسن. باشترین (زاناکانی جیهان، ئەکادیمیستە پ تێکستەکانی دونیا، نووسەرە ناودارەکان، کەسایەتییە مرۆیی و دادپەروەرەکان) لە سەرانسەری دونیا بۆ گشتیی و لە ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ تایبەتیی، ئاکار، کارکرد، ریکخراو و پرۆفایلی ژیانیان، پێچەوانەی ئەم بوختانەی مەبەکانی کوردایەتییە.

صەدانی وەکو(ئاینشتاین، فرۆید، ئەسیمۆف Asimov، ئارێنت، ئەدەمان Edelman، پیتەر سینجەر Singer، ئەندرو بۆنیامین، ئەریک فرۆم، جۆبریل کەلکۆ Kolko، مەریەم مارگۆلیس Margolyes ، لوینستاین Loewenstein، سیدنی لەڤی Levy، چۆمسکی، دەیڤید ئارۆن هەریس David Aaron Harris …تاد) دوژمنایەتییەکی سەرسەختانەی زایۆنیزم و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون و هەن. بۆ پێچەوانەوە، بەشکی زۆریان، لەبییان، دژی زایۆنیزم و سامییگەریی(سۆمتیزم Semitism) و کردووە و بۆ ئانتی زایۆنیزم و لایەنگری مافی سیاسییەکانی خەڵکی فەڵەسطین، ناسراون.

ئەو ئەنتی زایۆنیزمەی لەناو سکۆلارە جووەکە و کۆمەڵایەتییەکانی ئیسرائیلییەکاندا هەیە، ئەوانەی، هاودەنگییان لەگەڵ فەلەستینییەکاندا هەیە، بە تەلەراس و عەقڵی کراوەی ئەوان دەگەڵتەوە کە دژایەتی زایۆنیزم و ناسیۆنالیزمی نژادیی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن. ئەم فەتوا کوردایەتییەی ژووری توژینەوەی گۆران، تەنیا ئەوەی لەدەخوەندرتەوە، بە هەموو شتێک لە پەناوی کوردایەتیی و دەوڵەتی کوردییدا بڵاوە بنەین و لابی بە قائیدی ضەرورەی کوردایەتیی، بە کەمپەینە تیجابیی و نژادییەکانی بکەین و وەکو جووەکە ئەرثەدەکسەکانیش، هەموومان بەبین لە پەناو ئامانجی عولیای ویلایەتە کوردییە پرەکسییە ئەردەغانییەکەدا، با کەشە سیاسیی و قانونییەکان، با برسییکردنی خەڵکی کوردستان و دزیینی دیان میلیارد دۆلاری خەڵک، لەبگەبین و لە پەناوی ئەو دەوڵەتە قوبرصییە ئەردەغانییەی بارزانییدا، خەریکی لەبییکردن بین.

لە کۆتاییدا، دەبێ بگوترێ، بە هەر حیزبێکی سیاسیی کە خاوەنی فیکری سیاسیی بێت، تا تەجاوزی کوردایەتیی نەکات، لە واقیعی سیاسیی و ئاوگەڵی سیاسییەکانیش تێناگات. هەرچەند ئەنتی پارتیی و ئەنتی بارزانییش بێت، هەر سەربازی ونی ڕێگەی کوردایەتییە ڕەسەنەکەی پارتیی، بارزانیی و بیزنسی دەوڵەتسازییەکەیانە. بەمجۆرەش، دەکرێ بگوترێ" گوێ لێرەیە، وەرە لێرە سەما بکە".

-_____

لینکی فەتوانامەکەی ژووری سیاسیی بزوتنەوەی گۆران

http://www.gorran.net/Detail.aspx?id=11650&LinkID=108

شوباتی ۲۰۱۷

گۆرانەوە لەنێوان هەقایەت و ماندا … حەمە مەنتك

گۆرانەوەناسی (Narratology) وەکووو زانستێك لەگەڵ فەرمالیستووسکان هاتە ناو بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی،

بەتایبەتی لەگەڵ تۆژینەوە بەناوبانگەکەی ڕۆخنەگر "ڤلادیمیر پڕۆپ" بەناوی (مەرفەلۆجیای هەڵایەت)، لەوێدا ئەرك و کردەوەی کارەکتەری بە سیویەك ئەرك دیاری کرد. بەڵام وەکوو زاراوە یەکەم کەس ڕۆخنەگر "تێدەرەف" لە کتێبی (ڕێساکانی دیکامیرۆن)دا ئەم زاراوەیەی بە کار هێنا. لە تیۆری ئەدەبییەدا گێڕانەوەناسی بە واتای پێکهاتەی گێڕانەوە دێت. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم زانستە وەکوو پێکهاتەخوازەکان لەو زمانە ئەدەبییەی سەرشارە بە ڕەمز و هێما، کە لە ناوەوەی دەقدا هەن، دەکۆڵێتەوە. لەرەدا لێکۆڵینەوەکانی گێڕانەوەناسی لەسەر بنەمای سیمیۆلۆژیانە دەبێت. واتە هەوڵێکە بە دەزینەوەی پێکهاتە، یان ڕێسای زمانی گێڕانەوە و دەرهێنانی واتا. ڕۆخنەگرێکی وەکو "مەککاریك" دەڵێت: ((گێڕانەوەناسی کەمتر ڕێسایە لە بارەی ژانرەکانی گێڕانەوە، پێکهاتە و سیستەمی ڕێساکانە بەرانبەر گێڕانەوە/چیرۆك و پێکهاتەی پلۆت.))١ لەم بڕوونێیشدا پەداگریيە لەسەر هەمان ناوەرۆك و شێوازی گێڕانەوەی دەق دەکرێ. نابێ ئەوێیشمان بیر بچێ گێڕانەوەناسی ێیشەی بە بڕوونکانی هەریەك لە "ئەفلاتوون" و "ئەرستۆ" دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ئەوەی ئەمڕۆ دەمانەوێت بەرباسی بدەین، جیاوازی گێڕانەوەناسییە وەکوو زانستێکی نوێ، کە لەگەڵ پەیدابوونی بڕوونیادگەرەکان لە ڕۆخنەی ئەدەبییەدا دەردەکەوێ، لەگەڵ گێڕانەوە وەکوو شێوازێکنەکەی لە ئەفسانە و هەڤایەتی فۆلکلۆرییەدا هەیە. بە ئەم مەبەستەیش ڕەمانی (کۆمەڵزاکەی زیتێ)ی "محەمەد فەریق حەسەن" وەکوو کەرەسەی پراکتیکی وەردەگرین، کە ئایا تا چەند ڕەمانووس ئەم دەقەی وەکوو ڕەمان گێڕاوەتەوە؟ ئایا ئەم دەقە گێڕانەوەکەی تا چەند لەگەڵ ڕەمان وەکوو ژانرێکی نوێی گێڕانەوە دەتەوە؟ وەرامی ئەم پرسیارانە و چەند پرسیارێکی دیکە هەوڵدەدەین بدەزینەوە.

ئاشکرایە گێڕانەوە مەڕوویەکی دوور و درێژی هەیە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە، گێڕانەوەیش هەیە. بەڵام پرسەسەی گێڕانەوە بەپێی سەردەمەکان و ووداوەکان گێڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. تاکوو بەم سەردەمەی ئێستا لە قالبی ژانری ڕەماندا خۆی بینیوەتەوە. مرۆڤ بە شتەکان، ووداوەکان دەگەڕێتەوە؟ بە بۆای من بۆهۆی دوو هۆکار ئەم کارە دەکات. یەکیان هەمیشە مرۆڤ شتەکی بە گوتن پێیە، دەیەوێ بیگێڕێنەوە. لەرشدا لە کاتی گێڕاندنەوە و خەیاڵی خۆی تێکەڵ دەکات. ئەویدیکیان هەمیشە دەیەوێ شتەك کەشف بکات، چونکە نووسین جۆرێکە لە کەشفکردن.

گێڕانەوە لە سەرەتادا لە قالبی ئەفسانە و دواتە هەڤایەت و

سەرهاتی فەلکلۆری خۆی پرسەسەی دەکرد. گۆرانیەکانی بە گشتی بە هەڵکارکی گرینگ بە مرۆڤ دادەنرێ، ئاوێنەی ئاوێنەی بیرکردنەوە و یادەوەرییەکانی خەڵکی تەدا بپارێزێ. لە کۆنیشەوە ئەم بەردەوامی هەیە. مرۆڤ کاتێک لە ئاو و شکار گەڕاوەتەوە، چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خۆی بە منداڵەکانی گەڕاوەتەوە. خۆ بیرمانە تا ئەم دوایانەیش داپیرە و باپیرەکانمان لە شەوانی زستاندا چیرۆکیان بە دەگۆڕاینەوە. گۆرانەوەی ئەم چیرۆکانە ئاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و خەیاڵی منداڵدا هەبووە. بە نموونە لە هەڤاڵتی فەلکلۆرییدا زۆرجار بە ڕستەی (هەبوو…نەبوو) دەکەوین، ئەمە یەکێکە لەو ڕستە جادوویانەی مرۆڤ ناچار بە گوێگرتن دەکات. واتە وەگۆڕ پەیمان دەڵێت: دانیشە و گوێبگرە تا چیرۆکێکت بە بگۆڕمەوە. بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ئەمان بە نموونە (دژن کیشت)ی "سەرڤانتس" شەوازێکی دیکە لە گۆرانەوە پەیدابوو، کە ئەمانە. ئەم ژانرە تازەیە لە گۆرانەوە لەگەڵ ئەمانەکانی "ئالان ئاب گرێ، ناتالی ساروت، سیمۆن دەبوڤوار" شەوازی دیکەی وەرگرت، کە بە ئەمانی نوێ ناسراوە. کەواتە هەر دەقێك، مادام لەسەر بەرگەکەی نووسرا (ئەمان) دەبێ وەکوو دەقی ئەمان شتەکانمان بە بگێڕتەوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ئەمانی نوێ کەمێک یاسا و قالبی هەبێت، نەخێر بەڵام کەمێک پیوەر و بنەمای هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە گۆرانەوەی هەڤایەت و ئەفسانە. دەقی (کۆنزاکەی زیتێ) لەسەر بەرگەکەی نووسراوە ئەمان، بەڵام لە دەمی خوێندنەوەدا دەدەکەوە گۆرانەوەیەکی سادەی هەڤایەتئامێز. ئەم دەقە باس لە کوێك بەناوی (ئالان) دەکا، دوای خاپوورکردنی گوندەکیان و بردنی خەڵکی گوندەکیان لەلایەن سووپای "ساندای خان/سەدام" و ئەنفالکردنیان، بە تەنیا لە چیای (کاردۆخ) دەمێنێتەوە و دەژی بە هێنانەدی خەونی باپیری، ئاویش بەرپاکردنی شۆشە لە دژی سووپای "ساندای خان". لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا ئەڵك دەقی (ئەبن هوود)م بیردەکەوتەوە، هەمان شەواز و پاڵەوان و جووڵە و تیروکەوان و ئەسپ. لەلایەکی دیکە ئەم دەقە هاوداوەکانی هێندە جار بە شێوەیەك بە ئەفسانە کراون، فەزای دەقەکەی وەکوو ئەمان کوشتوە و بەرەو دەقێکی هەڤایەتئامیزی بردووە. ئاستە ئەمان دەتوانی فەنتازیا و ئەفسانەی لەگەڵ تێکەڵ بکرێ، وەکوو ئەمانەووسای ئەمریکای لاتین، کە بە ئاوەتی (ڕیالیزمی جادوویی) ناسراوە، ئەنجامیان داوە، بەڵام ئەمەیش پێوەری خەڵکی هەیە، دەبێ قەناعەت بە خوێنەر بکەیت.

دەسپێکی دەقەکە هێندە لاوازە خوێنەر نازانێ بۆچی ئەم دەسپێکە هەیە! تەنانەت بە بروای من پەڕەگرافی یەکەم لە دەسپێکەکە زیادەیە

و بۆ لابردنی هیچ لە دۆقەکە ناگۆڕێ. ((لە تەنگی بانگی شەواندا، سابرینەکی سپیی سێی لە تاڵان دەربازبوو، کە هێشتا گوللە گورگ سووسیان نەکردووە. بە پارێزەوە، لە نێدیوی پشت گرد و کێوانەوە سەرهەڵدێنێ. لە بستووی پشت ئاوایییەوە، بە وڕانێ دە دەوانێت. سابرێنەکی سپیی سێ، بە دوو قۆچی هێشی لوولەوە، چەند دەگمەن و چاو دەگمەن، ناچێتەوە سەر دەرگانێی خێی. نە دەنگی نرۆقەک دەبیستێ، نە بەرە و باعێی ئاژەڵەک، گوێی تەنیا لە شەقەی سمکانی خێیەتی، لە فەزایەکی چۆڵ و سامناکدا دەنگدەداتەوە. دەپرینگێتەوە، لە حەشمەتا، یەك بە خێی لە باژن دەدات و وەڵێی دەێ و کێوان دەبڕێت.))۲ دەسپەک وەکوو کلیلەکی دەق، بە یەکەك لە شیوازە زمانییەکان بە تێگەیشتنی دەق دادەنرێت. لەم دەقەدا ئەم دەسپەکە جوودا لەوێی هیچ درامیەکی تێدانییە، هیچ پرسیارەک، وەستانەکی تێدا نییەم تاکوو خوێنەر لەگەڵ خێی ببات. من لە پەرەگرافی دووەمەوە چەندین جار دەستم بە خوێندنەوە کرد، هەستم نەکرد، ئەم پەرەگرافێی سەرەوە نووقسان بێت، بەڵکو زەر ئاسایی بوو. دەسپەک لە ڕاماندا هەندە بایخی هەیە، سەرتایەکە بە بردنی خوێنەر لەگەڵ خێی. ((دەسپەکی هەر ڕاماناك بوارەکە بە گرێبەست لەگەڵ خوێنەر، دەسپەک سێ ئامانج لەخۆ دەگرێت: هەواڵدان، گرینگیدان و ئاماژە لەبارەی ناسنامەی دەق.))۳ کەواتە لە دەسپەکدا زەمینەسازی بە خوێنەر دەکرێت، لەوێدا هەوڵەک، ئاماژەیەك بە ناوەڕۆکی دەقەکە دەکرێت. بە بەرچاووونی خوێنەر دەسپەکی چەند ڕاماناك دەنووسم بە ئەوێی جیاوازییەکەی بە ڕوون بێتەوە. ((
ڕاپەرتی نهێنی ۱۲۵/٦۵
بە: بەڕێوەبەری پۆلیس)) [ڕامانی: پێنگەکانی کافکای مواسیر سکلیر] لەم ڕامانەدا خوێنەر یەکسەر دەپرسێ: ئەم ڕاپەرتە چییە؟ لەبارەی کێیە؟ ((شازادە ئحتجاب لە کورسییە نەرمەکێیدا پاڵی دابووە، ناوچەوانی گەرمی خستبووە سەر دوو ستووونی دەستی و دەکەکی. جارێک کارەکەرەکەی و جارێک ژنەکەی هاتنە سەر.)) [ڕامانی شازادە ئحتجابی هەشەنگ گوشیری] ((خوایە تۆ لەوێی؟ منم، مارگرێت. ئەڕێ ئەم بار دەکەین. خوایە من زەر دەترسم. من هەرگیز لە هیچ شوێنەکی تر نەژیاوم ئەرە نەبە.)) [ڕامانی خوایە تۆ لەوێی؟ منم مارگرێتی جودی بلووم] ئەم دەسپەکانە جوودا لەوێی هەڵی درامی هونەری بەرزیان تێدایە، هاوکات هەوڵەك، ئاماژەیەك دەدەنە خوێنەر. خوێنەر ڕاستەوخۆ بە دۆقەکە دەبەستنەوە، بە ئەوێی بەردەوامی بە خوێندنەوە بدات. بەڵام لە (کوڵەزاکەی زیتە)دا جوودا لەوێی دەسپەکەکە زیادە، هاوکات زەمینەسازی بە خوێنەر تێدا نییە. دەسپەکەکە خاسیەتەکی وتاربێژی تێدایە. وتاربێژییەکی زەر لەم دۆقەدا هەیە، بە ڕادەیەك

کاریگەری لەسەر لایەنی هونەری دەقەکە کردووە.

ئەم وتاربێژیە هەوڵەکە بە ئاوەژووی تەنیا بەردەوامی بە گەڕانەوە بدات. بە بەپێی من یەکێک لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی هەڵبەستی گەڕانەوەیە، بەڵام لەبەر دەبە شتەکان پیشان بدات، نەک بیانگێڕێتەوە. ئەمەیش وا دەکات دەق نەبێتە هەکار و وەسیلە بۆ گواستنەوەی پەیام، هەرچەندە دەقی هەڵبەستیش دەقێکە هەکارە بۆ گواستنەوەی شتەکان. "ئالان ڕۆب گرێ" لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چیرۆك و ڕۆمان وەسیلەی گواستنەوە نین، تەنانەت وەسیلەی گوتنیش نییە "واتە وەسیلەی بەر لە هاستی یان ئاو پرسیارانەی، کە دەیەوێ بیانڵێت". ڕۆمان بە بەپێی ئەمە تەنیا توژینەوەیە و بەس، بەڵام توژینەوەیەك کە نازانین لەبارەی چیپە و چۆن.)) ٤ لەڕەدا هەموو خەمی نووسەر دەبێتە ئاوەژووی چۆن ئاو پەیامەی بگەیەنێت. بە ئەمەیش پەنا بە شتگەلی وەها دەبات، کاریگەریان لەسەر لایەنی فۆرم و چۆنیەتی پیشاندانی شتەکان دەبێت. لەم دەقەدا وتاربێژیەکی لە سنوور بەدەر هەیە، ئەمەیش وایکردووە زۆرترین پەنا وەبەر هونەری وەسف ببات. کاتێك باسی چیا، یان بەفر، یان ئەسپێکی دەکای هەندە وەسفکان درێژن خوێنەر هەستدەکات تەنیا بە درێژکردنەوەی پرسەسەی گەڕانەوە ئەم وەسفە درێژانە کراون، چونکە زەربەی وشەکان هاوواتان، ئەمەیش خوێنەر بێزار دەکات. ٥ نموونە کاتێك باسی وەرانبووونی گوندەکیان دەکات. ((ئەستا، کە دوا ماڵی گوند ڕووخاون، کەڵەبانەکانی شەواون، من هەشتا کەتەڵی دەم لەپێش چاوە. ئا ئەویان کەلاوەی قوتابخانەکەیە، کە ئاوسا بە جێش و خرێشی ژیان جمەی دەهات. ئاوان یادیان بەخێر، ئاگڕ لەیان زیندوو مابێت، مەگەر لە خەوندا وێنەی کەلەگی و پشت هەیوان، کادێن، پشتیر، باڵەخانە و ژەرخانی ماڵی خەیان ببینن.)) ٥ دەبینین نووسەر ڕووخانی ماڵەکانمان نیشان نادات، شەوەی کەلاوەیی قوتابخانەمان نیشان نادات، بەڵکو هەندە وەسفکی کردوە و تەواو، ئەمەیش بەگەیە لەسەر ئاوەژووی تەنیا مەبەستی گەڕانەوە بووە، نەك پیشاندان بە ڕۆمان.

نیشانمان نادات جێش و خرێشی ژیان ئاوسا چۆن بووە! خوێنەر ئاوکاتە بەشدار دەبێت و وێنەی ڕووخانی ماڵەکانی دێتە بەرچاو، کە شتەکانی پیشان بدرێت. ئاگەر تەنیا پەنا وەبەر گەڕانەوە ببەین، ئاوا دەقەکە بە پێکهاتە و بناغە دەبێت. مەبەستمان لەم قسەیە ئاوەیە دەتوانی چەندین شوێن لەم دەقەکە لابەبێت بەبێ ئاوەژووی کاریگەری لەسەر پێکهاتە و پێکەرسازی دەقەکە دروست بکات. لە زەر جەدا

پەوەندییەکی تەواو لەنێوان پەرەگرافەکانیشدا نامێنی. ئەم بە پێکەرییە وا دەکات، نووسەر گرینگی بە هێندە وشە و ڕستە بدات، لەرەدا خوێنەر زۆینی تێنە لەسەر ئەو وشە و ڕستانە دەبەت، وشە و ڕستەکانی دیکە وەلا دەنێت. بە نموونە لەم دەقەدا وشەی چیا، بەفر، ئەسپ، ئاگر، دارستان، ناوی کوردی وەکوو: ئالان، لەهۆن، هەلان زەر گرینگیان پێدراوە و وەسفی زەریان کراوە. ئەم وشانە لەناو دەقەکەدا زەر زەق کراونەتەوە، خوێنەر زۆینی تێنە بەو وشانە پەوەست کراوە. بەڵام لە ڕەمانی نوێدا هەموو شتەکان، کارەکتەرەکان، کردەوەکانیان خوێنەر هەست دەکات بە کەی ئەوانە کاریگەریان لەسەر خوێنەر هەبووە. "گولشیری" لەم بارەیەوە دەڵێت: ((کاتێک ڕەمانێکی باش دەخوێنمەوە، هەستەکەم، تێنە ڕستەیەك، یان ڕووداوێك نییە کە بە خەیم دەبات، بەڵکو هەموو ڕەمانەکەیە سەرنجم دەبات.))٦ هەموو ئامانجی نووسەر ئەوەیە پەیامێک بگەیێنە، کە گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژەمی بەعسەوە وێران کراون و خەڵکەکەی لە بیابان ئێنفال کراون. وەسفکردنی تاکی کوردە وەکوو پاڵەوان، وەسفکردنی ناوچەکانی کوردستانە وەکوو بەهەشت، وەکوو ئەوەی میللەتی کورد بەشێوەیەکی زەر تایبەت دروستکرابن. دەمەوە بەم هەستکی ناسیونالیستی هێندە بەهێز باڵی بەسەر هەست و بیرکردنەوەی نووسەردا کێشاوە، نووسەر بە ئاگا دەبە لەوەی ئەم هەستە کاریگەری لەسەر فەرم و شێوازی نووسینی دەقەکە دەبێت. هەمان ئەو شێوازەی ڕەمانووسان و نووسەرانی سەردەمی ڕگاریخوازی کورد، ئەوانیش ئایدیۆلۆژیا و هەستی کەسییان بەسەر دەقدا زاڵ دەبوو، بەیەیش دەقەکانیان لە ڕووی هونەرییەوە لاواز دەبوو. لەرەدا، مەبەستمان ئەوە نییە، کە ڕەمان دەبە خاڵی بێت لە ئایدیۆلۆژیا و هەستی ناسیونالیستی، نەخێر دەمەوە بڵێم نابە دەق بخرێتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیا و ئەو جۆرە هەستانە، چونکە کاریگەری لەسەر لایەنی هونەری دەقەکە دەبێت.

ئەم دەقە بەشێوەیەک فانتازیا و ئەفسانەی تێدا مەزرێندراوە، دەقەکە پتر لە هەقایەت، نزیك ڕەمان دەچێت. لە ناوەڕاستی سەتەی بیستدا، کەمێك لە نووسەرانی ئەمریکای لاتین لە نموونەی: گابریێل گارسیا مارکیز، خوان ڕولفۆ، سامەدیێ، کارتاسار، کارلۆس فەینتس و خەرخی بۆرخیس..تاد، سوودیان لە ئەفسانە و هەقایەت و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری میللەتەکانیان بە نووسینی ڕەمان وەرگرت. بەمەیش ڕەوتێك بە ناوی ڕیالیزمی جادوویییان هێنا ناوەوە. ئەمەیش واتای ئەوە نییە هەمان شێوازی ئەفسانەیان بە ڕووداوەکان بە کار هێنابێت، بەڵکو ئەوان واقیعیان بەشێوەیەکی جوان و سیحراوی گێڕاوەتەوە.

لە ژیانی ڕۆژانەشدا زۆر جار بەر ڕووداو و شتی وەها دەکەوین هەندە سەیرە هەر لە سیحر دەچێت. واتە ((یالیزمی سیحری ئەو شتە نییە، کە لە ڕۆگەی سیحرەوە بگۆڕدرێت، بەڵکو ئەو شتەی کە هەیە و جۆری سەرسوڕمانە.))٧ بەڵام لەم دەقەدا (کوڵەزاکەی زیتە)، هەندە جار ڕووداوەکان وەها بە ئەفسانە کراون، هەموو پەوەندییەکی لەگەڵ واقیع پچڕێندراوە. کەچی لە ڕۆمانی نوێدا هەرچەندە ڕووداوەکان جار جار بە ئەفسانە دەکرێن، بەڵام ڕۆمانەووس نابە بەهۆی سەرداوی ئەو ڕووداوە لەگەڵ واقیع بپچڕێت. بە نموونە لە ڕۆمانی (پیدرە پارامە)ی "خوان ڕۆلفۆ" مردوو قسە دەکات، بەڵام بە شیوەیەک مەزرێندراوە تا کەتایی ڕۆمانەکە، خوێنەر نازانێ ئەو کەسە مردووە، بەڵام لەم دەقەدا هەر لەسەرەتای ڕووداوەکەوە دەردەکەوێ ئەو ڕووداوە بە تەواوی بە ئەفسانە کراوە، چونکە هیچ زەمینەسازییەکی بە نەکراوە. بە نموونە کاتێك (لالەوەیسی) یەکسەر دەڵێ من کەمەکی تر دەمرم. ((ئەها، تە هەروا سەرنج بدە. خە ئەو داڵاشە شووماندە بینی؟ ئەوانە بۆنی مەرگی منیان کردووە! بە تەمان ئەمە بە لاشەکەم شادبن و چاوانم هەڵکەنن! ئەم زنجیرە چیایەی تە دەبینی، وەك چۆن نیشتمانی هەیە، داڵاشیشی زۆرە. خەم دەزانم من ئیتر دوایینم. بۆیە بەم سەرمایە لە چەم خەم پاك پاك شۆری.))٨ خوێنەر مافی خۆیەتی بپرسە: چۆن ئەم کارەکتەرە زانی ئەو ڕۆژە دەمرێت؟ ئایا تەنیا بینینی داڵاش وەکوو هەمایەك بە ئەم مەبەستە بەسە؟ ئەمە دەزانین لە واقیعدا کەس ڕۆژی مردنی نازانێ، ئەویشمان لەبیرە ئەمە ڕۆمانە، نەك ژیانی واقیع، بەڵام نووسەر بە ئەوەی وا لە خوێنەر بکا بە ئاسایی ئەمە وەرگرێت و سەرنجی بابەت، دەبە ڕایەڵێك لەنەوان واقیعبوونی ئەو ڕووداوە لەگەڵ ڕازاندنەوەی بە شێوەی جادوویی دروست بکات، چونکە پەنابردنە بەر فانتازیا واتای فەدان و دوورکەوتنەوە لە واقیع نییە، بەڵکو ڕووداوەکە، یان ئەو واقیعیە ڕۆمانەووس لەناو ڕۆماندا دروستی دەکات، بەشێوەیەکی سیحراوی نیشانی دەدات. ڕووداوی ڕزگاربوونی (ئالان) کارەکتەری دەقەکە لە قەڵا.

ڕووداوەکی تەواو پاڕاوانبازانەیە، بەشێوەیەك ئەم ڕزگاربوونانە تەنە لە ئەفسانە هەڵقایەتکاندا هەیە. تەنیا بە کەسکی وەکوو: هەرقل، سوپەرمان دەکرێت. سەرەتا با بزانین چۆن وەسفی قەڵا کراوە. ((گۆڕەپانکی شوورە بە کەراو، قەڵایەك لە ناوەڕاستیدا بەرز هەڵچووە. لەوێوە قەڵاداران ئەو دەوروبەریان خستەتە بن چاودێری خۆیان. دەروازەیەکی دووداری. کە بواری هەیە دوو سوار بە شانی یەکەوە پێیدا ڕەتبن.)) پاشان با بزانین (ئالان) بە چ شێوەیەك لەم قەڵا سەختە ڕزگاری دەبێت. ((ئالان بە سواری ئەسپەوە، گورزە لە

پاشکەیەوە، گەیشتنە بەر دەروازەی قەڵا.

لەوەوە ئەسپ بازکی بەرز و بەرینی بەسەر دەروازەی قەڵادا داو ئەودیوبوو، لە دەرەی قەڵا چوارپەلی نیشتنەوە سەر زەوی.))٩ ئەوە پەشتر سەگەکەی (ئالان) چەند کارەکی پاڵەوانبازی کردووە، وەکوو خەی هەڵداوەتە سەر سەربازەك و تیروکەوانەکەی خاوەنەکەی لە سەندەتەوە و بە دەم خەنجەری پاڵەوانی لەسەر مەزی بەردەم سەرلەشکر هەڵگرتووە.
هەمانووس بە ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر بکات، دەبە هەوداوەکە سیحراوی نەك ئەفسانەیی نیشان بدات. هەمانووس بە دروستکردنی هەمانەکەی سەرچاوەی یەکەمی واقیعە، ژیانی کەمەکەیەتی، بەڵام دەکرە لەناو هەمانەکەدا بەهەی تەکەکردنی خەیاڵەوە ئاڵەزییەك بئافرێنەت، سیحرەك بە رووداوەکان ببەخشەت. سنووری نەوان خەیاڵ و واقیع وەها تەکەڵە ببن، نەتوانی بە ئاسانی لە یەکیان جووداببەیتەوە. بەڵام لەم دەقەدا بە ئاسانی دەزانین ئەم کردەوەیەی (ئالان) بە دەرچەوون لە قەڵاکە دەیکات، تەواو ئەفسانەیی و پاڵەوانبازانەیە. کەواتە ئەمە تەنە سنووری فەنتازیامان لە دیارە. نووسەر نەیتوانیوە بەشەوەیەك ئەم فانتازیایە پیشان بدات، کە کاریگەری لەسەر زەینی خوێنەر هەبەت. دەبینین ئەم شەوازە ئەفسانەییە تەواو تەکەیی هەهەندی دەقەکە نەبووە، ئەمەیش وایکردوە دەقەکە پتر لە هەقایەت نەك هەمان بچەت.

زەقکردنەوەی هەوداوەکان بەو شەوە ئەفسانەییە، وایکردوە کارەکتەری هەمان وەکوو پاڵەوانەك، نەك کارەکتەر دەرکەوەت. بە بەوای من ئەمە بە ئەوە دەگەتەوە، هەستی ناسیونالیستی و کاریگەری هەقایەتی فەلکلەری کوردی هەندە بەسەر زەین و بیرکردنەوەی نووسەردا زاڵبووە، لە هەندەك شوێن نووسەر ئەوەی بیرچەتەوە هەمان دەنووسە. جوایەزی نەوان کارەکتەر و پاڵەوان ئاشکرایە. پاڵەوان شتگەل و کردەوەیەك ئەنجام دەدات لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە. لە ئەفسانەکانی سەمەری و بابلی و یەنانییەکان پاڵەوانەکان بەرهەمی جووتبوونی نەوان خواوەند و مرۆڤ. واتە نیوەیان خواوەندە، بەمەیش توانایەکی بەدەریان هەیە.
لە هەقایەتیشدا هەمان شەوە، بەڵام پاڵەوانەکان هەگەزی مرۆڤن و کردەوەی لە توانابەدەر ئەنجام دەدەن. بەڵام لە هەماندا کارەکتەرمان هەیە، کارەکتەرێك لە گەشت و خوێن. کردەوەکانی بەپێی باری کەمەایەتی، سیاسی، ئابووری و هەشنبیریی ئەنجام دەدات. واتە کردەوەیەك ناکا لە سەروو توانای مرۆڤەوە بەت. هیچ یەك لە

کارکتەرکانی ڕۆمانی (سێت ساڵ تەنیایی)ی "مارکیز" ئاوا پاڕاوانبازی ناکەن، بەڵکو لە دەمی خوێندنەوەدا خوێنەر هەست دەکات، ماموستا لەگەڵ مرۆڤگەلێکی واقیعی دەکات. لە ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ)ی "ڕولفۆ" زەربەی کارکتەرکانی مردوون و قسە دەکەن، بەڵام وەها هونەریانە کاریان لەبارەوە کراوە، یەکسەر نازانێ ئەوانە مردوون. ئەمەیە پیشاندان، نەك گێڕانەوە. ڕووداوەکانی ناو دەقی (کووڵزاکەی زیتە) گێڕانەوە، یان هەقایەتە لەبارەی کوێژگەیەکی کورد. ئەم دەقە ئاوەی لە زەر لایەنی کلتووریی و نەتەوەیی مۆزوویی داوەتەوە، بەڵام ڕێنچێتە ناو ئەو بوارانە، بەڵکو هەوێداوە وانەمان فێر بکات، لەڕوویە ئەم دەقە دچێتە قالبی گێڕانەوەی هەقایەت، نەك ڕۆمان. نایەتە لەگەڵ کارکتەرکان بژین. مۆزراندنی ئەفسانە، مۆزوو، کولتوور لەناو ڕۆماندا کارکی ئستاتیکیانەیە، بەڵام نابێ ببێ بە کتێبکی فێرکاری. بەهەی ئەم پاڕاوانبازییەو خوێنەر زەر جار وێنەکانی بە لەك نادرێت. ئاخر چۆن دەبێ پاسەوانانی قەڵا تفەنگیان بە دەستەوە بێت، کچی پاڕاوانی دەقەکە بە ئسپەکەوە و تیروکەوانکەوە بتوانێ لەسەر شووڕای قەڵا بازبدات و دەرچێت. هیچ ڕایەکی لۆژیکی و قەناعەتپێکەر بە خوێنەر نادات. دەمەو بەم ئەم ڕووداوەی بە ئەفسانە کردووە، نەك بە شێوەیەکی سیحری نیشانمان بدات.

لەڕوو دگەمە ئەو باوەڕەی ئەم دەقە، پتر دەقکی گێڕانەویی هەقایەتئامێزە، نەك ڕۆمان، چونکە وێنەکانمان نیشان نادات، بەڵکو دگۆڕێتەوە. بەڵام ئەوەی جێی سرنجی من بوو، کوردییەکی ڕەوان، زمانێکی بە گڕوگۆڵ لەناو دەقەکەدا هەبوو، ئەمە یەکەك لە هەکارکان بوو، کە دەتەوی بەردەوامی بە خوێندنەوەی دەقەکە بدەیت. چەندین وشەی کوردی تێدا بە کاربردووە، بەتایبەت ئەو وشانەی تایبەتن بە ژیانی گوند و چیا و دەشتوکەو، ئەمە هەوڵێکی باشە بە پاراستنی ئەو وشانە لە مردن.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. ایرنا ریما مکاریك، دانشنامۆ نظریەهای ادبی معاصر، ترجمۆ:مهران مهاجر و محمد نبوی، نشر آگۆ،تهران، ١٣٨٤،ص.١٤٩
٢. محەمەد فەریق حەسەن، کووڵزاکەی زیتە، ڕۆمان، چاپخانەی مەحوی، سلێمانی، ٢٠١٦،ل.٥
٣. فانسون جوف، شعریۆ الروایۆ، ترجمۆ: لحسن احمامۆ، دار التکوین

للتالیف والترجمە والنشر، دمشق،۲۰۱۲، ص.۱۹
٤. آلن روب گریيە، من می نویسم تا بدانم چرا می نویسم: (وظیفە ادبیات، مجموعە مقالات، ترجمە: ابوالحسن النجفی، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم،۱۳۸۹، تهران،ص٩٤).
٥. محەمەد فەریق حەسەن، کوەزاکەی زیتە، ل.٦
٦. هوشنگ گلشیری، باغ در باغ، جلد اول، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم،تهران، ۱۳۸۸، ص.۲٦۹
۷. حسەن سابیر عەلی، ەەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ەەمانەکانی کاکەمەم بەتانی دا، بەەەوبەرهەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلەمانی، سلەمانی، ۲۰۱۲، ل.۵۹
۸. محەمەد فەریق حەسەن، کوەزاکەی زیتە، ل.۱۱۱
۹. محەمەد فەریق حەسەن، کوەزاکەی زیتە، ل۱۹٦.

ئەنارکیست و ئاژاوەچی ... هەژەن

– سەاو قوربان

+ سەاو سەرچاوان، دەستی ئازیز. بمبوورە ناتناسم، مافی ئەوەم هەیە بزانم بەەەزت کەی؟

– من کەسەکی ئەنارکیستم و مەسئولی کەمەەک کەسم !

+ بەەاستیتە یان شەخیدەکەیت ؟

– نا، قوربان، مەگەر تاکو ئەستا لەنەوان من و تە گاتە هەبووە، تاکو گاتەبکەم ؟

+ نا، بەەام ئاوا تەگەییشتم، کە شەخیدەکەیت.

– بەچی ئاوا دەزانیت کە من گاتەدەکەم؟

+ بەەم چی، بەەام هەر بەەاست تە کەسەکی ئەنارکیستیت و بەرپرسی کەمەەک کەسی دیکەی ئەنارکیستیت ؟

– بەەە، هەم من ئەنارکیستم و هەم ئەوانیش!

+ هەر بەڵاست تۆ لە ئەنارکیستبوونی هەر دوو لاتان دڵنیایت ؟

– بەڵێ، بۆچی نا. هەستدەکەم تۆ گاڵتەدەکەیت، مەگەر شتی ئاوات نەبیستووە ؟

+ نەخێر، ناتوانم بە گوێیەکانی خۆم بڕوابکەم، کە من هەر ئێستا بیسەری ئەو وەڵامانەم.

– بۆچی، مەگەر تۆش ئەنارکسیتیت؟

+ نەخێر، چونکە من نە دەتوانم بڕپرسی کەسانی دیکە بم و نە دەتوانم بە بڕپرسبوونی کەسانی دیکە ملبدەم.

– ئەی تۆ چیت؟

+ من "ئاژاوەچیم" …

– مەبەستت ئەوەیە کە تۆش ئەنارکیستیت ؟

+ نەخێر بەڵێزم، من "ئا-ژا-وە-چی-م" !

– ئامانجی تۆ وەک ئاژاوەچییەک چییە ؟

+ لەنێوبردنی پەیوەندی مرۆ و شوان.

– دەی کەواتە تۆش ئەنارکیستیت، ئیتر بۆچی خۆت بە ئاژاوەچی ناودەبەیت ؟

+ لەبەرئەوەی ناتوانم ئەنارکیست بم، هەڵبەتە ئەنارکیست بوو جارەی تۆ باسیدەکەیت.

– سەرباری ئەوەش هەشتا تۆ وەک ئەنارکیستێک قسەدەکەیت، بۆچی ئاژاوەچی، ئاژاوە لەپێناو چی ؟

+ بە ئەوەی ئەنارکیستە بڕپرسدارەکان وەرگرتم بە ئاژاوەچی و چیدی پەیوەستیان بە بڕپرس نەبێت !

– نا قوربان، مەبەستی من لە مەسئول ئەوە نییە، تۆ تێدەگەیت، مەبەستم ئەوەیە کە من سەرپەرشتی ئەوان دەکەم.

+ مەبەستت ئەوەیە، کە ئەوان بەخێیان گرفتی هەشیان هەیە و ناتوانن بیربکەنەوە ؟

– نا، نەخێر، ئەوانیش وەك من و تۆ دەتوانن بیربكەنەوە؟

+ باشە، ئەگەر ئەوانی دیكە گرفتی هۆشیان نییە و بۆخۆیان توانای بیركردنەوەیان هەیە، بۆچی بۆخۆیان سەرپەرشتی خۆیان ناكەن و چ پێویستییەكیان بە تۆ هەیە ؟

– نا، كاكە گیان، بەقوربان، تۆ بە ئەوەندە پێچەوانە و ئاڵۆز بیردەكەیتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان ئاستی هوشیاریان بەرز نییە و شارەزا نین؟

+ ئەی باشە بۆ هەوڵنادەن ئاستی هوشیاریی خۆیان بەرزبكەنەوە و شارەزایی پەیدابكەن، ئەی ئاستی تۆ چۆن بەرزبووەوە و شارەزابوویت، بەواناكم تۆ هەر بەو جۆرە لێدایكبووبیت ؟

– من ئاستی خوێندم بەرزە و بۆخۆشم زیرەكم !

+ كەواتە هەر كەس ئاستی خوێندنی بەرزنەبێت و زیرەك نەبێت، ناتوانێت ببێتە ئەناركیست؟

– نا، مەبەستی من ئەوە نییە، دەتوانن ببن بە ئەناركیست، بەڵام …

+ كەواتە دەتوانێت بڵێیت هەموو كەسێك توانانی تێگەیشتنی لە هزری ئەناركیستی نییە و تەنیا كەسانی ئەكادیمیست و زیرەك دەتوانن لەو هزرە تێبگەن .

– نا، بەو جۆرە گاڵتەكەرانەی تۆ نا، بەڵام هەمووان وەك یەك نا .

+ ئەی چارە ؟

– پێویستە كەسانی وەك من كاتی خۆیان بە ئەو كارە تەرخانبكەن.

+ ئەی ئەگەر كەسانی وەك تۆ پەیدانەبن، ئیدی كەسكانی دیكە چی بكەن و چی دەكەن؟

– كەسانی وەك من هەر پەیدادەبن، شتی ئاوا نابێت.

+ باشە، هزرەك كە هەموو كەس نەتوانیت لە ئەو تێبگات، بەكەڵكی چی دێت؟

– چۆن بەكەڵكی ڕزگاری بۆشڕیەت دێت.

+ ئە، مرۆڤایەتییەك كە زەرینەی توانای تێگەیشتنی ئەو هزرەی

نەبەت، چی بکات؟

– کاکە، بە قوربان، تۆ خەریکی بە ئەنارکیزم گاتەدەکەیت .

+ نا ئەزیزم، بەپێچەوانەوە من خەریکم ئەنارکیزم لە گاتەجاریی کەسانی خەباڵەرزان و ئەکادیمیستانی لوتبەرز و ئامیارانی زیرەك ڕزگاردەکەم. کاکی خەم، ئەوە تۆ خاتی کە هەم بە من و هەم بەوانەی بە قسەکانت خۆشباوەڕن و هەم بە ئەنارکیزم گاتەدەکەیت. تۆ بەخەت دڵنیایت، کە دروست لە ئەنارکیزم تێگەیشووییت؟

– ئەو قسانە چین، من ڕێگە بە کەس نادەم ئاوا لەتەك من قسەبکات و ئاوا بڕەت. ئەنارکیزم واتە ڕێتکردنەوەی دەوڵەت و پارتایەتی و سەرمایەك.

+ کەواتە بە قسەی تۆ هەموو مافیایەك کە دژی دەوڵەت بێت، ئەنارکیستە و هەموو کەسێك کە پارتایەتی نەکات و دەست بە کاوکەیەوە بگرێت، ئەنارکیستە.

– نا، بڕەم ئەوانە سەرچاوەی نەهامەتین.

+ باشە، ئەگەر ئەنارکیزم ڕێتکردنەوەی سەرمایەکە، ئیدی چۆن تۆ بوویتە بەرپرسی کەمپی کەسکی دیکە؟

– نا کاکە، من سەرمایەك نیم، نە مووچەم هەیە و نە کەشك و نە پاسەوان.

+ باشە، ئەگەر سەرمایەکی پارتییەکان و دەوڵەت و پارلەمانتاران مووچەیان نەبێت، کەواتە ئەوانیش دەبنە ئەنارکیست؟

– نا، برای من، تۆ شتەکان تێکەڵدەکەیت، ئەو کات دەبنە خزمەتکاری گەل.

+ کەواتە تۆ لەتەك سەرۆکی چینایەتی و دەستبژێرەکان گرفتت نییە؟

– ئەی سەرمایەك و بەرپرسێك کە مووچە و کەشك و پاسەوانی نەبێت، خراپی چییە؟

+ لەوانەیە بەخەت باشتر بزانیت، بڕەم گرفت ئەوەیە، کە ئەنارکیزم سەراپای بیرکردنەوەی تۆ ڕەتدەکاتەوە . ئازیزم، ئەگەر بە گوێی من بکەیت و بڕەیت ڕێگەیەکی دیکە بگرێتبەر، زۆر باشترە. چونکە بە

گرتنەبەری ئانارکیزم ناچاردەبێت لەو هەموو خوێن و خیانەتی خۆت وازبهێنیت و بگەیتە ئاستی ئەو کەسانەی کە ئێستا خۆت کردووە بە بەرپرسیان. بنەماتیترین بنەمای ئانارکیزم دەتکردنەوەی ئەوەیە کە تۆ بەرپرسی کەسانی دیکە بیت یان کەسانی دیکە ببنە بەرپرسی تۆ. ئەوەی تۆ دەتکرێتەوەی ئانارکیزمە لەژێر دەوجامەی ئانارکیزم.

٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦*

---

* بەیادی بیست و چوار ساڵ لەمەوبەر، کە لەنەو ژووری زیندانی دەزگەی ئاسایشی هەولێر کوێ ئاخایەك بە منی گوت:
– تۆ لە شیوعیەت تێنەگەیشتوویت، شیوعیەت واتە نەتەوەپەروەری .
(منیش تاکو توانام هەبوو قاقا پێکەنیم و گوتم)
+ ئەم گوتەیەت لە کۆ وەرگرتووە، هیوادارم ئەو کەسە بەخێی لەپێناو "سەروەریی نەتەوە" نەکوژرابێت.
– بۆچی؟
+ بۆ ئەوەی ئێستا بۆچاوی خێی بیبینێت، کە "دەسەڵاتی نەتەوە" دەستە دەستە لاوان دەخاتە زیندان و پێشلەشکریی جەندرمەی دەوڵەتی تورکیە دەکات.

* بەداخەوە بەهەی گرفتاری ڕۆژگار، ئەم بابەتە کەوتووەتە پشتی کەنەڵان.

سزای لە سێدارەدان (ئیعدام) نوسینی :کارل ماركس

وەرگێڕانی : سەردار عەبدوڵا حەمە

ئەم ووتارەی خوارەوە لە لایەن کارل مارکس ەو لە ١٨٥٣/١/٢٨نوسراوە لە ١٧ و ١٨ ی مانگی شوباتدا لە "ڕۆژنامەی نیەیارک دەیلی تریبوون " چاپ کراوە.

سزای لە سێدارەدان

ڕۆژنامەی "تایمز" لە ١/ ٢٥ دا لە بارەی لە سێدارەدانی کەسکاندا چەند تێبینیەکی داوە :
"زۆرترین قسە لە ئەستادا لە سەرسێدارەدانە لە م وڵاتەی ئەمەدا بە شێوەکی گشتی بەناو شاهیدی ئەوەین سێدارەدان بە ڕێگای هەواسین بە داردا ، خەکوشتن ، یا مردنی ڕەکەوتی ، درێژەی هەیە و بەردەوام ، ئەنجامی ئەوەی تاوانبارێکی ناسراو کە لە سێدارە دەدرێ کاریگەری دەخاتە سەر کەسانێک کەنەخشی دەروونیان هەیە ، یا کەسانە کە عەقلیان نوقسانە "
لە م ووڵوە ئەم ڕۆژنامەیە چەند نموونەیەک باس دەکا یەکە لەوانە باسی شتێک دەکا لە "شیفیلد" لە گەڵ شتەکانی دەوروبەری خەی باسی لە سێدارەدانی کەسێکی پیری کردووە بە ناوی "باربور"ی کە ئەو خەی هەواسیوە بە داردا .وە ئەم ڕۆژنامەیە نموونەیەکی تر باس دەکا کە مەرد منداڵیکی ١٤ ساڵە خەی لە سێدارە داوە.
لە واقعدا باس کردنی ئەم نمونانە لە لایەن ئەم ڕۆژنامەیەوە بەم شێوەیە لە خزمەتی ئەو بۆچونەیە کە خەی داویەتی بەناو جۆ باوەی هیچ کەسێکی هۆشیار نابێ ،ئەمانە لە ووی ئسوێیەوە هیچ شتێک نین جگە لە ستایش کردن و وەسفی جەلادەکان و قایل بوونی ڕاستەوخەی ئەوانە بە جۆگای خودا لەم نووداد . لەردا سزای سێدارەدان " بە دوا چارەسەری کەمەگا دائەنێت". ئەم ڕۆژنامەیەی کە خەی بە لە "سەرووی ڕۆژنامەکان" ناو دەبات پێرەز کردنی ئەم سزایە بە ئەرکی خەی دەزانە ئەمە ئەو ئامانجەیە کە ئەم ڕۆژنامەیە لە ووتارەکێدا بەیانی کردووە .

ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوی " مەرنینگ ئەدڤایستەر" کە ڕەخنە لە "تایمز" دەگرێ لە بواری لە سێدارەداندا وە تایمز بە لایەنگری لە سێدارەدان ناو دەبات ئامارەکی سەرنج ڕاکیشی داوە لە سەر لە سێدارەدان لە ماوەی ٤٣ ڕۆژدا لە ساڵی ١٨٤٩دا کە بەم شێوەیە :

ناو و بەرواری لە سێدارە دراوەکان:

میلان ٢٠ی مارس
پولی ٢٠ی مارس
سمێث ٢٧ ی مارس
هەو ٣١ ی مارس
لندیک ٩ ی نیسان
جۆی . گریفیت ١٨ ی نیسان

جێی. راس ٢١نیسان
سارا تامس ١٣ نیسان

کوشتن وخۆ کوژی :

هانا ساندلس ٢٢ ی مارس
ا.م.ج نیوتن ٢٢ی مارس
ج.ک کلیسون ٢٧ ی مارس (٤دەسیەی کوشتن لە لێڤەرپول)
کوشتن خۆ کوژی لە لیسستر ٢ی نیسان ،کوشتن بە هەی ژەهراوی بوون لە گەرماو(حەمام) ٧ی مارس .
دەبل یە بیلی ٨ی مارس
ج.ج. وارد دایکی خەی کوشتوە ١٣ نیسان
باردلی١٤ ی نیسان
پاکسی باوک ودایکی خەی کوشتوە ١٤ی نیسان
جی بیلی ٢ کوری خەی کوشتوە١٧ نیسان
جارلزئورتن ١٨ ی نیسان
دنیل هولمزدن ٢ی ئایا

بەم شێوە یە" تایمز "یش کە خەشی ەای لە سەرە . ئەم خشتەیە ئەوە نیشان ئەدا نەک تەنها خۆ کوشتنەکان بەڵکو ئەوانی تریش لە جەری وەحشیانە ترینی کوشتنەکانن بە تایبەتی لە سەدارەدانی تاوانباران ،جە ی سەرسورمانە کە ئەو ووتارە ی تایمز جگە لەوەی کە دیارە تیرۆریەکی وەحشیانە بە ئەمە داڵێژی هیچ بەگەیەکی سادە نادا بە دەستەوە بە بە مەدەنی بونی ئەم کەمەگا یە ، بە هیچ شێوەیەک ناتوانە هیچ بنەمایەک بە ئەو عەدالەتە دابنە کە خەی بانگەوازی بە دەکا لەم رەگاوە واتە لە رەگای لە سەدارەدانەوە . سزاکان بەوە پەناس کراون کە بە ترساندن و چاکسازی کەسانی تر . بەڵام تە ئەو مافەچەن بە خەت دەدەی کە بە ترساند ن و چاککردنی کەسانی تر من تەمە بکەی. مەژوو نیشانی داوە بە پە ی باشترینی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدایە ئەوە سەلەمێنراوە لە سەردەمی "قابیل"ەوە تا ئێستا دونیا لە ەگای سزادانەوە نە ترسێنراوە و نە چاکیش بووە.بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە.

لە گۆشە نیگای " تاکی دابەنراو"ەوە یەک تیۆری سزادان هەیە ئەوەش تیۆریەکەی "کانت"ە کە مافی تاک دادەبەزێ لە کەمەگا وە زەر گرنگی پە دەدا ، ئەویش فەرمەبەندیەکەی لە هیگەڵەوە وەرگرتوە ، هەگە دەڵێت :" سزادان مافی تاوانبارە ، ئەم کاردانەویە لە ئیرادەی خودی تاونبارەکەوە هاتووە.تاوانبار بە پێشێل کردنی ماف

ئەو مافە بە خەڵکی دەدات . تاوانکەری ئەو نەفی کردنەوەی مافە ، سزادانیش نەفی کردنەوەی ئەو نەفیەی ئەوە، وە پشتیوانی کردنی تاوانبار لە مافکە کە خەڵکی بەیاری لە سەر داوە وە بە سەر یدا سەپێنراوە"(هیگل – فەلسەفەی هەق).

بە گومان لەم فەرمانبەندیدا سەرلەشێوایەک دەبینرێ .هیگڵ لە جیاتی ئەوەی کە تاوانبار وەک یەک(بکەری ناو هەلومەرجەک)و کێلەی دادگا ببینێ ، ئەو بە کەسکی سەربەخۆو دوورلە کەمەندگای دەبینێ وە دەڵێت ئەو چارنوسی خەڵکی بە دەست خەیاتی . بە ڕوشنتر بڵێین ئەوە ئایدیالیزمی (میثالی) ئەمانیە بەم نموونەیە وەک نمونەکانی تر ڕەهایی دەبەخشێ بە یاسا خوناویە باوەکانی سەر کەمەندگا کە ئەویش لە ڕەهایی بوونی دەرەوەی سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئایا ئەمە بە دەربەستی نیە لە جیاتی دەزینەوەی هاندانە واقعیەکانی کەسەکە دیاری بکەی و لە جیاتی ئەوەی بیەت کە ئەو فشارە بدەزیتەوە کە لەسەر کەسەکە پەیدا بووە بەهەی جەراو جەری هەلومەرجی کەمەیاتی داسەپێنراو کەچی دەیت کەسەکە دائەبەی لەم هەلومەرجە تەنها خەی دەبینی وەک کەسکی سەربەخۆ و دابەاو سەیری دەکەیت و بەیت لە جیاتی خودی کەسەکە کە سیفاتی جەراوجەری هەیە یەک سیفەتی بە دیاری بکەی وهەر خەتیش بەیاری لە سەر بدەی! ئەم تیئەریە کە دەڵێ سزاکەی لەسەر ئیرادەی خەیاتی ، ئەم سزایە جگە لە ڕاگەیاندنی هاوشێوەکردنی میتافیزیکیانەی " یاسای تەڵیۆن بە تەڵیۆن" کەنەکەیە واتە دەبە (ئەو سزایە یەکسان بە بەو تاوانەی کە تاوانبار ئەنجامی دەدات)(چاو بەرانبەر چاو، وەدان بەرانبەر ددان، خوێن بەرانبەر خوێن) شتەکی جیاواز تر نیە . ڕاست وەڕوان ئەم سزایە شتەک نیە جگە لەوەی وەک هەیەک بە کار دەهێنرێت بە دارمانی کەمەندگا بەرەو بارودۆخەکی دواکەوتوانە ئەمە چ کەمەندگایەکە جگە لە جەلاد هەیەکی باشتری نەبە بە بەرگری لە خەی ،کە ئەم ڕەژنامایە بەی دیاری کردووە ، بە پشتیوانی خەی لەم سزا وەحشی گەریە دەیەوە ئەم هەلومەرجە بە هەتا هەتا یە ڕاگرێ .

بەریز آ . کتڵە لە یەکەڵە چاپکراوە بە ناوبانگەکانیدا دەڵێت:

"ئەمە دەبینین بوودجەیەکی زەبەلاح بە زیندانەکان ، گرتووخانە نهێنیەکان ، بنکەکانی لە سەدارەدان دائەنرێ ، لە کاتیکا دەتوانین بە هەمان شێوە کە پێشبینی لە دایکابووان بکەین ڕێئی بدەین لە سەر ئەوەی کە چەندە کەس دەستی لە کوشتندا هەیە ، چەندە کەسی بکوژی ژەهراوی هەیە، وە چەندە دەچنە زیندانەوە"

بەڕێز کوتڵە لە ئەنجامی کەکردنەوەی زانیاری لە سەر تاوانەکان لە ساڵی ۱۸۲۹ بڕیاریەکی سەرسوڕهێنەر پێشبینیەکانی بە دی هاتوون کە بڕیاپ کراوی ڕای گەیاندووە نەک تەنها بە ژمارە بەڵکو تاوانە

جەراو جەرەکانیشی دیاری کردووە لە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٣٠دا ، ئەم کارەی ئەو نەک لە سەر بنەمای دەزگای سیاسیە کانی یەک ووڵات بەڵکو لەسەر بنەمای تەواوی ئەو هەلومەرجەیە کە کەمپانیایەکی مەدیرنی بەرژوازی هەناویەتی لەگەڵ خۆی کە دیارە ئەنجام دانی تاوان خۆی بەشکڵ لەم هەلومەرجە لە کەمپانیایەکی دیاری کراودا. لەم خشتەیی ئەودا کە بە ساڵی ٢٤-١٨٢٢ ئامادە کراوە دەتوانین ئاگادار بین تاوانباران چەندن وکام تەمەنن بەپێی ژمارە ١٠٠ لە فەرنساو لە ئەمەریکا:

تەمەن فیلادلفیا فەرەنسا

--- --- ---

خوار ٢١ سال ١٩ ١٩

٢١ تا ٣٠ ساڵ ٤٤ ٣٥

٣٠ تا ٤٠ سال ٢٣ ٢٣

سەروی ٤٠سال ١٤ ٢٣

کەی گشتی ١٠٠ ١٠٠

بە پێی ئەم خشتەیە تاوانکان بەشێوەیەکی زیاد بەرچاو دەکەون ،چەندە لەوانە و چ جەرکیان لە دیاردەیەکی ماددیەوە هاتوون ودووبارە دەبنەوە . لەرەدا بەیز کوتلە دەڵی : ئاسان نیە بتوانین بە ووردی دیاری بکەین چەندە لەم تاوانانە (هەکاری دونیای مادیین یا سیستەمی کەمپانیاتین) ئەوە دەزایین کە ئەم سیستەمە چەندە کاریگەری هەیە لەسەرئەو تاوانانە ودووبارە کردنەوەیان بە شێوەیەکی بەردەوام ئەمە زەر گرنگ نیە. بەیە دەبە لە جیاتی ستایش کردنی جەلاد و ئەوانەی کەسکان لە سەدارە دەدەن (مەبەست دەوەتی بورژوازیە _ وەرگێر)کە هەر خەیان هەن بە دروست کردنی تاوان وتاوانباران تاوانیش هەر دووبارە دەبێتەوە بە هەی ئەمانەوە ، دەبە زەر بە تۆندی خوازیاری ڕووخان و لە ناوبردنی ئەو هەلومەرج و بارودۆخە بین کە تاوان بەرهەم دەهێنە و سەرچاوەی تاوانکانە لە کەمپانیدا .

تێبینی وەرگێڕ:

١- گرنگی وەرگێڕانی ئەم بابەتە بە زمانی کوردی لەوەدایە کە بەرژوازی لە ڕاگەیاندنی حیزبکانیەوە یا لەڕوانگەی تیەریسینکانیەوە یا لەڕوانگەی ڕەشنبیرکانیەوە ڕۆژانە پروپاگەندە لە دژی کەمۆنیزم دەکەن کومۆنیزم بە لایەنگری مرۆڤ کوشتن ناو دەبەن لە کاتکا پێچەوانەکەی ڕاستە ، کەمۆنیستکان ئەگەر دەستیان بە

دەستەو بگرن کوشتنی ئینسانەکان ئادگرن یەکەم کاریان ئەوەیە سزای لە سەدارەدان (ئیعدام) هەڵدەوەشێننەوە ، بەیە ئەم وتارەی مارکس وەک وەڵامەکە بە ئەو پروپاگەندانە.
٢- ئەم بابەتەم لە زمانی فارسیەوە وەرگێڕاوە لە دوو وەرگێڕان سوودم وەر گرتووە :
آ- وەرگێڕانی اشرف دهقانی ئەمە لینکەکەیەتی /http://universaltolerance.org/component/k2
ب- وەرگێڕانی خاوەر ئەمە لینکەکەیەتی -http://www.negah1.com/clasic/marx9.htm

---

هیچ ساڵێك بەقەد ئەمسا کەمەگەی کوردی بیری ئارامی نەکردووە … ئیسماعیل حەمەئەمەین

هیچ ساڵێك بەقەد ئەمسا کەمەگەی کوردی بیری ئارامی نەکردووە، تەنانەت دوای ڕاپەڕین، کەپەیکەرە جوانەکەی ئارامیان لەناوەڕاستی شاردا لابرد کەس دەربەست نەبوو. ئیدی ئەم پەیکەرە بۆ ئەبەد لەلایەن یەکێتیەکانەوە لابراو کەس لەشوێنی خۆی دایناناینەوە.

چەند جوانە ئەم ڕاستە کوردییە کەلەپڕ وەئاگادێتەوە، ئەمسا لەپڕێکدا (یادەوەری کەمەگە) ئاوێ لە (شڕشگێڕە ڕەمانسیەکەی) دەداتەوە . تەنانەت ئەوانەشی لەدەرەوەی خەباتی کەمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بوون، ئەمسا بیری ئارام دەکەن و یادیان کردەوە. نەوەی نوێ کەبەناوهێنانی هەر پارتێکی سیاسی هەڵنجی دێت، ئەوانیش ئەمسا لەگەڵ کۆی خەڵکە خەوبینەرەکەدا بیری ئارامیان کردێتەوە، لێرەو لەوێ، لەفەیسبوکەکانیاندا تەعبیریان لەم یادەکردووە.

بۆچی کەمەگەی کوردی لەپڕێکدا ئارامی بیردەکەوێتەوە، بەمەرجێك میدیای یەکێتی بەردەوام دەیەوێت ئارام لەناو کەوتووەکانی دیکەدا

ونبکات؟ بۆچی دەیەوێت ئارام لەناو ڤیستقاڵی بەردەوامدا نقوومیدەکات، کەچی ئەمساڵ لەهەموو کەس زیاتر یادی ئارام دەشنتر بووە، کاریگەرە سایکۆلۆژییەکانی قوڵتر بووە، هەستکردن بەئارام وەک سمبولێک زیاتر لەژیانی ئێمەدا ئامادەگی هەیە؟

لەڕاستیدا کۆمەڵگەی کوردی چیتر بیری پاڵەوانەکانی ناکات بەخۆیان و تاقم وتفەنگەکانیانەوە، چونکە هەمیشە لەو غایلە بۆئەمانەدا دەژین، گەر (پاڵەوانە کەوتووەکان) لەشڤدا لەژیاندا بمانایە، لەوانەیە وەک ئەمانەی ئەمڕۆیان بکردایە و زیاتریش! ئەم پاڵەوانبازییە، ئەم عەسکەرتاریەتەی کەدرۆژ بوونەوەی دیوەخانەکانی چەکدارەکانی شێخ و ئاغاو مەلاکانی کوردستانە، وەک نەریتێک نەتوانای پارێزگاری کوردی هەبوو و نەتوانای ئەوەشی هەیە کە خەونی ئازادی و داپەروەری لەمرۆقی کوردا بنیات بنێت.

لێرەوە بیرکردنی ئارام، بیرکردنی کۆمەڵگەی کوردییە بۆ ڕەشنبیری شۆڕشگێڕ، بیرکردنی کومەڵگەی کوردییە بۆ شکڵی خۆی، کەهەر جارەی بەشێوەیەک لێی دەستنرێتەوە. کۆمەڵگەی کوردی بۆیە بیری ئارام دەکات، چونکە تۆزە بەناوبانگەکەی ئارامی لەبیرە؛ کەشڤش بۆ کۆنترۆڵی و ئاڵاستەکردنی جەماوەر نییە بەئارەزووی نوخبەیەک، بەڵکو شۆرش پڕۆسەیەکی هۆشیاری دوورودرێژە لەناو خودی گوتاری ڕەشنبیری شۆڕشگێڕدا خۆی دەدۆزێتەوە. هەر بۆیە سەیر نەبوو کەلەو شاخەدا، لەناو ئەو گوندە چەپەکانەدا، ئارام بەردەوام بوو لەنوسین و بیرکردنەوە لەوەی چۆن ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش دەربکات، بەمەرجێک هەموو کۆمەڵە خاوەنی ڕەنیویەکی سەرەتایی نەبوو.

لەپاڵ ئەمەدا ئارام مرۆڤکی ژندۆست بوو، خاوەنی هۆشاریەکی جێندەریی مارکسیانە بوو، لەبەشداری ژنان لەخەباتی ڕزگاری گەلی کورد و چینایەتیدا ئەو لینکە ونبووەی دەدی و باسیدەکرد. هەر بۆیە ئارام بەدووی میکانزمکدا دەگەڕا شتروکتوری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بگۆڕێت، لە (کۆمەڵە) یەکی نەرسالاری مارکسی لیننیەوە بۆ کۆمەڵەیەک کەبەهەقەت ماناکانی چەپی لەخۆدا ڕەنگبداتەوە .

ئەمە جگە لەوەی ئارام شاعیرکی ناسک بوو، لەسۆبەری ئەمدا گیتاریستکی وەک ئازاد هەورامی وەک سەرکردە پێدەگات، سەدەها کادری گەنجی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کەلەشڤس و زیندانەکاندا کەوتن، یان تیرۆری سیاسی کران، خەوبینەر و ئازا لەدونیای حەفتاکان تاکۆتایی هەشتاکانی ئێمەدا دەبینران. دەهاتن بۆ کۆی شیعرەکان ، بۆ شانۆگەریەکان ، بۆ کۆڕە زانستییەکان. تەنانەت لەگوندە

چەپەکەکانی کوردستاندا گفتوگۆیان لەسەر ئەدەب دەکرد ؛ ئەدەب بۆ ئەدەب یان بۆ جەماوەر ..ئەمەو زۆر پرسی دیکە لەسەر شانۆ ، هونەری شۆکاری و چیرۆك ، بەردەوام بەهەند وەردەگیرا. شانۆی ئیپیکی یان ئەفسانەیی (بۆرتۆلد برێخت) شانۆی خۆشەویست بوو لایان، ئەوان حەزیان لەهەمزەکانی ئازادی بوو لەشۆوەکاریدا. بۆچی نا ! چونکە ئەمانە پەیامبەرەکانی دونیایەکی دیکە بوون، (یۆتۆبیا دروستکارە) ئازاکانی دونیای کوردی بوون. ئەمانە سۆبەرەکانی ئارام بوون لەدوای خۆیەوە، تاوەکو ئەمڕۆش لەناو خەونی ئەکتی شۆشگێڕیدا دڕژدەبنەوە.

ئارام سۆبەرێکی ئاسان نییە بە ڤیستڤاڵەکان داپۆشرێت ، گەر هاتوو ڤیتسڤاڵەکە بەناوی ئارامیشەوە بێت . ئارام بەدیوێکی تردا ئەو فیگورەیە، کەوا لە شۆشگێڕە دڕینەکان دەکات (هەست بەتاوان) بکەن بەرامبەر خۆیان ، هەر بۆیە زۆریان بەپەلە دەچن لەتەنیشت گۆڕەکەیەوە فۆتۆ دەگرن و لەگوتارە دڕژەکانیاندا خۆیان بەدڕژکراوەی ئەو دەچونێنن! بەڵام ڕاستیەکانی بەر خۆر شتێکی دیکەن.

بەدیوێکی تردا لەگەڵ هەڵکشانی باڵی ڕەگەزپەرستی و ئیسلامەوی و پۆپۆلیستی و ترامبیزمدا، ئارام نۆستالژیایەکە بۆ سەدەیەك کەژیان لەشەڕدا بوو لەنێوان چاك و خراپە، سۆسیالست و کاپیتالیست، شۆشگێڕ و فاشی، ماسکولینست و فیمیستی چەپ …هتد. لەم شەڕەدا شۆڕشگێڕە خەوبینەرەکان جەنگاوەر بوون بۆ یۆتۆبیای دونیایەکی باشتر. بەڵام سەدەی بیست ویەك جگە لەتێکەڵبوونی هەموو ئەمانە و ترشاندنیان لەناو یەکتردا لەئەکتێکی بەردەوام گاڵتەجاڕ و دووڕوودا ، هیچیر نییە. ئەمە وەهای کردووە ترامپ و ڕاسیستەکان لەئەورووپادا ، ئیسلامیستەکانی وەك ئۆردوگان و مەزهبیەکانی وەك حکومەتی ئۆراقی و ئۆرانی ، حوکمی دونیا بکەن .

لێرەوە یادکردنی ئارام بیرکردنی ناخودئاگای کۆمەڵگەی کوردییە بۆ خەوبینەرەکانی ، بۆ شاعیرە ڕاستەقینەکانی، بۆ ڕۆشنبیری شۆشگێڕکانی ، بۆ دونیایەکی دیکە دوور لە داڕزانی ئەخلاقی و دووڕوویی سیاسی.

بیرکردنی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئارام و گەڕانەوەی سۆبەرەکانی، ڕۆژ بەڕۆژ ئەرکەکانی ڕۆشنبیری کورد قورس و قورستر دەکات….

لەندەن 31.01.17

پێشەکی قەسیدە\ کتێبی " گەڵانەوەی زەردەشت " و چەند تێبینیەك لە وانگەی زەردەشتیەتناسیەوە

سەلام ناوخۆش \مامۆستای زانکۆ

" قسەکردن لە سەر فەلسەفەی دین یا مەعریفە بەخشینە یا مەعریفە جوینە"

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە لە زنجیرە کتێبی فیکر و ئەدەب قەسیدە\کتێبکی بێ (ئەحمەد مەلا) بە ناوی (گەڵانەوەی زەردەشت) بڵاوکردۆتەوە. ئەم کتێبە (353)ی زنجیرەکەی سەرەوەیە و پێشەکی و دەقە شیعریەکە 164لاپەڕەی داگرتووە.
پێشەکی کتێبەکە لاپەڕە (7) تا (12)ی داگیرکردووە . ئەحمەدی مەلا لە چەند دێڕی سەرەتایی دا ئامانجی خۆی لەم کتێبەی خۆی دەخاتەروو و دەنووسێت :" ئەم قەسیدە\کتێبە بە یەك نەفەس نووسراوەتەوە لە دەوری یەك " بابەت " دەخولێتەوە، دەبێت بابەت لە مانا هەرە فراوەنەکەی بخوێندرێتەوە . پەلوپێ بێ چەمکەگەلێك دەهاوێژێ لە گاتەکانی زەردەشتدا وەرمگرتوون و کاری شیعریم لە سەریان کردووە…" شاعیر لەم کتێبەدا هەوڵدەدا جارە(ڕۆحانیەتیەکی مارکسی یا عەلمانی) بێ خۆی و خوێنەری خۆی لە جیهانبینی زەردەشتییەت بدزێتەوە ، بۆیە کتێبەکەی لە شەش "گزینگی " زەردەشتی فەرمەلەکردووە: گزنگی ڕاستی –ل13-42 ، گزنگی بیری پاك43 -68،زاڵبوون بەسەر خۆتدا 69-94 ، گزنگی ئارامیی -95-116 ، پێگەیشتن و بەختەوەربوون -117-142، دوا گزنگ گزنگی نەمری -143-164.
دیاردەی ئاشتەوایی لە نێوان(ڕۆحانیەت)و (عەلمانیەت) لە ئەوروپا مێژووکی هەیە، بەڵام لە نێو کورددا تازەیە بەوەی ئیسلام ، ئیسلامەوە و عەلمانیەت ، عەلمانیەت . لە ئەوروپا شکستی عەلمانیەت

لە وەرامدانەوەی پرسیار و گومانەکانی مرۆڤ ، وەیکرد چەندان بیرمەند لە منداڵدانی مارکسیەتی ڕۆژئاوا یا عەلمانیەتی ڕۆژئاوا سەرهەڵبدەن و داوای " جۆکردنەوە"ی ئایین\ڕۆحانیەت لەم عەلمانیەتە بکەن و فۆرمێك لە کۆکردنەوەی ئایینێکی نا-عەقیدەیی و عەلمانیەت لە فەزای عەلمانیەتی ئەوروپا دروست بکەن ، بەوەش پێست سیکیولاریەك \ڕوست بوو . ئەو پێستسیکیولەرییە(پاش عەلمانییەت)-ە لە دوو شەنگست سەرچاوەی گرتووە :

1.شکستی سیکیولاریزم بەرانبەری حەزی مرۆڤ

2.هەژموونی ڕۆح و ڕۆحانیەت لە سەر فیترەی مرۆڤ

هەر ئەمەش وەیکرد چەندان بیرمەندی چەپی ئەوروپی بە دیدێکی تر شەنوکەوی سیکیولاریزمی ڕۆژئاوا بکەن ، لەوانە(گارودی)و (هربرت مارکیوز)…ئەفسووس چەپی ڕۆژهەڵاتی ، کوردیش یەکێك لەوانە بەو پرۆسە موراجەعاتە هزریە دانەچوون.

دکتۆر قەیس هادی 1980 لە ل33یکتێبی(الانسان المعاصر-مرۆقی هاوچەرخ) نکۆلی لەوە ناکات کە(هەربت مارکیوز) نەك هەر سۆشیالیست بەڵکو مارکسیش بوو ، بەڵام ئەو سۆشیالیستی و مارکسیەی ئەو لە(حوکمڕانی سۆڤیەت) زایەڵەی خۆیان نەبوو ، بۆیە لە ل138 دکتۆر قەیس لە ل59 (مارکسیەتی سۆڤیەت) دەگوازێتەوە کە هەربت مارکیوز لەم کتێبە یەدا وتویەتی ئەو عەقڵانیەتە چەوسێنەرەی ستالین لە قۆناغی ستالینیەت یا حوکمڕانی ستالین گەیشتە لوتکە!"

ئەو بە دەنگ هاتنەی (مارکیوز) لە پێناوی مرۆڤ بوو چۆن بە دەنگ هاتنەکەی (گارودی) لە پێناو تەلیسمی جادوویی جوولەکە و دەسەڵاتی ڕۆژئاوا بوو .

مارکسی کورد نە گوێی بێ (گارودی) شل کرد نە بێ (مارکیوز) ، بەڵکو یا خەریکی هەوتی مارکسی(ئیلحادی و ئەدەبیاتی ئیلحادی وەك گروپی دابڕان بوو) یا خەریکی تەوزیفکردن و شیعراندنی ئایینێکی تر بوو لە دەقدا .

ئەحمەدی مەلا لە بەرەی دووەمە بە واتای خەریکی تەوزیفکردنی پرانسیپەکانی ئایینێکی وەك ئایینی زەردەشتیی.

لە پێشەکی کتێبی (گەڕانەوەی زەردەشت) و دیداری ڕۆژنامەی (چاودێر) و (وشە) چەند پرسێك دەوروژێنێت ، کە لە ئەدەبیاتی زەردەشتی جێگای نابێتەوە ، لەوانە

یەکەم ، چەمکی خودا

چەمکی دیتنی خودا نەك هەر لای ئەحمەدی مەلا ، بەڵکو زۆربەی شاعیرانی دوور فەزای ئیسلام گەمە لە ناوان (تاك) و (کۆ) دەکات . ئەو تێکەڵکردنەی هەردوو وشەی (خوا) و (خواوەند) لە بیر و یادەوەری شاعیر زۆر بە ئاسانی دەرکی پێ دەکرێت ، بێ نموونە لە (

ەخنەی چاودێر ، ژ.265) دەربارەی بە یەك دیتنی ئەم دوو وشەیە دەڵێت :"
هەروەها لە لای فەیلووسەفانی یۆنانی کۆن کاتێک باس لە خودا لە دیدی چەمکی فەیلەسووفانەوە دەکەن، بە نیسبەت ئەوانەوە گەردوون لۆواولۆوی خودایە، واتە لە هەموو کونوکەلەبەرێک خوداوەندێک هەیە. لای ئەنیمسیتە ئەفریقاییەکان، خواد تێکەڵی سروشت بووە و لە هەموو بەرجەستەیەک دا تەجەللی دەکات.."
هەر لە هەمان ژمارەدا دیتنی شاعیر بۆ خودا و دیتنی عەوام بۆ خودا جیادەکاتەوە و دەڵێت : "خودای شاعیر مەرج نییە لە گەڵ خودای یەکێکی دی هاوتەریب بێت. ئەگەر خوێنەر شاعیر راکێشتەوە نێو بواری عەقائیدییەوە، ئەوە زوڵم لە خۆی و لە شاعیر و لە شیعرەکە دەکات، چونکە بواری شیعر ئەوە نییە. شاعیر لە بواری کوفر و برواهێنان ئیش ناکات."
خودای ئەحمەدی مەلا نە خودای ناو قورئانە نە ئاهورامەزدای ناو ئاڤێستایە ، خودایەکە بووکەلە و هەویری دەست مرۆڤ چنی حەز بکات ئەوها بەرگی بۆ دەبڕێت . لە سایتی (وشە-9-6-2015) دەربارەی خودای خۆی دەڵێت : "
زەردەشت بەها ئەزەلییەکان زیندوو دەکاتەوە، بەڵام بە بۆ هەژموونی یەزدان. لەم دەقەدا یەزدان و ئینسان دەبنە دوو رووی یەك دراو. واتە یەزدانێك نییە فەرمان دەربکات و ئینسانێکیش ئەم فەرمانانە جێبەجێ بکات، ئەمە یارییەکی تەندروست نییە نە بۆ یەزدان نە بۆ ئینسان، یەزدان دەبێ خۆی لە ناو ئینسانەکاندا بەرجەستە بکات، ئەگەر ئەمەی نەکرد، واتە ئافراندن تووشی چەواشەکاریی دێت."
لە ل9ی پێشەکی گەڵانەوەی زەردەشت هەمان دیدگا فیوبارخییە لە بارەی خوداوە دووبارە دەکاتەوە و دەنووسێت :" …یەزدان و ئینسان پێکەوە کار بکەن ، نەك یەکێکیان لە خزمەتی ئەوی دیکەیان بێ ، لە کاتگای هەڵبژاردنێکی ئازادانەوە ئەنجام بدرێ .یەزدان ئەو وێنەیە بێ کە ئینسانەکە خۆی دروستی دەکات ." ئەو دیتنە مارکسیە بۆ زاتی خودا حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشووی گرتەوە. ئەو نکۆلی و ئیسپاتە لە هاوکێشەی خودا و مرۆڤ بەشێك لە ئەجێندای مارکسی کوردی گرتبەوە.
لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت : بە ڕاستی زەردەشتیەت ئایینێکی بۆ خودا بوو؟ خودا لە دەرەوەی زەردەشتیەت بوو؟
• ئەو دیتنەی ئەحمەدی مەلا زۆر نامۆیە بە زەردەشتییەت. داریوش پاشا (550-486 پ.م) لە نووسینەکانی شاخی بێستوون بە جۆرێك باسی دەسەڵاتی ئاهورامەزدا دەکات کە ئەو یارمەتی داوە بە سەر (گەوماتە)ی سەرکوتکەری خەڵك زاڵ بێت :" ". کەس نەبوو بوێرێت دژی

گەوماتەی موغ بجوولێتەوە هەتا من هاتم
• من لە ئاهورامەزدا پارامەوە ، ئاهورامەزدا بە هانام هات . لە (دە)ی مانگی باگەیادیش(29ی ئەیلولی 522 پ.م) من لەگەڵ چەند پیاوێکی کەم سەری گەوماتە و کاربەدەستە یاوەرەکانی بڕی. لە قەڵای (سکەیەوڤاتیش لە هەرمی (نیسایە) لە میدیا کوشتم."
دەسەڵاتی مەملەکەتم لێ سەندەوە . بە بەرەکەتی ئاهورامەزدا من بوومە پاشا و ئاهورامەزدا ئەم مەملەکەتەی پێ خەڵات کردم." دکتۆر دڵشاد زاموا لە نووسینێکی گرنگاری (خاڵ) ، ژمارە 3 یەکێك لەو کەسانەیە باوەڕی وایە زەردەشتییەت لە سەردەمی ئەخمینی سەریهەڵداوە و داریوش یەکەم ئاهورامەزدا پەرستە." کەواتە ئەو پێست سیکیولاریەی ئەحمەدی مەلا بۆ ئاهورامەزدای زەردەشتییەت تەواو پێچەوانەی ئایینی زەردەشتییەتە.

دووەم ، پێگەی ئافرەت لە زەردەشتی
لە بەشێکی دی (پێشەکی)ەکە ، وێنەیەکی دی ڕیالیستی ئەویش وێنەی ئافرەتە تەواو دەشێوێنێت. لە ل9 دا دەنووسێت :" دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێ کە ژن لە سەردەمی زەردەشتی مێژوویی ، لە چاو ژنانی ناوچەکانی دی ، خاوەن سەربەستییەکی بێهاوتا بووە." ئەوەی شارەزای زەردەشتییەت نەبێت بەو قسە هەنگوینیانە تەواو فریو دەخوا.
چەوساندنەوەی ئافرەت پەیوەست نەبووە بە ڕەگەزەوە ، بەڵکو بە چینی کۆمەڵایەتیەوە.ئەو ڕاستییە مارکسی کوردی نەیدەویست هەزمی بکات . ماوەیەك ئەو مارکسیانە بەو چاوە پێ ململانێیە دەیانڕوانییە دژی ئافرەت . ئەو دیتنەش لە دیتنی ئینگلز سەرچاوەی گرتووە لە (اصل العائلە) . ئەگینا ئێمەی کورد کەسانی وەك (خانزادی میری سۆران) و (عادیلە خانم) و (حەپسە خانی نەقیب) هەموو ئافرەتی ناو ماڵباتی دەسەڵات بوون کە چەندان پیاویان لە ژێر دەسەڵات بوو هەروەها هەموو پیاوێکیش نەیاندەوێرا قسە لە قسەیان بکەن ، بۆنموونە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) هەجووی زۆر پیاوی دەسەڵاتی ڕۆحی و سیاسی کردووە ، بەڵام نەوێراوە بە ئاشکرا قسە لەبەردەم (عادیلە خانم) بکات! لەوە زیاتر (عادیلە خانم) دژ بە حوکمرانیەکەی شێخ مەحموود بوو! کەواتە چەوساندنەوە واتای چی دەگەیەنێت؟
ئەحمەدی مەلا ئەو قسانەی سەرەوە لە دوو ڕوانگەوە دەکات :
1.ڕەخنەی لە ڕەوشی ئافرەت دەگرێت
2.ئافرەتی زەردەشتی بەرز دەکاتەوە !
چۆن ئەو ناوانە لای کورد هەبوو ، لای عەرەبیش ئافرەتی وەك (هیند) هەبوو شەڕی پێغەمبەری دەکرد ، چونکە ژنی ئەبو سفیان بوو .

سەبارەت بە پێگەی ئافرەت لە زەردەشتییەت ئەحمەدی مەلا زێر سەرچیغ چووە ، ئەوانیش وەك کۆمەڵکای کورد و عەرەب تەنیا ڕۆزی ئافرەتی چینی سەرووی ناو دەسەڵات و ماڵبات دەگرن ، جا نازانم چۆن (زەردەشت) تاقانە پەیامبەر بووە بیری لە بەختەوەرکردنی ژن و پیاو کردبێتەوە ،ل9. با لە سەرچاوەکان ئاماژە بە پێگەی جۆرەکانی ئافرەت بکەینەوە:
لە کۆمەڵگای زەردەشتی جۆری ئافرەت هەبوو ، بە واتای ئافرەت بە پێگەی چین و ماڵباتی دەسەڵات پێگەی دیار دەکرا ، نەك هەگەزەکەی .
لە تۆژینەوەی (جێندەر لە مێژووی
حوکمڕانیەتی دەوڵەتی ساسانیدا
628ز _ 632ز)دا کەلسومە جەمیل بەمجرە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگای زەردەشتی دەخاتەڕوو :

1. ماڵداری ئافرەت : لە الڤێندیداد هاتووە:" دووەم بەختەوەرترین شوێن لە زەوی دا ئەو ماڵەیە ئافرەتی تێدا بێ.(الابستاه ,اربیل,201 ,ص50).ئەحمەدی مەلا دژی بیرکەی ماڵداری ئافرەتە!
2.کەنیزەك هەبوون یا ئافرەت بە کەنیزەك دیتن لەگەڵ دیتنی زەردەشتی ئەحمەدی مەلا تێك ناکاتەوە ، بەڵام لە حوکمرانی زەردەشتیدا کەنیزەك جمەی دەهات ، پاشایەکی وەکو " (خوسرەو پەرویزی) شای ساسانی کە 3000 ژنی هەبووە.. کریستنسن 2006 ، ل 572"
3.نەرسالاری ئاتەشگای موغانی زەردەشت هیچ هەگەزکی مێی تێدا نەبوو . سەرەڕای ئەو داخراویەی زەردەشتی مۆغەکان وا دەستووری وڵاتیان داڕشت بوو کە چەند مافێکی یاسایی دەربارەی ژنی ناو ماڵباتی لە خۆگرت بوو .نەشئەت 2003 ,ل36).
.4
لە سیستەمی حوکمرانی ساسانیدا سێ جۆری هاڤژین هەبوو , ئەو سێ جۆرە ژنەش پەیوەست بوون بە دەستووری ئاتەشگا(کەنیسە)ی زەردەشتی .(ڕۆز , 1998 , ل50) وەرگیراو لە شەهبازی 2005): ئاماژە بە هەر سێ جۆری پێگەی ئافرەت لە هاوسەرگیری دەکات : پاتیخساهی , چاگار , خواسرای ." بەڵام لە یاسای ساسانی دا تەنها باسی دوو لەو جۆرە هاوسەرگیرانە کراوە(العابد ,1999 ,ص130) .(نەشئەت , 2003 , ل36 وەرگیراو لە شەهبازی 2005)لە پێناسەی ئافرەتی چینی سەرەوە یا ئافرەتی خاوەن ئیمتیاز(پاتیخساهی) دا دەڵێت : " ئەو ئافرەتە بوو کە بەندی هەبوو , بۆیە بە هاڤژینی پاتیخساهی دادەندرا . ئەمە گەورەترین پێگە بوو ژن هەیبوو , چونکە دامەزرابوو لە سەر پێویستی هاوکوفی و وردی نێوان ژن و مێرد , هەروەها ئەم ژنە و منداڵەکانی

مافی میراتیان هەبوو .” لە لایەکی دی ژنی پاتیخساهی , خاوەن ئیمتیاز بوو چونکە بە پێی پرانسیپ و فەرمایشتەکانی زەردەشتی پیاو بۆی هەبوو تەنیا یەك ژنی پاتیخساهی بێنێت , ژنی دی بە چاگار دادەنرا, وەك (ڕۆژ 1998 ,ل44) دەڵێت : “دەسەڵاتی کامیڵی هەبوو بە سەر کاروباری ماڵەوە و پەروەردە و ئەرگانیزکردنی کاری دی ماڵەوە”. ژنی دووەم کە ناسراو بوو بە ژنی چاگار(زن ئی چگاریا) , ئەو ژنە ژنی پاشکۆ بوو ,بە گوێرەی مافی یاسایی ئەم دوو ژنە جیاواز بوون وادیارە کەنیزان و ژنانی بە دیل گیراو لە گەڵ ئەم چینە هەژمارکراوە .ئەم ژنانەی لەو چینە بوونە تەنیا منداڵانی نێرینەیان لە بنەماڵەی باوکی دا وەرگیراوە .(کریستنسن ,2006 ,ل409)

5. لە نێوان ساڵانی 628ز-632ز هەوشەکە ، هەوشی حوکمداری بنەماڵە بە ئاراستەیەك داچوو ، هەگەزی نێر لە بنەماڵەدا نەما ، بۆیە کورسی حوکمڕانی بۆ دوو کچی خوسرەوی دووەم(پەرویز) چێ بوو ،ئەو دوو کچەش (بۆران و ئازەرمیدەخت)بوون , کەواتە دەرکەوتنی (بۆران شا) و (ئازەرمیدوخت شا) بۆ هەوشی باڵادەستی تیرەر لە کۆشك و خراپی هەوشی سیاسی دەگەڕێتەوە ، ئەگەرنا خودی ئاوێستا باوەڕی بەوە نەبوو کە ئافرەتی چینی سەرووش بگاتە پێستی پاشای وڵات ، بەڵام بە حوکمی ئەوەی هەردوو کچ کچی خەسرەو پاشا بوون ، موغەکان ناچاربوون دەقی ئاوێستا لە بەرژەوەندی کچەکانی ماڵباتی دەسەڵات بگۆڕن!!!

6.هاوسەگیری ئینسێست (محارم)

کریستنسن 2006 لە ل410-411 شتێکی هەند سەیر تۆمار دەکات مرۆ شەرم لە خۆ دەکات : ” جۆرە هاوسەرگیریەك لە نێوان ئافرەتانی کۆشك یا ماڵباتی شاهانە هەبوو ، ناسراو بوو بە هاوسەرگیری خویدودە یا (محارم) واتا هێنانی ئەو کەسانەی کە بە یەیکتر نەدەشیان (کەسە نزبکەکان وەك خوشك و دایك و کچ). ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە یاسای ساسانی دا هەبووە,دیارە مەبەستی لێی پاراستنی پاکی هەچەك وخوێنی خانەوادە بووە!!

کریستنسن لە هەمان لاپەڕەدا نموونە بۆ ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دەهێنێتەوە وەك وەهرام چووبین (گوردیە)ی خوشکی خۆی خواست و مەهران هەمان شتی پێ پەسەند بوو : پیاو بۆی هەیە لەگەڵ دایك و خوشك و کیژی ژن و مێردایەتی بکا .”

ئەمە پێگەی ئافرەتە ؟! ئافرەت بەمە بەختەوەر دەبی؟!

سەیەم ، کۆش لە نێوبەری دەسەڵاتی میدی

کۆش هوخێنەری ئیمپراتۆریەتی ماد بوو . کودەتای کۆرش-هارپاك کۆتایی بە حوکمرانی میدی هێنا .لەباربردنی خەونی میدی ، کە

مینۆرسکی بە باوکی کوردیان دەزانێ ، جارێکی تر لە مێژوو دووبارە نەبێوە . قسەی ئەحمەدی مەلا ، شیعری ئەی ھەقیب –ی دڵدار بەتاڵ دەکەنەوە !دڵدار لە ئەی رەقیب دەڵێت :
ئەمە ھەڵەی میدیا و کەیخەسرەوین
ئەحمەدی مەلاش شانازی بە ڕوخێنەری میدیا ، کۆرش دەکات ، لە ل10 ی گەڵانەوەی زەردەشت دەنووسێت :" ..ھەموو تاکێك ئازادە چ خودایەك دەپەرستێ و فرمان دەدەم لەم ڕووەوە نابێ کەس تووشی گۆچەڵ بێت…" زەردەشتی لە ھەموو سەردەمەکانی ئەخمینی و ساسانیدا باوەڕی بە ئامادەگی دینی تر نەبوو لە دەوڵەت …چەوساندنەوەی 40 ساڵی مەسیحییەکان لە سەردەمی شاپووری دووەم باشترین بەڵگەیە ، کۆرشیش ھەر بە داگیرکردنی میدیا نەوەستاوە ، بەڵکو بابلی نۆش کە ھاوپەیمانی میدی بوو لە ساڵی 539 پ.م لە سەردەمی ئەبونائید (556-539 پ.م) کۆتایی بە دەسەڵاتی بابلی نۆش ھێنا . ئەو مەملەکەیە لە سەر دینی (سین) و (مەردۆخ) بوو کە جیا بوون لە دینی زەردەشتی!
لە لایەك ئەم قسانەی کۆش بێ سەرچاوەن ، لە لایەکی تریش واقعی میدیا و بابلی نوێ قسەکانی پووچ دەکەنەوە!

چوارەم ، کەلتووری زەردەشتی کاریگەری لە کەلتووری یۆنانی کردووە یا بە پێچەوانەوە؟
ئەحمەدی مەلا لە ل10 باس لە شتێکی زۆر نامۆ دەکات و پارادۆکسیەك لە نێوان واقیع و زەردەشتییەت ھەیە ، لە ڕاستیدا کەلتووری یۆنانی زۆر کاریگەری لە کەلتووری زەردەشتییەت کردووە ، بەڵام ئەحمەدی مەلا پێچەوانەکەی دەڵێت و دەنووسێت :"ھەموو فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی یۆنانی دژین دەرچووی قوتابخانەی زەردەشتن."

لە ماوەی حوکمڕانی ھەریەك لە کۆرشی دووەم (558-529 بەر لە میلاد) و خەسرەو ئەنوشڕوان دەوڵەتی ئەخمینی ئاشنابوو بە ماریفەیەکی نامۆ بە وڵاتی ئاریان ئەویش شارستانی ھیلێنی و فەلسەفەی بتپەرستی یۆنانی بوو ، بێ نموونە پاش ئەوەی کۆرشی دووەم چەند ویلایەتێکی لە ئاسیای بچووك وەك (لێنیا) ، (لیدیا) و چەند دەڤەرێکی تری گرت،ئاشنا بوو بە پەیوەندی نزیك لەگەڵ شارستانی دامەزراو لە سەر (ھێلینی) ھەروەھا لە سەردەمی خەسرەو ئەنوشڕۆقان یەکەم قوتابخانەی فەلسەفی وەك ئەوەی جەستینی یۆنانی کردەوە(ئیبن نەدیم ، ل300
ئەو دەسپێکە لە دوای ھەرەسی ئەخمینی بە دەست ئەسکەندەری مەکدۆنی لە 331 پ.م (تەھا باقر 1980،ل) زۆر زیاتر بوو. پلوتارك لە ل329 مۆرالیا دەڵێت: ئەسکەندەر بە پێچەوانەی ئەرستۆی مامۆستای بوو ،

ئەو سەرکردەیەکی جیهانی بوو، دەیویست جیهانێکی یەکگرتوو دروست بکات بەلەناوبردنی نەیارانی و دەرگاکردنەوە بۆ خانەدانانی گۆڕانیەت غەیری یۆنانی بەشداربن لە دەسەڵات ، ئەویش بە :
1.ڕزگکخستنی هاوسەرگیری لە نێوان یۆنانی و فارسەکان،
2.دروستکردنی شاری نوێ و نیشتەجێکردنی دانیشتوانی هەمەلایەن .”
لە دوای کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی بە دەست ئەسکەندەری مەکدۆنی دا دوو جۆر لە ڕۆشنبیری دنیایی و دینداریی تێکەڵ یەك بوون .

زانست و ڕۆشنبیرییەکە دوای ئەم داگیرکردن و سەپاندنە ، دوو جۆری لێدروستکردن ئەویش زانست و ڕۆشنبیری دنیایی و ئاسمانیی بوو . (تازەلی ،ل1) لە ل باوەی خۆی دەردەبڕێ کە ڕۆشنبیرییەکەی فارسەکان زیاتر زەردەشتی بوو ، هەرچی ئەوەی یۆنانییەکان بوو ، ڕۆشنبیریەکی دنیایی بوو .
تازەلی و خرۆف لە ل82 دەنووسن کە ” نووسینی ئایینی هەتا سەردەمی ساسانی نەنووسرابوونەوە ، هەرچی نووسینی دنیایین ئەوە تەنیا لای ” گۆسان ” (شایەر) و خونیاگار” (حەکایەتبێژ) تەنیا لە سینگ پارێزرابوون .”
جگە لە مانە هەندێ سەرچاوە ئاماژە بە کاریگەری کەلتووری یۆنانی بە سەر نووسینەکانی داریۆش لە شاخی بێستوون دەکەن وەك رالف نێرمان شارپ لە کتێبی
The inscriptions in old Persian cuneiform of the achaemenian empires

کەواتە کەلتووری یۆنانی لە دوو قۆناغەوە کاریگەری بە سەر کەلتووری زەردەشتی هەبووە :
1.لە کاتی حوکمڕانی کۆشی دووەمەوە تا ۆخانی ئیمپراتۆریەت
2.لە کاتی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینییەوە بە دەست ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە.
لەو دوو قۆناغەش هەردوو کەلتوور بە یەك گەیشتن .
ئەو چوار خاڵە تەنیا قسەکردنن لە سەر پێشەکی گەڵانەوەی زەردەشت …دەپرسم زەردەشت ئەوها دێتەوە؟؟!

گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر دلاوەر قەرەداغی ... سازدانی/ شاخەوان سدیق.

دلاوەر قەرەداغی:
شیعر بەمن هەم پەناگەو هەم هەڵی بەرگریيە بە خەپاراستن لە بچووك بونەوەی خەم.

دلاوەر قەرەداغی: یەکێکە لە نوسەرو شاعیرو وەرگێڕە بەتواناکانی ئەستای ناو دونیای ئەدەبی ئەمە، کە سالانێکە بەرهەمکانی جێگای مشتومڕی گەرمی کۆوکۆبونەوەکانن، ناوی ئەو هەمیشە ناوی ئاشنایە بە هەموومان، بەجۆرێك کەم لە کتێبخانەکانی ئەمە لە ماڵەوە هەیەکە کەبەکی شیعری یان وەرگێڕدراوی ئەم نوسەرو وەرگێڕەی تێدا نەبێت، بە زیاتر ئاشنابوون بە تێوانینی (قەرەداغی) بە ئەدەب بگشتی بەتایبەت شیعر، ئەم دیدارەم لەگەڵدا سازدا.

پ١/ زۆرێك لە نوسەرانی دونیاو بەتایبەت نوسەرانی کورد کە دەست بە نوسین دەکەن، لە شیعرەوە دەست بە نوسین دەکەن. دواتر هەندێك لەوانە ڕەگای جیاوازی خەیان بە ژانرەکانی تری ئەدەب دەدەزنەوە. مەبەستمە بپرسم هەکاری ئەمە چیە؟ ئایا شیعر نوسین کردەیەکی هەندە ئاسانە، یان وەك ئەوەی (بەختیار عەلی) دەڵێت" مرۆڤ بە ئەوەی شیعرەکی جوان بنوسێت دەبێت ڕۆحی پیر بووبێت"

وەڵ/ بەشەکی زۆری ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پاشخان و زەمینەی کولتووری و ئەدەبییمان شیعر بووە و هەر لە سەرەتاوە زوبان و گوە و حەزی نووسینمان بە شیعر پڕاوە. ژانری شیعر هەر لە زووەوە هەژموونی بە سەر خەیاڵ و یادەوەریيمانەوە هەبووە و پانتایی گەورەی لە هزر و دەربڕین و خە دەربڕینماندا داگیرکردووە. ئەو شیعرانەی لە ماڵ و قوتابخانەکاندا پەمان لەبەردەکران و ئەو سروودە نیشتمانییانەی پەمان دەگوترانەوە، وایان دەکرد کە شیعر نزیکترین و سەرەکیترین ژانر بێت لەمانەوە، بەکو ئەرکەکی نیشتمانیی و پەروەردەیش ببینێ و هاوکاتییش بەکی زۆری حەزی نووسین و چێشی ئەدەبییمان لەو سەرەتایانەدا تێر بکا و زەمینەمان بە خە تاقیکردنەوەی نووسین بە بەخسێنێ. وەای ئەوش لە

قوتابخانە و بوارە پەروەردەییەکەدا شیعر زیاتر لە چەقی سەرنجدا بووە و زەرتر پەشبەکە و چالاکی لە چاو شانە و شێوەکاری و مۆسیقادا بە شیعر دەخسەنرا و گرینگیی پێدەدرا. ئەمە بەراورد بە نووسەرەکی خەرئاوا بەو شێوەیە نەبووە. بە نموونە بەشکی زەری مانووسە بانوبانگەکانی دونیا لە کاری هەژنامەنووسی و ئەزموونی هەژنامەوانییەوە پێیان ناوەتە ناو ئەزموونی نووسین بە تایبەتی هەمانەوە. شیعر لای ئەمە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەم فریادڕەس بووە و هەمیش تاقە دەروازە و دەروو بووە. بە شیعر شت فێربووین و بە شیعر لاواوینەتەوە و بە شیعر گۆرانیمان گوتووە و بە شیعر گوزارشتمان لە تووڕەیی و تەنیایی و بردنەوە و شکستەکانمان کردووە.

پ٢/ بەگشتی ئەگەر سەیری شیعری کوردی، بەتایبەت شیعری دوای هاپەین بکەین، دەبینین هەشبینیەکی زەر بای بەسەر فەزای زەرێك لەو تەکستانەدا گرتووە، بە تایبەت لە شیعری گەنجەکاندا، ئەویش بەجۆرێکە، کە مرۆڤ لە خوننەویاندا جگە لە ئازارو برین و بەزاری تامی هیچ شتێکی تر ناکات، پەتان وایە هەکاری ئەمە چییە؟ شیعر بە پیشاندانی ناشیرینیەکانی ژیانە؟ یان دەزینەوەی جوانییە شاراوە نەبینراوەکان و دەزینەوەی ئەو دونیا نوێیەیە کە مرۆڤکانی تر کەمتر پێی پەدەبەن؟

وە/ لە هاستیدا دەکرێ ئازار و هەشبینی و غەم و نسکە و ... هتد لە یەك کاتدا بکرێتە جوانترین شیعر و خەراپترین تەکستیشیان لە بەرهەم بهێنرێ... شیعری جوان بە هەای من لەیەك کاتدا لە ناو هەموو ئەوانەدا و لە دەرەوەشیاندان... هەموو شتەك لە ژیان و دەوروبەرماندا نەك هەر ماتریالی خاو و کەرەستەی ناوازەن بە شیعر، بەڵکو خوڵقێنەری زوبانی دەقیشن... هەستەکانی مرۆڤ هەر لە ناچیزترینیانەوە تا شکدارترینیان، هەر لە غەمگینترینیانەوە تا شادترینیان دەبنە شیعر.. ئەوەی ئەوە باسی دەکەن دەشە شێوەلەك بە و شیعر و هەبەست و قسە و تەکستی جەراوجەر و ئاست جیاوازی لە خەی گرتبێ، دەکرێ لە بری باسی ئەو شێوەلە بە کە بکرێ، ئەمە هەوە بدەین دەنگە کەم و ناوازەکانی بناسینەوە و ئەگەر شتەك هەبە ناوی هەخنەی کوردی بێت، قسەیان لە سەر بکا و گرینگییان پێ بدا... شێوەل و ئاپەرە و قەرەباخییەکان دەهەونەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە چەند دەنکە مرواریەکی جوان و بە درەوشە و تەنیان...

پ٣/ ئاماژەتان بە هەی هەخنەگر داوە، دەموەت بپرسم بە زەرەك

لەوانەی بابەتی ڕەخنەیی لەسەر تەکستەکان دەنوسن پێش قسەکردن لەسەر ناوەڕۆك و ئاستی ئەدەبی دەقەکە قسە لەسەر کەسایەتی شاعیرەکە دەکەن، ئەوە پێیوندی بە ناڕاستگۆی شاعیرانی ئەمڕۆ هەیە لەگەڵ خۆیان و جیاوازی لە نێوان نوسین و هەڵسوکەتی ژیانی خۆیاندا هەیە؟ یان لاوازی ئاستی ڕەخنەی ئەمڕۆیە کە هێشتا ناتوانێت لە کەسایەتی شاعیر دوربکەوێتەوە و واز لە ژیانی تایبەتی نوسەر بهێنێت و بابەتیانە و زانستیانە قسە لە سەر خودی دەقەکە خۆی بکات.

وەڵ/ بە داخەوە چەند هەوڵێکی دەگمەن و تاك و تەرای لەدەرچێ، ڕەخنەی کوردی پڕبەپێی بزاوتە ئەدەبیی و هونەرییەکە نەهاتووە و قسەی جیددی لە بارەوە نییە و نەبووە . ئیشی ڕەخنەی کوردی تا ئێم ساتەوەختە بە زۆریی لە نێوان پاڵێن کردنی کارێکی ئەدەبیی لە نێوان باش و خراپ، لاواز و بەهێز، جوان و ناشیرین، ڕەشبین و ڕووناکبین، ئومێدبەخش و نائومێدکەر و تا دەگاتە ڕووخێنەر و بنیاتنەردا قەتیس ماوە و ئەویشی لەو کەنتەکستەدا دەیەوێ تەکەنیکە لە سەرنجی لابەلا و سەرقاڵەمی پەرتەوازە و ئای شەخسی و زووتێپەڕ، ئەوە ئاگەر نەیپەرژێتە سەر قسەکردن لە سەر کەسایەتی نووسەر خۆی و شێوازی ژیان و ستایشکردن یان بوغزاندنی، یاخود نەیەتە سەر ئەوەی دواجار هەڵێکی ڕاست و چەپ بە سەر هەموو شیعردا بهێنی و بە ڕستەیەك بڵێ: کورد هەمووی شاعیرە و شیعر لە دنیادا باوی نەماوە و خوێنەری نییە... لە ڕاستیدا ڕەخنە لە دەرەوەی هەموو ئەو خانەبەندکردنەی کارێکی ئەدەبیی بە سەر باش و خراپ و جوان و ناشیرین و لاواز و بەهێزدا، ئیشێکی بنەڕەتی لە ئەستدایە کە ئەویش هەڵگەڕانی دەلالات و مانا و ئاسەی نوێیە لە دەقدا، هەنانە قسەی دەق و کەشفکردنی وزە تاریك و شاراوەکانیتی... ڕەخنە بەرهەمداکردنی ئەو نەگوتراوانەیە کە دەق نەیگوتوون یاخود نەیویستووە بیانڵێ، بەو مانایە ڕەخنە ئاستێکی مەرموووق و شکداری دەقە لە بەرزترین و واڵاترین ئاستی چەژی ئەدەبیی و ڕاهێنانی خوێنەر لە سەر چەژبردن لە ئەدەب و ئەزموون و ڕەهەند و ئاسە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی... لە ڕاستیدا هەندێك لەو ڕانانەی کە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا لە بارەی کتێبەوە دەنووسرێن، جیددی تر و پڕ زانیاری تر و خاوەنی بۆچوونی ئەدەبیی و ڕەخنەیی زیاترن لەو نووسینانەی بە ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەنووسرێن..

پ4/ شیعر یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین ئەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بەدرێژای مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە، (کازانزاکیس) یش دەڵێت(شیعر ئەو خوێیە کە ناهەڵێت جیهان بگۆن بکات) بەبۆچوونی ئەو ئێم

گرنگیی شیعر لە چییەوە هاتوە؟ تە بەدەتەوەت شیعر بنوسیت و بە تە شیعر چییە؟

وە/ گرینگیی شیعر بە بەوای من لە خۆیدا و لە هەبوونیدایە. لەو بەشداریییە فرە مەودا و تەکچڕانە چێدایە لەنەو ژانرەکانی تری ئەدەب و تەنانەت سینەما و مۆزیکیشدا…گرینگیی شیعر بە لای منەوە لەوەدایە کە لە کرەکی ژیاندایە، لە پەکردنەوە و بەرجەستەکردنی پەداویستییە ناوەکیی و هەستیارەکانی مرۆڤدایە. لەو شکۆیەدا کە لەناگەڵ بچووك و بچووکتر ببینەوە و بکەوینە دوای دروشم و مژدەی سادە و هەژانەیی و درۆینە. گرینگیی شیعر لەوەدایە جەختمان لە سەر دیوە سەرکەش و یاخی و تەنیا و سەرفرازەکەی خەمان پە دەکاتەوە، گرینگیی شیعر لەوەدایە بازمان بە سەر دیوە نزم و تووڕەهات و هیچەکەی خەماندا پە دەدا و هووبووو بەرامبەر دیوە باڵا و هاستەقینە و جوانەکەمان هامان دەگرێ.. گرینگیی شیعر لەوەدایە کە ئەتەرناتیڤمان بە جیهان دەداتێ، ئەتەرناتیڤمان بە زوبان و خەیاڵ و ئایندە و خەبوونمان دەداتێ… واتە شیعر جیهانێکی تر و زوبانێکی تر و ئایندەیەکی تر و بوونێکی ترمان دەداتێ، بوونێك کە خەمان هەیدەبژێرین و توند و پتەو و بەرپرسیارانە و بە بە سازش لەبەر هەشەبای کەست و کارساتەکانیدا هادەوەستین …

پ/ کاتێك کە ئەزمونی شیعری تە دەخونینەوە، تیایدا هەمیشە هەست بەگەانەوەیەکی دیار یان شاراوە بە منداڵی دەکەین و لەوەوە بەر دونیای شتە بچوك و سادەکان بە زمانێکی قوە لادەکەوین، بەتایبەت لە شیعری (باوکە پەنجەرەکە بکەوە، قسەیەك لە دەما ماوە دیەم) ئەم گرنگیدانە بە هابردوو بە؟ گەانەوە بە منداڵی تەنها کەرستەیە بە بنیاتنانی شیعر یان یادەوەریەکی لە دەستچووی تێیە و شیعر قەرەبووی لە دەست چونیت بە دەکاتەوە؟

وە/ دەتوانم بەم شیعر لای من خودی منداڵییە بە هەموو دیتاەکانییەوە لە ئەستادا و پراکتیزەکردنەوەیەتی بە هەمان ئەو خەیاڵاتانەی کە منداڵ دونیای واقیعی پە دەستکاری دەکا و بە هەمان ئەو کەرستانەی کە منداڵ دونیای خۆی پە هەدەنێ. شیعری جوان بە بەوای من بەو وزە گەورەیەی خەیاڵ و بەو کەرستە سیحرییانەیەوە کە خاوەنییەتی، هیچ پەیستی بەوە نییە لە سەر یادەوەریی بژی و ئاخ و داخ بە ژیاندنەوەی هەکەشە و قەرەبووی شتەك بە شتێکی تر بکاتەوە. هەنگبە نەستالگیا کەم و زەر هەە لە خەیاڵدا بگەە و بە جەرەك لە جەرەکان کاریگەری لە سەر بونیادی تەکستەکە هەبێ، بەەام ئەو

کاریگەریی دەبێ ئەوەندە دوور و کاو و یەکانگیر لەگەڵ ئێستادا بێ کە لە سەر یادەوەری و گەلانەوەی نەستالگیانە بێ ئابردوو نەژی و هەناسە نەدا، ئەگەرنا لەو کاتەدا شیعر نزیك دەبێتەوە لە مانەلەگ یان خەدواندنەکی یەکتا و یەك ڕیتم و بێ خەیاڵ. واتە من ئەوەندەی وەك ستەرکتور دەگەڵمەوە لای منداڵیی و هەواڵی خوێقاندنەوەی ئەتمسفەر و بەکارهێنانەوەی کەرستەکانی و فەرماندنەوەی زوبان و وێنەکانی دەدەم، ئەوەندە بێ دوای ئەوەوە نیم کە یادەوەرییەکانی بگەڵمەوە یان ئابردوو بکەمە چەق و سەنتەری ڕەسانی بونیادی شیعرەکە.

پ/ نوسەرەك دەڵێت" پتر لە هەر شتێکی تر بایە شیعر دەنوسم هەتا بتوانم باسی خەم بکەم" ئەپرسم تە تاچەند لە نوسینەکانتا خەت ئامادەی؟ تە خەت دەنوسیتەوە، یان ئەوانی تر، لەکاتی نوسیندا خەتو دنیا تایبەتەکەی خەتت لە بیرە؟ یان تە بە خوێنەر دەنوسیت و لە پێشنوسین و دوای نوسینیشا خوێنەرەت لە بیرەو بە ئەوان دەنوسیت.؟ شیعر پێیوەندیەکی زاتییە یان گشتی؟

وە/ من لە میانەی خەمەوە وەك خود و سەنتەر، لە دەوروبەر و دونیا دەدوەم، دەبمە بەشێکی یەکانگیر لەگەڵ دونیای خەم و شەریکێکی کارا و هاوبەش و ئەکتیف لەگەڵ مرۆڤ و گەردوون. دەتوانم بڵێم بە زەریی لە شیعر و پرسەی شیعرنووسیندایە، دەبمە خودەك کە دەتوانم هەست بکەم شتەك دەکەم، هەست بکەم کە بەشدارم، کە قسەیەکم هەیە بە گوتن، لە نزیکەوە هەستەکانم لە بینین و بیستن و چەشتن و بەرکەوتن ڕەڵی ئاستەقینە و سروشتی خەیان دەگەڵن. لە شیعردا دەبمە کەسێکی تر، کەسێك ئامادە بە دەست بەکاربوون بە کەرستە سادە و ئەفسووناوییەکانی ڕەنان و خوێقاندنەوە. شیعر بە من هەم پەناگە و هیەی بەرگریە بە خەپاراستن لە بچووکبوونەوەی خەم و هەم هەڵی هەرش و ڕەیشتن بە شڕەکیشە کە ئازایەتی خەمی تەدا بنوێنم و هەست بە شکە و کاریگەریی خەم بکەم، ئیتر هیچ گرینگییش نییە کە تیایدا دەیبەمەوە یان دەدەڕەم. شیعر تا سەر ئەسك پرسەیکی داهێنرانەی خودییە، بەڵام لە ڕووبەرکی بەرفراوان و واڵای بووندا.

پ/ زەرەك لەوانەی ئەزمونی شیعری تیان خوێندتەوە پێیان وایە ئەزمونی شیعر نوسینی تە ئەزمونکی (هەمنە) بەجەرەك کاتێك توڕەش دەبیت یان نیگەران دەبیت و توشی جەرەك لە هەڵچوون دەبیت لە شیعردا هەشتا بەزاری و توڕەبوونکانت دەربەینکی هەمنایە، بەنمونەش لە شیعری (هەموو ڕەگەکان دەچنەوە سەرا) ئەم هەمنیە لە چیەوە هاتووە، ئەوە پێیوەندی بە کەسایەتی خەتەوە هەیە یان شیعر

خی ئەو دەخوازێت، ناکرێت چون لە باسی پەپولەدا مرۆڤ ناسکە ئاواش لەکاتی دەربڕینی ناشیرینیەکاندا مرۆڤ زبربێت ئەگەر لە شیعریشدا بێت؟

وە/ پەم وا نییە تەکستی جوان لە تووڕەییدا و بە تووڕەیی بنووسرێ، لانیکەم من وای دەبینم کە زوربەی ئەو تەکستانەی بە تووڕەیی و لە ساتوەختی تووڕەییدا دەنوسرێن دەبنە دروشم یان تەکستی ساتوەختی کە زوو تەدەپڕن و دەگوزەرن و بیردەچنەوە... هیچ شتێك وەك نووسین پێویستی بە هەمنی و هاوسەنگیی و لەسەرخۆیی و لەسەروستان نییە... تەکستی جوان لەوە شەفافتر و ڕوونترە کە بە تووڕەیی و هەژان و ئینفیعالی ساتوەختی شلۆ بکرێ. هەموو شتێك لە تەکستدا دەبینرێ، تەنانەت ئەو تەمومژ و ئاڵۆزییەش کە شاعیر دەیەوێ بە توانایی خی لە ژێریدا بشارێتەوە. کاتی خی کاك ڕەبین هەردی لە نووسینەکدا زەر جوان و ڕوون باسی ئەو چەمکی ئەم پرسیارەی ئەو دەکا و بە نموونە باسی زوبانی ئەو یەك دوو شیعرەم دەکا کە بە ئەنفال و هەڵەبجە نووسراون و چەند دێڕێك لە شیعری (شەهیدەکان مانیان لە شووشەیە)، دەنێتەوە کە شەهیدەکان لە شیعرەکەدا "بە دوای کەرسەکدا دەگەڕێن بە ئەوەی خەیان لە خولی فڕبوونی ئەکەردیەن ژنینەدا ناونووس بکەن..." سەبارەت بەو شیعرەی ئەویش ناوتان هێنا (ڕەگەکان دەچنەوە بەر سەرا) کاتێك نووسرا شار پەنگی خواردبەوە بە ڕق و هوتافکێشان و تووڕەیی، چەند جارێك داوام لەکرا وەك زوربەی زەری ئەو شیعرانەی تر کە بە ١٧ ی شوبات لەو کاتەدا دەنووسران، سەر بکەومە سەر سەکەکە و بیخوێنمەوە، بەڵام من قاییل نەبووم و پەم وا بوو ئەو شیعرە لە بەردەم خەڵکەکەی زەر و بە دەنگی بەرز و گە ناخوێنرێتەوە، چونکە شیعرەکە لە قەڕەباخیدا و بە تووڕەیی نەنووسراوە..

پ/ پەم خۆشە دەربارەی پەیوەندی شاعیر بە کەمەگاوە سەرنجت بزانم، (پابلۆنیرەدا) لە وتارەکدا دەڵێت" ئەمەی شاعیران مافی خەمانە شادومانبین، بەو مەرجەی شان بۆشانی گەلەکەمان و لەکاتی بەرخەدان و ڕەگای خۆبەختیدا لەگەیان بمێنینەوە. یان لە جەگایەکی تردا دەڵێت" شاعیر هەرگیز سە لەوە ناکاتەوە بۆشەشگەڕە ناوی ببەن، چونکە شیعر خی شەشە" مەبەستمە بپرسم تاچەند پێتان وایە کە دەبێت شیعرو شاعیر لەگەڵ خەڵك و لە بەری خەڵك بن و شیعر بۆشك بێت لە خستنە ڕووی ئازارەکانیان.

وە/ هیچ گومان و دووددیەك لەوەدا نییە کە دەبە شاعیر و نووسەر

لەگەڵ خەڵك و لە بەری خەڵکدا بێت دژی ستەم و ستەمکار، ئەگەر هەر نەیشتوانێ دژی بێت ئەوا لانیکەم لایەنگری ستەم و ستەمکار نەبێ و یەکەڵك نەبێ لەوان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بە هەندێ پرسی هەستیار لەگەڵ تاك و نوخبە و کەمینەدا بێت دژی ڕا و بیروبۆچوونی باوی زۆرینە و ئاپۆرە و حەشامات. لە ڕاستیدا سیاسەت لای ئێمە بە بەرژەوەندی خۆی بە گوێرەی مەزاجی خۆی ئەو پرسی زۆر جار و بە شێوەی جۆراوجۆر شێواندووە و ئێندام و لایەنگیرانی خۆی بە جۆرێك پەروەردە کردووون کە مەرجە شاعیر و نووسەر و هونەرمەندێکی سیاسیی بن. بەڵام لە ڕاستیدا نووسەر بۆ لە هەر شتێك دەبێ خاوەن ڕوانگە و دید و هەڵبژاردن و دونیابینی خۆی بێ و دوای قۆرباخیی نەکەوێت، ئێم قسەیش بۆ مانایە نییە کە لەگەڵ خەڵك و بەری خەڵکدا نەبێت، بەڵام لەگەڵ بوون بە دیوە سیاسی و مەرامە ئایدیۆلۆژیەکەی دا نا، بەڵکو دژی خودی ئەو دیوە سیاسیی و مەرامە ئایدیۆلۆژیەش کە حیزب و ڕێکخراوگەلی سیاسی ئامانجمەندانە خەڵك دەکەنە پردی وەدیهێنانی مەرامکانی خۆیان یان بە لادانی نوخبە و دەستبژێر و ئیلیتێکی سیاسی یان هونەرمەند و مەدەرن ئامادەیان دەکەن.

پ/ قسەیەکی بوزیەکان هەیە دەڵێت" هەوبدە زێر سەفەربکەی، تانانێت ئەگەر بە گەڵەکی ئەودیو ماڵەکەی خشت بێت، ئەوەش لە خوێندەوەی کتێبێك گرنگتر" من دەزانم تەش یەکێکیت لەوانەی سەفەرت زۆرکردوە لە زۆر شوێنی دونیا ماویتەوە، دەمەوێت بپرسم، گەڕان و سەفەر تاچەند بە نوسەر، بۆتایبەت بە هونەرمەندێکی شاعیرگرنگن، بینینی دونیا چی بۆتە بۆخشیوە و چ کەمەکێکی بە پرسەی نوسین لای تە هەبووە.

وە/ لە ڕاستیدا گرینگیی سەفەر و بینینی شوێنی تر و هەڕمزینی هەوای تر هەر لەوەدا کورت نابێتەوە کە بنیادەم وەك شوێن و جێگەی تر دەبینێ و بە خەڵك و زوبان و کولتووری تر و نوێ ئاشنا دەبێ، بەڵکو ئەوەیە کە مرۆڤ (خۆ) یەکی تر لە پێتگەلی تری دونیادا دەبینێ کە لەو کەسەی بەر لەر سەفەر و بینینەی خۆی لە فەزا و هووبەری پەشوودا ناچێت... مرۆڤ لە سەفەر و بینینی شوێنانی تردا لە خۆی تەدەپەڕێنێ و هوانینی دەپژێ، خەیاڵی دەوروژێ و سەرسامیی دایدەگرێ و دەبێ بە یەتمی نوێ لە دەدا و ئارەزووی بە ژیان تا دوا پلە بە باوەش کردن بە دونیا و هەڕمزینەی هەوای تازە و یەکانگیربوون لەگەڵ شتگەلی نوێدا دەبزوێ... سەفەر و گەڕان و بینینی دونیا مافی سەرتایی هەر کەسێکە و هەموو کەسێك خولیاو

ئارەزووی بە پلە و ئاستی جیاواز بۆی هەیە و دیارە بە شێوازی جیاوازیش لە سەری ڕەنگ دەداتەوە و کاردانەوەی بۆی هەیە، هەر بۆیە کەمیش نین ئەو کەسانەی کە ساڵانێکی زۆر لە دەرەوە دەژین و سەفەریان بە شوێنی جیاواز کردووە، بەڵام نەك هەر قولانجەك لە خەیان تێنەپەڕاندووە، بەڵکو جاران مرۆڤتر بوون و ڕوانینیان کراوەتر باشتر و جوانتر بۆ دونیا و بوون دەکەوتن. بیرمان نەچێت سەفەرێکی تریش هەیە جوگرافیی نییە و مرۆڤ یەك هەنگاوی بە هەڵنانێ، بەڵام لە کتێب و شیعر و مۆسیقا و فیلمەکانەوە ئاشنا دەبێ بە دونیا و لە نزیکەوە بۆ شار و ڕەگەز و زمان و زوبان و کولتووری نوێ دەکەوێ. سەبارەت بە منیش کە سەر بەو نەوەیەم لە جەنگەکاندا لە دایکبووین و گەورەبووین و یەکەمین سەفەرمان، ڕووی ناچاری و زەرەکیی و گیانی خۆڕگارکردن بووە، بۆیە هەمیشە هەست دەکەم ترس و نیگەرانیی و جۆرە دردەنگیی و ئاڵایەك بە سەفەر و گەڕان و شوێن بینینەکانمانەوە هەیە. بەڵام بە گشتی هەرچی گرینگی سەفەر بۆ نووسەران بۆ بۆای من ئەوەیە، کە ئەگەر لەوەوبەر بۆ یەقینەوە خەی بۆ نووسەر و شاعیر و داهێنەر زانیبێ، ئیدی هەر لە سەرەتا و یەکەمین هەنگاویی سەفەرکەیدا ئادڕەکە و شك دەبێ بۆای کە ئەوانە هیچیان نەبووە، بەڵام هاوکات گۆی ئەوشی تەدەگەڵ کە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ دەست پێکردنەوەیەکی تازە دەست پێ بکاتەوە، خۆ ئەگەر نەیشتوانێ بۆ زوبانێکی نوێ بنووسێ، بەڵام بەهەرحاڵ دەتوانێ بۆ خەیاڵ و ڕوانینی نوێوە بیر بکاتەوە و خەی بۆ کەسێکی تری جیاواز لە پێشوو بزانێت.

پ/ هەمیشە دەوترێت بەیاری نوسین بۆ نوسەر کارێکی گران و پڕ لە دودڵی و ئاڵایی، (مارکیز)یش دەڵێت" قورستەرین و سامناکترین بەیار، دانیشتنێ لە بەردەم کاغەزی سپیدا" تۆش لە نوسینەکدا دەڵێت" هەموو ڕووبەڕووی بونەوەیەك لەگەڵ کاغەزی سپی دەڵاوکێیەکی لەگەڵدایە" مەبەستەم بپرسم ئەم ترسەو دەڵاوکێیە لە کاغەزی سپی لەچیەوەیە بۆ نوسەر؟ تۆ باش ئەو هەموو ئەزمونە لە نوسین، هەشتا هەر لەکاتی نوسینا قەڵەقی؟ نوسین بۆتایبەت شیعر چی پێبەخشیت و لە چی بەبەشی کردی؟

وەڵ/ لە تەوراتدا بەسەرهاتێکی سەرنجاکێش لە بارەی ئەلیسا پێغەمبەرەوە هەیە کە سەروکاری لەگەڵ مردوو زیندوو کردنەوەدا هەیە و بەوپەڕی باوەڕ و قەناعەتەوە شان دەداتە بەر ئەرکێکی مەحاڵی لەوجۆرە. 'کازانتزاکیس' یش لە یادەورییەکانیدا 'ئاپارت بە گریکۆ'، بەسەرهاتی هاوڕێیەکی شاعیری بە ناوی ئانگیلیەس

دەگەڵتەوە کە ئەوارێیەکی درەنگی ڕۆژکێیان لە پیاسەکردن دەگەڕێنەوە، لەبەر دەرگای ماڵەوەدا ڕادەوەستن و لەزەریا دەنێن. پێستەچی گوند دەت و نامێك لە جانتاکەی دەردێنێ و دەیداتە دەست هاوڕێکەی. پاشان سەر دەبات بناگوێی و بە ترس و شڵەژانەوە دەڵێ: "بەستەیەکی گەورەشت بە هاتووە"... ئانگیلیەس بەدەم خوێندنەوەی نامەکەوە ڕوخساری سوور هەڵدەگەڕێ و هەناسەبڕکێی پێدەکەوێ. پاشان نامەکە دەداتە کازانتزاکیس و دەڵێ: "بیخوێنەوە!" کازانتزاکیس نامەکە وەردەگرێ کە هی ژنەکەی (ئانگیلیەس) ـە و بۆی نووسیوە: "بوزا بچکۆڵەی ئازیزەکەم! بەرگدرووەکەی هاوسەمان مرد، وا بێت دەنەرم بەکو ڕەحمی بکەیتەوە بە بەردا!"
ئانگیلەس بەترسەوە تەماشای کازانتزاکیس دەکا و دەڵێ: "بۆی بتوانم؟ ... بۆی زەحمەت بێ؟" کازانتزاکیس بە شانەتەکاندنەوە دەڵێ: "نازانم، بەڕەحمان بەڕەحمان زۆر زەحمەتە!" پێستەچیەکە پەلەی دەبێ، دەڵێ: "ئەی چی لەو بەستە گەورەیە بکەم؟" ئانگیلیەس وەڵامی دەداتەوە: "بەم بێنن...!" وا دەڵێ و بە دەم چاوەوانییشەوە خەی دەخواتەوە و لەو دەکرۆژێ. زۆری پێناچێ دوو پیاوی لادێیی دەردەکەون. تابوتەکیان بەسەر شانەوە دێبە کە تەرمی کابرای بەرگدرووی تێدایە. ئانگیلەس زۆر جوامێرانە دەڵێ: "ئادەی بەم بەرنە سەرەوە" جارێکیتر ئاوڕ دەداتەوە، تەماشای کازانتزاکیس دەکا و بە نیگەرانیی و دڵەنگیییەوە دەڵێ: "چ دەبێ؟ بۆی بتوانم؟ تە بۆی ئەوەم لەدەست بێ؟" کازانتزاکیس وەڵامی دەداتەوە: "تە هەوڵی خێت بدە، منیش دەچم پیاسەیەك دەکەم!" کازانتزاکیس ڕۆگەی کەنار زەریا دەگرێتەبەر. بەنی سەوە و زەریا هەڵدەمژێ و بەخێی دەڵێ: "ئەستا ساخ دێبێتەوە ئاخ ئەو هاوڕێیەم فشکەر و تەڕکەبازێ یان ڕۆحێکی چاوقایمە و سەروکاری لەگەڵ مەحاڵدا هەیە؟ بۆی چ بکات؟ بۆی هەوێبدا مردووەکە زیندوو بکاتەوە؟ یاخود لە حەزمەت ئابووچوون وەك ڕۆیێکی فڕێباز دەخزێتە نەو جۆگەکەی و خێی دەکا بە نوستوو، ئەمشەو ئەوەم بە دەردەکەوە...." کاتێ کازانتزاکیس دەگەڵتەوە ماڵەوە، ژووری هاوڕێکەی کە لە نهەمی سەرەوەیە، لەووناکیدا پرشنگ دەدا. بە درێژایی شەو دەنگی نرکە و ناڵەو نەعرەتێ و جیڕەی قڕۆوکەی لێوە دێ. پاشان دەنگی تەپەی پێ بەدرێژایی و پانایی ژووڕەکە. هەمدیس نووزە و هاوارهاوار و نەعرەتێ و جیڕەجیڕەی قڕۆوکە. کازانتزاکیس بەردەوام گوێی لە هاوڕێکەی دێبە کە هەناسەی قووە هەڵدەمژێ و دەنرکێنێ و هاوار دەکا و پەنجەرە دەکاتەوە، وەك بۆی خڕیکبێ بخنکێ و پۆیستی بەهەمژتنی هەوا بێ. تاریك و لەڕی بەربەیان، کازانتزاکیس لەشکەتیی خێدا خەو دەیباتەوە. بە بەیانی کە وەئاگا دێبێتەوە و

دڕێتە خوارەوە، دەبینە ئانگیلیس لەسەر مێزەکە دانیشتووە. شیرەکەی دەست لێنەدراو لەبەردەمیدایە. کازانتزاکیس بە بینینی ئەدچێتکە، چونکە ڕەنگی مردووی لێنیشتووە، دەم و لێوی خوێنمژیی دڕێتووە و دەوری چاوانی شین هەڵگەڕاوە. کازانتزاکیس هیچ ناڵێ، واقوڕماو لەلایەوە دادنیشێ و چاوەڕێ دەبێ. بەرەبەیان ئەوەی لە ڕوخساری هاوڕێکەیدا دەیبینێ شکڵی کەسێکە کە هەوڵی وەدیهێنانی مەحاڵی داوە، ئەوەش هەڵە واتە شیعر نووسین.

ئەو بەسەرهاتەم بۆیە لەبەرە نووسیەوە تا لەکچوونی هەوڵی شیعر نووسین بە هەوڵ و پێکەشیەکانی ئەلیسا پێغەمبەر و ئانگیلیس بە زیندووکردنەوە و ڕەحمەتکردنی مردوویەک بچوێنم… هەمان ترس و زەندەقچوون، هەمان سپێتیی ڕەها، هەمان دردەنگیی و هەژان، هەمان مردوویی سەرکاخەز و نەو تابووت و هەمان خولیا بە زیندووکردنەوە و خوڕقان و وەدیهێنانی مەحاڵ. ئەوە وەڵای ئەو شکۆ و بەرزەفڕیی و هەیبەتی کە بنیادەم لە کاتی وەدیهێنانی ئەرکێکی ئەوتۆدە خەیاڵپڵاوانە و بێهوودە و ناکردەنی و تاقەتپڕوکێندا دایدەگرێ، شکۆیەک گەورەتر لە شکۆ درێینەی پادشا و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایان .. هەربۆیە لە خەڵا نییە کە کەس وەک ئەو پادشا و دەسەڵاتدارانە ڕەقکی قووڕ و شاراوەی لە شاعیران نییە، دیارە کە دەڵێم شاعیر، مەبەستم لە شاعیرە بە مانای تەواوی وشەکە نەک شیعرچی و هەڵبەستوان

بەدیلتان بۆ دیموکراسی چیە؟؟ … هێندرین شێخ راغب

سەرەتا با ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە دیموکراسی لە هەرەمی کوردستان بوونی نیە، ئەوەی هەیە حیزبکراتیە نەوکو دیموکراتی. بەڵام هەڵبژاردن دەکرێتو کراوو پرۆسەیەک هەیە ناویان ناوە دیموکراسی. خەباتی دیموکراسی ڕووی لە لێژووبونەوەیەکی زەر مەترسیدار کردووە، پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان، پەیامی ئەوەی دایە دەنگدەری کورد کە دەنگ بدەیت یان نا، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەوە ئیرادەیەکی دیکەیە پرۆسەی حوکمڕانی بەڕێوەدەبات. ئەگەر هەزە

سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەوە زیاتر کات بەفیڕۆ بدەن، مانای وایە ئاگایان لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە نیە، ئیدارەی ئەمریکی گەلا، کەنگرەی ئاستانە بەبۆچوو، ئێران‌و تورکیاو روسیا پێکەوە کار دەکەن‌و بڕیار دەدەن. جەنگی ئازادکردنەوەی موصڵ داعشی شکەت کردو بڕەو نەمانی دەبات لە شارەکەدا. بۆیە هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر پرسەی سیاسی ناوچەکەو کوردستان کاریگەری جددیەهەیە. ئەمەی کورد چەندە لێروی ئازادی‌و دیموکراسیەوە بڕەو پشتوە بچین، ئەوەندە زیاتر دەستی بەهەزمان بە دروست دەبێت، نابێت بە نەوت مەست بین، ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە لەنەوان نەوت‌و دیموکراسی، ئەمە نەوتمان هەبژاردووە، وەك ئەوەی کانتەنکی حیزبی‌و دەسەڵاتداریەتی نەوتی دروست بکەین هاوشێوەی دەوڵەتە نەوتیەکانی ناوچەکە بە سپەنسەری زلهێزەکان؟. یاخود لە بری ئەزمونی حیزبەکراتی بڕەو کانتەنی حیزبی دەبین‌و دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستان بەسەر زنەکانی پشتوو دابەشی سیاسی بوونەو ئێستا مەدەلی کانتەنی حیزبی بڕەودەچێت، چونکە ئەگەر پەرلەمان نەبوو، دەستور نەبوو، چاودێری نەبوو، مەکتەبی سیاسی لە پەرلەمان‌و حکومەت بەهەزتربوو، واتە ئەمە کانتەنی حیزبیە نەوکو دیموکراسی.

ئەمە ئەگەر خاوەنی دیموکراسی‌و ئاوگەی ئاشتیانەی دەسەڵات بین‌و حکومەتکی شەفافمان هەبێت، خاوەنی پاراستنی یاساو خاوەنی کەمسیەنکی هەبژاردنی پاك بین، وەك ئەوە وایە خاوەنی بەمبی ئەتەمی بین؟؟. چونکە بە کولتوری دەوڵەتداری ناوچەکە لەئاستی کەمەی نەودەوڵەتی خاوەنی دەستی باشو بەهەز نابین..ئەگەر لە بری دیموکراسی ئەم شێوازە دەسەڵاتداریەی حیزب بڕدەوام بێت، مانای وایە کاری پەرلەمانی‌و دەستوری جێگای خۆی بەتەواوەتی دەداتە دەست چەند ئەندام مەکتەب سیاسیەك، ئەمەش مەدەلی کانتەنی حزبیە. حیزبەکان ئەندامانی خۆیان بە پەرلەمان دەنێرن بە ئەوەی کارنامەو بڕنامەی نیشتمانی‌و یاسایی‌و دەستوری خۆیان جێبەجێ بکەن، نەوکو پەرلەمان وەکو گازینۆیەکی نەرگەلەکەشان هەر کاتەك ویستیان بە بیانویەك دایبخەن.

ئەمە بەدیلی دیموکراسی‌و ئازادی‌و هەبژاردنی ئازادمان نیە، ئەگەر هەشبێت بەدیلی خراپن، بۆیە ئێستا نەخشەی سیاسی دنیاو کەمەی نەودەوڵەتی باش تەماشا بکەن، رونتر دەبینن پرسەی سیاسی چەند کە دەوڵەتی خراپی نا دیموکراسی‌و دژە ئازادی و گەندە جێگای قبوڵ نین،
نابێت بە سەرکەوتنی هەندە دیکتاتۆرو پۆپۆلیست نائومێد بین، پێمان

وابەت دیموکراسی تەواو..وەك چۆن دەیانگوت سۆسیالیزمو روسیا تەواو بوون، فەرمون ملیارەكو نیوی وەاتەكی وەكو چینی شیوعی چۆن بەتەزبەلاحەكی گەورەی ئابوری دنیاو ئێندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، لەبەر ئەوە مانای وانیە ئەمە زوو بەیار بدەینو پەمان وابەت رژەمە خراپەكان دەتوانن تاسەر بەردەوام بن. ئەمە گەلەكی ستەمدیدەین هەشتا جەنگی تیرۆری داعش بەرەكی بەرنەداوین بەتەواوی، ئەگەر ئازادی لەئەزموونی ئەمە پاشكۆشە بكات، كۆشەی رەوای ئەمە بەرەو پوكانەوەیەكی زۆر مەترسیدار دەڕواتو دەرفەتیش ئەگەر لەكیس چوو، سەد ساڵی دیكەی دەوێت تاوەكو بەسەر دەرفەتەكی دیكەدا دەكەوینەوە.

چۆن دایكم بریندار بوو؟ … شوان حەسەن

لە خۆپیشاندانەكانی سەرەتای هەشتایەكاندا، دەنگێك جەرگی شەقامی دەبڕی و دەیگوت:
-ناكرێ بە بە چەك خۆپیشاندان بكەین و دوژمنیش بە هەواسی خۆی تەماشای هەڵبدات، پەویستە وەڵامی ئەمەش لە ئاستی ئۆشكەنجەكانی دەسەڵاتدا بێ؛ گوتیان شی گیفارە وای گوتوە. لە ڕاستیدا بەشێك بوولە دروستكردنی فەرهەنگێكی ڕق كە ناویان لێنابوو ڕقی پیرۆز. لە كاتێكدا نەمان دەزانی ڕق هەر ڕقە و پیرۆز و ناپیرۆزی نیە ، دەكرا ئیش لەسەر ڕەوایەتی ماف بكرابا، كە ئەو هزرە كەمەگەی لە قەناغێك بە قەناغێكی باشتر دەبرد، نەك زیندووكردنەوەی ئەو فەرهەنگە ناشیرنەی حەمەرابی*. ئەو كات بارودۆخەكە بەو شێوەیە نەبوو ، خۆپیشاندانەكان بە شێوەیەكی چاك گۆشیاندەكرد ، دەكرێ بگوترێت كە باشترین وەڵامی بۆرانە بوو.
ئەو كاتە تەمەنم ١٥ ساڵ دەبوو، خۆپیشاندانەكانی شار دەیان ئارام نەدەكردەوە، پێشمەرگایەتی وەك گەیشتن بە خەونێك بوو بەم، بەیارماندا لەگەڵ مزەفەر و خالید بەڕین. ڕۆژی هەینیمان هەڵبژارد، بڕگومان یەكێك لە شتە مەحاڵەكان بوو ئەو كاتە بە ماڵ بڵێم، بەیەكەم كەس و شێوەیەكی بەكارهێنا. بەیە بە بیرم دێ كە هەینی بوو، چونكە برایە گەورەكەم ئەو كات تەنیا ڕۆژانی هەینی ڕیشی دەتاشی

دەوروبەری دەمژمێری ٩ ، لەوانەش ئەو تەبینیەم پەیوەندی بەوەو هەبە کە خەونی هاتنی ڕێش و سەمەم هەبووە، کە بەداخەوە زۆر بەدرەنگی هات و کە پێش بوو، نیوەی سپی بوو، قوتیەکمان هەبوو تاخمی ڕێش تاشینەکەی باوکم و براگەورەکەمی تێدابوو، نامەی نەیشتنەکەم خستە ناو ئەو قوتیە، ئەوەی لە بیرم مابێ، لە نامەکەدا جگە لەوەی نوسیبووم، دەبم بە پەشمەرگە، تەبینیەکی سەیریشم نوسی بوو، خانووە کرێیەکەمان بۆ زبوو، قادرمێیکی هەبوو پێویستی بە چاکردنەوە هەبوو، ئەو خەژنەش باوکم هەندێک پێویستی کەی بوو، بۆ ئەوەی دەستێک بە پێژەکەدا بێنە، بۆیە نوسیبووم، داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی یارمەتیتان بدەم. هەی چی بوو ئەو تەبینیەم نوسی بوو، نازانم و ناشمەوێ کەی گریمانەکان شی بکەمەوە، بەڵام هەر هەندە دەڵێم: بە بەدبەختی من ئەو خەژنە بڕیارەکەم ڕێشی لە ماڵە نەتاشی بوو، چوبوە لایی سەرتاش ، زۆر جار ئەو ڕێکەوتە سەیرانە لە هەزی ئەقل دەردەچن و خەڵکێک پێ دەکەن: قەدەر.
نەیشتین، با ئەوەش بڵێم خالید چەند ساڵێک لە من و لەمزەفەر گەورەتر و هەر ئەویش هەندێک زانیاری هەبوو. بۆیە سیدەکان نەیشتین؛ پاش نەیشتنەکەی زۆر و پرسیارکردنمان لە چەند ئاوەدانێک، لە ئاوەدانێکدا گوتیان:
– ئەگەر بەختتان هەبێ، ئەوە چاوەڕوان بن لەوانەیە پەشمەرگە بێن و دەتوانن لەگەڵ ئەواندا بڕۆن!
باش بوو شەو چەند پەشمەرگەیەک هاتن و قسەیان لەگەڵ کردین و گوتمان:
– دەماوەت ببین بە پەشمەرگە
ئەوان تراکتۆرەکیان پێ بوو، سوار بوین و لەگەڵیان نەیشتین، گەیشتینە بارگەیەک گوتیان:
– ئێرە خواکورکە!
لە ڕاستیدا قەت بەدواداچونم لەسەرئەو نەگۆ و گوندانە نەکردوە. وەک فیلمی ئەلیسم لەهات کە دەکەوێتە ژێر زەوی و ژیان لە گەڵ خەڵکانێکیتر بەسەر دەبات(ئەلیس ئین وەندرلاند).ئەگەر کەمێک ئاسانکاری بە زەمەنەکەی خەم بکەم ، ئەو زەمەنە بوو کە لە ئەدەب بە قانیعی شاعیریان دەگوت:
-شاعیرە گەمەکەکە(پاش ئەوەی چاوم بەوە و کەمێک گەڕام، جوگرافیە بچوکەکەی قانیعم دیت، ئینجا زانیم ئیمە چەند هەزارین لە گەڵان).

پەیوەندیەکی خەشمان لەگەڵ پەشمەرگەکان دروستکرد، ئەوان تامەزرۆی هەواڵی شاربوون و ئەمەش تامەزرۆی زانیاری لەسەر ژیانی پەشمەرگایەتی؛ ئەوەشم بەوردی لە بیرە کە یەکێک لە هاوڕێیان گوتی:

-دوای چەند ڕۆژێکیتر کەس و کارتان دێن و دەتان بەنەوە.
یەکێکیان باسی ئەوەی بۆ کردین کە دایکی هاتوە و گوتوێتی :
– یا دەیتەوێ یا ئەمنیش لێرە دەمینەمەوە
هاوڕێیەکە گوتی:
-چووم چەک و ڕێختەکم هێنا و بەدایکمم گوت :
-فەرموو
دایکم گوتی:
-ئەوە چیە؟
-نا ڕێیت ناچمەوە، خە نابەت بە چەک بیت
چەند ڕۆژێک ماوە و پاشان بەزاربوو و چوو.
ئەو گریمانەیەم (شیمانە) دانا؛ لە دڵی خەمدا گوتم: کەس و کارم هەرچی بکەن ناچمەوە.
لە خواکورک بۆ ڕۆ کوتین بۆ ڕوستە، لەگەڵ هاوڕێیان مام عەزیز و شەهید تەفیق هەریری(لە ڕێگەی تەنیا دەیانگوت، خۆشناو) و ئەبو جنان، هەر جەندە ئەمە مندالی شاربوین و لەگەڵ ڕێگەی و ناخۆشیەکان ئانهاتبوین، بەس ئەوەندە شیرن بوون، نەیانهێشت نەماندو بین و نە بەزار! چەژی زەرمان لە هاودەمیان وەرگرت.
ئەو بەیانیەی ئەمە گەیشتینە ڕوستە، هەشتا نیوڕێ دانهاتبوو کە هەلیکۆپتەر دەستی بە بوردمانێک کرد، پێشمەرگە کۆنەکان و خەڵکی گوندیش پەیان سەیربوو، سەرەتا گوتیان:
– خەزانێکی زەری شیوعیەکان هاتینە بەیە.
دوای چەند ساڵ ئاستیەکەم زانی، کە پارتی پاسداری لەگەڵ خەی هەنابوو ئەو ناوچەیە و حوکمەتیش زانیبوی.
لە گەرمەی بوردمانەکەدا، گوتیان:
-شوان داکت لەریە و بریندارێشە.
نەک هەرسەیرم پێهات، بەڵکو باوەڕیشم نەدەکرد، ئەمن بە خەم نازانم لە کەمە؟باشە دایکم چۆن گەیشتوتە ئیرە؟ خە ئەمە هیچ لە قوتابخانە دەربارەی جوگرافیای وەتەکەمان فێرنابین.
لە ناو گوندی ئەشکەفتەکی لەبوو، ژنێک لە پێش دەرگەی ئەشکەفتەکە دانیشتبوو، دایکیشم بینی کە یەکێک لە فافی لە قاچی دەبەستاوە، هەر کەمنی دیت ، فرمێسکی لە چاو هاتنەخوارێ، بەڵام ئەمن زەر ناشیرنبووم یەکسەر قیژاندم و گوتم:
-خەزگە تەیارە پارچە، پارچەی دەکردیت، لە دەهاتیت؟
ئەویش هیچی نەدەگوت، بەس بە چەفیەکەی فرمێسکانی دەسڕیەوە، بەوام پێبکەن ئێستاش شەرم لێخەم دەکەمەوە.**
بوردمان ڕاوەستا، دوو پێشمەرگەش هاتنە ئەوێندەرێ، بەڵام ئەمن هەر لە وتافدانەکانم ساردنەببومەوە، پێشمەرگەکان و چەند نەفەرێکی

گوندی و دایکم و دایکی خالید و برایە گەورەکەم، پێشمەرگەکان گوتیان:
-ئەگەر دەتانەوێت خەبات بکەن، ئەوە باش بزانن ئەوە لە شار پۆیسترن وەک لە چیا، پاشان تەمەنتان بچوکە و کەسیش نازانێ کە ئەوە بوونە بە پێشمەرگە! زۆر گرنگیان بە بریندارەبونەکەی دایکیشمدا ، بە کورتیەکەی گەیاندنەوە و تەمەنی پێشمەرگایەتیەکەمان هێندە کورت بوو کەلکی گەیاندنەوشی نەبوو.
جا چۆن لەو خرایبە ئافرەتێکی بریندار دەگەینی بە سمێلان و لەو نشوێ چۆن دەیهێنیتە خوارێ، دایکم گوتی:
-ئەنگۆ وەرن خەمی منتان نەبێ!
ئیستاش لە پێش چاومە دایکم بە چ ئازارێک ڕۆیشتنی نەوان سمێلان و ڕۆستێی بێ، بە پێیان و بە بریندارێش ، دەبا بە خراش بڕۆین ، چونکە نەماندزانی ئایە کەپتەرەکان دێنەوە یا نا؟ بەقسەی هاوڕێیانم ڕۆیشتنەکە لە ڕاوستە بە سمیلان ٣٠ دەقیقە زیاتر بێ، کەمتر نیە، بە ئافرەتێکی بریندار ئەو ڕۆیشتنەی بچێند بێوە نازانم؟! ئەو ڕستەیەی دایکم لە ڕۆیشتنەدا چەندان جار گوتیەوە هەر ئەوەبوو دەیگوت:
-خێری تێدابوو، ئەگەر بریندار نەبامایە، شوان نەدەهاتەوە باسی باوکم و حال شێکەی ناکەم.

ئەمن تەسمیل نەبومە و هەندێک دەست و خزم دەیانزانی و قسەیان نەکرد و لە لایی ئەوانیترێش گوتوبویان چومەتە دەشتێ ، زۆربەی برادەر و درواسیەکانمان ئەویان دەزانی لە پشووی هاوینە دەچومە گوندی، زۆرم حەز لەو ژیانە دەکرد.
دەبا دایکم ببینێ لای دکتۆرێک، بە هەی ئەوەی ماڵمان لەگەڵکی عەرەبان بووکە دەکەوتە ناوڕاستی بازاڕ، عیادەیەکی زۆر لەنزیکمان هەبوو، خزمەکانی گوندیشمان کە نەخۆش دەکەوتن، بگومان مەبەستم ئەوانەی بەبەر ئێمە دەکەوتن ، دەبا بچوباین لە عیادە نەرمان بە وەربگرتبان، ئەگەر پیاو بهاتبا، باوکم لەگەڵی دەچوو، ئەگەر ژنیش بوایە، دایکم. جا پەیوەندیەکی باش لە نێوان ماڵی ئێمە و دکتۆرەکان دروست ببوو. باوکم چوبوە لای دکتۆر سڵاح کەیی و ئیستاش نازانم چی پێی گوتبوو، ئەو ڕۆژە لەدایکیشم پرسی، بە هەی ئەوەی ١١ ساڵ زیاترێ باوکم لە ژیاندا نەماوە، دایکیشم گوتی :
-هەر ئەو کاتیش نەمزانی ، چی پێگوتوە
لەگەڵ ئەوەی بریندەکیان بە درویەوە، بەڵام ساچمەکیان دەرنەکرد، بەیە گومان دەکەم کە باوکم گوتبێتی ساچمەی پێ کوتوە
هەتا لە کوردستان بووم ، چەند جارێکم لە دایکم پرسی: ئایە هەست

بەو ساچمەیە دکات، کە لە ناو رانی ماوەتەوە، دەیگوت:
-جار جارە هەست بەگرمیەک دەکەم
بەر لەوەی ئەو نوسینە تەواو بکەم، لەم پرسی ئایە هەست بەمانی، ساچمەکە دەکەیت ؟
گوتی :نا، لە بیرخۆت ببەوە، دری خۆت لە بەو شتانە توند دەکەیت؟!
خوشکەکانم دەیانگوت:
-ئەو ماوەیەی ئەتو نەیشتبووبت، داکم گەی لە گەرانی کەریم کابانی هادگرت، دەیگوت:
-براتان حەزی لەو گەرانیبژێیە.
جاری دووەم کە زۆرتر و ئیتر تا دوایی هاپێین نەگەیامەوە. ئەوکات کە ماڵئاوایم لەکرد، چاوەکانی پە فرمێسک بوون و دەستی بەرنەدەدام گوتی:
-شتەکت لەبیرت ئەمنیش دەمرم!
.
*بە ئاگاداریتان دوای هاپێین بەشکی زۆر لە دەستهاتدارانی کوردستان،لە قوتابخانەی ئەو کەقە پیرەزە دەرچووبون و ئەو شەرعیەتیان بەکارهێنا بە سەرکوتکردنی خەڵکی ئەو هەرێم و تا ئیستاش ئەو تەڵیە لەو خەڵکە دەکەنەوە، لە لایەنی کەمەناسیشەوە سەیری بکەیت مرۆڤی کەقەگر، بە نەخێش هەژمەردەکرێ.
** ناتوانم قسە لەسەر ئەو دە هەقیەم نەکەم کە سوید، هاوسەرەکەم، منداڵەکانمان، دەست و ئازیزانم یارمەتیەکی زۆریان دام تا ببم بە کەسێکی دە نەرم، دەمەوێ ئەو نهێنیەش بدرکێنم، جگە لەو فرمێسکانە بەهیدان هشتومن، زۆر کەمم بە بیردێ کە گریابم ، هەتا ئەو کاتانەی چەندان ئازیزم لە دەستدا، چ لە ژیانی پشمەرگایەتیم و چ لە ژیانە تایبەتەکەم دا، تا لە شەوی ۲۷-۱۱-۹۸ کچەکەمان هاتە دنیا و لە خۆشیان فرمێسکەکانم هاندەوەستان،لەو شەوەوە پەم نا قەناغێکیتر، ئیستا بە دیار فیلمیشەوە دەگریم، چەندان جار منداڵەکانمان فرمێسکیان سەیومەتەوە، لە هەووی دەرونیەوە هەست بە ئاسودەیی دەکەم و مرۆڤایەتی خەم لە فرمێسکەکاندا دەدەزمەوە.
نەفرەت لەو ئایدلۆژیایەی دنی مرۆڤکان دکات بە بەرد و کانی فرمێسکەنانیان لە ووشک دکات.

ببورن ئەو هونکردنەویە تەنیا لە ناچاریەوە دەدەم، لە ترسی کلتوری ناشیرنکردن، ئەمن داوای خانەنشینم و نەکردوە و دنیابن ناشیکەم، ئەوانەی دشمناسن شاهیدی هەردوو هاستین، یەکەم کە پشمەرگەیەی دانەباوبووم و دووەمیش داوای خانەنشینم نەکردوە، هەڵبم یا هاست گرنگ ئەویە لە بیارەکەم ئاسودەم، ئەو دەستهاتەی

باشووریشم قسەت بدەسەلات و نووسەری خەم نازانیوە، نە پشمەرگاتیەکەی خەم و نە دەردەسەریەکەی خەزانەکەشم ناکەم بە منەت بەسەر خەڵکیەوە، ژیان گشتکوو هەر کەسە بە شیوەیەک ئەو گشتە دەکات، ئەمنیش وام دەست پێکرد.
وەنەکە گوندی (ڕوستە) یە

خەفەت … بەختیار محەمەد

هیچ شتێك لەم دنیایەدا (جگە لە بەهاکانی بوونمان نەبێ) شایانی ئەوە نییە، کە خەمانی بێ دەتەنگ بکەین، مادەم ئازاری جەستە و ڕۆح و ژیانمان دەدا. هەموو دەتەنگییەکی لەم شێوەیە زیانێکی گەورەیە، کە بە ساتە هەر بە نرخەکانی ژیانمان دەکەوێ.
کەسێکی مرۆڤ لەوەدایە، کە خەفەتبار و دەتەنگ دەکا بێ ئەو شتانەی، کە هەرگیز جەوهەری ڕاستەقینەی ژیانی ئەو نین (ژیانی ڕاستەقینەی سروشتیی). بە نموونە: ئەمە زۆرجار خەفەت لەو شتانە دەخۆین، کە پێوەندییان بە ماددەوە (پارەوە) هەیە، بەڵام نازانین، کە هەموو خەفەتێکی لەم جۆرە زیانێکی گەورەیە بە کەینونە و بە بوونمان دەکەوێ (بێ گومان ئەمە بایەخی پارە لە ژیانی ئەمەڕاندا کەم ناکەینەوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە، کەێ مرۆڤ خێ دەکاتە کۆیلەی پارە؛ گرفتەکە ئەوەیە، کە ئەمە پارەمان لە خەمان و لە ئەوی دیکە و لە مرۆڤایەتی و لە ئازادی و لە هەموو بەها چاك و جوانەکان خەشتر دەوێ. ئەمە پارە لە پێناو خێپەرستیی خەمان بەکار دەهێنین. واتە پارە دەکەینە ئامرازێك بێ گەورەکردن و هەڵامسانی سیفەتی خێپەرستیی خەمان. لەرەوە دەکەوینە بیری قووڵی خێپەرستیی خەمان و هیچ شتێکی دیکە نابینین، تەنها خەمان دەبینین، کە شێتانە بە دوای تێرکردنی سیفەتی چاوچنۆکیی و غەریزەی خێپەرستیی خەمانین؛ ئەو سیفەت و غەریزەیەی، کە لە کەمەگەی سەرمایەدارییدا هەرگیز دابین و تێر نابن).

بەم شێوەیە سەرمایەداریی بەرلەوەی تاکی مرۆڤدۆست دروست بکا، تاکی خێپەرست دروست دەکا؛ ئەو تاکەی کەینونەی خێی بە پارە دەگەیەنێتەوە (بازرگان، سەرمایەدار، دەرەبەگ، بۆرژوازی…)؛ ئەو تاکەی لەبری ئەوەی وەدوای خەمەکانی ژیان و مرۆڤایەتی بکەوێ، وەدوای خەمە

نەرجسییەکانی خۆی دەکەوێ. تاکی کۆمەڵگەی بۆرژوازی – لە جیهانی پارەدا – خۆی بە سەنتەری هەموو مرۆڤایەتی دەزانێ. ئەو تەنها لە قازانجی ((ماددیی)) خۆی دەگەڕێ، لە زەرەری هەموو ئەوانی دیکەش. لە سیستمی سەرمایەداریدا ئەم حاڵەتە بە یاساکانی بازاڕی ئازاد دێتە دەخرێ و هەوایەتی پێ دەدرێ (لەم ڕووەوە هەموومان لە سایتەکاندا خوێندمانەوە، کە هەشت کەسی سەرمایەداری گەورە لە جیهاندا، هێندەی نیوەی هەموو دانیشتووانی سەر گۆی زەوی سەروەت و سامانیان هەیە). هەبەتە ئەمە شتێکی سروشتیی و ئاسایی نییە، بەڵام هەمیشە پڕەنسیپی پەرەستاندنی سیستمی سەرمایەداریی لەسەر بنەمای بوونی تاکی (ئازادی؟) چاوچنۆك و خۆپەرست بنیاد نراوە (واتە یاسا هەرەمەکییەکانی بازاڕی ئازاد / با ئەم تاکە تاکێکی داهێنەریش بێ)؛ لەمەوە تراژیدیای ڕاستەقینە لە ژیانی ئێمەدا (ئێمەی مرۆڤایەتیدا) ئەوەیە، کە ناتوانین لە نێوان خۆماندا دادوەر و دادپەروەر بین.

پێم وایە ئەوەی کە ڕوو لە ئێمە دەگرێ دادوەر و دادپەروەر بین، تەنها هەهەندەکانی سیفەتی خۆپەرستییە (واتە بەرژەوەندییەکی خۆپەرستانە)؛ واتە ئێمە بەرژەوەندی خۆمان لە بەرژەوەندی هەموو ئەوانی دیکە (تاك، گەل، نەتەوە، مرۆڤایەتی…) خۆشتر دەوێ. لێرەشەوە ململانێی تراژیدیی و خوێناویی سەرهەڵدەدەن و دروست دەبن (خۆپەرستیی تا ئەو ڕادەیە هەوایە، کە نەبێتە هۆی چەوساندنەوە و مافخورانی ئەوی دیکە و فڕێکردن لێی؛ هەموو بەرژەوەندییەکیش لەسەر ئەم بنەمایە بنیاد نرابێ، بەرژەوەندییەکی ناهەوا و ستەمکارانەیە).

کەواتە مرۆڤ دەبێ ئەم بازنە تەسکەی بەرژەوەندی خۆپەرستییە تێك بشکێنێ، تا بتوانێ ژیان و ماف و بەرژەوەندی ئەوانی دیکەش ببینێ، نەك تەنها هەر هی خۆی؛ مرۆڤایەتی بەم شێوەیە (بەم ڕووحیەتە) بەختەوەر دەبێ؛ واتە بە هاوکاری و ڕاستگۆیی، نەك بەو ڕکابەرییە و ململانێیە نائەخلاقییەی، کە ڕاستە لە لایەکەوە بزوێنەرێکی پشکەوتنە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە هۆکاری چەوساندنەوە و ئازاری ملیاران مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەوییەیە. دەبێ هەوڵ بدرێ ئەم ناکۆکییە – کە سیفەتێکی بنەڕەتیی سیستمی سەرمایەداریە – لە نێوان پشکەوتن و چەوساندنەوەدا لەناو ببردرێ؛ واتە پشکەوتن ببێتە هۆی لەناوبردنی برسیەتی و هەژاری و دواکەوتوویی، نەك قووڵترکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان و پترکردنی دیاردە خراپەکانی وەك هەژاری و برسیەتی و دواکەوتوویی، کە ئەمڕۆ بەشێکی

زۆری مرۆڤایەتی بەدەستیانەوە دەناڵێنێ.

بەختیار محەمەد

لە یاریی ژیاندا بەردەوام داشی مەرگی نابەوەخت بەسەر لاوازەکاندا سواری! … سەعید ئەمانی

مەرگی بەوەخت و لەناکاو
هەر بە منی لاواز دەوترێ

لە بوسەمدا لەگشت شوێنێ
لە بولەرز و لافاو و توشی و تەفانا
وەک حەزیایەک
هەرش و هاشاوەم بە دەنێ

لە بەمبی بیر و ئەفکاری داعشانێ و
سوتانی " پلاسکۆ" کاندا
بەسەکانی ئاگرێ و دەمبرژێنێ

بە بنار و بە بەرزایی شاخانەوە
لەسەر ڕێگای کەبەریمدا
ڕنوی بەفرێ و دە بەرومدا

لەسەر سنور گوللەی پاسدار و مەئمورێ
جەستەی کردومێ نیشانێ

لەشوێنی کار و کارخانێ
گەردیلەی گاز و دوکەڵێ
ئاوێتەی هەناسەدانمێ

دەوەزمەی بەکاریە و
بەردەوام لەسەر شانمە

پەتی سەدارەی دوژمنە
گەروم دەگوشە

زەخت و گوشاری زەردارە
دەمتارێنە

سەرمای وەرزی نەهامەتیە
دەمتەزێنە
لە ڕۆگای کەچ کردنمدا بە هەندەران
شەپەلەکانی دەریایە دەمخنکێنە
سوکایەتی تاراوگەیە دەمتاوێنە

دەبەتە شۆ و ئاژاوە
پەم دەفرەشرە
دەکرێتە بومب و گوللە
تەمی دەگرن

ئاوەتەی پیلان و خورافەیە
بە لامەوە پیرەز دەکرە

دەبەتە تیری بە هیوایی و
بەدەستی خەم دامدەبڕە

دەستی بە هەزی زەردارە و
هەر ڕۆژەو بە چەشنە منی بە هەز
دەستەوە
داری هیوام بەرناهێنی
لەگەوە دەیبەتەوە
***
ئەو دوژمنانەی تا ئێستا
منیان کوشتوە
ئەو دەستانەی لە بە هەزی من بەهەز بوون
هیواکانمیان ناشتوە
ئەو دەنگانەی بەسەر دەنگمادا دلەر بوون

هەر خەم بە توانام کردون و

لە بەدبەختیگی من بوون بوون
***
من بە ئەژمار
مەزنترین هەزی دنیام
ژیان بەخش و خوڕەنگاری
ئاسودەیی و هەرچی ئەشیام

گەر بمەوێ لەو بەهەشتەی
لەم جیهانە خوڕاندومە
بەشم هەبێ
ئازار و مەرگ بتارێن و
وەکو مرۆڤ لە خەشیدا
کەشم هەبێ

دەبێ هەزم کەبکەمەوە
داسی خەبات و تەکەشان
بە دروشمەی
ئازار و ژان
هەڵبەینی لاسکی زوەمی زەرداران
تیژ و دەمەزەرد کەمەوە

دەبێ بەخەمدا بمەوێ!
ئەو نەزمە پێچەوانەیە
بەباری خەی هەڵگەمەوە.

باسێك لە شاری هەڵەبجە… جوتیار کمانگر

تەشکێك ئەخینە سەر فەرمانەوایەتی ناوچەی هەڵەبجە

یەکەم فەرمانەوایەتی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ (بەکر بەگ سلێمان بەگی بابان) کە بە بەکرە سوور ناوبانگی دەرکردوە و یەکێك بووە لە

بەگە بەناوبانگەکانی بابان و لە دوای سلێمان بەگی باوکی لە ساڵی (1602)ز ژیاوە و پایتەختی فەرمانڕواییەکەشی لە بەکراوای هەلەبجەدا بووە وردە وردە سنوری ناوچەکەی فراوان کردووە و تاوەکو دواجار لە سیروانەوە تا زێی گرتوەتەوە . پاشان لە ناوچەکەدا کۆکی خۆی بە جێهێشتووە و لە خورماڵدا فەرمانداری کردووە ، خۆشی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی قەڵاچۆالان و پاشانیش چووەتە ناوچەی بەکرەجۆ و ئەو ناوچەیەشی هەر بەناوی خۆیەوە ئاوەدانکردووەتەوە.

دەڤین بەکر بەگ چاوی بڕیوەتە کەرکوك و ویستوویەتی بەهێنیتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی ، بەو هۆیەوە لەگەڵ عوسمانییەکاندا تێکچووە و لە ساڵی (1609)ز دا کوژراوە . جا لەوەو دوا بۆ ماوەی (5) پێنج ساڵك خاکی بەبە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی
عوسمانیەکان، دواتر (خانە پاشا)ی برازای بەکر بەگ لەدەستی سەندونەتەوە و هێناویەتییەوە ژێر دەسەڵاتی خۆمای. ئیتر لەوە بەدوا ناوچەکە دوای گواستنەوەی بابانیەکان بۆ سلێمانی دروستکردنی شار لەو جێی ئیستا کۆچی جافەکان بۆ ناوچەیە لە دەسەڵاتی جافەکاندا بووە لە ساڵی (1700)ز هێزەکانی جاف دروستکەرو بنیاتنەری هەڵەبجەن.

وردە وردە ئەم شوێنەی هەڵەبجە بە هۆی ناوداری شوێنەکەیەوە کە ئەوانیت بەسەر دەشتی (شارەزوور)دا ، زیاتر ئاوەدان بوتەووە و تەنها (خێڵەکانی جاف)ی تێدا بووە کە زیاتر لە(12)هەزار خێزان ئەبن ، ناوەندی ئاوەدانی شارەزوور بووە ، پاشان خەڵکی تر هاتوون و پاڵیان داوە بە هێزەکانی جافەوە زیاتر ئاوەدان بۆتەوە جافەکان بەشوێن رَێگا چاریك ئەگەڕان واز لە کۆچرایەتی بەهێنەن نیشتەجێ بن لە هەموو رَوێەکیشەوە گەزەران لە هەڵەبجە دا گونجاو بوو، بۆیە بۆیاریان دا دەست بە دروستکردنی شاری هەڵەبجە بکەن ،ژمارەکی زۆر سەرچاوە مێژوو نوس لە وەدا یەکدەگرنەوە کە بە هەزاران ساڵ پێش زایین بوونی ژیان و قەڵەمڕەوی بچوك و گەورە ،کورد و بێگانە ، لەم ناوچەیەدا هەبووون، وەك (ئاشووریەکان، بیشداییەکان،میدییەکان،هەخامەییەکان،
ئەسکەندەر) لە سەدەی چواری پێش زایین وە ئەشکانی ،ساسانیەکان،هاتنی ئیسلام (21ك ،،643ز) روادییەکان و سلجوقییەکان ئەتابەکەکان ،ئەییوبی ،مەغۆلی،جەلائیدی مەڕەسپی،تەیموری لەنگ (1400)ز ئەردەڵان، سەفەویەکان،بابانەکان ،عوسمانیەکان، ئینگلیز،شێخ محمودی نەمر حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)

کۆچی جولەکە::
بۆ عێراق و ئێران و کوردستان وە لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە چەندین خێزانی جولەکە ووی تێدەکەن و نیشتەجێ دەبن و لە پاڵ خەڵەکانی جاف دا پەنا ئەدرێن کاروباری بازرگانی ئەکەن لەو سنورە دا،بەمەش ئەبێت بە ناوەندی بازرگانی و ئاوگۆ لەو سنورە دا: هەڵەبجە بازارێکی گەرمی هەبووە شارچکەیەکی کوردنیشنی قەرەبالغ بووە ژمارەی دانیشتوانی (60)هەزار کەس زیاتر بووە ،ناوچەکانی هاوسنووری هەریەك لە وڵاتانی ئێران و تورکیا هاوشێوەی ناوچەی هەڵەبجەن ، پیش سپیان و پیاوە دێرینەکانی شار هەندێکیان دەڵێن یەکەم خانوو لە هەڵەبجە دا بەگەکانی(شیوەکان)دروستیان کردوە و پاشان نەوەکانیان لە وێدا نیشتەجێ دەبن.

کە ئەمانەش (حمە چاوەش) و هەر سێ کوڕەکەی (پیروت و سلێمان و عەبدوڵا) ئەمانیش لەگەڵ خێیاندا بنەماڵەیەکی تر دێنن ، کە ئەمانەبوون ،(حەمەپیروت) موختاری تورك بووە ، (ئەحمەد پێرێت) و (سلێمان)یش ئەم منداڵانەی هەبوون حاجی محەمەد و قادر و حاجی فەرەج و ئەمین و عەبدوڵا)ش ئەم منداڵانەی هەبوو(عورەحمان)و(ئەحمەد و محمود و ئەمین و حەمە صاڵح) بە پێ ئەم بۆ چوونە یەکەم بنەماڵە هەڵەبجەی دروستکردبێ ئەم منداڵانە بوون کە ئیستا لە ناو خەڵکی شار بە (13) سیانزە ماڵەکە ناسراون
هونەری بیناسازی و قیسەری لە هەڵەبجە هەڵەبجە ، هەر لە دێر زەمانەوە شێوازی شارستانی پێوە دیار بووە ، ماڵی وەسمان پاشای.

جاف نموونەی بەرچاوی هونەری بیناسازی ئەو سەردەمەی کوردستان بووە لەو سەردەمە هەڵەبجە دوو قەیسەری تێدابووە ، قەیسەری پاشا و قەیسەری حامید بەگ کەلە ساڵی (1934)ز دروستکراوە کە بیناسازیەکی جوان دەیان دوکانی تێدابوە بۆ جۆرەها کاسپی وەکو بازرگانی ،خەیاتی ،بەزازی، شتی وردە فرۆشی ئەو دوو قەیسەرییە مەگەر لە شارە کۆنەکانی ئێران هەبووبی بینا و سەرا و پێلیسی هەڵەبجە لە ساڵی (1930)دروستکراوە بەڵام پیش ئەوەش (سەراکۆنی) عوسمانییەکان هەبووە و پێی دەگوترا (سەراکۆنەکە)…. دەکەوێتە پشت مزگەوتی جامیعە و بەسەر کانی عاشقاندا دەڕوانێ:: ئەو کاتە هەڵەبجە (500) ماڵ دەبوو، ئوتێلێك و گەراجێکی ئوتومبیلی تێدابووە ، لە ساڵی (1940) ئامێری کارەبایی هەڵەبجە رووناکی بە شار دەبەخشێت شوێنی ئو ئامێرە لە بەردەم باخی گەشتیدا بوو ، لە مزگەوتی جامیعە خەزنەیەکی ئاویان دروستکرد ناویان نا (حوشتر گەڵێ) وەکو فوارە

ئاوی بە دەوری خۆیدا هەڵدەدا . پاشان بە هەوڵکی زۆر پرۆژەی هەسمی ئاوی هەڵەبجە لە ساڵی (1929)تەواوبوو و لە ساڵی (1924) تەلەگراف دامەزراوە
لە ناو شاری هەڵەبجە تەنها یەك ئۆتۆمبیل هەبوە پێیان وتووە (لۆریەکەی عەزە) ئەم لۆرییە بە دوو ڕۆژ ئەمسەرو ئەو سەری ئەکرد لە هەڵەبجە وە بۆ سلێمانی لە (1950) لەسەر ناوی هەڵەبجە بیرۆای جیاجیا هەن ئەڵێن کابرایەك لەو شوێنە دا لە کێنەوە بۆچوە (هەڵێ) یەکی گرتوە بەو شێوەیە ناوی لێنراوە (هەڵێ بەچە) پاشان بوە بە هەڵەبجە هەندێکی تر دەڵێن ، ئەو شوێنە زۆر.

دێگیر بووە بەهۆی باغ و بۆستان و ئاو شیینایییەوە پێیان وتووە (عجب جا) لە زمانی فارسییەوە وەرگێراوە پاشان گۆاوە بە (هەڵەبجە) واتە جێیەکی سەرسوهێنەر هەندێکی تر دەڵێن . ئەو ناوچەیە باغ و بۆستانی هەبووە ، درەختی (هەوژەی)
زۆر بووە ،بە هۆی گۆانکاری لە زمانی کوردیدا بووە بە (هەڵەبجە) ێیوایەتێکی تر ئەڵێت . لە ساڵەکانی (1600تا 1615) هەڵێخانی ئەردەڵان هەڵەبجەی ئاوەدانکرۆتەوە هەر بە ناوی خێیەوە ناوی ناوە (هەڵێ چە) پاشان بووە بە (هەڵەبچە) هەندێکی تر
ئەڵێن . کاتێك خەڵکی ناوچەی کرمانشان لە ڕۆگەی بازرگانییەوە ڕۆشتون بەرەو (حەڵەب)ی سوریا بینیویانە کەوا ئاوهەوا ئەو ناوچەیە لە هی ناوچەی هەڵەبجە ئەچێت ،ناویان لێناوە (حەڵەبجە) واتە حەڵەبی پچوك .

شوێنی جوگرافی هەڵەبجە
شاری هەڵەبجە .دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق .لە سەر هێڵی درێژی (46) پلەی ڕۆژهەڵات و نێوان دوو بازنەی پانی (35_36) باکور و دەکەوێتە دووری (76)کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی . (736)م لە ئاستی دەریاوە بەرزە و ڕووبەری خاکەکەی (1523)کم . ئاو و هەوای مامناوەندییە . تەنیا لەوەرزی زستاندا سارەدە و لەوەرزی هاویندا گەرمە ،بە شێوەیەکی گشتی لە وەرزی بەهار و پایز کەش و هەوای خۆشە و لەباری هەیە و ناوچەیەکی باراناوییە لە ساڵدا (750) ملم بارانی لێ دەبارێت سەبارەت بە لایەنی تێبۆگرافیش دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی دەشتی شارەزوور.
هەڵەبجە بە چەند چیاك دەوورە دراوە وەك چیا سەرکەشەکانی (سورێن ،شرام، ێەنگین ،نەوەر،شنرۆ، باڵانبێ ،شاخی نێرگەزە جاڵ،شاخی هەورامان ،) چوار دەوری بە باغ تەنراوە ، دوو شەقامی ڕاست و چەپ شارەکە دادەنێت ..

بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ
بەرهەم هێنانی کشتوکاَل و باخ و بەستاندا ،گەنم و جۆ و چەتو کیان چاندووە و دارە هەوژە و قیسی و قەخ و سێو و هەنار و تویان ڕواندوە بەم کارە شوێنەکەیان تەواو بوژاندوەتەوە ،

هاوینەهەوارەکانی هەڵەبجە
هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا ، سەرچاوەی زەم ، گوڵان، کانی شێخ بامك ،تەوێڵە و ئاوسەر ، بیارە ،سەرکەن ، باوەکۆچەك، گوندی هاوار ، کانی و باخی وەزگڕ .

ژیانی خەڵکی ناوشاری هەڵەبجە
دانیشتوانی هەڵەبجە زیاتر بە کاروباری دوکانداری ، بازرگانی ،کشتوکاڵ، کارمەندی حکومەت و ئاژەڵداری و ئیشوکاری سەرپێی و هاتوچۆی مەرز و سنورەکانی ئیران . ڕاوە ماسی بەسەر ئەبەن .
ئاینی هەڵەبجە
ئاینی ئیسلام و کاکەیی و کە لە ئیستادا سەرجەم ژمارەی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە بەڵام جولەکەکان بە فەرمانی ساڵح جەبر لە ساڵی (1948)ز جولەکەکان ڕەگەزنامەیان لێ دەسەنرێتەوە و ئەمانیش بەرەو ئیسرائیل کۆچ دەکەن ،تا ساڵی (1958) کۆساکەیان چۆڵ ئەبێت دەکرێتە مزگەوت.

لە ڕووی ڕۆشنبیری
قوتابخانەی و تەکیە و حوجرە و خانەقاو تێدابووە ، تەکیە و خانەقا :مزگەوتی تەکیە یەکەم مزگەوت لە هەڵەبجە دروستکراوە ،بەڵام لە سەرەتادا زیاتر دەووری تەکیەی بینیوە واتا اهلی (تەسەوف) کاریان تێدا دەکرد و تەهلیلە و مەراسیمی دەروێشایەتی خۆیانیان تێدا بەڕێوە دەبرد .
حوجرە:
پێش ئەوەی هەڵەبجە ، قوتابخانەی تێدا بکرێتەوە .تەنها هۆیەکی فێربوونی خوێندەواری حوجرو تەکیە و مزگەوتەکان بووە ، هەتا ئیستاش دەووری ئەم دەزگیانە لە فێربوونی زانستە شەرعیەکاندا ئاشکراو دیارە ،کاتی خۆی ئەوەی دەچووە حوجرە نەك هەر خوێندەواری بەکو فێری زانستی شەرعیش دەبوو.

قوتابخانە :
سەبارەت بە دامەزراندنی قوتابخانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1919) یەکەم قوتابخانەی کوێان دامەزراوە .کۆمەڵی لە خەڵکی شار (کۆمەڵەی ئیمانەی مەکتەبی هەڵەبجە)دروستەکەن کە (ئەحمەد موختار جاف)

یەکێك بووە لە ئەندامانی و لە کەناری شارەوە پارچە زەوی یەکی خۆی بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کردووە دوایی قوتابخانەکە ناوی دەکریت بە (سیروان) .

یەکەم قوتابخانەی کچانیش لە ساڵی (1922)ز دروستکراوە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکەی (ماموستا نەعیمە)بووە ، یەکەم ناوەندیش لە ساڵی (1945) ز کرایەوە پاشان قوتابخانەی تێکەڵاو کرایەوە بە ناوی (موختەەت) لە ساڵی (1951) کچانیش بەڕێژەیەکی کەم تیایدا دەیانخوێند.
کیمیابارانی هەڵەبجە
جینۆسایدی نەورۆزی ساڵی (16/3/1988) لە هەڵەبجە کە مەزەنە دەکرێت (4000 بۆ 7000) ژن ،منداڵ و پیاوی کورد لە لایەن ڕژێمی ئەوسای عیراقەوە بە کۆمەڵ کوژران ، ئەم شاڵاوە بۆ بەزەییانەترین هێرشی کیمیاوی بوو بۆ سەر خەڵکی مەدەنی لە مێژووی تازەی جیهاندا .
هەڵەبجە ئەمڕۆ هاوتای هیرۆشیما و ناکازاکییە ، ئەم توێژینەوە یە بۆ وێنەیە بەو و چێنییەتیی گواستنەوەی تراوما بۆ گۆشەیەکی (PTSD) مانایەی کە باس لە دیاردەی تری دونیا دەکات ، توێژینەوەکە کۆمەکێکە بۆ ئەو گۆڕەپانە تازە یە لە تراوماتێلێژیادا.
لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەیەکی چەندایەتییە لەسەر بەربڵاوی لە هەردوو شاری .

هەڵەبجە و سڵەمانیدا .
110 کەس بەشداریی ئەم توێژینەوەیان کردووە ئەم ئامرازەی بۆ ئەندازەگیری بەکارهاتووە ،پرسیاری کردووە ،پرسیاری Impact of Event Scale ناوی 2 – لە شاری PTSD سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە بارەی بەربڵاویی هەڵەبجە ،بە بەراوردکردن لەگەڵ شاری سڵەمانی کە بەر شاڵاوی کیمیاباران نەکەوتووە.

هەڵەبجە بوون بە قەزاو بە پارێزگا
لە ساڵی (1889)ز لە سەردەمی عوسمانیدا کراوەتە قەزا وە عوسمان پاشای جاف بووەتە یەکەم قایمقامی هەڵەبجە، لە شارەکەدا چەندین کەس فەرمانڕەوایان کردووە . دیارترینیان(خاتوو عادیلەخانم) کە هاوسەری عوسمان پاشای جاف ، و دایکی
ئەحمەد موختار جاف)و (تاهیربەگی جاف)بووە کە لە دوای مردنی هاوسەرەکەی دەسەاتەکانی ئەوی وەرگرتووە عادیلە خانم لە ناوچەکەدا ژنێکی ناودار بووە و خزمەتی زۆری کردووە لە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی شارەکەدا : لە (5/2/2015) یاسای دامەزراندنی پارێزگای هەڵەبجە و ئەنجومەنی پارێزگا کە دەرچوە لە

(13/3/2014) لەلایەن سەرکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (نێچیروان بارزانی) بۆیاری بە پارێزگابوونی هەڵەبجە ئیمزاکرا وە بۆیاری دەست بەکاربوون (1/6/2016)ز پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی دەستبەکاربوون بەلام تا ئیستا نەتوانراوە ئەنجومەنەکە پێکبهێرێت :
(عەبدواڵا نەورێی) بووەتە یەکەم پارێزگاری هەڵەبجە

نوسینی :: جوتیار کمانگر

گێان چی بکات .. ڕێبین نەریمان

ئەو زوڵم و ناعەدالەتیە کەماڵیەتی و دابڕش کردنی داهاتی ووڵات بەنایەکسانی و سەیرکردنی هاوڵاتیان بە پلەی جیاواز ، شڕقام بە زاری ودەنگی گەیوشتبووە لوتکە و ناڕەزای خڵک بە دوای هەڵکی نوێدا دەگەڕا کە خەی تەدا بەرجەستە بکات تا مافکانی بەدەست بهێنێتەوە ، کە لەجیابوونەوەی نەوشیروان موستەفا و هاوڕکانی لە یەکێتی گەلاڵەبوو خەی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا دەزیەوە .

پاش ململانێیکی سڕخت و قورس لەگڵ دەسڵات و هێزی فەرمانڕەوا و بڕە کردنی چەند ساڵێک بە ئۆپۆزسیۆن و بەشداری دەسڵات و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشکان و بۆ سیستەمکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و بنبڕکردنی کێشکان و دەستخستنە سەر کێشکان جەوهەریکان ، هێزە فەرمانڕەوا لەکاتیە ئیقلیمیکان تا ئاسیکی زۆر خراپ دژایەتی بزووتنەوەی گۆڕانیان کردو هاوڵاتیانیان کرد ئامانج چونکە هاوڵاتیان و کەسانی سیفە داینەمۆ بزوێنەری بزووتنەوەی گۆڕانن کە چەندین قۆناغی قورس و بارگرانیان بەسەر هاوڵاتیانەوە دروست کرد .
بزووتنەوەی گۆڕان لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆندا توانی میللەت بۆ ئاگابێنەوە و سەرکەوتوبوو پاشان لە قۆناغی چونە دەسڵات و جێ بەجێ کردن دا زۆر بە خەرای ڕۆگری کرا لە ئامانجکانی بزووتنەوەکەو هاوڵاتیان چونکە هێنگاوکان ئاراستەیکی دروست و

باشی هەبوو کە بەودەساتە گەندەڵە قوبوڵ نەدەکرا لە تەواوی ڕووداوەکان و ململانێ ناوخۆییەکانی کوردستان دا یەکێتی و پارتی بە یەک هەند و ئاراستە دژایەتی گەلانیان کرد .

لە دوای هەڵکشانی گەلان و یەکێتی کە تائێستا حبری سەر کاغەزە دەکرا هەندێ ئامانجی گەورەی لەبەدی بێت بە کاتێکی کەم بەهام هەندێ تر هاوپاتیانیان بۆ ئومێد کرد کە یەکێتی دەستبەرداری بەرژەوەندیەکانی نابێت .
هەروەها نزیک بونەوەی یەکێتی لە پارتی و زیندوکردنەوەی هەڵکشانی ستراتیجی گەلاندنەوەی هیواکانێ بۆ خەڵکی سەرتا و خۆ ئامادەکردنێ بۆ میراتگیری کوردستان لە نەوان بنەماڵەی تاڵەبانی و بەرزانی دا .

ڕووداوەکان و گەلانکاریەکانی دوای شەڕی موسڵ زۆر خراپ کە دەبێت هەموو لایەنەکان خەیانی بۆ ئامادە بکەن گەلان وەک هێزێکی مەدەنیانەی سەردەم کە خاوەنی هێزی سەربازی وميليشيا نیە و دەبێت لەسەر هەمان ڕێگەوی خەی بەمنەتەوە دوور لە دروستکردنی هێزی سەربازی کە گەورەترین دەسکەوتی گەلانە لەژێر ئەو فشارە زۆرەی ئابردوودا لە ڕێگەوکەی لای نەداوە، دەکرێت هەوڵێ دیبلۆماسیەکانی زیاد بکات لەگەڵ ووڵاتانی خۆرئاوادا هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆ پاپەندبوونی خەی بە ئامانجەکانی دووبارەبکاتەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات لەسەر ڕووداوەکان بە خێکی کە ئەمڕۆ لە دژایەکێکی زۆردایە ، گەلان سەربەخۆ بەمنەتەوە و خەی بە ئایندە ئامادە بکات و دوور لە یەکیتی کە ئەمڕۆ لە بارێکی نا جێگیرو شەقبوون لە دوێانێکی مەترسیداردایە دێوەت گەلان بەکاربهێنێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خەی و وەک کارتێکی سوتاو بۆ فشار بەکاریبهێنێت بەرامبەر پارتی تا دەسکەوتی زیاتری هەبێت لە میراتگیری کوردستان .

هیچ کاتێک بەرنامە و پێڕەوی بزووتنەوەی گەلان لەگەڵ پێڕەوی خیانەت و گیرفان پڕکردنی یەکێتی و پارتیدا نایەتەوە کە هەرچی دروشم و ووتاریانە تەنها ڕووکەشە و لە ڕەفتار و هەنگاوناندا ئاماژەیان پێچەوانەی هەنگاوی گەلانە کە یەکێتی و پارتی لە پرەنسیپ و ڕووخساری حیزبی کوردی چونەتە دڕەوە و ئەمڕۆ ئەرکن بەسەرشانی میللەتەوە .
دەمەوێت بڵێم کوردستان دابەشبوون بەسەر دوو بەردا بەڕای گەل کە ئەمڕۆ لەژێر فشارێکی ئابووری سەختدایە ولەکۆتایدا سەردەکەوێت کە گەلان نزیکە لەوەی ، بڕی دەسەڵات کە یەکێتی و پارتی تەواوی

جومگەکانی دەسەڵاتیان بە دەستهێنانی خاوەنی شکستێکی لەدوا یەکەکانی کوردستانن لە ڕووی گەندەڵی و کارگێری و حوکمانیەوە

ئایا دۆناڵد ترامپ تیرۆر دەکرێت؟ … تاهیری حاجی حەسەن

هەنگاوەکانی پرسیارێکی وا، وەک پرسیارکردنی شتانە بێتە بەردیدی کەمەگەی مرۆڤایەتی، لەوەی بڕیار بدرێت ترامپ تیرۆر بکرێت؟ یان گرنگی کارەکی وا کرا کە دەستی دەبێت تێیدا؟
ترامپ، هێندەی قیرانی دارای ساڵی 20088 چۆن گشت جیهانی هەژاند، بەو شێوەیش ئەمیش جیهانی هەژاندوەو بومەلەرزە ئاسا کەی جیهانی خستەتە بەردەم ڕاچڵەکینەوە، چ دەستکانی دەوڵەتی ئەمریکا بن چ دوژمنکانی ئەو دەوڵەتە بن. بەیارە سەیرو سەمەرەکانی ترامپ هەروەک کارەکی چاوەڕوان نەکراو بینراوە، دەرگا داخستن بەسەر خەڵکانی ئەو وڵاتانەی لەژێر شوناسی وڵاتی ئیسلامیدان بە چونیان بە ئەمریکا، دروست کردنی دیواری هاوگریکردن لەهەزی کاری مەکسیک بەنێو ئەمریکا. بەرزکردنەوەی باج لەسەر ئەوکەمپانیا ئەمریکاییانەی لەدەرەوەی ئەمریکا سەرمایەگوزاری دەکەن و نایانەوێت بگەڕێنەوە بە نێو وڵاتی ئەمریکا. کێشەدروست کردن بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا دا، کشانەوەی هاوکۆتنامەی ئەودیو دەریا لەگەڵ وڵاتی چین و لێک هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندیە ئابوری و سیاسیە جێراوجێرانەی دەوڵەتی ئەمریکاو شەریکاتە زبەلاحەکان لەدەوری ئابردودا بنیاتیان ناوە لەگەڵ چواردەوری خۆیاندا.

گرچی سەرکەوتنی ترامپ بەلای کورسی سەرکایەتی لەژێر گومانێکی گەورەدایەو دەنگی ناڕازایەتی زۆری لەسەر دروست کرا، بەڵام هەرچەندێک بێت، زۆرێک لەمرۆڤکان گشتونەتە ئەو بڕوایەی کەسندوقی دەنگدانکان تەنها بەچاو بەستی کەمەگەکانن، ئەگەرنا، ئەوا ئەوە هەزکی ترە کەنادیارەو لەپشتی پەردەوێیە کەبیار دەدات کە بچێتە سەر کورسی سەرکایەتی. ئەو هەزیش دامودەزگا هەواگریکان و بەرژەوەندیکانی هەزی شەریکاتە زبەلاحکانە، بەتایبەتیش لەوڵاتانی دەوەندی گەشەسەندوی پیشەسازیدا. ترامپ واپەدچێت زۆرتر ئەو

دوو لایەنەی پشتی پەردە ڕووگایان بۆخۆش کردبوو تا ببێتە سەرکی یەکەک لەزلهێزترینی نەو زلهێزکانی جیهان.

دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا،کەی ئەو مژووەی کەی کردەتوەو ئەو هەزە زەبەلاحە ئابووری و سەربازیەی هەیەتی، بەرهەمی ملهوڕی ئەو چینە دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەی بوو، بەیە ئێستا کارەکی وائاسان نابێت،ئەمریکا لەژێی سیاسەتکانی ترامپەوە توشی دابەان و بەرەو خوارەوە بونەوە بکرێتەوە.ئەگەر ترامپ و ئەو دەستەی لەگەیدایە نەتوانن سیاسەت و هەیمەنەی ئەمریکا زیاتر ببەنە سەرەوە لەوی نەونەتەوەییەوە وەک بە ڕکابەرێک ئەمریکا نەمێنێتەوە،ئەوا هیچ دوور نیە،لەلایەن دەستەکی شاراوەی پشت پەردەوە لەناوببرێت،چونکە چوارساڵ زەرە بە ئەم سەردەمە گەر لەنەو کایەسیاسیەکاندا دەوڵەتی ئەمریکا بەرەو مایەپوچی ببرێت لەبەرانبەر ڕکابەرەکانیدا کەوسیاو چین و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەن.

جەنگە ماوەرانەکەرەکانی ئەم سەردەمە،کەدیسان بەرهەمی نەوقەیرانە دارای و ئابوریەکانی نەوخودی سیستەمی سەرمایەداری جیهانین و دەیان ملیەن مرۆقی لەوڵاتانی جەنگ گرتودا ئاوارە کردوەو ملیەنان مرۆقی سیڤیلیش کوژراون،تێچوی جەنگەکانیش دیسان لەسەر شانی کەمەگە بندەستەکانی ئیمپریالیزمی جیهانین،تادێت ئاستی هەژاری و بێکاری دەچێتە سەرەوەو بەچارەسەری خودی سیستەمی سەرمایەداریش لەنەو ململانێکانی نەو قوتبە جیاوازەکاندا،بەخێی هەندێیتر ئاستی هەژاری و بێکاری بردەتە سەرەوە.لەلایەکیتر،هەڕەپی لەبن نەهاتوی شەریکاتە نەونەتەوەییە زەبەلاحەکان بە داگیرکردن و وەدەست خستنی قازانج و ساغ کردنەوەی کاڵا جەربەجەرەکانیان،تادێت هەلومەرجێکی وادەخوەقێنێت،کەزیاتر بەنی بەردەوامیدان بەجەنگ دەبەخشێت. لەم نەوەدا،بەئەوەی ڕووگری بکرێت لەهاتنەمەیدانی بزوتنەوە کرێکاری و بزوتنەوە دژی جەنگیەکان،دەوڵەتان دژن و بڕەو بەباێی ڕاستی ڕاسیزم پەرەست دەدەن. ترامپ بەخێی یەکەک لەو بانگەشەکرانەی زەر بەشەرمانە لەهەوڵی بردنە سەری ئەو بزوتنەوەیەدایە،تادەگاتە پارتە ڕاست ڕووەکان لەوڵاتانی ئەوروپادا. وەک ووتم بەچارەسەری مانەوەی دەوڵەتی سەرمایەداران بە ڕیشەکێش کردنی بێکاری و هەژاری، بەناچاری ئەوان دژن و بڕەو بەو ڕووگە پیسەی ڕاسیزم و فاشیزم دەدەن. لەکاتێکدا هەرخەیان لەبیریان دەچێت،کەهەلومەرجێکی مادی وابەرهەمهێنراوە،چیتر،خودی سەرمایە،هیچ کونجێکی ئەم سەرزمینە نەماوە دەستی بە درێژنەکردبێت و کەی سنورە وەهمیەکانی تێک نەشکاندبێت،دیارە لەژێی شەریکاتە زەبەلاحەکانیانەوە. ئاخە گەر

باسی ئاسیزم بچێتە سەروو وەک سەردەمی هیتلەر لەئەمانیادا، ئەوکات بەرژەوەندی و هەیمەنەی شەریکاتە زبەلاحەکان چی بەسەردێت؟ ئاخۆ ئەوان ئامادەن واز لەبەرژەوەندیەکانیان بهێنن و هەریەکەو ووڵەنیشتیمانی خۆی بکات؟ بەگومانم لەوەی جارەکیتر وەرچەرخانەکان بەدواوە ناگەڕێتەوەو کەی جیهانگیریەک کەبەرژەوەندیە چینایەتیەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری بەرهەمیان هێناوە،خەباتە هەلومەرجەکی وایشیان هێناوەتە کایەوە کەجیهانیبونەکە هێندەیتر تێختر دەبێتەوە.

دیارە باسی ئاستی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لەنێو تەنگژەیەکی قورسدایەو لەبەردەم هەڕەشەی خودی چینەبەرهەمهێنەرکەدایە بەشەویەکی ناڕاستەوخۆیش بێت، بەڵێ پێنا بەگەشەکردنی پارتە ئاسیستەکان دەدرێت، بەڵام مەژووی ئەم وڵاتانەی ڕۆژئاوا،خاوەنی بزوتنەوەی جەراوجەری سەسیالیستی و کرێکارین و کەمەڵگەکانیان وابەئاسانی ناچنە ژێرباری خواست و بەرژەوەندیەکانی بەرژی ئاستی ڕەوانەوە. ئەوەی دەمەوێت، تەئکیدی لەبکەمەوە،خودی ئەو ناونیشانەیە،کەئاخۆ ترامپ لەسەر ڕێتمی ئەم شەقاوە چیەتیەی بەمنێتەوە دەتوانێت تاچوارسالی ئایندەی ئایندەی سیاسی و ئابوری دەوڵەتی ئەمریکا بەهەیمەنەتەکەیەوە بپارێزێت یان گەر تیرەری نەکەن ئەوا پەدەچێت فشەلێکی گەورە بەسەر مەژووی ئەو دەوڵەتە چوسنەردا بهێنێت؟ دیارە گەر کارەکی وایش بکرێت، بەگومان هەر لەژێر دەستی خواست و بەرژەوەندیەکانی ئەو گروپانەدا دەبێت کەهەیمەنیان هەیە بەسەر بیارو ئایندەی سیاسی و ئابوری دەوڵەتی ئەمریکاوە. ئەو گروپانەیش ئەوانن کەنابینرێن و لەپشتی پەردەشکانەوەن.

تاهیری حاجی حەسەن
02/02/2017

مەلا حەسیب دەبێت دادگایی بکرێ

و سزا بدرێ لەسەر تەکفیر و لایەنگری لە داعش

مەلا حەسیب پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی مەلا ڕەسول لە سلێمانی لەمیانی ڕاپەتکی بی بی سی فارسیدا، دەربارەی ئەو موسڵمانانەی بوونەتە زەردەشتی وتوێتی"ئەگەر حوکمەك هەبێت کە دەسەڵاتی ئیسلامی بیکات ئەوا دەبێ حوکمی خوا جێبەجێبکات، دەبێ سێ ڕۆژ دەرفەت بدرێتێ ئەوانە، ئەگەر پاشگەزبوونەوە و لەو ئایینە نوێیە خۆیان بەبەری کرد ئەوە زۆر باشە، بەڵام ئەگەر لە ئایینە نوێیەکە ئیدی بە نمونە زەردەشتی بێت یان هەر ئایینێکی دیکە جگە لە ئیسلام، نەگەڕانەوە، ئەوا ئەوانە هەڵگەڕاوەن و دەبێ بکوژرێن و حوکمیان ئیعدامە".

ئەم قسانەی مەلا حەسیب بۆئاشکرا هاندانە بە کوشتن و تەکفیرکردنی هاوڵاتیانی کوردستان کە وازیان لە ئایینی ئیسلام هێناوە و بیروباوەڕ و ئایینی تر هەڵدەبژێرن. ئەمە هەمان ئەو بیارانەیە کە لەسەر دەستی ژەم و حزبە ئیسلامیەکان هەزاران خەڵکی سەر بەئاین و بیروای جیاواز لە ئیسلام پە ئیعدام دەکەن ، هەروەک ئێران و سعودیە و داعش. ئەوانەی داوای سپاندنی شریعەتی ئیسلامی دەکەن بەسەر دەستور و یاساکاندا لە کوردستان ،وەک مەلا حەسیب خوازیاری کوشتن و قەتە و عامی هەمو ئەو کەسانەن کە لە کوردستان ملکەچی یاسا و دەسەڵاتی ئیسلامیەکان نابن.
هەربۆیە مەلا حەسیب ڕاشکاوانە دیفاع لە داعش دەکا و لە بەشێکی قسەکانیدا بە بی بی سی فارسی دەڵێ "بەشێك لە کردەوەکانی داعش بە گونجاو دەزانێت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا و دەڵێت کە بەشێك لە کردەوەکانیان وەك نوێژ، ڕۆژو و پیادەکردنی شریعەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگەدا هاوتایە لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا و بەشێکە لە ئایین بەڵام بە بۆای ئەو داعش لە کارەکانیدا خاوەن حیکمەت نییە ".کۆاتە ئەم مەلایە خوازیاری ئەوەیە کە داعش شریعەتی ئیسلامی بە حیکمەتەوە جێبەجێ بکا تا بتوانێ بمێنێتەوە . هەر کەسێک دوای ئەو هەمو کوشتارەی یەزیدی و مەسیحی و هەزاران ژن و پیاو و لا و منا کردەوەکانی داعش بە گونجاو بزانێت بگومان خوازیاری ئەوەیە کە لە کوردستان هەمان حوکمی ئیسلامی داعش دامەزرێنێ تاکو بتوانێ لەماوەی ٣ ڕۆژدا کوشتاری زەردەشتیەکان و هەمو ئەو کەسانە بکات کە باوەڕیان بەئیسلام نیە.

ناوەندی سەکولار لە کوردستان بەردەوام داوای "قەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی تووندوتیژیو تەکفیر لەگەڵی بەکارهێنانی هەر دامودەزگایەک بێت بە دامودەزگا ئاینییو شوێنە ئاینیەکانیشەوە." دەکات و هەربۆیە بەئەرکی دەزگا بەرپرسەکانی شاری سلێمانی دەزانێ کە ئەم مەلا حەسیب بەدناو دادگا و بەسزای هاندانی کوشتن و هەرشکردنە سەر بیروڕا و لایەنگری لە داعش. هاوکات پێویستە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دژی ئەم بانگخواز و مەلایانەی بەردەوام هانی کوشتن و توندوتیژی و ڕق دەدەن ناڕازایەتی دەربڕن و ڕێگا نەدەن ئەم کۆنەپەرستی و دەنگە دژی ئازادیە زاڵ ببێ لە کوردستاندا. ڕاوستانەوە دژ بە ئەم مەلایە و هاوشێوەکانی خەڵکی کوردستان لە بەڵای گۆشە و دەستەات پێیداکردنی کۆنەپەرستی ئاینی دەپارێزێ کە ئەمڕۆ ناوچەکەی کردۆتە دەزخ بۆ خەڵکی ئازادیخواز و ڕوخساری مەدەنیەتی کەمەڵگای وێرانکردوە.

ناوەندی سەکولار لە کوردستان

بەشەرمەوە ماچم دەکا … ستار ئەحمەد

ئەمشەو درەنگ
وەك دوا ساتی
عومری جوانیی بەفیڕۆچووم
شاتوویەکی هەوریوم
لە کەناری جووداییدا
بەرەو ناخی سووتان ڕۆچووم
عەشقێك لەلاتەی چۆلەکەو
شاباڵی چرپەی هەور دڕێ
بەهەمنی لەرزەحمەوە
بەرەو هەناسەم هەڵدڕێ
هەموو شتێك
بەنی پاکیتی گرتووە
پرسیارو سەراخی ژینت

دوو دەستی ڕەش هەڵگەڕاون
بەرەکی ناخمیان گرتووە
بە کوێ بەم
نیگات لێدیدەم نابێ
ئەم عەشقەی تۆ
چەقەی ملی ئیسماعیلە
بەشەرمەوە ماچم دەکاو
سەرم نابێ

وەزارەتی ڕۆشنبیری یان کەشتی فەقێ شێتەکان! … ئیسماعیل حەمەئەمین

هەواڵەکە بەمجۆرەیە؛ (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، بڕیاریدا نمایشکردنی فیلمی "محمد رسول الله" بەشێوەیەکی کاتی ڕابگیرێت. دیارە "محمد رسول الله" ناونیشانی فیلمێکە لەبارەی موحەممەد. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر فیلمەکە لە شاری هەولێر نمایشکرا وە، ئەمەش کاردانەوەی لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. دوابەدوای ئەو ڕۆخنە و کاردانەوانەش، لە 28-1-2017، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، بڕیاریدا نمایشکردنی فیلمی "محمد رسول الله" ڕابگیرێت..) سایتی دووڕیان.
دیارە من سەرنجم هەیە لەمەڕ ئەم (قەدەغەکردنە) وەك پرسە کە ، نەك لەسەر فلیمەکە خۆی کە لەو بڕوایەدا نیم فلیمێکی ئەوەندە ترسناك و پڕ (تاوی فیتنەی تائیفی) بێت وەك مەلاکانی فەتوا بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەوەی بۆمن ترسناکە پرسەی (قەدەغەکردنی فیلم) و (هاگرتنی زنجیرەی تەلفیزۆنی) و (قەدەغەکردنی کتێب و گۆڤارە) کە وەزارەتێکی کولتور دەیکات، ئیدی لەهەر شوێنێکی دونیادا بێت. دەنا خودی ناوەڕۆکە ئاینییەکەی فلیمەکە بۆ من هیچ گرنگیەکەی نییە، چونکە خودی (دیسکۆرسی ئاینی) لای من جێگەی سەرنج نییە، بەڵام خودی هونەری سینەما بۆ من گرنگە کەنمایشبکرێت و

باەخنەکانیش هەگرین بۆ تەماشاکاران و تەنانەت بۆ پیاوانی ئاینیش، بەڵام خودی پڕۆسەی قەدەغەکردن نزیکبوونەوەیە لەسنووورەکانی فاشیزمێك کەلەسانسۆرەوە دەستپێدەکات.

ئەوەی من دەمەوێت لەم کورتە نوسینەدا ئاماژەی پێبکەم دوو سەرنجە بۆ خودی وەزارەتی (بەناو ڕۆشنبیری) کەناوەکەی وەك چەند جاران گوتوومە هەڵەیە، چونکە وەزارەتێك نییە بۆ (ڕۆشنبیران)، چونکە (ڕۆشنگەری) قوناغێکی مێژووو ئیرایەکە ، و ڕۆشنبیر وەك تێرم و وەك چەمك ناکرێت وەزارەتی هەبێت چونکە چیتر ڕۆشنبیر نامێنێت. ئەمەم کاتی خۆی لەنوسینی دیکەدا باسوکردۆتەوە و گوتوومە دەبێت؛ (وەزارەتی کولتور) بێت . عەرەب وشەی الثقافۆ بەرامبەر کولتور دادەنێت و بەڕۆشنبیریش دەڵێت المثقف. ئیدی نازانم ئێمەی کورد بۆ دەبێت پاشکۆی ئەم (تەعریبە) بین و کۆپی وەزارەتی سەقافە بکەین و نەچین لەسەرچاوە لاتینیە سەرەکیەکەوە وەریگرین، وەك چۆن هەموو دونیا کەناوی کولتورە ، بۆچ ئەمە ناوی نەنێین وەزارەتی کولتور…ئەمە وەك بیرهێنانەوە کە ناوی ئەم وەزارەتە هەڵەیە چ لەڕوی تێرم و چ لەڕووی وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە بۆ کوردی. بەڵام با واز لەوە بێنین کەئەم وەزارەتە جگەلەوەی ناونیشانەکەی هەڵەیە، دووسەرنجەکەم لەمەڕ ئەم هەدەغەکردنی فلیمە بەمجۆرەیە ؛
یەکەم ؛ بۆچی پێش نیشاندانی ئەم فلیمە ئەم سەرنجانە نەبوو، یاخود فلیمەکە هەروا تێپەڕبووە؟ گەر فلیمە هەگری تاوی (ئاژاوەی تائیفییە) وەك مەلاکان دەڵێن، بۆچی وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕۆگەی پێداوە و بەسەریدا تێپەڕیووە؟ لێرەوە گومان دەکرێت لەو خاڵە و ئەمە لەبەردەم دوو گریمانەداین؛ یان ئەوەیە مەلاکانن درێدەکەن و لەبەر (سوننەبوونی سیاسیان) قەدەغەی دەکەن و لەدژی هەژموونی ئێران و شیعەگەرایی لەکوردستاندا ئەمە دەڵێن، چونکە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەدەست وەزیرێکی یەکیتیەوەیە و یەکێتی بە (پژ – ئێران) لەقەڵەمدەدرێت و لیژنەی فەتواش بەپژ دەسەڵات لەهەولێر کەپارتیە و پارتیش(بە پژ – ئێردوگان) و (دژە شیعە) لەقەڵەدرێت. ئیدی لەم چینینە سیاسیە ناشرینە، پژ ئێرانی و تورکیەوە، مەلاکانی لیژنەی فەتوا ئەم ڕۆڵە دەگێڕن و فلیمەکە قەدەغە دەکەن.

یاخود دەچینە بەردەم گریمانەی دووهەم کەزۆر سادەیە و ئەویش ئەوەیە کە وەزارەت تەمەڵخانەیە و ئەوەی لەم وەزارەتە بوونی نەبێت تەنها هونەر و ڕوانگەی ڕۆشنبیرییە، دەنا چۆن کێی ئەم ناکۆکیە مەترسیدارە تائیفییەی کە مەلاکان باسی دەکەن و ئەمانیش بڕوایان بەمەلاکان کردووە، بەسەردا تێپەڕیووە؟! لەم کەشتیە پڕ شێتاتیەتە

کە ڕاستەکات و کێ درۆ؟!
بۆ وەبیر هێنانەوەی خوێنەری ئازیز، کاتی خۆی لەگوتارێکمدا کەئەو کاتە کۆچکردوو (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری ئەم وەزارەتە بوو، ئەم وەزارەتەم بە (کەشتی قژشمەکان) یان (کەشتی شێت و گەوجەکان) چووواند، ئەو کەشتیەی لەئەوروپای ڕسەدەی پانزەوە تاوەکو کۆتایی هەژدە شێت و قژشمە و گەوجەکانیان تێدەکرد و بەدەریادا دەیانگێڕان و کاپتنەکان هەمیشە لەدەریادا بوون لەگەڵیاندا.

بەهەقەت وایە ئازیزان، ئەم وەزارەتەش وەك ئەو کەشتیە وەهایە، کەمەگەی ئاینی سەدەی ناوەڕاست لەئەوروپادا ، ئەم کەشتیەنەیان پێ دەکرد لەشێت و گەوج و نەفامەکان و مەسرەفیان دەکێشان بەمەرجێك دوور بن لەدونیای ئاقڵە ئاینیەکان. ئاوەها مامەڵەی مەلاکان و وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ ئەم کەشتیەی هەرێمی کوردستان ، کەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، ئاوەهایە، بەوەی زوو زوو ئاگاداریان دەکەنەوە و قامچیەکانیان بۆ شێتەکانیان دەردەهێنن. لەڕاستیدا ئەم وەزارەتە ئەوەندەی زەرەدی لەڕۆشنبیری داوە لەکوردستاندا ، هیچ سوودێکی تری نەبووە، جگە لەشێواندنی هونەر و چاپەمەنی و موزیك و چێژی ئەدەبی و هونەری نەبێت. ئەوەندەی ئەم شێتخانەیە بوجەی گشتی خاڵیدەکاتەوە لە قیستیفاڵاتی بەمانا و خۆنمایشکردنی بەڕێوبەرەکانیان و شانۆگەری و فلیمی سەقەت، ئەوەندە کارێکی جیدیمان لێ نەبینیوون. دیارە وەك ئەمانە وەك شێتەکانی ئەم کەشتیەی سەدەی ناوەڕاست کاری جیدی و دەستو پەنجەنەرمکردنی ڕاستەقینە لەگەڵ دونیا بەئەوان نامێیە، ئەم وەزارەتە وەك هەموو کەشتیەکی شێتەکانی سەدەی ناوەڕاست وەهایە، کە بەردەوام لەدەریاکاندا، لەبۆزاری خۆیاندا خەریکی سەما و موزیکی بۆ بنەما و فەوزا و نمایشی بێمانا بوون و کاتیان لەتەمەێیدا بەسەر دەبرد . وەزارەتەکەی هەرێمیش بەردەوام خەریکی قیستفاڵات و میهرەجاناتی سەیر سەیر و خۆنمایشکردنی لەمجۆرەن و نمونەش زۆرە.

نابێت ئەوە لەبیر بکەین ، کە (کەشتی گەوجەکان – Narrenschif) جارە جارە لەبەندرەکان کەبۆ ئازووقە وەرگرتن و گڵینی تاقمی کەشتیەکە بەکاپتنەوە دەوەستا، یاخود بۆ سوارکردنی شێتێکی تر، یان گەوجێکی تر ، لەهەمانکاتشیدا لەژێر ڕێنمایی کڵێسادا کاری دەکرد و قەشەکان جار جارە وەك (میشێل فۆکۆ) لەکتێبی (شتاتی و شارستانیەت) باسیدەکات، دەهاتنە سەر کەشتی شێتەکان بۆ قەداس و ڕێنمایی کاپتن و ستاقەکانیان ..ئاوەها ئەم کەشتیە پێ ڤیستفاڵە لەسەر ڕووبەی ئاو بەردەوام بوون لەژیانێك کەبۆئاگایی بوو

لەدونیای هەبوو. سەیر لەوەدایە ئەم کەشتیە وەك وەزارەتە شنبیرییەکەی هەرێم بێئاگایە لەدونیای کولتور و دنیای یاڵ، بگومان لەم کەشتیە پ گەوجەدا زر شتی پدا تدەپەت و لەهەمووی خراپتریش ئەوەیە، ئەم وەزارەتە وەك کەشتی گەوجەکانی سەدەی ناوەاستی ئەوروپا کەلەژر کنترڵی قەشەکاندا بوو، ئەمەی لای خمان لەسەدەی بیست و یەکدا لەژر دەسەاتی مەلاکاندایە!
سەرنجی دووهەم ؛ قەدەغەکردنی هیچ فیلم یان کتاب چارەسەر نییە، گەر هاتوو دژی پوەرە یونیقرسالیەکان نەبت. لەبەر ئەوە خودی قەدەغەکردن و (نەریتی قەدەغەکردن) ترسناکە، سەرەتای فاشیزمکی نوییە .
من پموایە با فلیمەکە نمایش بکرت ، بەام دەکرا هەر ئەو لیژنەی فەتوایە لەتەمە ی خیان بنە دەر و ەخنەی لبگرن ، وکڵی لەسەر بگرن و دیالگی لەسەر بکەن. کاتی ئەوە هاتووە مەلای کوردی نزیك بتەوە لەئەقانیەت و واز لەفدانی تفی توەیی بنت لەلوەکانیەوە ئارام بگرت لەناو دەمیدا، نەك کمەگەی پ پیس بکات. مەلا تەمەکانی لیژنەی فەتوا و وەزارەتی ئەوقاف دەیانتوانی لەژنامەو گقارەکاندا ەخنەی خیان ئاستەی دەرهنەر و فلیمەکە بکردایە، تەنانەت دەیانتوانی وەریانبگڕایە بەفارسی. بەام لیژنەکەی فەتواش وەك زربەی وەزارەتەکانی دیکە لەتەمەیدا نقوومبوون و وەزارەتی پارەوەرگرتن. گەر نا دەکرا مەلاکان بن لەکودا و چن ئەم فلیمە مەترسیدارە ؟
دیارە هەر کاتك فلمك یان کتبك قەدەغە دەکرت، ئەوا پرس دەچتە سەر وەزارەتی بەناو شنبیری. پرسیارەکە دوای ئەزموونی چەندەها قەدەغەکردن دت لەلایەن مەلاکانەوە، ب نمونە دیوانەکەی شاعیر (قوبادی جەلیزادە) لەکتبخانەکاندا کرایەوە ، لەسەردەمانکدا وەزیری ئەم وەزارەتە سیال دیموکرات نەبوو ، بەکو وەزیرەکە کمەنیستکی مارکسی لینینی حزبی شیوعی بوو، کەئستا وابزانم بتە سکرتری ئەو حزبەش.

بەگشتی ئەم دیاردەیە ئاوەها دتە بەرچاو، وەك ئەوەی وەزارەتی شنبیری لەژر فەرمانی وەزارەتی ئەوقاف و مەلاکانی فەتوادا بت؟! وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی فەتوا دەتوانت سەرنجی هەبت ، بەام بچی دەبت فەرمان بدات بەوەزارەتی شنبیری ب قەدەغکردن و بچی دەبت وەزارەتیش وەك ئەوەی بەسك بن لەوەزارەتی ئەوقاف یەکسەر فەرمانەکە جبەجبکەن! بەاست کە لاکی کاردەکات؟
لرەوە پرسکی گەورە دەچتە سەر ئەم وەزارەتە، بەوەی ئەم وەزارەتە لەلایەن مەلاکانەوە دەجونرت، وەك ئەوە وەهایە شنبیرە

فەرمییەکان لەژێر دەستی مەلاکاندا کاربکەن، بەهەقەت ئەمە لەزەمەنی وەزیرە کۆمەنیستەکەش (کاوە مەحمود) خراپتر بوو.
ئاوەها ئەم کەشتیە بەردەوام لەژێر هەحمەتی پیاوانی ئایینی ئاستەکانی خۆی دەگات، گەر هاتوو کاپتنەکەشی مولحیدێکی مارکسیش بێت ، ئاوەها (ئەقڵی گاتەجای) لەناو کەشتی فەقێکانەوە بەرەوە کەشتی گەوجەکان فەرمانی خۆی دەنێرێت و کەشتیەکەش یەکەم شت فڕێدەداتە دەریاوە کەمەلاکان فەرمانی مردنیان دەرکردووە!

فتاری ئیسلام بەرانبەر بە ژنان ... ژیلوان شێش محەمەد سالح

بۆ خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە کلیکی ئێرە بکەن ....

ژیلوان شۆڕش محمد صالح

ڕەفتاری ئیسلام بەرامبەر ژنان

چاپی یەکەم
٢٠١٦